کیژان

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

ڕۆمان

نووسینی
عادل باخەوان

بەشی یەك - بەشی دوو- بەشی سێ

١٩٩٨ ز چاپی یەکەم ١٤١٩ك

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

وەرگێڕانی: عادل ساڵحەوان

یەکەم چاپ
١٩٩٨

کەوان



عادل باخەوان



ناوی کتێب: کەیوان

بابەت: رۆمان

نوسینی: عادل باخەوان

بەشی: یەکەم

کۆمپیوتەر: بەختیار علی

ساڵی: ١٤١٨ ک ـ ١٩٩٨ ز

چاپی دووەم

مافی چاپ پارێزراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ اقرا باسم ربك الذى خلق، خلق الانسان من علق اقرا وربك الاكرم، الذي علم بالقلم علم الانسان مالم يعلم﴾

ئەمە جاری دووهەمە رۆمانی کەیوان چاپ دەکرێت، لە سەرەتای چاپی یەکەمدا گوتبووم، پێشەکی بۆ رۆمانەکەم نانوسم چونکە دەترسم پێشەکی رۆمانەکەم بکوژێت، بەڵام ئێستاو لەچاپی دووهەمدا ناچارم چەند مەسەلەیەک ڕوون بکەمەوە

یەکەم

زۆر بوون ئەوانەی رۆمانی کەیوانیان دەخوێندەوە، دەیانگوت تێر گریاوین دەیان ووت کەسایەتیمان لە ئەلفەوە بۆ یاء گۆڕاوە، دەیانگوت ئەگەر کوڕمان بوو ناوی دەنێین کەیوانو سۆرانو هەورامان ئەگەر کچیشمان بوو ناوی دەنێین ڕۆژگارو نەسرینو گوڵاڵە، دەیانگوت تادوا هەناسەکانی ژیانمان ئەو جیهانە جوانەمان لەیاد ناچێتەوە کەلە دڵۆپە خوێنەکانی کەیوان دروست بوو. منیش بە هەموو ئەو براو خوشکانە دەڵێم لەکاتی قوڵپە قوڵپی

گریانتاندا بە هێوری بپرسن: کەیوانو هاوڕێکانی خوێنی خۆیان بەچی بەخشی...؟؟ پاشان لە خۆشتان ڕابمێنن....!!

دووەم

پاش ئەوەی چاپی یەکەم بە ڕێژەیەکی زۆر کەم ڕاکێشراو، لەبەرامبەری ئەو کەمیەشەوە ، زۆر کەس سەرەیان بۆ دەگرتو دەیان خوێندەوە ، چەند دەزگاو چەند کەسێک هاتن بۆلامو گوڕیان خواردەوەو هەریەکەیان دەیانگوت من سەر لەنوێ چاپی دەکەمەوە. بەڵام پێم خۆشە لێرەدا بۆ مێژوو بڵێم یەکێک لەو دەزگایانە پاش ئەوەی ڕۆمانەکەیان دایە لێژنەی چاودێری ، هاتنەوە بۆلامو پێیان گوتم: ((ڕۆمانەکە زۆر بەهێزە، بەڵام لایەنی تەقینەوەکانی کەیوان لەگەڵ نەهجی بڵاوکردنەوەی ئێمەدا ناگونجێ)) بەڵام من دیسانەوە دەڵێم: (ڕۆمانەکەم بەڵێ تا ئێستاش بۆنی دڵۆپە خوێنو گەرمو سووڕەکانی کەیوانی لێ دێ.. بەڵێ ڕۆمانەکەم تا ئێستا وەک موجاهیدێکی خوا ناس، بە ئاربیجی سەر شانیەوە ڕووبەڕووی دەزگا داپڵۆستێنەرەکانی ئەمنو

ئیستخباراتو حـەرەس جمهـوری دەبێتـەوە... بـەڵێ
ڕۆمانەکـەم تـا ئێستاش خـەون بـەوەوە دەبینێـت،
شـەوێک لـە شـەوانی زسـتان، کـەیوان بنێرێتـە سـەر
ظاغوتـەکانی وولاتەکـەمو دەمیـان پڕبکـا لـە نـەوتو
لەبەرمالی هـەژاریکدا گرپـان تێبـەربدات بـۆ ئـەوەی
منالەکانی ئەو هەژارە گەرمیان بێتەوە ! !)

سێیەم

کاک ئاسۆ کۆچەر، ئـەو خۆشەویستە خـوا ویستەیە
کـە تـەنیا خواوەندو پاشـان خـۆمو خـۆی دەزانـین
چۆنو بە چی هاوکاری کـردوم بـۆ دروست کردنـی
ئـەم خـانوەی کەیەکـەم مـالی ئیسـلامیە لـە
نیشتمانیڕۆمانی کورددیدا.. کاکە ئاسۆ بم بەخشە لە
هـە زیـاتر هیچـت لەسـەر نـالێم، بـۆ ئـەوەی دەرون
نەخۆشە حاقدەکان، هەمان هەرای پێشەکی چیرۆکی
(لـەبناری چیـای ئـەلبورزدا) بۆتـۆش دروسـت
نەکـەن.. مـن لـەوێ چیرۆکەکـەم بـە یـەکێک لـە
دۆستەکانم پێـش کـەش کردبـوو، مـن خۆشەویستیم
بەبادی خۆش مـروردا نـارد، نـەکا دوایـی... بـەبادی
خۆش مروردا تۆش بۆ بنێریتەوە ! !

چوارەم

خۆشەویستانم، ئەی ئەوانەی ئەو هەموو نامە ڕەنگینانەتان بۆ ناردم،دەست خۆشی چاپی یەکەمتان لێکردم، لێرەوە وەڵامی هەمووتان دەدەمەوەو ئومێدم وایە خوای گەورە پاداشتی خێری هەموتان بداتەوە، بە تایبەتی کاک ناجی دەربەندیو کاک نامیقی هەڵەبجەو کاک ئیبراهیمی ئەحا ڕەشو گوڵاڵە سورەکانی سلێمانی پێش خەزانو گوڵە گەنمەکانی هەڵەبجەی تازەو کوڕە جوانکیلەکەی کۆساری شەهیدو لە پێشی پێشیانەوە((بوخاریو موسلم)) دوو برا موجاهیدەکەی کاک کەیوان.....!! منیش دڵم لەگەڵتانایەو هەمووتانم خۆش دەوێت، ئەم چاپەش پێشکەشەبە ئێوە لەهەرکوێ هەن.

پێنجەم

ڕۆمانی کەیوان ساڵی١٩٩٤ نووسراوەو وەکو ئەدەب قۆناغێکی تایبەت بووە لە ژیانی ئەدەبیمدا، ئەم قۆناغە بۆهەر لێکۆڵەرەوەیەکی ئەدەبی زۆر گرانە لێی حاڵی ببێت ئەگەر قۆناغی پێش کەیوانو

قۆناغی پاش کەیوان لەژیانی ئەدەبیمدا هەزم نەکات..
پاشان درێژە مێژووی ئەو کەسانەی لە دوورەوە بەهرەکانیان بەرد باران کردووە....!! دیوار لەگەڵ تۆمەو پاسار گوێت لێبێت...!!

شەشەم

خوێنەرانی تایبەتی خۆم و بەرهەمەکانم ئاگادار دەکەمەوە. کەلەبەر باری سەختی ئابووری، بەرگی یەکەمی ڕۆمانەکەم کە (٧٢٠) لاپەڕەیە کردووە بەپێنج بەشەوەو هەر بەشەو لەنامیلکەیەکی وادا بڵاو دەکەمەوە، واتە پێنج بەشەکە بە پێنج نامیلکە دەکەوێتە بەر دەستان، ئەمەی ئێستا لەبەردەستانایە بەشی یەکەمە، بەپشتیوانی خوای گەورە بەزوو ترین کات بەشەکانی دیکەتان دەخەینە بەر دەست.. بەش بەش لەگەڵ کەیواندا بن، بۆئەوەی لەمرۆڤو کۆمەڵگەو ژیانو دینەکەتان تێبگەن.. چونکە کەیوان هەوڵێکە بۆ تێگەشتن.

حەوتەم

سەحوەی ئیسلامی لێرە، لە کوردستان، پاش ئەو گەورە بوونە کوتو پڕیەی، هەنوکە لەفسەراغێکی

ئەدەبیدا دەژی، ئەدیبی موسوڵمان دەبوو لەسەری سەرەوە گەورەو بچوکی سەحوەی ناراستە بکردایە، ژیانی تایبەتی‌بۆ گەرەو بچوکی سەحوە دروست بکردایە، بەڵام بەداخەوە ئەدیبان نەیان توانیوە ئەم پەیامەی سەر شانیان وەکو پێویست ئەنجام بدەن.. هەروەها بەداخەوە ئەهلی سەحوەش تائێستا وەکو پێویست پەیامی بەرزی ئەدەبی ئیسلامی نانرخێنن.. ئومێدم وایە لەڕێگای ڕۆمانی کەیوانەوە ئەو پردە دروست ببێت.

لە کۆتایدا دەپرسم:

خوێنەری خۆشەویست، دوای ئەوەی لە خوێندنەوەی هەر پێنج بەشەکەی ڕۆمانی کەیوان بویتەوە، بزانە کەیوان لەخوێنی گەرمتا جمەی دێ.. یان.. نا...؟!

ئیتر بەخوای گەورەت دەسپێرم.

عادل باخەوان

سلێمانی

ڕەنایە ١٩٩٨/١/١٢

١

ئێمه هەنووکه له سلێمانیداین..

ساڵ، هەزارو نۆسەدو هەشتاو شەش، شاریش کۆتو زنجیر کراوەو زۆرداران چوار مێخەیان کێشاوەو.. هەموو شتێ لەم شارەدا دیلە، ئازادی، خەمێکی تاساوو چۆلەکەیەکی هێلانە شێواوە.. شاپۆراخ، پەپولەی ناسکی خاڵخاڵین، یەخسیرەو، شاندەلیکیش لە کەژاوەی تریفەی خەندەدا، زەماوەن دەگێڕێ.. شانار ئێستاکە، ژێ کانی گەروی، بە تەوری بەعسیان بڕاوە و بەفشار ڕوویەڕووی دادگای بێ دادو خنکاندن کێشش دەکرێ، شابەزیش لە گەوڕی بەعسدا، وەک ماین پرمەی لوتی دێوداوای ناڵفی بەتام وزیاتریان لێ دەکات..

لەم شارەی ژێر دەستی شەمشەمەو جرج و کونە پەپوی بەعسدا، فریسکی بەهاران، سەرتاپای هەر خوێننەو، شەتاوی پاش بەفر، چاوانی هەر ڕۆندکی نازارەو، شامبۆزی بە چۆکدا هاتووە و لە قوڕی ڕەش

ڕەشدا، ڕوخساری ونبووەو، شامبۆیش، لەولاوە، لە وەخت و ناوەختا حەپەی دێ!!

بەعس دەیەوێت، سلێمانی بە ڤالیوم بێ ئاگابکات و، ژیانی بکات بە یەک پارچە بێهودەیی.. دەیەوێت هەمیشەهەناسە بڕکێ ی بێ وبەناوی شارستانیەتی نوێ چاوکردن لە ولاتە پێشکەوتوەکانی دیکەی دنیا، بیرەتێنێت و، شەکەتی بکات و دوابستی دەستی لە بۆشای گیر بکات.لەم شارەدا، هەزاران خەڵک دەژی، هەزاران مرۆڤی تێدایەو، زۆردارانیش دەیانەوێت،

کۆمەڵگایەکی وا لەم خەڵکە دروست بکەن، بەواتای دۆڕاندن دۆڕاوبێ..

دەیانەوێت کۆمەڵگایەک لە سلێمانی جێ هیوای کوردانذا دروست بکەن، کە موفلیس بێ لە ئاکازی پیرۆز و، تا پول بێ لە شەرەفی ئەخلاقی سەر بەرزی وروسوری.. لە ئێستای سلێمانیذا، کۆشکی گەورە گەورەو، باڵەخانەی بەرز و، بازاڕی شوشەبەند، لە هەموو جۆرێک و لە هەموو ڕەنگێک دروست کراون.. لەپەنای نەمانەشدا، خانووی قوڕو بازاڕی ڕووت و قووت و، دووکانی بێ جامخانەیش، وەکو هەربوون، هەر ماویشن.. دور دنیای لە یەک دابڕاو، دوودنیای نامۆ

بەیەکتری، بێ ئاگا لە ڕۆح وهەست و، لەسۆزی یەکتری.. دوورپیانی بەیەکێ نەگەشتوو، دوو جەستەی بەیەکێ ئاشنانەبوو!!

گەورەکان دەیانەوێت ببنە ڕووی شارستانیەتی نەمرۆ، شارستانیەتی مرۆڤ کوژ.. شارستانیەتی موشەکێ وکیمیاوی و نەتۆم.. شارستانیەتی عیبادەت کردن بۆ پارەوبۆ جنس و بۆ ماددە!!

خانووە قوڕەکانیش، دەیانەوێت وەک ئاوێنەیەکی ڕاستەقینە، نازارو نەشکەنجەو جەفار و ئاخەکانی مرۆڤی ڕاستەقینە، بە ڕونی نیشان بدەن..

لەم شارەدا، ڕۆژی چەندین کەس دەمرێت و دەکوژرێت، هەندێک بەداخ وکەسەرو ژانەوە و لە عەزرەتی نازاری ڕۆحیان سەر دەنێنەوە.. هەندێکی تر بۆ چاوترساندن و دەرخستنی دەسەلاتی دیکتاتۆری، لەبازاڕدا بەبێ هۆ دەگیرێن و گوللەباران دەکرێن.. هەندێکی دیکەیان لەبەر ئەوەی لە سەربازی یاخی بوون، ڕاپێچی بەندیخانە دەکرێن و لەوێشەوە دەبنە میوانی فیشەکێ.. هەندێکی دیکە لەبەر ئەوەی ڕیشیان هەیە و، ڕیشیش لای زۆردارانی ئەم سەردەمە، ڕەمزی ئیسلامەتیەو دەزانن ئەوە سونەتی پێغەمبەزی ئیسلامە،

چا مرۆڤێک کوردبێت وڕیشی سوننەتیشی ببێ و خەڵکی سلێمانیش بێ، ئەگەر بەزووترین کات لە کونجی زیندانەکانی بەعس نەناخنرێ، پاشان ناگر باران نەکرێت، ئەوە سەلاحەدینێکی ئەیووبی نوێی لێ دروست دەبێت و، بەعسیە خاچ پەرستەنوێیەکان لە کوردستاندا قەڵا چۆدەکات و کۆماری کوردستانی بێ بەعس و بێ تاغوت و بێ خاچ پەرستی خەنیمی هەمیشەیی کورد، دروست دەکات!!

لەم شاری سلێمانیەدا، کۆمەڵێکی تر لەسەر سیواک دەگیرێن، چونکە میشیل عەفلەق دەترسێت، ڕۆژێ لە ڕۆژان، سیواکەکە بێت و ببێتە ناربیجیەک و لەسەر شانی شێخ شەهیدێکی تازەدا، قەرەوڵ بگرێت و عەرشی فەرمان ڕەوایەتی بەعس وخاچ هەڵتەکێنێ!!

داگیرکەران، ئەمە نەخشەیانە.. خەڵکی ناوا دەکوژن و دەمرێنن و، لە بناریشیاندا، کۆمەڵگایەکی تا پوڵی وا دروست دەکەن..!! سەیرە.. زۆر سەیرە.. ئەم هەموو مرۆڤەیش، ئەم هەمور کوردەیش، بەدووی ئەم شارستانیەتە کوێر و کەڕوڵاڵەی بەعسدا غار دەدەن، غاردەدەن و یەکی بستێک زمانیان دەرهێناوە..

لەم شارستانیەتی بەعسەدا، مرۆڤەکان عەودالّن، یەکێک عەودالّی پارەیە و، ئەوی دیکە نان و، ئەوی تر ئۆتۆمبیل و، یەکێکی تر دوکان و... بەلاّم کەمیان عەودالّی نازادین.. ئاااایی

نازادی!! دەلّێی زۆربەی خەلکی هەر ناویشی نازانن دەلّێی ئەم خەلکە بڕوایان وایە بۆیە دروست بوون، تاوەکو ببنە پۆستالّی دیکتاتۆری!!

زۆر سەیرە.. هەر ڕادەکەن و غار دەدەن و عەودالّن و سەر گەرمن ونایشزانن خەریکی چین!! جارێک سەر بەرزناکەنەوە و تەماشایەکی لوتکەی بەرزی ئەو چیا دورانە ناکەن، تابزانن کێی پێوەیە!! ئەم شارە زۆر سەمەرەی بەسەر هاتووە.. شارەکانی دیکەی کوردوستانیش هەروایان بە سەر هاتووە.. ئێستاکە شەوەزەنگە، چاوچاو نابینێ، هەموو شتێک ڕەشە ڕەش.. هەموو شتێک لێل و چلکنبە.. بۆرە تار. نیشتمانی داتەنیووە، جرج و دێوو دەینە سووری بەعس، شەمشەمە کوێرەو کونەپەپوی بەعس تەورو قولاب و ئوتوی کارەبای سەر پشت و نازاردان بە بوتل و کارەبا خستنەسەر جەستەی هەژاران، کوردستانی گرتۆتەوە.. نالەم ناوەندەدا چەند مۆمێک داگیرساون، دەیانەوێت

بەر پێکان ڕۆشن بکەنەوە ، دەیانەوێت تیشکێ بخەنەسەر شتەکان.. دەیانەوێت ئیتر چاوەکان یەکتری ببینن..

یەکێک لەم مۆمانە ـ کەیوانـ ـە..!!

کەیوان هەنووکە ، شەهێنێکە و لەبەرزترین ئومێدەوە ، هەڵدەفڕێت و بە سەر کوردوستانی نزڵەدا دەکشێ و دەیەوێت بەرەنگاری ئەم نیشتمانە سەر بڕێ..

ئەم کەیوانە.. لەشاری سلێمانیدا دەژی.. لە دەورووبەری سالانی حەفتاداو ، لەنزیکێ چاڵەنەوتەکانی کەرکوکەوە ، پێڵوی چاوەکانی ترازاوە و هاتووەتە سەرنالیکی ئەم نیشتمانە..

لە ڕەچەڵەکیدا ، باوکێ و دایکی خەڵکی بناری چیاکانی هەورامانن و ، مرۆڤی نەو دوندو ترۆپکانەن

.. وەڵێ لەبەر ناگەواری ژیانیان بەرەو کەرکوکێ نرڤاون.. هەر چەند پێیشیان خۆش نەبووە تاڤگەی ڕۆح وجەستەیان بەجێبهێڵن و ڕوبکەنەنرناشی ڕەش و سوروزەردی زۆرداری.. بەڵام لەگەڵ زارەزاری برسێتیدا دەڵێی چی..!!

باوەو دایە، لەزاڤدانی کەرکوک دا دەمێنەوە تاچەند ساڵێک تێدەپەڕێ، پاشان عەشقی نەو شارانەی کە هەرگیز هەتاویان بەر ناکەوێ، وەک دووئەستێرەی گەڕیدەی لێکردن و لەگەڵ کەیوانی چکۆلەدا گەڕانەوە بۆمەڵبەندی خۆیان.. سالی حەفتاو هەشتێ هاتە پێشەوە و حیزبی بەعسیش، لادێکانی ڕاگوێزایەئۆردوگاکان.. گوندەکان چۆڵبوون سوتێنران، پاشان بوون بەخۆڵەمێش وتەخت کران..خەڵکەکەیش ناوارەبوون.. ناوارەبوونێک کەتاتەودەمە پێی ڕانەهاتبوون.. ناوارەبوونێک کە جەستەی پڕ کردبوون لە ژەرەکۆ، ڕۆحیشیان لە زاڵەکردن، تەنها چرکەیەکیش نەدەوەستا..!!

★★★ ★★★ ★★★

، کەیوان لەماڵەوەی خۆیان و لەژورەکەی خۆیدا، بێ ئارامانەدێت ودەچێت، ڕەنگی ڕوخساری، ڕێگ وڕاست لە سیمای گوڵەگەنمێک دەکات.. لاشەی زۆر گەورەترەلەتەمەنی.. حەڤدە ساڵ لە کوێ ونەم قەدوبالایە لەکوێ..؟

جەستەی گەلێک بە خۆوەیە، بازوەکانی وەکو بازوی دار بەڕو ئەستوورو قایمن.. قژی پڕو ڕەش.. سمێڵیشی بەسنوری تیلماسێکێکی جوان و ئەفسوناوی، وەکو سەوزەگیاچۆن لەبەهاردا دەڕوێ، ئاوەها سەری دەرهێناوە..

تەماشایەکی سەعاتەکەی دەستی کرد.. کات حەوت ونیوی سەر لە بەیانیە..، دەتگوت لەسەر پشکۆ وەستاوە..، دیارە کارێکی پێویستی هەیە و چاوەڕوانی دەرگاکە دەکات..

پانتۆڵەڕەشەکەی لەپێ کردووە، ئەم پانتۆڵە ئێستا باویەتی لە نێو گەنجانی سلێمانیدا، لە سەرەوە دەڵپ و لە خواری خوارەوە تەسک.. کەیوانیش لە پێی دەکرد.. بەڵام تەنها بۆجوانی جەستەی لە پێی نەدەکرد.. ئەم کارێکی دیکەی پێی بوو!!

قەمسەڵە ڕەشەکەیشی لەبەر کرد، لە ژێر قەمیسەڵەکەیەوە کراسێکی سپی لەبەر دایە و بۆینباخێکی شینیشی بەستووە و گۆرەو یەسپیەکانی لە پێکردووە.

لەسەر کورسیە تەختەکەی و ڕووبەڕوی کتێبخانەکەی دانیشت، پۆلێ ژەرەژی نیگای ڕەنگاو ڕەنگ لە زۆزانی چاوەکانیەوە هەڵفڕێن و بەسەر کتێبەکانەوە نیشتەوە.. لە قاتی سەرەوە کتێبەکانی سەعید حەواو فەتحی یەکون، قەتاریان بەستوە و دەستی یەکتریان گرتوە.. لە قاتی ناوەڕاستدا هەر سێ موجەلەدەکەی ((فقه السنه)) ی سەید سابق وهەر شەش موجەلەدەکەی ((فی ضلال القران))ی سەید قوتب ڕیزیان بەستوە.. لەقاتی خوارەوەشدا چەندین نامیلکەو کتێبی حەدیس ومێژوویی و دیوانەشیعرو چیرۆک دانراون..

نەم کە ((فی ضلال)) و ((فقه السنه)) کەی دی، بە دەستی خۆی نەبوو، شتێک وەک خوڕەی ڕۆندک، لەگەروبدا نرقاو، پەڵەهەوری چاوەگەورەکانی بروسکەیاندا..

ئەو ڕۆژەی بە بیرهاتەوە کەلە نۆردوگای سیروان بوون، ئەم دوو کتێبەی کڕی، بە نومێدی ئەوەی کە گەورە بوو، کەڵکیان لێوەرگرێت..، کاتێک لەگەڵ هاوڕێیەکیدا کتێبەکانی دەهێنایەوە بۆماڵەوە، دەتگوت شەوی زاڤانیەتی، دەتگوت پەرداخێکەوزاف بووە لە بەختیاری..

ئـاخر لـه قوتابخانـەدا، مامۆستا موسـڵمانەکانی، هەر باسی ئـەم دوو کتێبـەی بـۆ دەکـەن، لـه مزگـەوت، مەلاڕۆشنبیرەکان، هەر باسـی ئـەم دووانـەی بۆدەکـەن.. هاوڕێ بەتەمەنـەکانیش، شـەو و ڕۆژ سـەریان کردووەتـە ئەم دوو کتێبە.. بۆیە ئەمیش هەر دووکیـانی کـرد.وەلێ جەخار، شـادیەکەی نـەبوو بـە مـاڵێکی لـه چڕۆدروسـت کراوی کوێستانی، نەبوو بـەو ژاژەڵانـەی ئێـواران لەگـەڵ شەماڵدا سەما دەکات، ژارماسـی هـەواڵێک هەرلـەڕێ گێڕی کرد.. هەواڵی کوشتنی باوکی..!!

شەڕی نێوان عێراق وئـێران زۆر کەسـی بـەرەو دنیـای مـەرگ ڕاپێچ کرد، زۆر منداڵی بێ باوک و زۆر ژنـی بـێ میـردو زۆز کچی بێ دایک کرد..!!

ئەوە لە ڕۆژێکی ساتۆری ناوادا، پەرداخی کامـەرانی لە دەستی کـەیوان کەوتـە خـوارەوەو ((عبدالرحمـان))ی بـاوکی، لـە جـەنگێکدا کـە هیـچ پەیوەندیـەکی پێیـەوە نـەبوو، لـە جەنگێکداکـە سـتەمکاران بـە زۆر جلـی سەربازیان پێ لە بەر کرد بوو، ناردبوویان بۆ شەڕکردن و کوژراو تەرمەکەیان فڕێدایەوەبەر ناڤەرەکەیان..

لەسەرکۆرسیەکەهەستا، بەچەند هەنگاوێکی چکۆلـە گەیشـتە بـەردەمی پەنجـەرەی ژوورەکـەی، دەسـتی

بەرزکردەوەو پەردەکەی لادا، لەم دیووی شووشەی پەنجەرەکەوە تەماشای سەر جادەکەی کرد.. باران بە خۆڕ دەباڕێ، جەستەی شەقامەکانی دەشت.. خەڵکیش زۆر بەپەلە بەڕاست و چەپدا دەهاتن ودەچوون.. هەندێک لەبارانەکە ڕایان دەکردو هەندێکی دی بۆ نیو بارانەکە ڕایان دەکرد، دنیا هەر وایە..!!

سەری بەرزکردەوە، دەیویست لە ئاسمانی سالۆر ڕابمێنێ، بەڵام نەیتوانی، پەڵە هەورەکان دایان پۆشی بوو، پەڵە هەوری ڕەش هەر سافانیان دەڕژاند!!

سەری دانەواندەوە.. ئەمجارەیان سەرنجەکانی ودرەختی بەر پەنجەرەکەی، ئاوێتەی یەکتری بوون.. سەری لە درختەکە سوڕدەما.. چۆن لە ژێر تاڵاۆ و زەبری تۆف و ڕەهێڵەی زستاندا خۆی دەگرێت وزیوان زیوان نابێ.. تۆ بڕوانە ئەو بارانە چۆن بەر دەوام لاشەی گەڵاو لقەکانی دەرزی ئاژن دەکات، کەچی وەکو ساسون پێدەکەنێ..!!

ئەم درەختە و ئەم بارانە ئەو ڕۆژانەی بە بیر دەهێنایەوە کە لەگەڵ دایکی و دوو برا چکۆلەکەیدا ئۆردوگای کۆتو زنجیر کراویان بە جێهێشت وهاتنە ئەم شارە.. ئەو ڕۆژەش هەروا باران بوو.. بەڵام ئەم گوێی

نەدەدایە.. گرنگ ئەوەیە مالەوەی ڕازی کردوە بێنە سلێمانی...، بەلای ئەوەوە ئیتر بارانە یان بەفر، گرنگ نیە، ئەم سلێمانی دەویست، ئەم کاری بەم شارە هەیە.. کارێکی پیرۆزو مەزن..!!

پەنجەرەکەی بە جێهێشت، جارێکی دی تەماشایەکی سەعاتەکەی دەستی کردەوە، چارەکێکی ماوە بۆ هەشت، لێوەکانی نایەسەر یەک و نەستۆی بەهێواشی ڕاوەشاند.. لە سەر مێزەبچکۆلەکەی قەراخ کتێبخانە سێ قاتیەکە، کتێبێک دانرابوو.. ناوی ((المستقبل لهذا الدين))ە، نووسەرەکەی سەید قوتبە، ئەم لێی نزیک بوویەوەو هەڵیگرت.. وێنەیەکی سەید کەلەم ڕۆژانەدا دەستی کەوتبوو لە نێویدا بوو.. کتێبەکەی داناو وێنەکەی هەڵگرت.. لە سیمای سەید ڕامابوو.. بە وردیو بە قوڵی تەماشای ڕەفتاری کرد... ڕەنگی چاوەکانی نەو گەورە پیاوە، لای ئەم، وەکو ڕەنگی نەو وورده شەپۆلانەن کە تائێستا دەستی چڵکنی مرۆڤە نڕناشەکانیان پێنەگەیشتووە..!!

زیاتر لە وێنەکە ورد بوویەوە.. دەموو چاوی سەید، لای ئەم وەکو شاشەیەکی تەلەفزیۆنی لێهات.. لەسەر شاشەکە پەتی سێدارەی دەبینی هەڵواسراوە.. شەمس

بەدرانی خوێن تاڵیش ئەوە سەیدی بە پاڵ هێنا.. جەمال عەبدول ناسری کونەپەپوش بە پێکەنینەوە ڕاوەستاوە.. سەید خرایە سەر کورسیەکێ لاشەی بەرزکرایەوە، پەتەکە خرایەملی.. بەڵام هێشتا توند نەکراوە.. مەلایەکی ڕیش تاشراوی بێ سمێڵی تەڕپووش لەسەر، مەلایەکیخزمەتکاری سوڵتانیش خۆیکرد بەژوراو بە سەیدی گوت:

ـ((شایەتومان بێنە پێش ئەوەی بمریت؟!))

سەیدیش چەند بزەیەکێ هاتە سەر لێوی، سەرێکی ڕاوەشاندو بەمەلای گوت:

ـ((تۆیش مەلا..؟؟ تۆیشیان هێنا بۆ ئەوەی پەردەی کۆتایی شانۆگەریەکەت پێ نومایش بکەن..!! بەداخەوە مەلا ئێمە لە سەر شایەتومان دەدرێین لە سێدارە، بەڵام ئێوە نان بەشایەتومانەوە دەخۆن))

سەیدویستی درێژە بەقسەکانی بدات، بەڵام شەمس بەدرانیڕەزونەیهێشت وزللەیەکی کێشا بە بنا گوێیداو گوتی:

ـ((ئەوە پیاوی ئاینییە تۆ چۆن شتی وای پێ دەڵێیت؟))

سەید گوتی ـ((ماشاءالله ـ ماشاءالله)).

مەلا ڕۆیشت وئەمیش بە سەر پەتی سێدارەوە دەستی کرد بە خوێندنی سورەتی ((غافر))، نەوانیش پەتەکەیان توندتر کرد لە کۆتایشدا شەقێکیان لە کورسیەکەی هەڵدا: ئێدی سەید خنکاو شەهیدبوو..

دیمەنەکان وورد وورد کۆتاییان پێهات و دوو ڕۆندکی گەورەیش، لەچاوانی ئەمەوە کەوتنە سەر وێنەکەو پاشان بە خۆی گوت:

مامۆستاکەم، سەیدەکەم.. دڵنیابە منیش هەمان ڕێبازی تۆم گرتوە.. بۆیە چاوەڕوانی هەمان چارەنووسی تۆم!!

ـ((کەیوان ئەو دەرگایەبکەرەوە.))

ئەمەدەنگی دایکی بوو لە ژووزەکەی دی بانگی کرد، دیارەڕۆحی ئەم لەگەڵ پەتی سێدارەکەی سەیدابووە، بۆیە ئاگای لە زەنگی دەرگاکەیان نەبوو.

ـ((بەسەر چاو، دایە گیان هەر ئێستادەیکەمەوە.))

وێنەکەی خستەوە نێو کتێبەکەو بە پەلە دەرگاکەی کردەوە، خۆیەتی.. پاش سڵاوکردن کەیوان پێ ی‌گوت:

ـ((ئامادەن))
ـ((بەڵێ))
ـ((هەر ئێستا دەڕۆمەژوورەوەو دێمەوە.))
ـ((فەرموو))

کەیوان گەڕایەوە بۆڵای دایکی و پسێی گوت دەڕواتە بازاڕو دەگەڕێتەوە، ئەویش بە دوعایەکی خێر ڕەوانەی کرد..

کەیوان گەڕایەوەلای میوانەکەی.. ئەم میوانە گەنجێکی بیست ودوو ساڵانەیە دەرچووی پەیمانگای تەکنەلۆژیای کەرکوکە..

کوڕی ئەم شارەیە..لەم شارەدا گەورەبووەو، لەزاڵدانی ئەم شارەدا چاوی هەڵهیناوە، ناوی (عەلی) یە.. نێوقەدی باریک، سمێڵی پڕ، ڕوخساری وەک ئەستێرە.. نەرموو نیان..قژی کەمێک خاو، چاوەکانی پاک و بیگەرد، وەکو بەفر کاتێک تیشکی سەردەکەوێت.

سەرجادەکەو لەوێوە سواری تەکسیەک بوون. تەکسیەکە لەبەردەرکی ماڵی عەلی دا وەستا، ئەمان

دابەزین و نـەو رۆیشت.. کـەیوان تەماشایەکی راست و چەپی خۆی کرد، وێ دەچوو بزانێت یەکانە کانی بـەعس بـــەودەورەدانین!! هـــەردووکیان نزیـــک بوونـــەوە لەدەرگاسوورەکە:

((کاک علی کامیان زیرەک و وریا تره؟))

((هیـوا.. چونکـە زۆری لـەم لاولا بیسـتووە، وەکـو سروشتی خۆیشی، هەمیشە حەز بەجمان دەکات.

((ئەی سیانە کەی تریان؟))

((سیانەکەی تریان.. بابـان ونـەورۆز، ئـەم دووانـەیان هێشتا هەویرن، چۆنت بوێـت دەیانکـەیت بـەنان.. بـەڵام سـەروەر پرسـیار زۆردەکـات بەپشـتیوانی خـوا ئـەویش ئاسانە.))

ـ((کاک دارای برات لەماله وەیە؟))

ـ((بەڵێ ئەوم لای ئەوان بەجێهێشتووە))

ـ((ئیستا ئەوان بەتەمای خۆمانن، وانیە؟))

ـ((نـەک هەربەتـەمای خۆمـانن، بـەڵکوو خۆیشـیان ئامادەکردووە.))

ـ((دووعانکە خوا رێگایان نیشان بدات.))

ـ((ان شاء الله))

علی پەنجەی ناپە سەر پلاکی زەنگەکە:

ـ((کاک کەیوان گفتوو گۆکە تۆمار بکەین؟))

ـ((ئەی بۆنایکەین.. بادووکلۆلی تریش کەلک لەشریتەکان وەربگرێت))

ـ((شریت وتەسجیلم ئامادەکردووە.. تەنها گووتم باپرسی پێبکم))

ـ((خوا پاداشتت بداتەوە.))

دەرگاکە کرایەوە دارا دەرکەوتوو لەگەڵ کەیوان دەستیان خستە نێو دەستی یەکتریەوە و نەملاولای یەکتریان ماچ کرد، ئاخر هەفتەیەکە یەکیان نەبینیوە، دارا یەکێکی تر لە قوتابیەکانی کەیوان، تەمەنی لە بیست سالاندایە، بالای وەکو ئەو داردەوەنە وایە لە بەهاردا گوڵی سپی و وەنەوشەیی دەردەکات و بۆنی خۆشی لێدەبێتەوە.. دەموچاوی کەمێک پانەو ڕیشێکی تەنکی کەم، وەکو سەوزایی قەد پاڵی چیای لێ ڕواوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردوە و ئێستا گرێکاری دەکات.

عەلی پێش کەوت و کەیوانی مامۆستای بە دوایدا دارای برایشی دەرگاکەی داخست و فریایان کەوت..

** ** **

سڵاوو بـه خێرهـاتن و تەوقـەکردن کۆتـایی پێهـات، کـەیوان لـەلای ڕاسـتەوە لەنگـەری گـرت، عـەلی لـە خواریەوە، دارایش لەخوارترەوە.. مێوانـەکانی دیکـەیش لە لای چەپ و لە سەرەوە دانیشتن.. هیواو سـەروەر هـام ڤەری عەلی بوون و پێکەوە لە پـەیمانگای تەکنـەلۆژیای کەرکوک دەرچوو بوون.. هیوا باڵا بەرزێکی چاو ڕەشی قژ خـاوە، سـەروەریش قـەدێکی مـام ناوەندی و چاوەکـانی مـەیلەو کەوەیەو پانتۆڵێکی نیلی و چاکەتێکی ڕەشی لـە بەردایە.. نەرۆزو بابانیش هاوتەمـەنی یـەکترین.. لـەپۆلی شەشەمی نامادەیدا دۆستی نزیکی عـەلی بـوون، ئێستا لـە پـەیمانگای پزیشـکی بـەغداد دەخوێنـن وهـەر نـەم ساڵیان ماوە، تەمەنیان لەدەربەندی بیست ساڵیدا یـە، وەکو دوو گوڵاڵەی بۆن خۆشوان، هێنده ناسکن دەڵێ ی لە ژیاندا دەستیان بەگزنگی ناومالیشەوە نەداوە.. ژیـانی ئەم دووانە بەم شێوەیە تەواو دەبێ.. خوێندنی پـەیمانگا، گەڕانەوە بۆداخلی، نان خواردن و، خەوتن، پیاسـەکردن و تەواو..!!

هەنووکە بەمۆڵەت گەڕاونەتـەوە بۆمالـەوە، دوێنـێ کە بەیەکەوە عەلیان بینی هاتنـەوە بۆلایـی ولـەو بـازارە گەورەدا پاش دابڕینێکـی یـەک سـاڵی، شـادبوونەوە بـە

یەکتر.. ئەوان دەیان ویست باسی ژیانی داخلی و پەیمانگاو تێکەڵاوی کوڕو کچ و ئەمانەبۆعەلی بکەن، نەیان دەزانی عەلی موراهقیەکەی جاران نیەو ئێستا خاوەنی عقیدەو بەرنامەو ئاکارێکی نوێ یە.. ئاخر عەلی پێش ئەوەی کەیوان بناسێت وەکو ئەوان وابوو.. یەک هیواو، یەک جۆر ژیان و، یەک سروشتیان بوو..

بەڵام خوای گەورە چرایەکی بۆهەڵکردوو لە ڕێگای یاری تۆپی پێوە کەیوانی ناسی و بوو بەم عەلیە.. کەئەوان ویستیان دەرگای ئەو باسانە بکەنەوە، ئیدی ئەم باسەکەی گۆڕیی و کەمێک لەژیانی خۆی بۆ باس کردن و، پاشان دەستیان کرد بە گفتو گۆ لە بارەی عقیدەوەو دواتر عەلی تێ ی گەیاندن کە سبەینێ، واتە ئەمڕۆ، سەعات هەشت و نیوی سەر لەبەیانی برایەکی تێگەیشتووی ڕۆشنبیری موسوڵمان و دوو هاوڕێی خۆی لەسەر هەندێ کێشەی عەقیدە گفتوگۆدەکەن، ئەوانیش دەبێ ئامادەبن.. ئەوانیش داواکەیان بە سنگ فراوانیەوە وەرگرت وبڕیاری ئامادەبونیاندا

میوانەکان چاویان لە کەیوان نەدەتروکان، حەزیان دەکرد بەردەوام تەماشای بکەن، لەو تەماشاکردنەیان دا، هەستیان بە بەختیاری دەکرد، بەختیاریەک وەکو

یاشماخی پەمەیی لەڕوویان دەنالا، بەختیارەکێ یەلخاوی دەکردە سەر کیشوەڕی ناخیان.. هەستیان بە فرمێسکی ناسودەیی دەکرد، فرمێسکێ لە سارای دەرونیاندا هەنووکە سەما دەکات.. ئەمە نورەتەلیسماویەکەی سیمای گیوانە کەیوان..!! نورێکەلەپاشماوەی نزیکێ بوونەوە لە خواو توانەوە لەعەشقی خودا دێتەسەر ڕووپەڕی ڕوخساری مرۆڤ و، وەکو چل چرای شەوی یەلدا دادەگیرسێ..

کەیوان چەند بەزمان و ووشە درکاندی خەڵکی بانگ دەکرد بۆلای ئیسلام، دوو هێندەی ئەوە، بەو نورە خەڵکی بانگ دەکرد کە لەبیلبیلەی چاوەکانیدا و لە هەردووگۆنایدا ولەسەر لێوەکانی دەدرەشایەوە.. کەیوان بڕوای ڕەهای بێ سنوری بەم نایەتە بوو ((واتقوا اللە، ویعلمکم اللە)).. زۆر هەوڵی دەدا بۆ گەیشتنی بە دوندی تەقوا، چونکە دەیزانی لەوێ، عەقڵ وهۆش وتەمەن ڕۆڵیان نامێنێت و خوای گەورە زۆر شت فێری مرۆڤ دەکات.. ئەگەر سەعاتێکی تریش دابنیشتنایە، ئەوسا چاویان لە نورەکەی کەیوان نەدەتروکان، عەڵیش نەوەی هەست پێکرد، بۆیە مۆڵەتی لەکەیوانی مامۆستای خواست وگوتی:

ـ((ڕاینە.. باڵەمەزیاتر چاوەڕوانی یەکتری نەبین.. ئێستا ئێوە، بە ئارەزووی خۆتان، پرسیارەکانتان ناراستەی کاک کەیوان بکەن و ئەویش وڵامتان دەداتەوە کاک هیوا فەرموو پرسیارەکەت بکە.))

هیوا کۆکەیەکی کردەشوێنی خۆی دا کەمێک جوڵە جوڵی کردو پاشان سەری بەرز کردەوەو گوتی:

ـ((ئەوەی ڕاستی بێ کاک کەیوان من مێشکم بە پرسیارێکەوەسەر گەرمە، ئەگەر بیکەم، دەترسم دڵت گەرد بگرێت))

ـ((بەپێچەوانەوە کاک هیوا، من کاتێک دڵم گەرد دەگرێت، کە تۆپرسیارێکت لە دڵدابێت و ئەیدرکێنی چۆن پرسیار دەکەیت و لەچی پرسیار دەکەیت بیکەو هیچ لەدڵتا مەیەڵەرەوە.))

ـ((کەواتە من بە ئازادانە پرسیار دەکەم؟))

ـ((منیش بە ئازادانە وڵامت دەدەمەوە، ئێستا فەرموو دەست پێبکە))

غەڵی بە پەڵە تەسجیلەکەی هێنناو لەناوەڕاستی هەمووياندا قیتی کردەوەو ئامادەی تۆمار کردنی کرد..

زۆپا عەشتارە سپیەکەی بەر دەمیان گرێکی شینی جوانی لێ بەزز دەبۆیەوە، هیوا پاندانەکەی بە دەستەوە گر توو پاشان گوتی:

ـ((باشە کاک کەیوان تۆ چۆن دەتوانیت بیسەلمێنیت کەخوا ئەم گەردوونەی دروست کردووە؟))

کەیوان، ژێرجلەکیانە، تەزوی کامەرانیەک لەناڤەری دڵیدا بزوا، چەند ڕۆژە کتێبی (اللە) ی (سعید حوی) ی بەدەستەوەیەو دەیخوێنێتەوە، خوای گەورە چۆن کارەکان ڕێک دەخات..

ئەم پرسیارە لەچەند ین شوێنی ئەو کتێبەدا وەڵامی دراوەتەوە.. ئێستا لاپەڕەکانی ئەوکتێبنە وەکو لەبەرچاوانیدا بێت وایە..

گوورتی:

ـ((براکەم.. بۆئەوەی گوورفتووگۆکەمان زانستیانەبێت، حەزدەکەم قوڵتر لەم کێشەیە بدوێین.. ئەم پرسیارەش وەنەبێت تەنها جەنابت کردبێت.. ئەم پرسیارە لەرۆژێکدا چەندین چار دووبارەدەبێتەوە.. جابۆئەوەی لەم بارەوە بگە

ینه حەقیقەت ودلنیابیین دەبێت سەرجەمی نەوتێورانە باس بکەین کەپەیوەندن بەم باسەوە.))

-((بەڵێ.. جێگای خۆیەتی.))

-((سەرجەمی فەیلەسووف وزاناکان هەرلەکۆنەوە تائێستا، چەندین بۆچونیی جیاجیایان لەم بارەیەوە بووە، بەڵام دەتوانین لەم چوار خاڵەدا گەڵاڵەیان بکەین:

١- ئەم گەردوونە بێ یاسایە، واتە لەم گەردوونەدا هیچ شتێک لەسەر یاسایەکی داڕێژراو ناڕوات بە ڕێوە و حاکم تەنها تەوری هەڕەمەکی و فەوزایەو، گەردوونی بێیاساو پڕلە هەڕەمەکیش دیارە خوای نیە و بێخوایە.

٢- ئەم گەردوونە لەڕێگای ڕێکەوتەوە هاتوەتەبوون و لەزاڵدانی ڕێکەوتەوە یەکەم خانەی دروستبووە.

٣ - گەردوون هەربووەو ئەزەلیەو بێ سەرەتایە.

٤ - خوایەکی بەدەسەڵات و توانا و دانا و زانا دروستی کردوە.

نەورۆز گووتی:

-((بڕوابکە کاک کەیوان، لەپەیمان گاکەی ئێمە هەمیشە لەم بارەیەوە قسە گەرمە..بەڵام من لەبەر

ئەوەی شتێکی وای لێ نا زانم خۆمی لێ بەدوور دەگرم وزۆریش جڵز دەکەم بەوردی لێی شارەزابم.. هیوام وایە بەدرێژی لەسەر نەوچوار خاڵەبڕۆیت.))

کەیوان لەڕوخساری نەورۆزدا پاکێتیەکی بەدی دەکرد، پاکێتیەک تائەم ساتەوەختە لێڵ نەبووە، بۆیە بەدەمیەوە خنایەوەو گووتی:

ـ((ان شاء ا لله))

پاشان ئاوڕی دایەوە بۆ لای هیوا:

ـ((تا ئێستا خۆ هیچت نیە؟))

ـ((نەخێر.. فەرموو))

ـ((هەندێک لە فەیلەسوفەکان بڕوایان وایە، نەم گەردووونەلە بێ یاساییەکی ڕەهادا دەژی و گەردوونی بێ یاسایش، دیارە بێ خوایە، چونکە خوا کاری بێ یاسا ناکات.

بەڵام لە ڕاستیدا وانیە، نەگەر بەوردی لەم گەردوونەڕابمێنین بۆمان دەردەکەوێت لە نەتۆمێکی چکۆلەوە کە بە چاو نابینرێت تا دەگاتە گەورەترین

پارچەی ئەم بوونەوەرە لەسەر یاسا دەڕوات و ئەوەی پێی بگوترێت، بێ یاسای تیایانیە.))

-((چۆن..؟ دەتوانی بۆمان ڕوون بکەیتەوە؟))

-((بەڵێ....، بۆ نموونە لە تەتۆمدا هیچ ئەلیکترۆنێک ناگوێزرێتەوە بۆ خولگەیەکی تر هەتا بارگەیەکی نەدرێتێ، کە بەرامبەر بێ بەهێزی جولەکەی بە دەوری ناوکدا.

لە مەجەرەکانیشدا بە هەزاران هەتاوو ئەستێرە لە ناودەچن و هەزاران هەتاووئەستێرەی دیکە پەیدا دەبن، بەڵام هەموویان بەپێی ئەندازەیەکی زۆر ورد ویاسایەکی نەگۆڕاو.

زاناکان دەڵێن.. کۆمەڵەی خۆربەدەوری کەشکەشانێدا دەسووڕێتەوە دیسان ئەم مەجەرە گەورەیە، بەو هەموو ئەستێرە و هەتاوانەی کە هەیەتی بەدەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە، بەمەرجێ ئەوەندە فراوانە بە دووسەد ملیۆن ساڵی تیشکی ئەمجا دەورەیەک تەواو دەکات.. لەکاتیئەم سوڕاندنەوەیەدا لەگەڵ مەجەرەیەکی تردا تێکەڵ دەبێ بەبێ ئەوەی تاقە ئەستێرەیەکی نەو مەجەرە بەسنووری مویەک بەری ئەستێرەی مەجەرەکەی تر

بکەوێت.. جا ئەگەر گەردون لەسەر فەوزاو هەڕەمەکی ببزوێ و یاسایەکی نەبێ، چۆن ناکەون بەسەر یەکدا و دنیا تێک ناچێ!!

بابان کەوەکو مرۆیەکی سالاروژیر گرتبوو، گوتی:

ـ((بەڕاستی ئەوەی بەرواى بەبێ یاسای ئەم گەردوونەبێ، ئەوە خۆی دەخەڵەتێنێت.. زانیاری بەڵماندویەتی کەخۆر سەد وپەنجا ملیۆن کیلۆمەتر لە ئێمەوە دوورە ئەگەر کەمێک نزیکتر بوایە هەموویان دەبوونە هەڵم، ئەگەر دووتریش بوایەوەکو بەستەڵەکمان لێ دەهات.. ئیتر بێ یاسای چی؟))

ـ((زۆر ڕاستە کاک بابان ئێستا بابزانین کاک هیوا دەڵێت چی؟))

ـ((منیش قەناعەتم وەکو ئێوەیە و هیچم نیە.))

ـ((تیۆری دووەم دەڵێت گەردوون بەڕێکەوت دروست بووە.))

هیواداوای مۆڵەتی لەکاک کەیوان کردو گوتی

ـ((ئەم تیۆرە زۆر بێ بناغەیە، پێم خۆشە بەجێی بێڵێیت وبڕۆینە سەر خاڵی سێیەم..))

ـ((چاکه.. منیش پێم خۆشه.. چونکه ڕێکەوت یانی عەقڵ سەربڕین و گاڵتەکردن بە مرۆڤ..، تیۆری سێیەمیش گوتمان دەڵێت: گەردوون ئەزەلیە.. یان ڕونتر بڵێم.. دەڵێت سروشت گەردونی دروست کردووە، وانیە؟))

ـ((بەڵێ وایە!))

ـ((جا ئەگەر ئێمە بەتەرازوویەکی زانیارییانە وشەی سروشت بکێشین ئەوە بۆمان دەردەکەوێت لەم سێواتایەی خوارە دەرناچیت:

• یان بریتیە لەو کۆمەڵەماددەی کە ئەم گەردوونەی لێ دروست بووە، یا خود بریتیە لەهێزێکی بەدەسەڵاتر لەمادە، بەڵام هەڕەمەکیانە کار دەکات، یان بریتیە لەهێزێکی بەدەسەڵاتر لە مادە و زانا وداناو ئاگادار لەهەموو شتێک..

ئەگەر سروشت مەبەست پێی ئەم ماددە کەڕوکوێرەبێ، ئەوە هەرگیز توانای دروست کردن لە نەبوونەوە بۆ بوونی نیە.. چونکە وەکو عەرەب دەڵێت (فاقدالشی لایعطی)مادە خۆی عەقڵی نەبێ لەکوێ

دەتوانێ بیبەخشێ، خۆی ڕۆحی نەبێ، چاوی نەبێ، هەستی نەبێ، لەکوێ دەتوانێ بیبەخشێ؟))

نەورۆز:

-((هەرگیز ناتوانێ بیبەخشێ من پارەم پێ نەبێ کابرای سوالکەر تا ئێوارە داوام لێ بکات، لە کوێ دەتوانم پارەی بدەمێ.))

کەیوان:

-((کەواتە سروشت نەگەر ماددە بێت نەوە توانای خولقاندنی نیە، خۆئەگەر خالی دووەمیشیان مەبەست بێت.. واتە بڵێین.. سروشت هێزێکی بالاترە لە ماددە، بەڵام هەڕەمەکیەو فەوزەویە.. نەوە من پێیان دەڵێم.. ئەو سروشتەی کە کارەکانی هەڕەمەکیە و دوورە لە ژیری و عەقڵەوە چۆن دەتوانێت دروست کزاوەکانی لەسەر یاساو عەقڵ بڕۆن بەڕێوە ببڵێی دروستکراو لە دروست کەر چاکترو ڕێک وپێکتربێت؟))

هیوا:

هەرگیز شتی وا نابێ..

کەیوان:

-((کەواتــە براکــەم.. ئــەوانیش دەیانــەوێت بڵێــن هــێزێکی دانــاو زانــاو ئاگــادارو بــە تووانــاو ووریــا ئــەم گەردوونەی دروست کردووە..

بەڵام ئەوروپاییەکان لەبەر ئەوەی کەنیسە داخی زۆری ناوەبە دڵیانــا، ئــەو هــێزە ناونــانێن خــوا.. نــاوی دەنێــن سروشت..، ئەگینا هەمرو بەڵگە زانیــاری و عەقڵیــەکان ئەم ڕاستیە دەسەلمێنن و دوروپاتی دەکەنەوە کە خوایــەک هەیە و ئەم بوونەی دروست کردووە.))

هیوا قسەکانی کەیوانی زۆر بەدڵاچوو، لەدڵی خۆیدا گوتی:

((ئەشــهەدو، تائێســتا لــەم بارەیــەوە مــن هیچــم نــەزانیوە و هــەر وەکــو تونــی شــتی خــەڵکیم دووبارەکردۆتەوە))

عەڵی لە هیوا ڕاما، دەیویست لە ڕوخساری دا دڵی بخوێنێتەوە، پێ ی گوت:

-((کاکە هیوا، لەم بارەیەوە پرسیارت ماوە؟..

- ((نــەخێر.. زۆر سوپاســی کــاک کــەیوان دەکــەم..، ئەگەر بەقوتابی خۆی وەرم بگرێت،

ئەوەمن لەم ساتەبەولاوە دەبمە قوتابیەکی گوێڕایەڵی...))

-((خوای‌گەورە پاداشتت بداتەوە، براکەم..ان شاء الله هەموومان قوتابی ئیسلامین و هێز بەهەشتی‌خواهەوڵ دەدەین..))

سەروەر کەتا ئەو ساتە جارجارە ئەبێ قسەی نەکردبوو، مۆڵەتێکی وەرگرتو پرسیارەکەی‌خۆی درکاند و بەم شێوەیە دەستی پێکرد!

- ((کاک کەیوان، تۆ سەبارەت بەم ووتەیە دەڵێت چی؟))

-((کام ووتە؟))

-((ئەوەی کەدەڵێت کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.بەم قۆناغەدا تێپەڕیوە، قۆناغی شیوعیەتی سەرەتا، قۆناغی کۆیلایەتی، قۆناغی دەرەبەگایەتی، قۆناغی سەرمایەداری و، ئێستا دەبێت بەقۆناغی سۆشیالزمیدا تێپەڕیت ودواتر بگات بەقۆناغی شیوعیەتی کۆتای.))

کەیوان نەرمە پێکەنینێکی پڕ لەسۆزو بەزەیی نەوینی بۆکردو پاشتان بەوپەڕی هیمنیەوە پرسی:

-((کاکەسەروەر خۆت دراسەی ئەم مەسەلەیەت کردووە یان هەر بیستوتە؟))

ـ((ئەوەی ڕاستیبێت، تەنها بیستومەو هیچی تر))
ـ((باشەلەزمانی عەرەبیدا چۆنیت؟))
ـ((باشم..دەتوانم لێی تێبگەم))
ـ((ان شاءالله‌کتێبێ کی سید قوتبت بۆدێنم ، ئەم باسەت بەدورو درێژی بۆ ڕوون بکاتەوە..ئێستاش خۆم وەلامت دەدەمەوە))

پاپان لەوێدا بەدەست خۆی نەبووپێکەنی، دارا لێی پرسی:

ـ((دیارە شتێکت بیر کەوتوەتەوە بۆیە پێ دەکەنیت؟))

ـ((بەڵێ..پێش ئەوەی بێینەوە لەداخلی لەژورەکەی بەرانبەرمان سەعات یانزەی شەو بوو بەگاڵتەوفەرتەنە، کاتێک فریایان کەوتین و پرسیمان مەسەلەچیە، پێیان گوتین لەسەر ئەم پرسیارەی خۆمان بووە بەموناقەشەیان و لەیەک نەگەیشتوون و ئاوابووە بەناژاوەیان))

کەیوان قزرگی بۆ ساف کردو دەستی پێکرد..ئەوەی سەید قوتب لە کتێبی ((نحو مجتمع اسلامی)) دا باسی کرد بوو بەوردی بۆی باس کردن وتێی گەیاندن کە بەشێکی زۆری ئەو وتەیە وەهمەو بناغەیەکی نیە.. دوا تریش بەوردی باسی کۆمەڵگەی ئیسلامی بۆکردن لە وێشەوە دانایانە باسی ئەوەی کرد کە مرۆڤ لەکوێوە هاتوە بۆچی هاتوەو بۆ کوێ دەڕوات..کەسەعات

گەیشتە ذوانزەو نیوی نیوەڕۆ هیواوسەروەرو نورۆزو بابان جارێکی تر لەدایک بونەوەو لەزابەندی ژیاندا ناوی خۆیان تۆمارکردەوە..هەرچواریان تابینەقاقایان بەبەرزا ی دوندی ساسۆن پەژیوان بوونەوە لەڕابووردویان وبڕیاریاندا لەمەو دواهەریەکەیان ببێتە شاتارێک ولەباوەشی ئارێکی ڕازاوەو پڕلەگوول وکامەرانیدا خۆشترین گۆرانی بۆ مرۆڤایەتی بڵێت..

هەستان هەر چواریان یەک یەک دەستیان خستە نیو دەستی کەیوان وبڕیاریان دا تادوا دڵۆپەی خوێنیان لەگەلیابن بۆدروست کردنی کۆمەلگە یەکی ئسلامی..

کاتێک ویستیان بڕۆن عەلی ودارا نەیان هێشت و گووتیان:

-((مااڵەوە نانیان بۆ ئامادەکردوین دەبێت لێرە نانی نیوەڕۆ بخۆن))

ئیدی بڕیاریاندا بمێننەوە و عەلیش شریت وتسجیلە کەی پێچایەوە.

پاش ئەوەی لەنان خواردن بوونەوە، کەیوان مۆڵەتی لێوەرگرتن بەو پەڕی چاپوکیەوە لەمااڵی عەلی وەرکەوت.. بە دوو پاس گەیشتەوە ماڵی خۆیان.. کتێبەکانی هەڵگرت و بەپەلە بەرەو قوتابخانە بڕوا..

کاتێک گەیشتە سەر جادەکە دیسان ئاسمان بروسکەی داو تنۆکە باریوەکان بوونەوە بەتەرو نامەی گەواڵە هەورەکانیان دایەدەستی زەوی..

کە دڵۆپەکان لاشەی زەویان پاک دەکردەوەو دەشۆرد، ئێدی کەیوان چەدەنەی ناخی دەهەژا، چلۆی دڵی هەڵدەپەڕی و، چەپەری خەمەکانی تەختی دەبوون و، دنیای ناوەنی دەبویە سارایەکی پڕ لە گوڵی سپی..

پاسێک هات و لـه بـەردەمیدا وەستا ئـەم بـه یـەک چرتک سوار بوو، لەسەر کورسیەکی لای ڕاست دانیشت، جـارێکی دیکەیشـی چڤێکـی هـەر دوو دیـدەی لـەجامی پاسەکەوە هەڵفڕێنە بەر بارانەبەخورەکە..

ئـەم لـەو ڕامـان و وردبونەوەیـەدا، ڕاسـتیەکی تـارا بەسـەری وەک بووکـی دەبینـی، ئـەو ڕاسـتیە وای لـێ دەکات هەرگیز تێر نەبێ لە ئاوێزان بوونی سافانەکان..!!

ڕاستیەکە لـە مێشکیدا وەک چریسـکەیەک وایـە، هـــــەڵدەبێ و دەکوژێتـــــەوە دەکوژێتـــــەوە و هەڵدەبێ...بێگومان لـە سـاتەوەختی بارانـا چریسکەکە هەڵدەبێ و مێشکی ڕووناک دەکاتەوە، کاتێکیش بـاران نامێنێ ئێدی نەویش دەکوژێتەوە..

ڕاسـتیەکەیش ئەوەیـە هەمیشـە خـۆی وا دەبینێـت تاوێکی بەخورِی بـارانی ئـەم ئیسـلامەیەو مرۆڤـە چڵـک گرتووەکانی ئەم سەر زەویە دەشواتەوە..!! پاسەکە بەسـەر جەستەی جادەی تازە شۆراودا تێپەڕی..کەگەیشتە نزیکـی قوتابخانـەی نامـادەی پیشەسـازی کـەیوان دابـەزی تەماشایەکی سـەعاتەکەی دەسـتی کـرد، تێگەیشـت کەوانەی یەکەم تێپەڕبووە.. بەخۆی گوت:

((ئەگەر لەپێناوی ئیسلامەکەمدا نەک قوتابخانەکەم گیان و خوێنیشم دابنێم هیچیشتا هەر کەمنە.. جگە لەوەیش من ئەم ساڵ پۆلی دووی پیشەسازیم، تەنیا ساڵێکی ترم ماوە، ئیتر دەبێ قوتابخانە بەجێبێڵم وبڕۆم بۆ سەربازی..!! باشتر وایە هەر چۆنێکم کردووە دووساڵی کە خۆم بهێڵمەوە، بۆئەوەی بتوانم بانگەوازەکەم زیاتر بڵاو بکەمەوە.))

لەدەرگای قوتابخانە چووە ژوورەوە، بینی قوتابیانی پۆلەکەی لەهۆڵەکەدا، دوو دوو، سێ سێ کۆبوونەتەوە، لەکۆمەڵێکیان نزیک بوویەوە و سڵاوی لێکردن، ئەوانیش بەگەرمی وەڵامیان دایەوە.ئەم پرسی:

-((دەڵێی مامۆستای عەرەبی نەهاتووە))

یەکێک لەقوتابیەکان گوتی:

-((نەخێر دەڵێن نەخۆشە..کاک کەیوان تۆ جارێ واز لە مامۆستای عەرەبی بێنە..))

-((بۆ..؟ چیە..؟ خوا نەخواستە هیچ بووە؟))

-((هیچی وانەبووە.. بەڵام پرسیارێکمان بۆ دروست بووە.))

-((ئادەی.))

ـ((باشه ئیسلام ماتریالیزمه یان ئایدیالیزم.؟))
کەیوان زۆر حەزی بەم پرسیارانە دەکرد..پێی خۆشبوو ئەم پرسیارانەی لێبکرێت، چونکە دەیزانی چ گیرو گرفتێکیان بۆلاوان دروست کردووە.. دەیزانی ئەم پرسیارانە چ جۆرە چیلەمێیەکی گەڕۆلن و چۆن لەبۆشایی شەوی تاری مێشکی لاواندا شلپ و هوڕیانە..

بۆیەکاتێک پرسیارەکەی لێکرا بەئەسپایی لێوەکانی ترازاندو بەخاوەنی پرسیارەکەی گوت:

ـ((کاکەگیان، دەبێت سەرەتا لەئایدیالیزم و ماتریالیزم بگەین.ئەوجا بزانین ئیسلام کامیانە..))
ـ((بەڵێ وایە))
ـ((کەواتە شێوەی پرسیارەکەت بگۆڕە!!))
ـ((چۆن؟))
ـ((جارێ بڵێ ئایدیالیزم و ماتریالیزم چین؟))
ـ((باشە چین؟))
وردە وردە قوتابیەکانی دیکەیش هاتن و کۆبوونەوە، کەیوان گوتی:

ـ((ئایدیالیزم بەکۆی ئەو بیروباوەڕویاسایەدەگوترێت کە جێگایان تەنها خەیاڵی مرۆڤەو هەرگیزاو هەرگیز نایەنە نێو دنیای واقعیەوە.ئەوانەی سەر بەم

ئایدولۆژیەیان باوەشیان بەغەیبدا کردوەو بڕوایان بەهیچ شتێکی دیکەنیە..بێگومان ماتریالیزمیش دەقاودەق پێچەوانەی ئایدیالیزمە..))

-((ئەی ئیسلام کامیانە؟))
-((هیچ کامیان!!))
-((چۆن؟))
-((ئیسلام ئاینێکە، لەڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە بۆ غەیب دەڕوانێت و تەفسیری دەکات، دوور لە لێکدانەوەی هەڵگرانی بیری ئایدیالی لێکی دەداتەوە، هەروەها مادەیش لای ئیسلام بە هیچ جۆرێک ڕەت ناکرێتەوە، بەڵام ئیسلام بە ڕوانینی تایبەتی خۆی لەمادە دەگات))

-((چۆن))

کەیوان ویستی وەڵامی بداتەوە، وەلێ هوروژمی یەکێک لە قوتابیانی پۆلەکەی وەڵامەکەی تاساندو ئەو قوتابیە بەبێ ئەوەی یەک وشە بدرکێنێ زاری بکاتەوە خوی کرد بە نێو قوتا بیەکانی دەوری کەیواندا و بە تووندی زللەیەکی کێشابە بناگوێی کەیواندا..

بـەلام نـەم هیـچ تێـکۆ نـەچوو، تەماشـایەکی قوتابیەکەی کرد، بەبالا هەر هێندەی خۆی دەبێت،

چاوەکـانی مەیلـەو سـەوزن، قـژی زەرد، دەمـوو چاوی‌سوورو سپی، ئەمەنەو کورەیە کە لە پۆلەکەیاندا

پێی‌دەڵێن سۆرانە شیوعی..کـەیوان چـاکی دەناسێ قوتابی‌کـان وبستیان پـەلاماری بدەنێو ونجـڕ ونجـڕی بکەن، وەلێ ئەم ڕایگرتن و خۆی لێی چوویـە پێشـەوە، ئەمجارەبەنەرمی بۆی ڕوانی و، پێی گوت:

ـ((کاکە سـۆران..ئەگـەر دەستت نـازاری پـێ ناگـات فەرموو زللەیەکی تریش لەلای چەپیشم بدە؟))

سـۆران ڕق و قینـی دنیـای چـەند زۆرە وێدەچـوو پەرچاوانی دڵی گرتبێ، ڕق لە کەیوانی مرۆڤ و کەیوانی پەپوولەو کەیوانی گوڵەگـەنم.. بۆیـە ئـەم جـارە تووندتـر، دەستی بەرز کردەوەو زللەکەی لێداو.!!!ڕۆیشت..

قوتابیەکان سـەریان لـەم کـارەی کـەیوان سـوڕ دەمـا لەناستی ئـەم ناکـارەیدا خەپەسـابوون، نـەیان دەزانـی چیبکـەن و چـی بڵێـن...، وایـان هەسـت دەکـرد کـە

تێکشـــکاون، بـــەڵام کـــەیوان وا نـــەبوو، هەســـتی بەسەرکەوتن دەکرد..!!

خێرا دوای قوتابیەکە کەوت، گەیشتە پۆلەکەی بینی سۆزانە شـیوعی لـە دوای دواوە دانیشـتوە، هـەردوو تانیشکی دەستی لەسەر مێزەکەدایەوپەنجەکانی لـە نیـو قژە زەردەکەیدا ونبووەو سەری بۆ خوارەوە بەردارەتـەوە، ئـەم بـە چـەند هـەنگاوێک گەیشـتە ڕاسـەری و دەسـتی ڕاستی بەرزکردەوە، پەنجەکانی ئەوی گـرت و بـەو پـەڕی سـۆزو خۆشەویسـتیەوە گوشـی، ئـەو چاوەکـانی بـەزر کردەوە، ئەم بۆی خنایەوەو پێی گوت:

ـ((کاکەسـۆزان داوای لێبوردنـت لێدەکـەم.بەڕاسـتی من بوومە هۆی زەحمەت دانی دەستی تۆ.ئەگەر ئـازارت پێگەیشتبێ ئەوە دووبارە داوای لێبوردنت لێدەکەم..))

سۆران لەجێی خۆی ڕاست بوویەوەو بـەرزە پێهەسـتا، وەلێ هیـچ هـەر هیچـی بۆنـەگوترا، کـەیوان زانـی تـەلی عاتیفەی گرتوۆە، ئێدی پێی گوت:

ـ(ئەو قوتابیانە پرسیارێکیان لێکردوم، دەبێ ئێستا وەلا میان بدەمەوە خوات لەگەڵ)

بەرد تەرەکی سۆران نـەتەرەکی نـەو ڕۆیشـت و ئـەمیش بەتـەنها مایـەوە..لـە شـوێنی خۆیـدا نـەبزوا، تـا زەنگـی قوتابخانـە لێی داو قوتابیـەکان هـەموویان ئەمسـەرەو سەریان پێ کەوت و پۆلەکەیان پڕبوو لەقوتابی پۆلـەکانی دی.

** ** **

مـاوەی وانـەی ئـەمڕۆی قوتابخانـە تـەواو بـوو، کەیوانیشی بەو هەڵوێستەی خـۆی سـۆرانە شـیوعی کـرد بەلاتار، کردی بەو بەردەی کەلەکەڕ گلار دەبێتەوە بۆنێـو جەنگەڵ وهیچ شتێک ناتوانێت ڕێگـای تەوژمەکـەی پـێ بگرێت.

هەروەکان سەر لە نوێ دەیانویست بـە کـول بگریـن و هـەرچی ڕۆنـد کیـان پێیـە هـەڵیرێژێ.سـۆرانیش وەک دارتویـەکی بـێ گـەڵای زەرد هەڵگـەڕاو، بـێ ئاگـا لـە گرماندنی هەورەکان، بەجەستە چاوەڕوانی پاسـی دەکـرد، بەڵام مێشکی، هەستی، سـۆزی، دڵـی سـەرتاپا ڕۆحـی هەر لای کەیوان بوو..

بەردەوام لە قۆلاییەکانی ناخیەوە لەگەڵ ناوەوەی خۆیدا دەدواو دەیگوت:

((تۆ بڵێی کەیوان مرۆڤێک بێ وەک هەموو ئەم مرۆڤانەی دەورو بەرم...؟بڵێی ئەم کەیوانە هەمان جەستەو عەقڵ و ڕۆحی ئێمەی هەبێ باوەڕ ناکەم.. نەخێر باوەڕ ناکەم..!!!.....!!! باشە بۆ باوەڕ ناکەم..؟..ها..بۆ باوەڕ ناکەم....!!! کوا..چی لە ئێمە زیاترە؟ها..چی لەئێمە زیاترە؟..؟..... هیچ..!!....)) چیی؟ هیچ..؟

چۆن هیچ..؟... ئەگەر هیچی لە ئێمە زیاتر نیە ئەی بۆ چی من ناتوانم وەکو ئەو وابم..؟ بۆ ناتوانم ببمە خاوەنی ئەو ڕەوشتە بەرزانەی ئەو..؟ ها.. بۆ ناتوانم...!))

ئەم پرسیارە چەند جارێک لەناخیدا دەنگی دایەوە، ناخ دای بە هەستی، هەست دای بە عەقڵ عەقڵ گەیاندی بە سۆزی.. سۆز دایەوە بە غەقڵ و ئێدی لەوێدا لەنگەری گرت.. جەستەی پرسیار، کەوتەبەر شاڵاوی دادگای پشکنینی عەقڵ..

وەڵێ یا زوخ، هەر لەم ساتەدا، پاسێک وەستا، یەک دوو نەفەرێک دابەزین و ئەمیش سوار بوو.. تەنها جەستەی سوار بوو.. ئەگینا، ناخ و هەست و سۆزو

عەقڵی لە بوونـە مادیەکـەی دابـڕا بـوون.. سـەر گـەرمی دنیایەکی دیکە بوون..!!

((بۆنـاتوانم ببمـە خـاوەنی ئـەو ڕەوشـتە بەرزانـەی ئەو؟ها.. بۆ ناتوانم..؟..!!

بۆچوونەکان لـە مێشکیدا لاسـامەیان دەکـرد، هـەر لاوری بـیردۆزە بـوو، لـەو لێوارانـەی عـەقڵیدا، دوا نەفەسیان دەدا، نەمە چ لاکێک بوو کـەیوان نایـەوە بـۆ ئەم مرۆڤە لاڕە؟

باسـەکە وەکـو پیـاوێکی پـیری بـە تەمـەنی پشـت چـەماوەو گیـای تـەڕی خواردبـێ، دەبـزوا.. تـەمیش لـە ناوەڕاسـتی لای چـەپی پاسـەکەدا، لەسـەر کورسـیەک دانیشتووە.. دارستانی ڕۆحی لەیلان تەنیویەتی.!

((باشـە کـەیوان ئـەم ڕەوشـتە پـیرۆزە بەرزانـەی لـە کوێوە وەرگرتوە..؟.. بێگومـان لـە بیروباوەڕەکەیـەوە..؟ ئـەوبیروباوەڕەی کـە ئێمـە بـە خـەوو خـەیاڵ و وەهمـی دەزانین و ناومان ناوە نایدیالیزم..

باشە ئەگەر ئەم بیرو باوەڕەی کەیوان نایدیالیزمە..

چۆن دەتوانێت مرۆڤێکی ئاوا، لەسەر رەوشتی بەرزی ئاوا دروست بکات..؟ ها.. چۆن دەتوانێ دروستی بکات..؟ ئەم پرسیارە هەنگاوێکی تر لەکرۆکی بابەتەکەی بردە پێشەوە، هەستی بەوەکرد خەریکە پەردە لەسەر نهێنیەک هەڵدەداتەوە..!! پاسەکە گەیشتە دواجێگای خۆی و ئەمیش دابەزی و، بەرەو جێگای پاسی گۆڕپە بە ڕێکەوت بێ ئاگا لەبوونی خۆیی و بەنێو ئەو خەڵکەدا ڕێگای بڕی.. گەیشتە جێگای پاسەکان و جێگایەکی بۆ خۆی گرت.. کە پاسەکە بزوا، ئیدی بارانیش دەستی پێکرد.. ئەمیش لەگەڵ خۆیدا تێ هەڵچوویەوە!

((گریمان ئیسلام ئایدیالیزمە و..!! ماتریالیزم نیە..!! ئەمە چ نەنگیەکی تێدایە..!! هاا..!! ئێمە دەمانەویست مرۆڤی چاک و پاک لەنێو کۆمەڵدا بوونی ببێت..!! دەی باشە ئەگەر ئیسلام ئایدیالیزم بێت و مرۆڤی وەکو کەیوان دروست بکات بۆ چی خراپە..؟ ها.بۆچی خراپە!؟...

نا تۆ پێم بڵێ.. کێ گوتی.. لەم دنیایەدا تەنها دوو ئایدۆلۆژیا هەیە.. ئایدۆلۆژیای ماتریالیزم و ئایدۆلۆژیای ئایدیالیزم..؟؟ بۆ نابێ قسەکەی کەیوان ڕاست بێت و ئیسلام هیچ کامیان نەبێت..؟ بۆ نابێت ئیسلام ئایدۆلۆژیای سێیەم بێت..؟))

ئەم بـۆ چوونـە نوییـە، لـە سـارای وشـکۆ داگـەراوی خـەیالیدا، چـاتولێکی بـۆ دروسـت کـردو، چـەندین هـەنگاوی تـر، لـە مـەلبـەندی چاخـان و چـازو، دووری خستەوە..چەند هێندەی تر تەپ وتـۆزی ڕابـووردی پـڕ لـە گزی و خەڵەتاندی لە سەر جەستەی شەکەتی تەکاند..

سـۆران لـەنوکی پێیـەوە تاتـەوقی سـەری هەرلێکدانـەوەو شـیتاڵ کـردن و تیشـکۆ خسـتنە سـەر دوڕیـانی هـەق وناهـەق بـوو.. جیاکردنـەوەی دۆزەخ و بەهەشت و نەسـرو خـەندەو شـادی وخـەم بـوو!! هێنـدە لەدنیای بیر کردنەوەدا ڕۆچوو بوو ئاگای لـەدەورو بـەری نەمابوو:

ـ((کاکەدانابەزی ؟؟))

خێرا هاتەوەسەر خۆیوو دی پاسەکە چـۆڵ وهۆڵـە و بەتەنیا خـۆی تیـا مـاوە ئەودەنگـەیش دەنگـی خـاوەنی پاسەکە بوو، نـەم جێگایـەش کۆتـا قۆنـاغی پاسـەکانە بۆیە بەپەلە گوتی:

ـ((ببورەداوای لێ بوردنت لێ دەکەم))

سایەقەکەتەماشایەکی کردوو هیچی نەگووت نەمیش بەپەلە دابەزی و ڕێگای ماڵەوەی گرتەبەرو بەهێواشی لەگەڵ خەونەکانیدا تێکەڵ بوو.

*** *** ***

بۆ سبەینێ قوتابیانی ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی لەحەوشەی قوتابخانەکەیاندا ڕاوەستابوون چاوەڕوانی زەنگی چونەژورەوەیان دەکرد.. هەروەکو دووێنێ کەیوان وەک بەهارو قوتابیانیشی وەک چەپکەنێرگزو گوڵاڵە دەوریان گرتبوو، کەیوان وەک هێلانەو قوتابیان وەک چۆلەکە لەنێویدا ئۆخژنیان گرتبوو.. دیارەهەرپرسیارەو ڕێژنەدەکات بەسەریدا، هەرپرسیارەو وەکو گەلا زەرد هەڵگراوەکانی وەرزی پایزو ساتەوەختی خەزان دادەباریت بەسەریدا.

وەکو دووێنێ کەیوان وەڵام دەداتەوەو سۆرانیش هێورهێورێک لێی نزیک دەبێتوە، هەنگا وێک و دوان و سیان وپانزە، ترپەی دڵی دێت.. ئەمە ترپەی خۆشیە یان ترس؟؟ خۆ یشی هێشتا بەتەواوی نازانێت، زیاتر

نزیک بوویەوە سەلامی کرد قوتابیان وەلامیان دایەوە، کەیوان دەستی درێژکردوو تەوقەیەکی گەرمی لەگەڵدا کردوو پاشان لەدیدەکانی ورد بوویەوە، هەستی کرد گۆڕانکاری لەقوڵاییاندا دەدرەوشێتەوە.. سۆران گوتی:

-((کاک کەیوان داوای لێبوردنت لێ دەکەم))

کەیوان زۆربەئاسای ونەرم ونیانیەوە وەلامی دایەوە:

-((کاک سۆران من ئێستاش داوای لێبووردن لەتۆدەکەم .))

ئەم وەلامەی کەیوان هێندەی تر زەمینەی هاتنە گۆی بۆ سۆران خۆشکرد و دەرگایەکی تری لێکردەوە، پەنجەرەیەکی بۆخستەسەر پشت.

-((کاک کەیوان ئەو بیروباوەڕەی تۆی ئابەم شێوەیە پەزوەردە کردبێت هەرگیز باوەڕناکەم ماتریالیزم وئایدیالزم بتوانن سنورداری بکەن.))

-((نەخێر هەرگیز ناتوانن چونکە ئەوجۆرە ئایدۆلۆژیانە مرۆڤ دایناون. ئایدۆلۆژیای ئیسلامی من، خوا دایناوە، جابزانە چ جیاوازیەکی گەورە هەیە لەنێوان خواو مرۆڤدا!!))

ـ((بێگومان جیاوازی زۆرە.. بۆیە جارێکی تریش داوای لێبووردنت لێ دەکەم و، هیوادارم لەمەو دوا وەکو قوتابیەکی خۆت وەرم بگریت..))

کەیوان هام تەرازی سۆران بوو، لەیلانی ئەو ووشانە دەوەنی بیستنی هەژاند، ئیدی خۆی بۆنەگیراو باوەشی بە سۆراندا کرد و ئەم لاولای ماچ کرد و پێی گوت:

ـ((لە دایک بوونی نوێت پیرۆزبێت کاکە سۆران.))

ـ((سوپاست دەکەم کاکە کەیوان ..هەتا ماوم چاکەی تۆ لەبیرناکەم..))

ـ((چاکەی چی.. من ئەمە بەئەرکی سەر شانی خۆم دەزانم، ئەگەر من زللەیەکم لێ درابێ، ئەوە پێغەمبەرەکەم بەردەباران کراوە، لەکاتی سوجدەدا پیسای کراوە بە سەریدا.. کاکە گیان ئێمە خاوەنی پەیامێکین، دەبێت بە گیان و خوێن و مالی خۆمان، بیگەیەنین بە سەرجەم مرۆڤایەتی.. بۆیە ئازارو ئەشکەنجە وناڕەحەتی، شتێکی سروشتین لە ڕێگامانا.. گرنگ ئەوەیە ئێمە خۆمان نە دۆڕێنین و شەیتان نەتوانێت پاشقولمان لێ بگرێت و هەڵمان خلسکێنێت..!!))

کەیوان لەوێدا بێدەنگ بوو، پاشان لە سۆران ڕامـا، تـابزانێ کـاروانی گـۆڕان کاریـەکان لـە چ هـەورازێک دایەنیگاکانی ڕژانە نێـو دیـدە سنـەوزەکانی ئـەوەوە.ئـەم چاوانەی هەنووکەوئەو چاوانەی دۆێنێ زۆر زۆریان جیاوازە دوێنێ پڕبوون لە ڕق و حیقـد و نـاڕەوایی، بـەڵام ئـەمڕۆ پڕن لە ئەڤین و پاکیەتی..

سۆران بەلێوی پڕلە بزەو شادیەوە گوتی:

ـ((ان شـاء ا لله لەمـەو دوا منیـش دەبمـە قوتابیەکت، بۆ ڕاگەیاندنی ئەو پەیامە..))

ـ((نـا.. انشاءالله، هـەردووکمان دەبینـە بـرا بـۆی ڕاگەیاندنی پەیامەکەمان..))

قوتابیـەکانی دەوری کـەیوانیش، بـەم گۆڕانکاریـەی سۆران گەلێک بەختیار بوون، بۆیە هـەموویان پیرۆزبـای یان لێکردوو ئاواتی دوا ڕۆژێکی کامەرانیان بۆ خواست.. ئـەم قوتابیانـەی هەمیشـە بـەدەوری کـەیواندا بـوون، هـەموویانی لای خـۆی وانـەی ئیسـلامیان دەخوێنـد، پۆلەکەی کەیوان سـی قوتـابی تیایـە پانزەیـان لای خـۆی پەروەردە دەکرێت، ئەم پانزەیە، زۆر جار بـە ئەنقەستی پرسیار دروست دەکەن و لـە کـەیوانی دەکـەن، بۆئـەوەی مامۆستاکەیان وەڵام بداتـەوە.. مەبەسیشیان ئـەوەبوو، پۆلەکـەیان بەتبەواوی بکـەن بـە قوتـابی کـەیوان، ئـەوە

ئەمرۆ خراپ ترین قوتابی ولارترین قوتابی، خوای گەورە رێگای نیشان دا و هاتە رێزەوە واتە بوون بە شانزە کەس.

*** *** ***

داهاتوو، کەیوان کتێبی ((گەشتەکەم لە گومانەوە بۆ باوەڕ))ی دکتۆر ((مصطفی محمود)) ی بۆ سۆران هێناو دایە دەستی و پێی گوت:

ـ((ئەم کتێبە بە وردی بخوێنەوە... ئەو زانیاریانەی کەتۆ دەبێت لەم قۆناغەدا فێریان ببیت لێرەدا هەموویان دەس دەکەوێت..))

سۆران لێی وەرگرت و گوتی:

ـ((انشاءالله بەوردی دەیخوێنمەوە))

هەر لەوێدا بەرگەکەی هەڵدایەوە دیتی لەیەکەم لاپەڕەدا نوسراوە:

((فەلسەفە، دەریایەکە بە پێچەوانەی دەریاکانەوە، ئەوی چووەناوێوە لە قەراخ و تەنکاودا ئەخنکێت، کەچی لەقوڵی و ناو شەپۆلەکانی دا دڵنیای و باوەڕی دەست دەکەوێت.))

سەری بەرز کردەوەو گوتی:

ـ((بەڕاستی قسەیەکی جوانە!!))
ـ((کام؟!))
ـ((ئەم وتەیە!!))
ئاماژەی بۆ لاپەڕەکە کرد، کەیوان گوتی:

ـ((نا !!!.. لەڕاستیدا وایە.. ئێمە تەنها لە قەراغی فەلسەفەدا دەژین، بۆیە چاک خوا ناناسین، ئەگینا ئەگەر لەقولای یەکەیدا بژین هەر گیز وامان بە سەر نایەت.!))

پاش دەوام، گەیشتەوە مالەوە، دوای ئوێژی مەغریب ونان خواردنی ئێوارە گەشتەکەم لە گومانەوە بۆ بساوەڕی هەڵگرت و لە سەر قەنەفە سورەکەی ژوورەتایبەتەکەی خۆی ئۆقرەی گرت و لەتوێی دەستێک چاکەت و بیجامەی سپیدا دەستی بە خوێندنەوە کرد..

لەگەڵ خوێندنەوەی هەر بابەتێکی کتێبەکەدا، زیاتر هەستی بەوە دەکرد هاتەری نەو نیسلامەی کەوەکو کۆی ئەستێرانێ لە شەوانی ناخیدا داگیرساوە گڕەکەی ڕازاوەترو ڕوناکتر خۆی دەهاوێت..

هەستی بەوە دەکرد، وەکو جاران مابوسێکی نیەو دنیای کەڕو لاڵی ماددە، چوار پەلی بەستبێ و مارزی

زەمەنیش وەک تۆپی منداڵان، لە گۆڕەپانی زەوییدا بەئارەزووی دەروونی نێی هەڵدەن..

جاران مجرۆ بوو، مجرۆی دەستی مالۆسی ئایدونلۆژیای خەنیم بە سروشتی پاکی مرۆڤ، مجرۆی دەستی یەکانەی دکتاتۆریەتی عەقڵی مرۆڤێکی وەکو خۆی، مجرۆی ماداکی گێژو حۆڵیلاسایکردنەوە..

بەڵام کەیوانی مامۆستا و بابەتەکانی ئەم کتێبە، کردوویانە بەمانەک، کردوویانە بە کیشوەرێکی مەعریفە و، سەرجەمی بیرە دەست کردەکانی مرۆڤی وەکو مارزا دێتەپێش چاوو خاوەنەکانیشیان بە مرۆی خەمبار تەماشا دەکات.

کتێبەکەی دانەنا، تا گەیشتە کۆتا بابەتی، لێرەدا بە خۆی گوت:

ـ((دەبوو دەفتەرو قەڵەمێکم ئامادە بکردایە، بۆ تۆمارکردنی ئەو زانیاریانەی کە دەمەوێت لە یادم نەچنەوە))

بێدەنگ بوو، پاشان بە خۆی گوتەوە:

ـ((ئا.. خۆ ئەمە کۆتا جارم نابێ.. دووجاری کەیش دەیخوێنمەوە (با ئەمجارە بێنووسین بێت..)))

پاشان دەستی کردەوە بەخوێندنەوە، لەگەڵ نەم دێڕانەدا ئاوێتە بوو:

ـ((ئەو شەوەم لە یاد ناچێت کە پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر، لە گەڕانەکمدا بۆ نەدگاڵ، لە ئەفەریقای نیستیوائی و بە نیلی پاندا وبە کەشتیەکی سەر گیراو ئەڕۆیشتین.

تاکو لە مەڵگاڵ ڕەت بووین وگەیشتینە شوێنێ کە زۆر مێشوولەی هەبوو، نیلیش لەو شوێنەدا پان بووبوو، وەک بواری لێ هاتبوو چار نەو بەری نەنەدی.

یەکسەر ئەوانەی لە نێو کەشتیەکەدا بوون، بە کەشتیوانەکەوە نەخۆش کەوتن، لە بەر زۆری گەستنی مێشوولە، بەڵام من حەبی (کامۆکین) م بە شێوەیەکی ڕێک وپێک قووت دەدا، تاکو تووشی لەرزوتا نەبم، شەو وبستم بڕۆمە سەر کەشتیەکە تاکو سەیرێکی (سۆدان) بکەم.

دەم و چاوو دەستم چەور کرد بە ڕۆنی دژی مێشوولە و کاتێ چوومە سەرەوە شتێکی زۆر سەیرم دی، سەیرم کرد، هەزاران پەلی درەختی دانە گیر سێ و ئەکوژێتەوە، ئەتگوت جەژنە و هەزاران گڵۆپی کارەبایی یان پێدا کراوە.. ئەکوژێتەوە و دانەگیرسێنن، دەستم هێنا بە سەر چاومدا، ئەوەکو ڕێچکەو پێچکە بکات،

دیسان سەیرم دەکرد ئەوی دیبووم تەواو ڕاستە.. ئەتگوت ئەو دارانە یەکپارچە داپۆشراون بە گڵۆپ، هەر کە دابەزیم و پرسیارم لە کەشتیەوانەکە کرد، ووتی:

(ئەمانە گیانەوەری گۆڕ ئەستێرەن)، هەر کە ئەگرێت بەو گڕە مێشوولەکان ڕانەکێشێت بۆلای خۆی و ئەیانگرێت و ئەیانخوات، لەوەختی خواردنی مێشوولەکانیشدا، گڕەکەی ئەکوژێتەوە تاکوو جارێکی تر دایگیرسێنێ بۆ ڕاوە مێشوولە، ئەوە کردەوەی خوایە، هەر کاتێک شتێک زۆر بوو دژێکی بۆدروست دەکات، تاکو یەکسانی لە نێو هەموو دروست کراوەکانیدا بمێنێ و هیچیان هیچیان دانەپۆشێت..)) لەساتی خوێندنەوەی ئەم دێڕانەدا مێملەکان لەسەر ڕۆحی لەت وپەت و وردو خاش دەبوون، مۆرانی بەر دڵی سەری خۆی هەڵدەگرت و دەڕەویەوە.. بە خۆی دەگوت:

ـ((ئەمە چ یاسایەکە ئەم گەردوونە دەبات بەڕێوە..؟ ئەی چەند سالە بۆ من لەم ڕاستیانە بێ ئاگام..؟ ها.. بۆ چی بێ ئاگام..؟ تاوانی کێیە وا من و هەزارانی وەکو من ئەم دنیا ڕوونە نابینێت..؟

ئاااای دوژمنانی مرۆڤایەتی، ئێوە ئێمە مانانتان فێر کرد بوو کە گوایە ڕێکەوت ئەم گەردوونەی دروست کردووە، ئاخر پێم ناڵێن ڕێکەوتی کوێرو کەڕوڵاڵ چۆن

توانای دانانی ئەم یاسا پڕ لە دادو یەکسانیەی هەیە..؟
ها.. پێم ناڵێیت..؟!)

پاشان سەری کردەوە بەدنیای کتێبەکەدا

-((هەر بیرم لەو شەوە نەکردەوە، هەر بیرم لەوتەی کەشتیەوانەکە نەکردەوە، هەموو ڕۆژێک بەلگەم بۆ زیاتر ئەبوو، پێی ئەسەلماندم کە ئەم جیهانە شانۆی یەکسانیە لە نێو هەموو هونەرمەندەکانیدا و، هەموو بە چەندایەتیەکی زۆر وردو دروست کراون، ئەگەر زەوی بچووکتر لەو قەوارەیە دروست بکرایە، جازبیەتی کەمتر دەبوو، هەوایشی تێدا نە ئەماو ئاوەکەی هەموو ئەبوو بە هەڵم و چۆڵ نەبوو وەکو مانگ، ئەئاو، ئەهەوا، ئەژیانی تێدا نەئەما، خۆ ئەگەر قەوارەکەی گەورەتر بوایە، ئەوە هێزی ڕاکێشەری زیاتر ئەبوو، دیسان جموجوڵی تێدا زۆر گران دەبوو، نەمان ئەتوانی هاتوو چۆ بکەین، هەروەها ئەگەر سووڕانی بە دەوری خۆیدا زیاتر بوایەوەکو مانگ، ئەوە ڕۆژێکی ئەبوو بە (١٤) ڕۆژو شەوێکی ئەبوو بسە (١٤) شەوو، ئاوو هەوای دوو هەفتە زۆر گەرمێکی گران ئەبوو، دوو هەفتەی تر سەرمایەکی بکوژ ئەبوو، پاشان ژیان تیایدا زۆر گران دەبوو.

یان ئەگەر زەوی نزیکتر بوایە لە هەتاو، وەکو ئەستێرەی (زوهرە) گەرما ئەیسوتاندین، وەئەگەر دوورتر بوایە، وەکو (زوحەل) سەرما ئەیکوشتین....)).

کە ئەم بابەتەیشی تەواو کرد، ئێلی کتێبەکە دوایی هات، لەو ساتانەدا بوو، بەختیاری بۆ کە لە پۆلی سێی ناوەندیدابوو، شێوەی هاتەوە سەر خۆی، لە ژوورەکەی تر بانگی کرد:

ـ((کاکە سۆران، فلیمی شەو دەستی پێکرد.. زۆر خۆشە.. نایەی تەماشای بکەیت..))

سۆران لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ((ئاااای بەخە گیان، ئەگەر دەتزانی ئێستا من لە چ دنیایەکدام هەرگیز شتی وات نەدەگوت.. بەڵام ئا هەقت ناگرم..چونکە من دەمویست تۆیش بگەم بە خۆم.. هەوڵی زۆرم لەگەڵا دایت.. تا بوویت بە نیوەی خۆم..!! ئێستایش..!! بەڵێ ئێستایش دەبێ بیکەەوە بە خۆم، خۆمی نوێ.. خۆمی تازە..خۆمی گەورە بە سۆزی ئەم گەردوونە.. نەک خۆمەچکۆلەکەی جاران))

دەنگی بەختیاری بۆ جارێکی تر بەرز بوویەوە:

ـ((ئەڵێ ی نایەی..؟))

ئەم هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو گوتی:

ـ((جارێ نایەم.. ئێستا ئیشم هەیە..))
ـ((خەیرە..!! پێویستیت بە من نیە؟!!))
ـ((بـــا..بـــەڵام دوایـــی.. ســـەرەی تۆیـــش دێـــت پەلەمەکە!!))
ـ((کەواتە من خۆم بە تەنیا دادەنیشم))
ـ((ئەی باوکم و دایکم..))
ـ((لە ژوورەکەی تر خەویان لێ کەوتووە..))
ـ((کەواتە تۆیش تەلەفزیۆنەکە بکوژێنـــەرەوە و وەرە بۆ لای من..))
ـ((بۆ..؟))
ـ((تۆ بیکوژێنەرەوە و وەرە..))

بەختیار تەلەفزیۆنەکەی کوژاندەوە و هاتە ژوورەکـــەی سۆران و هامتـەرازی دانیشت، ئـەم سـەیرێکی پـڕ لـــە مانای کرد، ئەو هیـــچ تێنەگەیشت ئـەم بـۆی خنایـەوە، ئەو گوتی:

ـ((مەسەلە چیە کاکە؟))
ـ((ئەمشەو تۆیش وەک و من سەر لە نوێ لە دایـک دەبیتەوە!!))

ئەم ئەستۆی ڕاوەشاندوو بێ ئاگا لە مەسەلەکە و بـێ ئاگا لە دنیا تازەکەی براکەی کـڕ بـوو، سـۆرانیش وەکـو خاوەن پەیامێکی دڵسۆز و پـڕ لـە خۆشەویستی دەسـتی پێکرد.

کەیوان لە نقلیاتی هەڵەبجەدا ڕاوەستا وە، دەیەوێت سەردانی دۆست و خۆشەویستەکانێ بکات، نزیکەی ساڵێکە سەری لێ نەداون..

بەهار بە هەموو جوانیەکەوە هاتووە و تارایەکی پەمەیی وەک ڕوخساری خاتوو زینی لە پرچی خۆی نالاندوە.. سەعات دوانزەی نیوە ڕۆیە..خۆرەتاوەکە گڕی لێ دەبێتەوە..ماڵەکانی گەڕەکی سەر کارێزیش لە عەزرەتی گەرما، ئارەق بە پشتی ملیاندا چۆڕاوگەی بەستووە.

لە شاری گەورەی ئاوادا بەهار هەمیشە یەخسیرە، بۆنی گوڵاڵە و سەمای پەلکەگیا و چاوداگرتنی نێرگزو گۆرانی چەمەکان لە زیندانی ئاپورای هەناسەی بازاڕە گەورەو شوشەبەندەکاندا مابووسە مابووس.شتێک وەکو

مۆران لە سەر بانی خانووەکان ولەسەر لاشەی قیرینی جادەکان، نەرم نەرمێک بۆ سەرەوە بەرز دەبێتەوە، وێ دەچێ جادەو خانووەکان لە بەر هەتاوەکە گێژبووبن..

کابرایەکی جامانی بەسەری پەنجا ساڵەی دەموو چاو پڕ لە چرچ و لۆچیش، لەبەردەرکی پاسەکەدا هاوار دەکات:

-((هەڵەبجە.. هەڵەبجە.. دوونەفەر هەڵەبجە..))

پاسەکە جێگای دوونەفەری مابوو، کەیوان لە ناوەندی چەپەوە ولای پەنجەرەکەدا نۆقرەی گرتبوو، زۆری تینووبوو، بانگی ناو فرۆشەکەی ژێر سێبەری گوێسەبانەی دوکانەکەی ئەو بەری کرد ناو فرۆشەکە منداڵێکی چکۆلانەی ژیکەڵەبوو، جامێک ناوی بەرز کردەوە ودایەدەستی، ئەمیش، ناوی خوای هێنناوَ جامەناوەکەی بە سێ جار خواردەوە، پاشان سوپاسی خوای کرد و نیو دیناری دا بەکورەکە.. کورەدەستی برد بۆ گیرفانی و گوتی:

-((وردەت پێنیە؟))
-((نەخێر.))
-((بەخوا مینیش وردەم پێ نیە!))

ـ((گوێی مەدەرێ عاقڵ گیان.))
ـ((چۆن گـوێی نـادەمێ.. ئێستا دەڕۆم وردی دەکەمەوە))
کوڕە هاتەلای دوکان دارەکە، داوای وردکردنەوەی نیو دیارەکەی لێکرد، بەڵام نەبوو، لای دووکانەکەی نەوبەریش هەر نەبوو، دووجێگای تریش گەڕا هەر نەبوو.. گەڕایەوە بۆ لای پاسەکە کەیوان گوتی:

ـ((چی بوو؟))
ـ((وردەنیە.. قەیناکە.. بالەسەر خۆم بێ))
نیو دیارەکەی بۆ کەیوان بەرزکردەوە، ئەم سۆز بارانی کردو پێی گوت:

ـ((نانا.. تۆ هەڵیگرە بۆخۆت!!))
ـ((نەخێر.. من هەڵی ناگرم..))
ـ((نا.. دەبێت هەڵیگریت .. تۆ پێم بڵێ ناوت چیە؟))
ـ((ئومێد))
ـ((ئومە گیان باوکت ماوە؟))
ـ((نەخێر))
ـ((ئەی دایکت؟))
ـ((بەڵێ ماوە))

ـ((خەڵکی کوێن؟))
ـ((ئەم شارە))
ـ((ئەی باوکت چۆن مرد؟))
ـ((لە سەربازی بوو.. لە بەسرە کوژرا.))
ـ((ئومە گیان نوێژ ئەکەیت؟))
ـ((بەڵێ))
ـ((کێ فێری کردیت!))
ـ((دایکم..))
ـ((ئەی لە قوتابخانە پۆلی چەندیت؟))
ـ((سێی سەرەتایی))
ـ((قورئان دەخوێنیت؟))
ـ((نەخێر))
ـ((بۆ))
ـ((کەس نیە پێم بڵێت))
ـ((ئەی گەر یەکێک پێت بڵێت دەیخوێنیت؟))
ـ((بەڵێ))
ـ((ماڵتان لە کوێ یە؟))
ـ((لەم گەڕەکەین))
کابرای بەر دەرگای پاسەکە گوتی:
ـ((نادەی کرێ کانتان؟))

ئەمیش بە منداڵەکەی گوت:

ـ((کە لە سەفەرەکەم گەڕامەوە سەرت لێدەدەم، ئێستا خوات لە گەڵ)) دەستێکی هێنا بەسەری منداڵەکەدا.. پاشان کرێکەی دا بە کابرا.. پاسەکەپڕبوو، دوونەفەرەکەیش سوار بوویوون.. کابرای سایەق پارەکەی وەرگرت و پاسەکەی جوڵاند.. کە لە نقلیاتەکە وەدەرکەوتن، ئەم لە پەنجەرەکەوە دەستی بۆ منداڵەکە بەرز کردەوە.. منداڵەکەیش وەکو خۆشەویستێکی خۆی پەنجەناسکەکانی بۆ ڕاوەشاند.

سەیتەرەکەی سلێمانیان بڕی و پاسەکە لە سەر ڕێڕەوی ئاسایی خۆیی بزوا.. ئەمیش لەجامەکەوە بۆ دەرەوەی دەڕوانی، دەمێکە ئەم ڕازاوەییەی دنیای نەدیووە، چونکە لەشار نەترازاوە..

لە گوڵەکان ورد دەبوویەوە، بە درێژایی دەشتەکاندا، نیگاکانی کۆمەڵە ڕێبوارێک بوون و وەکو عاشق و شەیدا و شێتی ئەفینی ڕاستەقینە غاریان دەدا.. ئەو ڕێبوارانە پەلاماری گژو گیا سەوزەکەیان دەدا و بە تاسەوە ماچیان دەکرد و دەستیان بە سەریادا دەهێنا.. پاشان زەماوەندیان لە گەڵدا دەگێڕان.. هەڵپەڕکێ دەستی پێکرد.. ڕێبوارەکانیش هەر هێندەی لاسکی

گژوگیا بەرزەکان دەبوون.. هەنووکە نێرگز و گولالە گۆرانی دەڵێن.. گوڵە زەردەو خەرتەڵەو گیایەکانی تریش، ڕیزیان بەستووە و بە هەموو بەزمەکانی کوردەواری بۆیان هەڵدەپەڕن.. پاش چەند ساتێک، ڕێبوارەنیگاکان سارا، بە گوڵ و نێرگزو گژوگیا خەرتەڵەیەوە بەجێ دەهێڵن و، ڕوو دەکەنە گردۆلکەکان.. گردۆلکەکانیش دێن بەپیریانەوە، لەنامێزی خۆیانیان دەگرن.. لە ڕاژەیاندا دەبنە منداڵ، چەند چەپکێک گیای ڕسکاوی سەر دڵی خۆیان کۆدەکەنەوە ودەیان دەنەدەستیان.. ڕێبوارەکان گۆنای سەوزی چەپکەکان ڕادەوەشێنن..پاشان چیرۆکی نەڤینی هەستی خۆیان بۆ گردۆلکەکان دەگرنەوە دواتر دەست لەملی یەکتری دەکەن و سەرو ڕامووز لە یەکتری دەدەن و ئێدی ڕێبوارەکان دەڕۆن..

دەڕۆن، دەڕۆن، تا دەگەنە بناری چیاکان.. بۆ لوتکەسەر بەرز دەکەنەوە، ناااایی چەند بەرزە.. چەندیش سەختە ئاڵە وێدا ڕێبواری نیگاکان دەڕۆن..

یەکیان دەبێت بە سۆران و یەکێکی تر بە دارا و یەکێکی تریش بە عەلی ویەکێکی تر بە هیوا و

دانەیەکی تر بە سەروەر و دوانی تریان بە نـەورۆز و بابـان و.....!!

سـۆران ئاربیجیـەکی پـێ یـەو گوللـەکانیش لـە نێـو تورەکەکەی پشتی دایە، دارا بیکەیسـی لەسـەر شـانە و زەردە لـە فیشـەکدا، عـەلی موزەلیـەک و هەشـت مەخزەنی پێیە، هیوا وسەروەر و نەورۆز وبابانیش یەکی موزەلیەک و هەشت مەخزەنیان پێیە بەبـەرزترین دونـدی کەژەکە.. لە وێ ڕا بوونەوە بە مرۆڤ بابـان موزەلیەکـەی کردە شانی و، ڕووی کردە شار، هـەر دوو نـاو لـەپی لـە ڕاسـت و چەپی لێوەکـانی گـیرکردو بەهـەموو دەنگـی هاواری کرد:

((ا لله اکبر.. ا لله اکبر.. ا لله اکبر.. ا لله اکبر..
اشهدو ان لا اله الا ا لله.. اشهدو ان لا اله الا ا لله
اشهدو ان محمدا رسول ا لله.. اشـهدو ان محمدا رسول ا لله

حی علی الصلاة *حی علی الصلاة*
حی علی الفلاح *حی علی الفلاح*
ا لله اکبر *ا لله اکبر*
لاالـــــــــه الا ا لله))

پاشان قامەتی نوێژی فەرموو.. لەوێ چاوەڕوان بوون.. کەیوان بەدەمەخزەن و دوو ڕومانەو دووربینێک و حەربەیەک و مەتارەیەک ئاو و موزەلیەکەیەوە گەیشتە لایان.. چوویە پێشەوە و نیمامەتی بۆ کردن..

کەسلاوی نوێژەکەیان دایەوە، هەستانە سەر پێ، سەرلەنوێ بوونەوە بەشەهێن وبازو هەڵۆ.. ئەمجارەیان سەرکەوتن، هەڵفڕین، تا گەیشتنە نزیکی پەلە هەورەکان.

ئالەوێدا گەوالە هەورە سپیەجیاجیاکان کۆبوونەوە، بەکۆمەڵ هاتن بەپیریانەوە، هەرلە دوورەوە ئیمام بە پێکەنینەوە گوتی:

ـ((خۆ ئێوە هەرگیز سەرمان لێ نادەن، گلەیی بێ لێتان، هەموجارێ دەبێ ئێمەبێین بۆ ڕاژەتان))

گەوالە هەورەکان گوتیان:

ـ((هەرچی بڵێن هەقی خۆتانە.. گلەییتان لەسەرچاومان!!!))

پاشان گەیشتنە یەک.. تێرماچی یەکتریان کرد، بەیەک شاد بوونەوە، ئاوێزانی یەکتری بوون، دواتر، پەڵە هەورێک لەکەیوانی پرسی:

-((ئەم هەموو مەخزەن وتفەنگەچیە؟))
-((ئازادی کوردستانە!))
-((چۆن؟))
-((مەرگی داگیرکەری تێدایە!))
-((کەی؟))
-((ڕۆژانی داهاتوو!))
-((ئەی ئێمە؟))
-((هاوکارمان بن!))
-((چۆن؟))
-((لە هەر کوێ بووین، گەر هاوین بوو سێبەرمان بۆ بکەن، گەر زستان بوو باران مان بۆ ببارێنیت)).

-((چی تر؟))

-((گەر پێشمەرگەیەکی ئێمەتان دی، لەشەڕی دەستەویەخەدا بریندار بوو، بەپەلەدابەزن و هەڵیگرن ولەدەستی دوژمن ڕزگاری کەن!))

-((ئەی ئێستا بۆکوێ دەڕۆن؟))

ـ((بۆ ئاسمان!))
ـ((نەیەین لەگەڵتانا؟))
ـ((تا قەراخی ئاسمان وەرن، ئێمە حەز بە هاوڕییەتان دەکەین ئێوەمان خۆش دەوێت.))
ـ((بەسەر چاو.))

ئیدی باز وشەهێن وهەڵۆ وپەڵەهەورەکان سەرکەوتن، فڕین تاگەیشتنەقەراخی ئاسمان لەوێرا پەڵە هەورەکان گەڕانەوە وئەمان سەرکەوتن..

ـ((کاکە شەربەت ناخۆی.. شەربەت ناخۆی..))

ئەم دەنگە کەیوانی ڕاچڵەکاند، بەناگای هێنایەوە بەبێ ئەوەی بزانێت مەسەلەچیەگوتی!

ـ((نەخێرناخۆم..))

کەزیاتر لەملاولای وردبوویەوە تێگەیشت کەئێرە سەید سادقە وپاسەکەیان بۆپشودانێکی ساتەوەختی ڕاوەستاوە.. تۆمەز ئەو زەمەنەی نێوان سلێمانی وسەید سادق لە دنیای ڕۆحدا بووە، ناگای لە جەسەدی نەماوە.

تاسەر ئێسقانی پەژیوان بوو.. پەژیوان بوو لە گەڕانەوەی بۆنێو چوار چێوە تەسک و تروسکەکەی

جەسەدی.. پڕ بەدڵ حەزی دەکرد هەر لە دنیا بێ سنوورەکەی ڕۆحیدا بووایە..

ئاخر لەو دنیایەدا، هەموو شتێک بە ویستی خۆیەتی، ئەوەتا حەزی دەکرد لەگەڵ قوتابیەنازیزو خۆشەوستەکانیخۆیدا ولەسەردوندی ئەوچیا بەرزانەنوێژ بکات.. کردی..

حەزی دەکرد سۆران ودارا وعەلی وبابان وهیوا ونەورۆز وسەروەر وهەموو قوتابیەکانی دیکەی، کۆبکاتەوە ولەدنیای ماددەی سنوردارو ڕێژەیی ڕزگاریان بکات وبیان بات بۆ دنیای بێ سنورو ڕەها، بردنی..!!

لەو دنیایەدا.. خەونەکانی یەک یەک دێتەدی، ئومێدەکانی بەچاوانیخۆی دەبینێت.. قوتابیەکانی بە سۆزی دڵی خۆی دادەپۆشێت.. هیچ شتێک نیەلەم دنیایە بەقەدەر قوتابیەکانیخۆشەویست بێت لای.. لەدنیای ڕۆحدا هەموو شتێکیان بۆ دەکات.. ئاااایی دنیای ڕۆح چەند پاکە..! چەند بێگەردە..!! چۆن ئەڤینیلێ دەڕژێ!!

کەیوان دەیوست یاخی بێت.. یاخی بێت لەدەستی، لەقاچی، لەچاوی، لەسنگی، لەپشتی، لەجەستەی ئاخرجەستەی دیلی دەکات، زیندانی بۆ دروست دەکات،

چوارپەلی ئاواتەکانی دەبەستێتەوە، دەیەوێت یاخی بێت، بەڵام ناتوانێت.. ساتەوەختەکانی شەوقدانەوەی ڕۆح، بروسکەیین، خێرا تێدەپەڕن، مرۆڤ ناچارەپاش تێپەڕینی نەو ساتە بروسکەییانە، بگەڕێتەوە زیندانی جەستە..!! ئائەمە کەیوانی دڵ تەنگ دەکرد.

دیسان پاسەکە بەڕێکەتەوە.. گەرماکەیش زیاترمرۆی گێژدەکرد.. سایەقەکەش زۆر بەتوندی پاسەکەی‌لێ دەخوڕی، دەتگوت نەویش دەیەوێت لەگەرماکە یاخی ببێت..

گەیشتنە شارۆچکەی سیروان، بەناویدا تێپەڕین، لە دەورو بەری ئۆردووگای زەمەقی، شاری هەڵەبجەیان بەئەواوەتی لێوەدەرکەوت ئەم لە جامی پاسەکەوە بۆی دەڕوانی..

نەو ساتانەی بە بیر دەهاتەوە کە مالیان لە ئۆردووگای سیروان بوو، لەگەڵ باوە خۆشەویستەکەیدا هەموو جارێ دەهاتن بۆ هەڵەبجە و بە دوکان و بازاڕەکاندا دەگەڕان و، بابەیش لە قەیسەری شار تۆپی یاری بۆ دەکڕی و پاشان دەیبرد بۆ کەبابخانەولەوێ نانیان

دەخوارد.. کاتی نۆژیش لەمزگەوتی پاشا نوێژیان دەکرد..

ئاااایی سەردەمی منداڵی چەندەخۆش بوو، لەبناری باوکیدا هەموو جارێ گەورە دەبوو، دەخنایەوە، شادی دەیگرت، بەڵام نەفسوس، بەعس باوکیدابەکوشت و، لەجێی باوکیدا پارەو زەوی دایە..!! ئاخر چۆن دەبێ مرۆڤ بگۆڕدرێتەوەبەپارەو زەوی؟!

پاسەکەگەیشتەناوشار، نەفەرەکان دابەزین، ئەم زۆری برسی بوو، ڕێکوڕاست ملی نابۆتەو کەبابخانەیەی کەوەختی خۆی و بە منداڵی لەگەڵ باوکیدا هەمیشە لەوێ نانیان دەخوارد.. کەبابخانەکە چەند هەنگاوێک لەوڵای مزگەوتی پاشاوەبوو گەیشتە بەر دەمی، وەستا هەمان وەستاو، شاگرد، هەمان شاگردو، دووکان هەمان دووکان و، ئەمیش هەر کەیوانەکەی جارانە، بەڵام ئەم جارەیان باوکی لەگەڵدا نیە!!

بڵێی کەباب چی یەکە بیناسێتەوە و هەوالی باوکی لێ بپرسێ و..؟ ئەمیش چیرۆکی کوژرانی باوکی و سەردەمی منداڵەتی بۆ بگێڕێتەوە..!!.. نەخێر.. نەخێر..

وەستا تەنها کەباب دەدات بە خەڵک و پارەی دەوێت، ئیتر چ هەقی بەسەر ناسین و نەناسینی خەڵکەوە هەیە؟!

ڕۆیشتبە ژوورەوە، لەسەر کورسیەک و لە بەردەمی مێزێکدا دانیشت شاگردێک هات بۆلای، ئەم پێی گوت نەفەرێک کەبابی بۆ بێنێت..!

پاش نان خواردن پارەکەی دانا و هاتە دەرەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی:

((ئێستا بۆ کوێ بڕۆم و یەکەم جار چی بکەم..؟))

کەمێک وەستاو پاشان گوتی:

-((دەڕۆم بۆ مزگەوتی (دار الاحسان) لەوێ نوێژەکەم دەکەم.. پاشان بۆمالی کاک عبدالرحمان.. ئیدی لەگەڵ ئەودا سەر لەهەمور براکانی تر دەدەم..))

بەشەقامەکەدا شۆربۆیەوە، پانتۆڵە ڕەشەدەڵبەکەی و کراسە سپیەیە قۆڵ کورتەکەیی و قۆنەرە ڕەشەکانی و گۆرەویی یەسپیەکانی سەرنجی گەنجەکانی شاری ڕادەکێشا، وایاندەزانی ئەوە، یەکێکە لە

وگەنجەموراهیقانەی کەشەو وڕۆژلەسینەما وبازاڕەکاندا کەوتوون..

نەیان دەزانی، نەمەلەزیرەکیدا دەرواتەوەسەر عەلی کوڕی ئەبی تالیب و لەوەرعو خواپەرستیدا دەڕواتەوەسەر ئەبوودەردائو لەغیرەت ومەردایەتیشدا، شێرێکەوەکو هەمزە!!

ئەوخەڵکەداماون.. هەژارن.. تەنها کڵێشەدەبینن!! تەنها هەیکەل دەبینن..!!هەر ڕوکەشی ئەو دوودەستەو ئەودوقاچەوئەو دووچاوەو ئەو دووڵیوەدەبینن..!!

ئەوان لەکوێ دەزانن لەودیوی ئەم کڵێشەو هەیکەڵی جەستەیەوە دنیایەکی دیکە هەیە، دنیایەک جیاواز لەم سروشتەی کەبووەبە شتێکی تاسای لای ئەوان.. دنیایەکی ڕەنگاوڕەنگ، نامۆ بەهەموویان.. دنیایەک ئاسمانەکەی سەوز.. سەوز.. ئەستێرەکانی وەکو ڕەنگی گوڵاڵە.. سوور..پەڵە هەورە بچکۆڵەکان پەمەیی.. دارستانەکانی شین، شین.. تاتەبەردەکانی زاریان هەیە، کولوەخۆڵەکانی قسان دەکەن، کارێزەکانی باڵیان هەیە، چۆڵەکەکانی سپی، سپی.. دنیای ئەودیوی جەستەی کەیوان هەموشتێک تیایدا گۆڕانی دەڵێت.. هیچ شتکی نامۆ نیەبەشتێکی دیکە پارچەکان بەهەموویانەوەیەکەیەکی

ئەندامی زیندوو دروست دەکەن!! بەڵام جەخار ئەوخەڵکە تەماشای ئەم دنیایەناکەن، داماوانە، تەنها هەیکەلەکە دەبینن.. تەنها تەماشای پانتۆڵە ڕەشەکەو کراسە سپیەکە دەکەن.. دەبێت کەی مرۆڤ نەمداماویەی لەکۆڵ بێتەوە؟؟

کەیوان نقڵیاتی پاسی عەنەبی بڕی، گەیشتە مزگەوت دەست نوێژێکی حسابیانەی گرت، دڵی پشوی دا ئاوی دەست نوێژەکە بەختیاری دەدایە گیانی گۆرەویەکانی خستە نێو قۆنەرەکانی، جێگای نوێژەکەی بەجێهێشت.. گەشتە بەردەرکی ناوەوەی مزگەوت، قاچی ڕاستی پێشخست و گوتی:

((خوایە دەرگای خۆتم لێبکەرەوە))

سەری بۆڵای میحرابەکە هەڵبڕی، دیتی ((عبدالرحمان)) ی هاوڕێی لەمیحرابەکەدا ئۆخژنی گرتووە، نزیکەی هەشت قوتابیش بەبازنەی لەدەوری کۆبۆتەوە بەدەست خۆی نەبور، چەند خەندەیەک هاتنەسەر لێوانی، ئەوئەمی نەدەبینی، ئەمیش لەدڵی خۆیدا گوتی:

((جارێ بانوێژەکەم بکەم ئەوسا دەڕۆم بۆلایان))

لەپەنای پاییەکی مزگەوتەکەدا نوێژی نیوەڕۆ عەسری بەکۆکراوەو کوورت کراوەی کرد..((عبدالرحمان)) وەکو ڕۆحی خەبەری دابێت، کەشتێکی نائاسایی هەیە سەری بڵند کردەوە، خەبەرەکە ڕاست بوو ئەم لەگەڵ کەیواندا قوتابی یەکێ قوتابخانە بوون، تا ئەوکاتەی باریان کرد بۆ سلێمانی.. لەیەکێ پۆلیشدا و لە سەر یەکێ کورسیش دادەنیشتن، بەباڵایش هەر هێندەی کەیوان بوو وەلێ ئەم کەمێکێ دەم و چاوی ڕەژووبی بوو، وەکو کەیوانیش زیرەکێ نەبوو.. کە هاوڕێی قوتابخانەی خۆی دی، ئیتر خۆی نەگرت وداوای لە قوتابیەکانی کرد ، قورئان خوێندنەکە ڕابگرن تا بەخیرهاتنی ئەومیوانەی دەکات.. قوتابیەکانیش بێدەنگ بوون ئەم هەستا کەیوانیش هەستا..ئەم هەرلێرەوە دەستی پێکرد:

-((یاخوا بەخێربێیت.. دەبێت لەکام جێگەوە باریبیت!!))

کەیوان بەپیکەنینەوە گووتی:

-((لەسلێمانیەوە باریووم))

ئیتر دەستیان کردە ملی یەکتری وپاش نەم لاولا ماچکردن و هەوال ودەنگووباس پرسین، عبدالرحمان گوتی:

ـ((دەتوانیت لەگەڵمان دانیشی تالێ دەبینەوە))

ـ((ناساییە، زۆریشم پێخۆشە بیان ناسم))

قوتابیەکان لە میحرابەکەوە تەماشای نەو دوو مرۆڤەیان دەکرد زیاتر لە میوانەکە ڕادەمان، نەیان دەناسی، بەلایانەوە سەیر بوو.. مامۆستاکەیان ناوا بەدەم نەو میوانەوە دەڕوات، لەدڵی خۆیان دا دەیان گوت:

ـ((ئەو دیسکۆ، کەی ئەوە دێنێ.. ها..!!))

هەمان کڵۆلیە.. ئەمانیش تەنها دەڕەوە دەبینن.. ئەوا مامۆستا و میوانەکە هاتن.. ئەمان لە بەریان هەستانەوە.. کەیوان گوتی:ـ

ـ((السلام علیکم..))

ـ((و علیکم السلام..))

قوتابیەکان وەرامیان دایەوە، عبد الرحمان یەکە یەکە قوتابیەکانی پێ دەناساندو، لای ڕاستەوە کەیوانی دەستی کرد بە تەوقە کردن لە گەڵیاندا.. مامۆستا:

ـ((میوانه خۆشەویستەکەمان لە سلێمانیشەوە هاتووە مامۆستا کەیوانە..))

قوتابیەکان وایان دەزانی هەر لە ڕاستیدا مامۆستای قوتابخانەیە نەیان دەزانی تەلیسمی خۆشەویستەیەو هیچی تر.. کەیوان تەوقەی لەگەڵ هەر کامیاندا دەکرد، عبد الرحمان ناویان هەڵدەدا:

ـ((ئەمە کاک ڕێبوارە..، ئەمیش کاک بەهادین، کاک ڕەوف، کاک مەریوان، ..... کاک هەورامان))

کەگەیشتە هەورامان کەیوان بۆی خنایەوە، چرۆی خورپەیەک لە بیرپدا خۆی کردەوەو بوو بە گوڵ.. ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) لە ناخیدا بروسکەی دا:

((.... الارواح جند مجندة.. فما تعارف منها ائتلف، وماتناکر منها اختلف!!...))

هەورامان هەردوو چاوی سەوز بوو، قژی زەردێکی کاڵ بوو.. باڵایەکی نەیجەی، ناسک، لە پۆڵی دووی ناوەندی بوو.. قوتابیەکانی دیکەیش پۆڵی یەک و دووی ناوەندی بوو..

پاشان دانیشتن.. قورئان خوێندن تەواو بوو.. عبد الرحمان لەسەر چۆک دانیشت، قوتابیەکان خۆیان ئامادەی گوێ گرتن کرد.. قورئانەکانیان لە بەر دەمیاندا دانا.. مامۆستا بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە بەلای کەیواندا گوتی:

ـ((ئێستایش، مامۆستا کەیوان هەندێک ئامۆژگاریمان دەکات با گوێی لێ بگرین..))

کەیوان بەتەمای نەم داوا کوتوپڕیە نەبوو، نەم ڕەمودەی ورد بوونەوەی خۆی بوو، سرنجی لە ڕۆیشتنی ڕوخساری قوتابیەکان دەدا.. دەیوست بزانێ لە چاوی کامیانا ڕسکانی تەواوی نیسلام دەبینێ نەم پەنجەکانی دەستی ڕاستی گرمۆلە کردبوو، وەکو سەر تۆپەلێ ڕەنوو، لە ژێر چەنەی بێ ڕدێنیدا کۆی کردبووەوە.. کاتێک ئەو داوایە ڕاژانی.. ئیدی هاتەوە سەر خۆی.. تکای کرد کە ئەو نەرکە نەخاتە ئەستۆی.وەلێ بێ سود بوو.. لە کۆتایدا عبد الرحمان نا چاری کرد.. بۆیە بەپەلە، لاپەڕەکانی مێشکی هەڵدایەوە، بە دەفتەری هزریدا ڕۆیشتەوە..

((چی باسکەم... چی باسکەم... چی باسکەم)) لە ناخیدا ئەمەی دەگوت.. گەڕاو گەڕا..پاشان هەر لە ناخیدا گوتی ((زۆر باشە انشاالله جێگای خۆی دەگرێت!!))

قوتابیەکان چاوەنواڕبوون، ئەم چوار مشقی تێکەڵاو لەسەر ئەژنۆ دانیشت، بە دەنگە ناسکەکەی و بەو دەنگەی کەلە جریوە جریوی چۆلەکەو خورەی کارێز و قوڵپەی سەرچاوە و گۆرانی گەلای دەکرد، ناوی خوای تاکوتەنیای هێنا و سوپاسی کردو پاشان گوتی:

((پێغەمبەری نازیزمان، سڵاوی خوای لەسەر بێ، بە قوتابیەکانی گوت بوو ((الدنیا جیفة و طالبها تکلاب))واتە.. دنیا کەلاکێکی مردارەویووە و ئەوانەی سەری تێ دەکەن سەگن....

بالەڕوانگەی ئەم فەرموودەوە، پەنجەرەیەک بکەینەوە و تەماشای ژیانی یەکێک لە قوتابیەکانی بکەین بزانین چۆن هەوڵی داوە ژیانی خۆی دەقاو دەق، وەکو ئەم فەمودەیە لێ بکات.. پاشان بزانین، چ جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان ئێمەی بە ناو موسوڵمانی ئەمڕۆ و قوتابیەکانی سەر دەمی مەدینەدا..

یەک قوتابی ئاگای لەخۆی نەمابوو.ئەوە چ سیحر وتەلیسمێک بوو..؟.. وشە هەمان وشەیە.. نامۆژگاری هەمان نامۆژگاری جارانە..؟.. ئەی بۆچی هەرگیز وایان لێ نەهاتووە..؟ دیارە وشەکانی کەیوان هێز لەدەسەلاتێکی گەورەو بالای غەیبەوە وەردەگرن.. بۆیە ئاوا، وەکو موگناتیس مرۆڤی گوێگر دەبەنە مەملەکەتی غەیبەوە..

کەیوان:

-((شەوێ پاش نوێژی عیشا ـــ نەمیری موسوڵمانەکان، عومەری کوڕی خەتاب، لە نێو جێگەی ڕاژانیدا، جەستەی درێژ کردبوو.. خەو لە چاوەکانی تۆزرا بوو.. هەواڵیان بۆ هێنا بوو.. تا شاری

(ئیبیلە) نەگیرێت فارسەکان تێک ناشکێن.. چونکە لەو شارەوە، بەردەوام، یارپدەو یارمەتی و مەدەد دەگاتە لەشکری فارسەکان.

نەمیر بڕیاری دا سوپایەک بنێرت بۆ گرتنی نەو شارە.. بەڵام کێ بنێرێت..؟ نێستا دەوری چۆڵە، پیاوی نیسلام، هەر یەکەو لە بەرەیەکی جەنگن..؟!!

لەنێو جێگاکەیدا زۆر بیری کردەوە..تا گەیشتە قەناعەت و لەبەر خۆیەوە گوتی:

((دۆزیمەوە))، پاشان لاپەڕەکانی ژیانی ئەو پیاوەی هەڵدایەوە.. بینی، بەشداری غەزای بەدر و ئوحود و خەندەقی کردووە.. حەوتەم کەس بووە ئیمانی هێناوە..

پاش نوێژی بەیانی ڕووی لە خەڵکەکە کردو گوتی:

-((عوتبەی کوڕی غەزوانم بۆ بانگ بکەن))

عوتبە هات و عومەری کوڕی خەتاب، نزیکەی شەسەد سەربازی موجاهیدی بۆ ڕێکخست و فەرمانی پێدا بەرەو ئیبیلە بەڕێ بکەوێت و....،

کەسوپا گەیشتە قەراخی مەدینە، ئەمیری موسوڵمانان گوتی:

-((ئەی عوتبە نەوە من تۆم نارد بۆ ئیبیلە.. کە گەیشتیتە نەوێ، بانگیان بکە بۆلای خوا، هەر کەس موسوڵمان بوو باشە، هەر کەس موسوڵمان نەبوو جیزیەی لێ وەربگرە، گەر جیزیەیشیان نەدا، ئەوە

شمشێر بخەرە سەر گەردنیان، لە خوایش زۆر بترسە ئەی عوتبە، تەکەبورت بۆ پەیدا نەبێ و..!!))

ئیتر خوا حافیزی لێ کردن.. سوپاکە هات تاگەیشتە قامیشەلانەکانی ئیبیلە.. زۆریان برسی بوو.. هیچیان پێ نەبوو بیخۆن عوتبە داوای لێ کردن، بزانن، لەم دەورو بەرە شتێک نادۆزنەوە بیخۆن... یەکێک لە موجاهیدەکان دەڵێت:

((ئێمە دەگەڕاین بۆ خۆراک.. چوینە نێو کۆمەڵە درەختێکەوە بینیمان دوو زەمیلەی گەورە دانراوە.. یەکێکیان پڕە لە خورما، ئەوی تریشیان، پڕە لە دانەوێڵەی سپی و بە توێکڵێکی تەنکی زەرد دەورە گیراوە، هەردوو زەمیلەکەمان هەڵگرت و گەڕاینەوە بۆ سەربازکەکەمان، گوتمان:

ـ((لەوانەیە ئەم زەمیلەیان زەهری تێدابێت؟ ودوژمن لێرەدا داینابێت))

ئیتر پەلاماری خورماکەمان داو خواردمان و زەمیلەکەی ترمان لەوێلاوە دانا، هێندەمان زانی ئەسپێک تیاوی دایە زەمیلەکەو دەمی نایە نێوی و دەستی کرد بە خواردنی، گوتمان: تازە تەواو،

دەیکوژێت.. خاوەنەکەی گوتسی، وازی لێ بێنن من پاسەوانی دەکەم، ئەگەر زانیم دەمرێت، خێرا سەری دەبڕم.. شەو هات، کە بەیانی ڕۆژ بوویەوە، ئەسپەکە وەکو خۆی وابوو..

خوشکەکەم پێی گوتم:

ـ((من بیستوومەلەباوکم.. فەرموویەتی.. زەهر کاریگەریەتی نامێنێ، ئەگەر نرایە سەر ئاگر.))

پاشان هەندێکی دانەوێلەکەی هێنا و نایە سەر ئاگر..

گوتی:

ـ((وەرن، تەماشاکەن، چۆن سور داگیرساوە))

وردە وردە تۆپکلەکە نەدەماو دەنکە سپیەکە دەردەکەوت،

عوتبە گوتی:

ـ((ناوی خوا بێنن و بیخۆن!))

ـ((دوایی زانیمان ئەوە پێی دەگوترێت برنج!!))

قوتابیەکان لەوێدا پێکەنینێکی گرتنی، کەیوان گوتی:

ـ((بەڵێ.. ئا لەوێدا ژانیان برنج هەیە.. بەهەر حاڵ.. ئیبیلە، شارێکە لەسەر قەراخی ڕووباری دیجلەدروست کراوە، هەمووی قەڵای سەخت سەختە.. فارسەکان کردبوویانەمەخزەنی چەکەکانیان..

عوتبە چەند ئالایەکی دایە دەستی ژنەکان و.. فەرمانی پێدان لە دوای سوپاکەوە بن و پێی گوتن:

ـ((ئەگەر ئێمە لە قەڵاکان نزیک بووینەوە، ئێوە لە دواوە بیکەن بە تۆزو غوبارێک ئەوسەری دیار نەبێ..))

کاتێک ئەمان لە قەڵاکان نزیک بوونەوە، سەربازە فارسەکان بۆیان دابەزینە خوارەوە، بەڵام کە هەڵمەتی موجاهیدەکانیان بینی و ئەو هەموو ئالایەیان لە دواوە دی، ترسان و وایان زانی ئەمانە سەرەتان و کۆتاییەکەیان لە مەدینەیە، بۆیە بەپەلە خۆیان پێچایەوە و ئەوەی بۆیان هەڵگیراو هەڵیانگرت و،

بەبەلەمور کەشتیەکان کردیانە ئەو بەرەوە و شاریان چۆڵ کردو موسوڵمانەکانیش بە دەنگی زوڵاڵی تەکبیرە چونە نێو قەڵاکان..

ئالتون هەلچنرابوو..چەندین جۆر خواردن ڕیزکرابوو.. هەوالی سەرکەتن گەیشتەوە عومەر..!!

کەیوان نالەوێدا وەستا.. نەی توانی یەک وشەیش بدرکێنێ.. ئالەوساتەدا هەزاران ئاواتی ڕەنگاو ڕەنگی خۆی دەبینی.. کەی بێ ئەمیش فەتحی سلێمانی و هەولێر و دهۆک و شارەکانی دیکەی کوردستان بکات و.. ئالای دەولەتی ئیسلامیان تێدا هەلبکات.. کەی بێکەی؟!!

چەند ئەشکێکی سپی سپی بە ڕوخساریدا قەتارەیان بەست، قوتابیەکانیش دڵیان پڕبوو، هەورامان لە هەموویان زیاتر دڵی پڕبوو، نەیتوانی خۆی بگرێت.. ڕۆندک لە دیەکانیەوە هەلقوڵاو پاشان کەیوان دەستی پێ کردەوە:

-((عوتبە زۆر ترسا، ئەم هەموو نازو نیعمەتە.. ئەم دنیا بێ بارە.. مەجاهیدەکان تەوەزەل بکات، بۆیە مۆڵەتی لە عومەر وەرگرت و لەولاتەوە شاری بەسرەی دروست کرد..

موجاهیدەکان دەستیان کرد بە خانوو دروست کردن، بەڵام عوتبە هچی بۆ خۆی دروست نەکرد، پاشان هەموویانی کۆکردەوە و پێی گوتن:

((خەڵکینە، دنیا بەرەو نەمان دەڕوات.. ئێوەش جێگایەکی نەبڕاوە چاوەڕێتانە.. نەخەڵەتێن.. دنیا بێ ئرخە بێ نرخ.. من پەنا دەگرم بە خوا نەگەر لای خەڵکی گەورەبم و لای خوا بچوک..))

دواتر یەکێکی کرد بە ئەمیریان و خۆی گەڕایەوە بۆ مەدینە، کە گەیشتە لای ئەمیری موسوڵمانان، داوای لێ کرد ئەمیری سوپاکەی لێ بستێنێتەوە و یەکێکی تبر بخاتە جێگاکەی، چونکە ئەم توانای بەر پرسیارەتی ڕۆژی قیامەتی نیە،

بەڵام عومەر بە زۆر کردیەوە بە ئەمیری و فەرمانی پێدا بگەڕێتەوە، ئەمیش نا چارانە فەرمانەکەی قبوڵ کردو سواری وشترەکەی بوو.. دەیی گوت :

ـ((خوایە مەمگیرەوە بۆ ئەوێ..خوایە مەمگیرەوە بۆ ئەوێ..خوای گەورەش پارانەوەکەی لێ وەرگرت.. کە چەند هەنگاوێک لەمە دینە دورکەوتەوە، وشترەکە هەڵخلیسکاو ئەمیش کەوتە خوارەوەو مرد.. ئێستا ئێوە تەماشاکەن و وردبنەوە.. بۆچی ئەسحابەکان توانیان دەوڵەتی ئیسلامی دروست بکەن وقورئان بکەن بە فەرمانڕەوای خۆیان و ئێمە ناتوانین..؟

کەیوان لە باسەکەی بوویەوە.. قوتابیەکان وایان دەزانی سەر لە نوێ لەدایک بوونەتەوە.. نەیان دەزانی چۆن و بەچ جۆرێک بەختیاری نێو دەرونیان دەربڕن، بەخۆیان دەگوت:

ـ((ئەمە ئەوکوڕە بوو کە بەدیسکۆیەکی کۆلانگەڕمان دەزانی؟ ئەمە ئەوکوڕەبووکە.. مامۆستایەوگەورەتریش لەمامۆستا..))

پاشان هەستانەوە.. کەیوان تەوقەی لەگەڵ داکردن وخواحافیزی لێ کردن و، لەگەڵ عبدالرحمان چوونە دەرەوە.. قوتابیەکان لەمزگەوت دا مانەوە، پاش دودەقە عبدالرحمان گەڕایەوە نێو قوتابیەکانی وگوتی:

ـ((هەورامان))
ـ((بەڵێ))
ـ((وەرە لەگەڵماندا))
ـ((بۆکوێ؟))
ـ((بۆمالی چەند برادەرێک دەڕۆین، مامۆستاکەیوان حەز دەکات تۆیشمان لەگەڵ دابیت من پێم گوت هەورامان خەڵکی بیارەیە.. نەویش خزمی زۆری هەیە لەوێ، جەزدەکات هەوالی خزمەکانی لێ بپرسێت))

هەورامان هات و سێ بە سێ مزگەوتیان بەجێ هێشت.

عەقیدە میژوو دروست دەکات.

سۆرانە شیوعی.. بوو بە کاکە سۆرانی مسولمان ! سۆرانی ئاژاوەچی ، سۆرانیّ کە قوتابیانی پۆلەکەی ڕقیان لیّ بوو، باوەو دایەی گیریان خواردبوو بە دەسیەوە چونکە ئاکار و ناو و قسەکانی و جموجولەکانی نامۆبوو پێیان.. ئێستا زۆر زۆر گۆڕاوە!!

سۆران وەکو کەیوان لای قوتابیەکان خۆشەویستە.. باوەو دایەی تا سەر ئێسقان لیّی ڕازین.. چونکە ئەم لە وەرزی سەهۆڵ بەندانداً بۆیان دەبێتە خەرمانێکی گەشاوەی تەڕو دەست و پەنجەی یەخ گرتویان گەرم دەکاتەوە.. چونکە ئەم لەوەرزی ئاو و بارانی خورِی هاوینی وشک و ڕەقەڵەدا مالّی کوێستانی لە چرۆ دروست کراوی وەکو سابات، بۆ باوە و دایەی پێک

دەهێنێت بەشەمالی فێنکی ئەوزۆزانە باوەشێنی
ڕوخساری ماندویان دەکات..

سۆران هەنووکە لەدنیا ساتوورو پڕلە ساتمەدا تەنها
خەمێکی هەیە!! خەمێکی بەرزو بالا وەکو قەندیل وەکو
سارەی هەمیشە خوێنین گەورە وەکو شاخی ساسۆنی
کوردستان..

ئەم خەوە، ڕەنوی بەفرە پاش گلۆلە کردن لەسارای
ناخیدا مەڵۆ بووە، تاگەیشتۆتە کۆتا دونیدی کەژەکانی
نەو دەڤەرە.. دیسان شەوە.. دایەو باوە و بەختیاری بۆای
لە کەژاوەی پەلکە زێڕینەی خەودا جەستەیان غەرق
بووە.. کێ دەزانێ ئێستا چەند خەونی جوانی وەکو شیلان
دەبینن!! ئەمیش لەسەر قەنەفە سورەکەی کە لەلای
ڕاستی ژوورەکەیەوە بوو، ئۆقرەی گرتووە.. بیجامە
سپیەکەی لە پێدایە کتێبی ((ئیسلام و ڕێچکەکان))
لەسەر تەپۆلکەی بەر دەمی بەکراوەیی دانراوە ئەم بۆ
دیوارەکەی بەرامبەری دەڕوانێت دیوارەکە هەر وەکو
مێزەرە نازاو بەغیرەت و خوانناس و هەڵنە
خلیسکاوەکان.. سپی سپییەکی تۆخ.. هیچی پێوەنیە
تەنها تابلۆیەک نەبێت.. تابلۆکە تا چاو بڕەکات گولە
گەنمەو هەڵساونەتە سەر پێ، نەرمە بایە یاریان

لەگەڵدا دەکات.. خۆریش تازە لەپشتی چیا بەرزەکانـەوە سەری دەرهیناوە.. کەچی لەتابلۆکەدا دنیا هـەر سـوورە.. گوڵەگەنمەکانیش سوورن.. کەژەکان سوورن..خۆرەکـەیش .. دەوەنەکان.. گردۆڵکـەکان ، دارستانەکانی لای ڕاست.. هەموویان سوورن.. سۆران لەجێگاکەی خۆیەوە بۆ دەڤـەری تابلۆکەی دەڕوانێت.. پـەڕاوی یادگاریـەکانی هەڵدایـەوە.. گەیشتە ئـەو ساڵەی لـەپۆلی سـێ ی نـاوەندی بـوو.. سەرەتای سـاڵ بـوو، قوتـابی پۆلەکـەیان لەگـەڵ کچـانی پۆلەکەیدا ئاوێتە بـوون.. ئـەم ساتە هیـچ کچێکـی خـۆش نەویستووە.. لەگەڵ هیچ کچێکدا پـەیوەندی نەبەستووە.. وەلێ چاوەکانی ئەم قوتابیـە و قـژە پەخشانەکەی و بـاڵا ڕێک جلە شینەکانی ئەم کچە.. سـیحری لێ کـرد.. وەکـو تەزوی کارەبا تەلی سۆزو سەرچاوەی خۆشەویستی ڕاژان.. ئاگای لە دەرس نەما.. مامۆستا لەرێ بـۆ خـۆی قسـانی دەکرد، وانـەی ڕۆژانـەی بـاس دەکـرد.. ئـەمیش بەڵاشـە گوێی گرت بوو، بەڵام ڕۆحی تاڵە پوشێکی بێ هێزو بـێ توانابوو.. بای خەیاڵ دەی بردە هەزاران ژوانی نـاڵوالاوە.. تانێستا نازانێ ناوی چیە.. خەڵکی کوێیـە.. بۆچی خـۆی ڕاگوێزاوەتە ئەم قوتابخانەیـە.. مـاڵیـان لـە کوێیـە.. ئـەم پرسیارانەی لای ئەم بـێ وەڵام بـوون.. لەڕاسـتیش دا ئـەم

تەنها حەزی دەکرد ناوی بزانێت.. ئیتر خەڵکی کوێیە و بۆچی هاتووە و.. ئەم کارێکی بەوانە نیە!!

ڕۆژی یەکەم تێپەڕی و ناوی نەزانی!!

قوتابیان بەرەو باوان بوونەوە ئەمیش وەکو هەموو گەنجێکی موراهیق خۆی دواخست.. کچەی تازە قوتابیْ بە تەنها لە قوتابخانەوە دەرکەوت.. نەرم نەرمێک ڕێگای دەبڕی.. هەنگاوەکانی پڕ لە ناز بوو.. ئەمیش بە دوایدا وەکو مەجنون و فەرهاد بووبە ڕابگار.. لەو ڕێوبانە گەورەو فراوانەدا کەسی نەدەبینی بەتەنها ئەو نەبێ.. خۆیشی سەیری پێدەهات.. ئەمە چیە.. خانوەکان بوونیان نەماوە.. شەقامەکان وون بوون ئەی درەختەکان.. ئەی دوکان و مرۆڤەکانی تر چیان لێ هات؟ هەموویان بوون بە لەیلا و شیرینە تازەکەی لەگەڵیا هات تاگەیشتە نقڵیاتی پاسەکانی هەواڕە بەرزە.. کچە سوار بوو.. ئەم لەنزیکەوە ڕاوەستا.. کەپاسەکە خەریک بوو بەڕێ بکەوێت.. خۆی نەگرت و سواربوو.. ئەو دانیشت بوو.. ئەم بەپێوە بوو.. حەزی دەکرد هەتا هەتایە ئەو وەکو خاتوو زین ئاوا بەرامبەری دابنیشتایەو ئەمیش وەکو کاکە مەم ئاوا لەخزمەتیا ڕابوەستایە ئەم هەرچی نیگای بوو وەکو ڕێژنەی باران، وەکو کڵۆی بەفر، دەڕژان بەسەر ئەودا..

نەجاریک و نەدوان ونەسیان.. نەویش لە جێگاکەی خۆیەوە هەستی بەوە کرد ئەم ڕوانینە بەردەوامە شتیکی ئاسایی نییە.. بەڵام هیچ بە سەر خۆی نەهێنا.. لای نیوەڕۆ بوو.. دنیا خۆرەتاو بوو.. پاسەکە لەکۆتا مەڵبەندی خۆی وەستا.. کچەدابەزی.. نەمیش دابەزی.. ئەو بەلای ڕاستدا خۆی کرد بە کۆڵانیکی

فراواندا.. نەمیش وورد وورد لەدوایەوە ڕێگای دەبڕی.. ئەوە لەبەردەمی دەرگایەکی شیندا وەستاپەنجەی ئابەپلاکی بەردەرگا کەدا.. ئەمیش هەر هەنگاوی دەنا کەدەرگاکە کرایەوە ئەو چوە ژورەوەو نەمیش بەخەون و ئومێدەکانییەوە گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان..

بۆ سبەینێ بەپەلە کتێبەکانی هەڵگرتوو بەرەو قوتابخانە بەڕێکەوت ئەم لەڕیزی لای سێیەمداو لەدوای دواوەدادەنیشت کچەکەش لەڕیزی یەکەمداو لەناوەڕاستدا دادەنیشت..

دەرسی یەکەم مێژوو بوون مامۆستا پرسیارێکی کرد.. قوتابیەکان دەستیان بەرز کردەوە، مامۆستا ئاوڕی دایەوەبۆلای ڕیزی یەکەم پیاوێکی پیری غەینەک لەچاو و بوو.. گوتی:

-((نادەی ڕۆژگار..))

ناوی ڕۆژگار نەمی هەر ڕۆژانـد، ڕۆژگـار نـاوی کچەیـە، نـاوی خۆشەویستەکەیەتی.. کەواتـە نـاوی ڕۆژگارە..!!

مامۆستا گوێـی گرتبـوو، ڕۆژگـاریش، وەلامـی پرسیارەکەی دەدایەوە، دەنگی تا بڵێ ی ناسک و پڕ لـە سۆز بوو، ئەم دەنگـە دەهێنـدەی تـر سـۆرانی لـە هـۆش خۆیبرد.. ئەمە یەکەم جارە گوێی لە دەنگی بێت..

بەهەر حاڵ.. ئەمڕۆیش قوتابخانە تەواو بـوو.. هەمان پرۆسەی دوێنێ، بەبێ کـەم و زیـاد گەیشتەوە ئـەنجام.. ئەم لە گەڵیا بوو تا دەرگاکەی داخست.. ئـاااایی چـەندی حەز دەکرد کەڵە پاسـەکەدا پارەکـەی بـۆ بدایـە..!! بـەڵام زاتی نەبوو.. دەترسا لێی بێتە دەنگ و حـەیای بـەرێت!! دەترسا لە ناو ئەو خەڵکەدا بیداتـە بـەر تـف و نـەفرین.. ئاخر دوو ڕۆژە دەیناسێت.. تـا ئێستا لـە ناستیدا زاری بکاتەوە و تەنها سڵاوێکی لێ بکات.. چ جای کرێ پاسی بۆ بدات..!!

ڕۆژی سـێیەم هاتـە پێشـەوە.. خـۆی گـەیاندە وە قوتابخانـە.. سـات بـە سـات بـۆ هـەڵێک دەگـەڕا، بـۆ

دەرفەتێک دەگەڕا، بۆی بڕەخسێت و تەنها یەک قسەی لەلابکات.. ئێدی ئەو قسەیە هەر چیە و چۆنە قەیدی نیە..

دەرسی سێیەم بیرکاری بوو.. مامۆستا هاوکێشەیەکی لەسەر تەختە ڕەشەکە نووسی.. گوتی

-((کێ بۆمان حەل دەکات؟))

هەموو قوتابیەکان دەستیان بەرز کردەوە، مامۆستا ڕۆژگاری هەڵساند.. ڕۆژە تەباشیری گرت بەدەستەوە، لە سەرەتاوە باشی هێنا.. وەلێ لە ناوەڕاستدا خراپی کرد.. تێکی دا.. مامۆستا گوتی:

-((نانا.. تێکت دا..))

ڕۆژە هەر چی کرد بۆی ساغ نەبووەوە.. مامۆستا گوتی:

((کێ بۆی ڕاست دەکاتەوە؟))

سۆران بەپەلە دەستی بەرز کردەوە، نامانی نەبور لەبیرکاریدا، هەمیشە زیرەک ترین قوتابی بووە تیاندا، مامۆستا هەڵی ساند.. سۆرە گەیشتە بەر تەختە ڕەشەکە.. ڕۆژگار تەباشیرەکەی دایەدەستی، ئەم دەستی

لەرزی، یەکەم جارە خۆشەویستەکەی ئاوا بەرامبەری بووەستێت و پێویستی بەیارمەتی نەم بێت.. ئەم لەچەند سانیەیەکدا هەڵەکەی بۆ ڕاست کردەوە و هاوکێشەکەی گەیاندە ئەنجام.پاشان هەردوو کیان گەڕانەوە جێگاکەی خۆیان، کەوانە تەواو بوو.. ڕۆژگار هاتە لای سۆران و پێی گوت:

-((کاکێ سۆران ئەگەر زەحمەت نەبێت حەز دەکەم، جارێکی تر ئەو هاوکێشەیەم بۆ شی بکەیتەوە، زۆر ڕوون نیە لام.))

ئەم داواکاریە سۆرانی وەکو ژاژەلان خستە سەما ، هەستی کرد زەمەن و ڕووداوەکان خزمەتی دەکەن، یارمەتی دەدەن، هاریکاری دەکەن..

ئەوە ڕۆژگارە بەپێی خۆی هاتووەتە بەردەمی و، داوای قسە کردنی لێ دەکات.. ئەو ڕۆژگارەی کە دوێنێ دەقەرێکی پڕ لە ئەتۆم بوو، دەترسا ئەگەر کێ پاسەکەی بۆ بدات، بتەقێتەوە بە ڕوویدا و نەک بە تەنها خۆی، بەڵکو دنیایش وێران بکات..

ئەمە ئەو ڕۆژگارەیە کە دەترسا تف باران و نەفرین بارانی بکات و بەبەر چاوی خەڵکی نێو پاسەکەوە، حەیای بەرێت..

ئەی دەزانی سوپاسی کێ بکات..!! دڵی، هەستی، ناخی، سوپاسی خوای دەکرد..!! وەلێ خێرا خێرایش بە خۆی دەگوت:

ـ((خوای چی..؟ ئێمە کەی بڕوامان بەخوا هەیە..!!))

ئەم خەیاڵانە چەخماخەو بروسکەبوون، تیژ ڕەوانەوە بە میشکیدا تێپەڕین ، پاشان بەپەلە قەڵەم و دەفتەرێکی دەرهێنا و گوتی:

ـ((زەحمەتی چی.. چەند جار دەتەوێت بۆت حەل دەکەم))

ڕۆژگار لە پەنایەوە دانیشت و، ئەمیش دەستی پێکرد.. چەند جارێک بۆی دووبارە کردەوە، ئەو پرسیاری دەکرد ئەمیش وەڵامی دەدایەوە .. وای هەست دەکرد گەورەترین پاشای ئەم گەردوونەیە.. کە زەنگی

هاتنه ژووره‌وه لێ درا، ڕۆژگار هەستایه سەر پێ و گوتی:

ـ((زۆر زۆر سوپاس... بەڕاستی ماندووم کردی))

سۆران بەیەک دنیا خەندەی کامەرانیەوە گوتی:

ـ((ماندوویەتی چی.. من بەئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم..))

دەوام تەواو بوو، ئەمجارە سۆران وەکو ڕۆژانی تر خەمبار نەبوو، شادی لە هەموو گیانی دەباری، و کەلە گەڵیدا سواری پاسەکە بوو، کرێکەی بۆ دا.. هەنووکە ئەم بە پێوەنیە ئەویش دانیشتبێت، هەردووکیان لە پەنای یەکتریدا و لەسەر دوو کورسی دانیشتوون، بە یەکەوە باسی قوتابخانەو دەرسەکان دەکەن..

ڕۆژی چوارەم و پێنجەم و بیستەم و سیەم تێپەڕی و، وردە وردە پێوەندی نێوان ڕۆژەو سۆرە بە هێزتر دەبوو.. وەلێ هیچ کامیان، نەیان دەوێرا باسی خۆشەویستی یەکتری بکەن.. دەترسان.. زۆریش دەترسان.. سۆران دەترسا ڕۆژگاری لەکیس بچێت... ڕۆژگاریش هەروەها..

بەڵام ئەمە سەپاندنی فەرمانی دەرەوەی خودە، تەمەنی درێژ نابێت.. ئەمە زۆرداری و زۆر لە خۆکردنە، حەتمەن دەبێ و کۆتایی دێت.. ئەمە بەربەستێکی لاوازو بێ هێزە.. لەکوێ خۆی دەگرێت لەبەردەمی تەکان و تەوژمی ئەم ڕووبارە شێتە دا..!!

تاقیکردنەوەی مانگانە دەستی پێکرد.. نیوەی سال هاتە پێشەوە، لەپشوەکەیدا سۆران نامەیەکی نووسی، پێش نووسینی، هەر چی گۆڤاری کاروان و بەیان و دیوانە شیعری هەبوو، کۆی کردەوە و دەستی کرد بە خوێندنەوەی شیعرەکان.. هەر شیعرێکی بەدڵ بوایە دیاری دەکرد.. بۆ ئەوەی دوایی کەڵکی لێ وەبگرێت بۆ نامەکەی..

خوێندنەوە دوایی هاتوو قەڵەمی گرت بەدەستەوە و پەڕەی لەبەردەمی خۆیدا درێژ کردو دەستی پێ کرد.. چەندی توانی نووسی.. کەلێ بوبەوە دەستی کرد بە خوێندنەوەی وای هەست دەکرد شعور و سۆز دڵ و ئاخ و ڕۆحی خۆی تۆمار کردووە.. چەند جارێک خوێندیەوە:

-((بۆنەو کەسەی کە گەورەترین سەرمایەمە لەم ژیانەمدار ئامادەنیم بەم گەردورنەی بگۆڕمەوە..

بۆ ئەو کەسەی کەپارچەیەکە لەڕۆحم، لە جگەرم، لە کەسایەتیم و هەرگیز لێم جودا نابێتەوە..

بۆ ئەو کەسەی کەمن بۆی بومەتە نالی و وەلی دێوانەو مەولەوی ئەویش لام بووە بە حەبیبە و شەم و خاتوو عەنبەر.. سلاوی خۆشەویستی و سۆزی ئەم دڵەت لێ بێ.. ئەو سلاوەی کە بتوانێت عەشقی پیرۆزمت پێ بگەیەنێت،

نازانم.. من نازانم.. بە چ زمانێک باسی خۆشەویستی خۆمت بۆ بکەم..

هەر چەند دەکەم کۆمەڵە وشەیەکم بۆ نادۆزرێتەوە، کەبتوانم ناخمت بۆ وێنە بگرن..

هیچ ناڵێم.. تەنها ئەوە نەبێت کە تۆ لەم گەردوونەدا هەموو شتێکی منی و تەواو..

خۆشەویستت / سۆران))

لەڕاستیدا زۆربەی دێڕی ئەم نامەیەی لە شیعری دیوانەکان دەرهێنا بوو.. وەلێ ئەم هەستی بەوە دەکرد،

ئەو شیعرانەیش مولکی خۆیەتی و، مافی ئەوەی هەیە بە ویستی خۆی، بیان خوێنێتەوە و بە کاریان بێنێت..

پشوی نیوەی سال تەواو بوو، دووەم ڕۆژ کە لە قوتابخانە دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوەو لە پاسەکە دابەزین، بە دەستێکی لەرزۆکەوە نامەکەی دایە دەست ڕۆژگار، ئەم ڕەنگی زەرد بوو، شڵەژا، بەڵام ئەو زۆر بە ئاسایی لێی وەرگرتوو خوا حافیزی لێکرد..

شەو تێپەڕی.. سبەینێی گومان و ڕاڕایی هاتەوە.... ئەم دنیایە زۆر سەیرە.. هەر کەسێ گومانی لا دروست نەبێ تەماشا ناکات، هەر کەسێکیش تەماشا نەکات ڕانامێنێ، هەر کەسێکیش ڕانەما کوێرێکەو پاساپۆرتی گێلێتی لە کلیرفانی خۆی ناوە.

ڕاستە وتویانە.. مرۆڤ دەبێت لەوەهمەوە دەست پێ بکات، بۆ ئەوەی ئەگەر چووە ناو دنیای حەقیقەت خاوەنی وەعی بێت..

دەبێت لە فۆرمەوە دەست پێ بکات بۆ ئەوەی هەست بە جوانی ماناو شەوق دانەوەی کرۆک و سەرچاوەی نوور بکات..

دەبێ لـە گومانـەوە دەسـت پـێ بکـات، بـۆ ئـەوەی دەرکی ئەلف و بێی یەقین بکات ..

سبەینێ هات.. سۆران یەک پارچە وەهـم بـوو، یـەک پارچە گومان و ڕاڕایی و ترس بـوو..!! دڵـی بەپەلـە لێی دەدا.. ناخی وەکـو هـێرۆ شیمای ژێـر بۆمبـی ئـەتۆمی فڕۆکەوانـەکانی ئەمـەریکای مـرۆڤ کـوژ دائـەهوروژا.. بەخۆی دەگوت:

ـ((بڵـــێ ی.. بڵـــێ ی.. ڕەفـــزی بکـــات..؟ خۆشەویستیەکە ژێر پێ بنێ..؟ بڵێی ترسەکەم ببێت بـە واقیـع..؟ نـازانم لـە کـێ بپارێمـەوە..؟ لـەخوا..!! چـی..؟ خـوا..!!.. خـوا..!!.. نـەخێر.. خوانیـە..؟سروشـت.. ئـاخر ئـەویش کەڕوڵاڵـە.. نـامبینێ، ئـەی کـێ..؟ هـا.. کـێ.. نازانم.. نازانم.. خوا بە فریام کەوە..؟ کـوڕە بابـە خـوای چی..؟ ئێمەکەی بڕوامـان بـە خـوا هەیـە تـا هـاواری لێ بکـەین.. ئـەی مەگـەر کـارل مارکســی ڕابـەرمان نـەی فـــەرموو.. خوانیـــەو ژیـــان ماددەیـــە..!ابـــا..خـــۆی فەرموویەتی..؟ئەی باشە من ئێستا هـاوار بکەمـەکێ ..؟ لەکێ بپارێمەوە.. هـا.. کێ بکـەم بـە خـوای خـۆم..؟ کـێ بکەم بە خوای خۆم..؟.. باشـە چـی تیایـە ئەگـەر ڕۆژگـار بکـەم بـە خـوای خـۆم..؟هـا..؟ هـا..؟ چـی تیایەتیایـە

خەڵکی سروشت دەپەرستن، هەندێکی تر ڕێکەوت دەپەرستن.. ئەی باشە منیش بۆچی ڕۆژگار نەپەرستم ..؟ تاخر کێ دەڵێ نەو تۆ ڕەفز ناکات.. هاکێ دەڵێ..؟.. دەی با ڕەفزم بکات.. من هەر بەخوای خۆمی دەزانم..؟ لە ڕەحمیش دەرم بکات هەر بەخوای خۆمی دەزانم..!! کەواتە منیش خوای خۆم دۆزیەوە.. ڕۆژگار.. ڕۆژگار..))

پاش دەوامی قوتابخانە ڕۆژە و سۆران بەیەکەوە گەڕانەوە، ڕۆژگار زۆر بەختیار دەهاتە پێش چاو، نەمیش تا بڵێی تێکشکاوە.. لەهەمان جێگادا کە دوێنێ نامەکەی دایە دەستی ڕۆژگار، وەستان، نەم جارە نەو نامەیەکی داخراوی دایەدەستی نەم.. بەپەلەوەری گرت ولەیەک جودا بوونەوە..

نامەکە لەگیرفانی ڕاستی پانتۆڵەڕەشەکەیدا بوو، بەدەستی ڕاستی تووند تووند گرتبووی ، هەنگاوی خیراو بەپەلەی دەنا، وێدەچوو بترسێ لەوەی ڕێگای پێبگرن نەنتوانێت بگاتەوە ماڵەوەو نامەکە بخوێنێتەوە...

بەسواری تاکسیەک گەیشتەوە گۆیژە، چوەمالی خۆیان ودەرگای ژورەکەی داخست و بەسەر قەنفە درێژەکەدا ڕاکشاو بەنەسپایی نامەی لەگیرفانی دەرهێناو

تێپەکەی لێ کردەوەو لەبەرچاوەکانیدا تەختی کردو دەسی کردبەخوێندنەوەی.ئاااای شادی چۆن وەک مەلۆتکە لەباوەشی گرت!! نەجارێکو نەدووان ونەدە!لەردەی خوێندەوەو تێر نەدەبوو.. شێتیەکەی قولو قولتر بوویەوە، بەپێوە دەی خوێندەوە.. بەدانیشتانەوە.. بەراکشانەوە.. پاشان لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

((سوپاس.. سوپاس؟ بۆکێ..؟ بۆخواکەی خۆم، بۆرۆژگار، کەبێ ئومێدی نەکردم، سوپاس رۆژگار ئەی خواوەندە جوانەکەم.))

سۆران لەنێو تابلۆ کەدا ئەم چیرۆکەی خۆی و رۆژگری هاتەوە بەرچاو.. بەزەیی بەئەوسای خۆیوو خۆشەویستەکەیدا دەهاتەوە..چۆن حەقیقەتیان لێ ونبووبوو..

کەپۆلی سێی ناوەندیان تەواو کرد.سۆران لەئامادەیی پیشەسازی وەرگیراو رۆژگاریش لەپۆلی چواری گشتی.ئەم لێک دابڕانە هەزار هێندەی تر عەشقەکەی قولتر کردنەوە..بەتایبەتی لای رۆژگار..!!

ئێوارەیەک لەباخی گشتی پێکەوە لە بن درەختەکاندا دەبن.. سۆران باسی دینەتازەکەی بۆ ڕۆژگار دەکات. لەسەرتادا هەندێک قسەی مارکس و لینینی بۆ شەرح دەکات.

ڕۆژەی کڵۆل لەفیکردا، مێشکی سافە، لاپەڕەیەکی سپیە، دڵیشی مەملەکەتێکی چۆل و هۆڵە، جگە لە سۆران هیچ شتێکی دیکەی تێدا نیە.. سۆران هەرچی پێ بڵێت ئەم بێ قەیدو شەرت وەری دەگرێت..

ئەم هەندێک باسی ئەوەی بۆ کرد کە خوا نیە.. ئەو شتانەی کە لە دەمی خەڵکەوە بیستبووی، بۆ ڕۆژەی باس کرد.. ڕۆژەیش گوتی:

-((ئەی باشە، کێ خوامان بێت؟))

-((هەندێک ڕێکەوت بە خوا دەزانن، هەندێکی تریش سروشت!))

-((ئەی تۆ؟))

-((منیش تۆ بەخوای خۆم دەزانم..!! خوا چیە..؟ شتێکە کە مرۆڤ خۆشی دەوێت و دەیپەرستێت.. منیش تۆم خۆش دەوێت و دەتپەرستم..!!))

ـ((کەواتە منیش وەکو تۆم.. منیش نابێت بێ خوابم.. خوای منیش تۆی..))

سۆران لەجێگاکەی خۆیی هەستایەوە و بەرامبەری تابلۆکە ڕاوەستا لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ((تـاااایی لـەو نەفامیەتـەی کـە تێمـە تێـدا بووین..!امرۆ ئەگەر خوای ڕاستەقینەی لێ ونبوو.. ئیتر هەرجارەی شتێک دەکات بەخوای خۆی..!! بەهەر حاڵ،

ئێستا من چی بکەم..؟ چۆن ڕۆژگـار لـەو نـەفامی و جاهیلەتە دەربێنم.؟ ها.. چی بکـەم.. خۆ نـاکرێ دەسـتی لێ هەڵگرم.. نەخێر.. هەرگیز نـاکرێت.. یەکـەم.. مـن تـا سەر ئێسقانم خۆشم دەوێت.. دووەمیش من خۆم تووشی ئـەم جاهیلیەتـەم کـردووە.. ئێستا چ زوڵمێکـە وازی لێ بێنـم.. خـوای گـەورەیش ڕازی نـابێت وازی لێ بێنـم..!!.. بەڵام چی بکەم..؟ ئێستا من چی بکەم..؟ چۆن چارەسەری ئەم کێشەیە بکەم..؟))

لەژورەکەدا دەستی کرد بەپیاسـە کـردن، ئەمسـەرەو سـەر دەهـات و دەڕۆیشـت، ئـاور بـەردابووە خـەرمانی بـیری، دەیویسـت لـەو ئـاورەدا چـارە سـەرێکی گـەش بدۆزێتەوە.. چارە سەرێک نەشیش بسوتێنێ و نەکـەباب..

چارە سەرێک ڕۆژەی بۆ بکات بە کە سایەتیەکی وەک خەدیجە و، تیشکە نالتونیەکانی هەمور پاش کازێوەیەک، بتکێنێتە سەر لێوەکانی..

سەعات گەیشتە دوانزەی شەو، نەمیش بەسەر میژووی یەخگرتوو دا، بە هەنگاوی درێژو خێرا، تێدەپەڕی، دەگەڕایەوە.. عوسمانیەکانی بەجێ هێشت.. بەسەر سەلجوقیەکاندا فڕی.. مەمالیکەکانی تێپەڕاند.. لای ئەیوبیەکان و عەباسیەکان و ئەمەویەکانیش نەوەستاو، خۆی گەیاندەوە مەدینەی سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام.. تەماشای کرد.. ڕاما.. ورد بوویەوە.. بینی هاوڕێ کانی موحەمەد سلاوی لە سەر بێ و لە هەمور گێرە و کێشەو ناشوب و کێشەیەکیاندا، دێنەلای و پرسی پێدەکەن و بۆچوونەکانی وەردەگرن و، ئیدی زۆر بەکامەرانی دەژین.. بەخۆی گوت:

-((باشە منیش بۆچی وانەکەم.. بۆ نەڕۆم بۆ لای مامۆستاکەم و هەمور شتێکی بە دوورو درێژی بۆ باس نەکەم..؟.. ها بۆ وا نەکەم..؟.. ئاخر چۆن..؟ چۆن دەبێ کاک کەیوان بەم هەمور نهێنیانە بزانێت..؟.. ئەی دوای چۆن ڕووم بێت لە ناستیدا سەر بەرزکەمەوە..؟ ها.. چۆن ڕووم بێت..؟))

ماوەیەک مێشکی بەمەوە دایساو، هاتـەری ڕاڕایـی لێ بـەرز بوویـەوە.. دەوەنـەکانی بـیری لـەیلانی لێ بڵندەبوویەوە..

((باشە بۆچی ڕووم نایەسەر بەرزکەمەوە ..؟.. وەختێ خۆی کابرایەکی جاهیل بووم و ئەم کارانەم کـردووە.. ئـەم کارانەیش بەلای مرۆڤـی جاهیلـەوە زۆر ناسـاییە، بگـرە ژیانیشـیانی بـۆ تـەرخان دەکـەن.. تـەواو.. سـبەینێ دەچمـەلای کـاک کـەیوان و لەنوکـەوە چیرۆکەکـەمانی بۆدەگێڕمەوە و داوای چارەسەری لێدەکەم..!!

لە چەپەری نـەم وشـەیەدا ڕاوەسـتا، خـەمێکی وەک چریسـکە تریسـکی وەک ڕەزی، وەک لاوڕ، وەک سارەوەنی بێ تێشوو هەڵڕژایە بەردەمی:

((ئەی ئەگەر.ئەگەر.. نا.. ئەگەر کـاک کـەیوان وای بەباش زانی واز لە ڕۆژگار بێنـم.. وازی لێ بێنـم..؟ نـاخر ڕۆژگار تێکەڵاوی خوێنم بووە.. ناخر.))

دیسـان وشـەی پـێ نـەما، زۆرجـار وشـە توانـای دەربڕینی نامێنێت، زۆر جار وشە، دەبێتە ئەو منداڵـە چکۆلە بێ بەرگـەی، لـە شـەوانی چلـەی زسـتانا، بەبێ

دایکی بەفر دەبارێت بەسەریدا و لە کۆلانەکاندا وەکو بلۆکی دیواری لێ دێت و دەمرێت..

((باوەڕ ناکەم.. نەخێر.. هەرگیز.. باوەڕ ناکەم. نەو کاک کەیوانەی کە سۆزو خۆشەویستی لێ دەبارێت، نەو چارەسەرە بەشیاو بزانێت..!!.. نەی ئەگەر بەشیاوی زانی چی..؟! نا.. نایزانێ.. گریمان.. ئێستا گریمان بە شیاوی زانی..؟!)) ئاخ لەم جانەوەرێگومانە، ئاخ لەم فسوسە بەلگە بۆگەناوییەی ڕاڕایی.. بۆچی سەرجەمی شاپلیتەکانی ئەنجامی کۆڕاندۆتەوە.. ئەی بۆشاپوراخەڕەنگاو ڕەنگ و خاڵ خاڵینەکەی دەروونی کوا.. ئاااای چەندی پێخۆشە، باوەشێک فرمێسکی ئومێد، هەر ئێستا لەم دەشتەڕووتەن و کۆسەیەی ناخیدا، بڕسکا نایە.

لەوەتەی مسوڵمان بووم و کاک کەیوانم بەمامۆستای خۆم هەڵبژاردووە، تا ئێستا هەر ڕێگای چاکەی بۆ داناوم.. دڵنیام لەوەی زۆریشی خۆش دەوێم.. ئێستا کاتی نەمەنیە.. من دەبێ چارەسەر بدۆزمەوە!!))

گەڕایەوە سەر قەنەفەکەی.. دانیشت، کتێبی سەر تەپڵەکەکەی کەوتەوە پێش چاوانی.. (ئیسلام و ڕێچکەکان) وشەی (ئیسلام) خەیاڵی وروژاند.. لەو

تاریکستانەدا چرایەکی بۆ هەڵکرد.. لەبەر تیشکی ئەو چرایەدا کۆتا بڕیاری خۆی دا.. ئەم بڕیارەی پاش لێکدانەوەیەکی پڕلە ماندو بوون بوو.. ماندو بوونی بیری. ماندوبوونی جەستەی:

((من لە بەردەم دوو ڕێبانێک دام.. یەکێکیان خۆشەویستی و عەشقی ڕۆژگار تا سەر ئێسقانم.. ئەوی تریشتان بە گوێ کردنی مامۆستاکەمە.. ئەگەر ویستی من و ویستی مامۆستاکەم یەکی گرتەوە، ئەوە سوپاس بۆ خوای تاک و تەنیا و ان شاء ا لله ڕۆژگاریش لە جاهیلیەت ڕزگاری دەبێ و ئیدی هەتا هەتایە پێکەوە دەبین.. خۆ ئەگەر خوا نەخواستە.. کە شتی وا هەرگیز نابێ.. نەخێر نابێ.. بەڵام ئەگەر.. تۆ بڵێی ئەگەر بوو، ئەوە بەگوێی مامۆستاکەم دەکەم و بەجەستەواز لە ڕۆژگار دەهێنم، خۆشەویستیەکەیش، با لە گۆشەیەکی ڕۆحمدا، بمێنێت تا ئەو ڕۆژەی قیامەت و، هەموو ساتێک شەوق بداتەوە.. ئا.. با بمێنێ تا ئەو ساتەی لە وێ بە یەک دەگەینەوە..!! بەڵام تۆ بڵێی کاک کەیوان بڵێ وازی لێ بێنە..؟ دەی.. تۆ تازە بڕیاری خۆتت دا.. خۆلێی پەشیمان نابیتەوە؟))

هەستایە سەر پێ، ئەو ژوورەی بەجێهێشت، بەرەو ژووری خەوتن هەنکاوی نا.. دیتی بەختیاری بۆ خۆی لێ کەوتووە.. ئەمیش وەکو ڕێبوارێکی شەکەت و ماندوو، لە نێو جێگاکەیدا ڕاکشا، دەستی کرد بە خوێندنی سورەتی (مولک).. کەیوان پێی گوتبوو:

ـ((کاک سۆران سورەتی مولک لەبەر بکە.))
ـ((ان شاء الله))
ـ((کەلەبەرت کرد هەموو شەوێ پێش ئەوەی بخەون بیخوێنە))
ـ((بەپیشتیوانی خوای گەورە.))
ـ((ئەزانی بۆچی؟))
ـ((لەبەر ئەوەی تۆ فەرمانم پێ دەکەیت))
ـ((نا.. چونکە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی.. هەر کەسێک ئەو سورەتە پێش خەوتنان بخوێنێت، خوای گەورە لە تاریکی گۆڕەکەی ڕزگاری دەکات و هەمیشە ڕووناک دەبێت))

ـ((ان شاء الله لەبەزی دەکەم و دەیی خوێنم))

بۆچی قوتابییەکانی کەیوان ڕوویسان بوو لە ناستیدا سەر بەرز بکەنەوە..؟ بۆچی بەموو لە قسەکانی دەر دەچوون؟ نەخێر.. ئەوان کەیوانیان بە مامۆستاو

خۆشەویست و برا گەورە و باوکی خۆیان دەزانی.. هەر چیەکی پێ بگوتنایە خێرا جێ بەجێیان دەکرد..!! دەیانوویست هەر بەڕاستی سەرباز بن و کەیوانیش فەرماندە..!! سۆران لە ((تبارك الذی بیده الملك و هو علی کل شیء قدیر)) هوە دەستی پێ کرد.. تا هەر سێ ئایەتەکەی تەواو کرد.. پاشان پێڵوەکانی قورس بوو.. خەو زۆری بۆ هێنا.. لەدوای چەند ساتێکی کەم بە تەواوی ڕازا.

بۆبەیانی.. ئاو لەسەر جادەکان بەرزبویەوە، باران بەتوندی وبەخۆڕ دەباری، دڵۆپەکان وێدەچوو گەلێک گەورەبن، هەورەکان چەخماخەیان دەدا دەیانگرماند...گرماندنێکی قورس و تاڵ.. پڕلەمەترسی.. شێوەیان وەک و شێوەی پیرێک مالوس و یەکانە بوو.. دەهاتن و دەچون بەنێو یەکدا.. هێندەت دەزانی نالەیەکیان لێوە دەهات، مرۆڤ دەیگوت ئێستانا ئێستا دنیا کاول دەبێت، گەردوون تێکدەچێت بەسەریەکدا و جیهان خاپور دەبێت.. ئەمەنەجارێک و نەدووان و نەدە.. ئاولەسەرجادە زۆرتر بوو.. زیاتری کرد.. بەردەوامیش باران دەبارێت زۆرسەیرە.. دوێنێ چ خۆرەتاوێک بوو..!!.. تیشکی خۆر مرۆڤی کاس وگێژ دەکرد.. دوێنێ هەموو

شتێک ئارەقی لێ دەچۆڕا.. هەموشتێک هەڵمی لێ هەڵدەسا.. هەڵم بوویان شتێک بوو وەکوهەڵم، .. کەچی لافاو هەڵساوە.. دەڵێی ئاسمان ئەمرۆ لەبەعس و لەشار تورەبووە.. تورەبووە لەبەعس.. چونکە وردە وردە وازلە خوڕەوشت وناکاری مرۆڤ دەهێنێت ودەبێت بەدڕندە.. خۆی دەبێتە دڕندەو ئاکاریش دەبێتە دڕندە.. تورەبووە لەشاریش، چوونکە هەموری بەجارێ، بە پیاو ژن و گەورەومنالەوە، هەڵ ئەسنە سەرپێ وڕاناپەڕن بۆلەناوبردن ولە ڕیشە دەرکێشانی ئەم زۆرداری ودڕندەیەتی بەعس:.

سۆران گەلێک سەیر بوو.. ئەم بەجۆرێکی تر لەم بارانە ڕادەماو شیتاڵی دەکرد.. یاخود شعوری بەجۆرێکی تەلیسماوی تر ڕوداوەکەی تێدەگەیاند.. لەبەر پەنجەرەی ژورەکەی خۆیدا ڕاوەستا بوو، بۆ دەرەوەی دەڕوانی و بەخۆی دەگوت:

ـ((ئەی دنیا..!! وادیارە ئەمرۆ کۆتا ڕۆژی من و ڕۆژگارە بۆیە وا هەورەکان ڕەش داگەڕاون و بانگ وسەدای گریانیان لێداوە و تەم فرمێسکە گەورەکە گەورانە بەخورد ەڕژێنن.. دیارە ئەوان لەجێگایەکی ترەوە بەمەیان زانیوە ئەوان پاکو بێگوناهن دڵ سافن.. بەرگەی ئەم

جۆرەترا ژیدیایانە ناگرن.. بۆیە ئاوا دەگرین وئاگر لە جەرگیان بەربووە!! تەواو.. ئەمڕۆ من و ڕۆژگار تەواو دڵم وام پێدەڵێت..!! ئەمڕۆ چیرۆکی عەشقێکی پڕ لە ژان و ئازار سەر دەبڕێ و کۆتای پێد ێت..!! ئەم پانتۆڵە ڕەشەکەی وکراسە سپیەکەی لە بەر کرد بوو، کتێبە کانیشی بەدەستەوە بوو..چاوە ڕێی ئەوەی دەکرد بارانەکە خۆش بکات وبۆی دەرچێت..وەلێ جەخار.. باران خۆش ناکات.. ڕاناوەستێ.. دڵی ئەمیش زیاتر دادە خورپێ!

ـ((تەواو خۆیەتی..جیا بوونەوەیە.. لێک دابڕانە و هیچی تر.. ئاخر کەی لەبەهاردا بارانی وابساری وە.. کەی هەور واگرماندویەتی..؟ کورە بابە بارانی چی و گرماندنی چی.. ئەوە خەڵکی لێیان تێکچووە، خەیاڵ دەکەن.. ئەگینا ئەوە گرماندن نیە.. ئەوە بانگ وسەدای گریان وهیچی تر.. ئەوەش باران نیە.. ئەوە ڕۆندک و فرمێسکی چاوی هەورەکانە.. خەڵکی لێیان تێکچووە.. نازانن ئەوان بۆ ئەمڕۆی من و ڕۆژگار دەگرین..نازانم.. نا.. لێیان تێ ناگەن!! سافان وچکە تۆرەو شێتەکان، جارجارە هێور دەبوونەوە جار جارەئۆقرەیان دەگرت.. بەڵام زۆری نەدەبرد سەر لە نوێ توڕەدەبونەوە.. سەر لە نو ێ شێت و هار دەبوونەوە .. سەر لە نوێ یاخی دەبوونەوە..!چەخماخەو

بروسکه، یەک لەدوای یەک دادەگیرسان.بڵێسەیان دەدا.. بەدوی ئەوانیشدا، نرکەو نالەیەک، وەک بورکان دەتەقییەوەو گوێی مرۆڤی کەڕ دەکرد.. سۆرانیش ڕۆحی هەمووی برین بوو، برینی ڕوت وقوت، برینی بێ شێوەو بێ بارستای وبێ بۆن وتام.. برینی هزرێ.. پڕبەبونی حەزی دەکرد بارانەکە ڕیگای بدات و هەر چۆنێک بووە خۆی بگەیەنێتە کەیوان، بەڵکو بتوانێت بۆی هەتوان بکات.. وەلێ یازوخ ئەم شالاوە چۆن دەوەستێ:

ـ(ئەمڕۆ تەواو.. تازەپاسەکانیش باوەڕناکەم دەرچن.. کێ دەتوانێ بەم چەفە ساخەو بروسکەیە لە مال بڕواتە دەرەوە.. بە هەر حال.. کێ دەڵێت خەیری پێوە نیە.ئەی ئەوە نیە خوای گەورە دەفەرمو ێت (وعسی ان تکرهوا شیئا وهو خیر لکم..) ئەمڕۆ نارام دەگرم.سبەینێ..انشاء الله هەموو شتێکی بۆ باس دەکەم .

زەمەنی بەیانی تانیوەڕۆ، نیوەڕۆ تا ئێوارەش تابەرەبەیانی ڕۆژی داهاتوو تێپەڕی، سۆرانیش وێدەچوو لەسەر پشکۆ ڕاوەستا بێت.. حەزی دەکرد هەڵۆزەک بوایەو لەچاوترووکانێکدا خۆی بگەیاندایەتە تاڤگەی ژووان.. تەماشایەکی سەعاتەکەی کرد، چل وپێنج دەقەی ماوە بۆ دەوام.. کتێبەکانی نایە بن

هەنگڵی وبۆی دەرچوو.. ئەمڕۆ بەپێچەوانەی دوێنێ وە خۆرهەتاوەکەی دنیا زۆر ئاساییە.. بەکرێ گیراوانی بەعسی داگیرکەر یش، هێندە بە جلی سەوزی وەک قەوزی ناو زۆنگاوەکانەوە لە سوچەکانەوە، دوو دوو، سێ سێ، وەستاون بووەبەشتێکی ئاسایی لای خەڵکی.ئەو خەڵکە ڕاهاتون بەوەی لەوەخت وبێ وەختدا، خوێن تاڵێکی بەعەس پێیان بڵێت:

ـ((کاکە هەویەکەت))
ـ((فەرموو))
ـ((ئەوە تەزویرە))
ـ((کاکە تەزویری چی))
ـ((با من دەڵێم تەزویرە))
ـ((باوکم بەخوا تەزویر. نیە.. تۆ جوان سەیر یکە.))
ـ((سەگ بباب.. خۆ کوێر نیت.. دەڵێی کەڕیت، تێناگەیت))

خوێن تاڵەکە بە ئاشکرا داوای پارەی دەکرد.. کابرایش ناچار بیست و پێنج دینارێکی دەدایەوە ڕزگاری دەبوو.. سۆران زۆر خۆی دەپاراست لە مانە.. چونکە دەی زانی فلسیان ئاداتێ و دەبێت بە شەڕیان و دواتر دەیگرن..

هەر چۆنێک بوو خۆی گەیاندە قوتابخانە.. کەیوانی دی لە سوچێکدا قسان بۆ چەند قوتابیەک دەکات.. بە دەست خۆی نەبوو پێکەنی.. پێکەنینێکی نەرمی لەسەر خۆ.. ناچارە.. هەر دەبێت پێ بکەنێت.. ناتوانێت کەیوان ببینێت و بەختیار نەبێت.... ناتوانێت تەماشای نەو دەمو چاوە پڕ لە نوورو یەقینە بکات و خەندە نەیەتە سەر لێوی.. هەتا بڵێی دەستەو سانە لە ئاستی کەیواندا.. ئەم هەرکاتێک نەو دەبینێت هەمور شتێیەکی لە بیر دەچێتەوە.. ڕۆژگاریشی لە بیر دەچێتەوە، لە بناری کەیواندا کە ڕادەوەستێ، ئیدی هەست بە قورسایی جەستەی دەکات.. ئەمە چراخانی نەو خۆشەویستی و عاتیفەیە کە کەیوان پێش هەمور شتێک لە ڕۆحی قوتابیەکانیدا دایدەکیرسێنێت، کەیوان دەی زانی، تا ئەم خۆشەویستیەو عاتیفەیە لە نێوان قوتابی و مامۆستادا دروست نەبێت، هیچ شسێک ناگاتە کۆتایی.. تەمەنی شتەکان لە تەمەنی گوڵەکان تێناپەڕێ.. وەلێ ئەگەر مامۆستا توانی جێگای خۆی لەدڵی قوتابیەکەی دا بکاتەوە و وجودی قوتابیەکەی پڕ بکات لە عاتیفە و خۆشەویستی، ئیدی نەو قوتابیە لە

بەر دەستیدا دەبێتە هەویرێک و چۆنی بوێت وا دەیکات بەنان..

سۆران لێیان نزیک بوویەوەو سڵاوی لێ کردن ئەوانیش وەڵامیان دایەوە.. ئەم داوای مۆڵەتی وەستانی لێ کردن، ئەوانیش پێیان ئاسایی بوو.. پاشان کەیوان دریژەی بە قسەکانی دا..



★★★ ★★★ ★★★

لەدوای دەوام، سۆران و کەیوان بە پێ بۆ بازاڕ سەرکەوتن، نەیان دەویست سواری پاس ببن.. سۆران لەکاتی دەوامدا پێی گوت بوو کەکارێکی پێویستی پێیەتی.. کەچی ئێستا زاری ناکاتەوە، کەیوانیش هەر بەتەمای ئەو بوو قسان بکات.. کەزانی هیچ ناڵێت خۆی هاتە گۆ!

-((کاکە سۆران، بۆ بێ دەنگیت..؟))
-((بڵێم چی!))
-((چۆن بڵێیت چی..؟ مەگەر تۆ نەتگوت کارێکی پێویستم پێت هەیە؟))

ـ((با..))
ـ((ئەی ئیتر بێ دەنگی یانی چی؟))
ـ((ئاخر..))
ـ((ئاخری ناوێ کاکە گیان.. مەگەر ئێمە دڵمان باوەش نیە بۆ یەکتری دەتوانین بژین؟ دەتوانین نهێنی خۆمان، کێشەکانمان لە یەکتری بشارینەوە..؟))

ـ((نەخێر..))

ـ((کەواتە دەست پێبکە.. قسە بکە.. بزانم کارە پێویستەکەت چیە..؟))

سۆران دەستی لە خۆی بەرداو هەرچی لە دڵیدا بوو، هەڵی ڕێژا بۆ مامۆستاکەی، هیچ هەر هیچی لێ نەپەراند، چیرۆکی عەشقی خۆی و ڕۆژگاری لە نووکەوە بۆ گێڕایەوە، دڵیشی بە خێرایی لێی دەدا.. کەیوانیش بە خۆش حاڵیەکەوە پێی کوت:

ـ((چارە سەرکردنی زۆر ئاسانە!!))
ـ((چۆن..؟ وازی لێ بێنم..؟))
ـ((نەخێر..؟ هەرگیز نابێ وازی لێ بێنم!!))
سۆران بەم وەڵامە گەشایەوە:

ـ((ئەی چی بکەم..؟))

ـ((تۆ نالێی ئەو هێندە تۆی خۆش ویستوە، تا ئەو ڕادەیەی پێی گوتویت.. تۆ خوای منی!))

ـ((لەویش زیاتر..))

ـ((کەواتە ئاسانە..))

ـ((چۆن؟))

ـ((کە ڕۆیشتیتەوە بۆ ماڵ.. نامەیەکی دوورو درێژی بۆ بنوسە.. بەڕوونی باسی ئەوسای خۆتان وئێستای خۆتی بۆ بکە.. بۆی بنووسەکەئێستا خاوەنی عەقیدەیەکی و بەرنامەیەکی ئێتر وتەواویت و ئەگەر تۆیش بەڕاستی منت خۆش دەوێت، دەبێت عەقیدە وبەرنامەکەم وەرگریت.. بێگومان ئەویش ناتوانێت لەقسەی تۆ دەربچێت ودەبێتە زەینەب غەزالیەکی سلێمانی!!))

ـ((ئاخر کێ دەڵێت لەقسەم دەرناچێت؟))

ـ((من دەڵێم.تۆ تازە تەلی عاتیفێت گرتووە.. ناتگۆڕێتەوە بە هیچ شتێکی ئەم دنیایە..))

ـ((یانی ئاساییە نامەی بۆ بنوسە؟))

ـ((تۆ چۆن گومڕات کردووه ، دەبێ ئـاوایش ڕێگـای نیشان بدەیتەوه..))

ـ((باشـــه ئەگـــەر عەقیدەکـــەمی وەرگـــرت.. بەبەرنامەکەم ڕازی بوو ، دوای چی..؟))

ـ((دوایـش مەلایـەک و دوو مشـکی بەسـەر لەگـەل خۆمدا دەبەم و داوای دەکەم بۆت))

سۆران لە شەرمانا سەری دانەواندو هیچی نەگوت.

*** *** ***

شەوێ قەڵەمەکەی گرت بەدەستیەوه و نەم نامەیـەی بۆ نووسی:

((بەناوی خوای گەردوون و ژیان و مرۆڤەوه))
ڕۆژگاری خۆشەویستی هەرگیز لەیاد نەچووم..
سڵاوی خوای پەروەردگاری تاک و تەنیات لێ بێ..

سلاوی ئەو خوایەت لێ بێ، کەمنی سەرگەردان و عەودال، لە پاش گەڕان و گەشتێکی دوورو درێژ، دۆزیمەوە..

ڕۆژەگیان.. لەوانەیە هیچ لەوشەکان و مەبەستم نەگەیت، هەقی خۆتە، چونکە سەرجەمی ئەو نامانەی کە من بۆم نووسیویت هیچیان بەم جۆرە نەبوون..

ڕۆژەگیان.. هەقی خۆمە داوای مژدەت لێبکەم.. مژدەی دۆزینەوەی خۆم و خۆت.. مژدەی دۆزینەوەی هێڵی پەیوەندی ئەبەدی نێوان خۆم وخۆت،

با ڕونتر بۆت باس بکەم.. جاران من دەمویست قەناعەت بە تۆ بکەم کە خوا نیە.. ئیسلام درۆیە.. بەهەشت و دۆزەخ مرۆڤ خەڵەتاندنە..

ئەم قسانەیشم بە ناوی زانیاری و عەقڵی نێوە بۆ دەکردی، بەڵام لە ڕاستیدا، ئەگەر خۆم فریو نەدەم و تۆی نازیزو خۆشەویستیشم نەخەڵەتینم، دەبێ دان بە هەقدا بنێم.. دەبێ داد پەروەرانە بڵێم.. هەرچی بەڵگەی زانیاری و عەقڵی هەیە، هەموویان دان بەوەدا دەنێن کە ئەم گەردوونە خوایەکی هەیە و، ئیسلامیش تاکە بەرنامەی ئەو خوایەیە و، لە ڕێگای محمدی

پێغەمبەرەوە هاتووە بۆ مرۆڤەکان و، دەبێت هەرچی مرۆڤی ئەم سەر زەویە هەیە لەسەری بڕۆن..

ڕۆژەگیان، وا نەزانی خوا نەخواستە من لەوەو پێش ئەم هەموو ڕاستیانەم زانیوە و خۆم لێ گێل کردووە و تۆیشم لێ دوور خستۆتەوە.. نەخێر.. من کاتێک ئەم ڕاستیانەم بۆ دەرکەوت کە کاک کەیوانم ناسی و کردم بە مامۆستای خۆم.. لەوانەیە بپرسی ئەم کەیوانە کێیە..؟

ڕۆژەگیان.. کاک کەیوان منی فێرکرد خوا کێیە.. ئیسلام چیە..؟ مرۆڤ لە کوێوە هاتووە..؟ بۆ کوێ دەڕوات..؟ بۆچی هاتووە..؟.

کاک کەیوان منی لە تاریکستانی نەفامی دەرهێناو خستمیە سەر ڕاستە شەقامی ئیسلامی..

ڕۆژەی خۆشەویستم.. ئێستا منیش لە میحرابی ئەم نامەوە، داوات لێ دەکەم، تۆیش بێتە ڕیزی ئێمەوە و، ئیسلام بکەیت بە بەرنامەی خۆت..

ئەگەر ئەم دارایەم ڕەت نەکەیتەوە، ئەوە بزانە ئیتر هەتا هەتایە پێکەوە دەبین.. چونکە ئەگەر مردین، بەیەکەوە دەبستی یەکتری دەگرین و دەڕۆین بۆ

بەهەشتێک کە مردنی تێدا نیە.. ڕۆژەی خۆشەویستم.. ئەوە ئەم دوو کتێبەیشت بۆ دەنێرم،

((گەشتەکەم لە گومانەوە بۆ باوەڕ)) و ((سروشت لەتەرازوی ژیریدا)) و بۆ ئەوەی بزانیت، زانیاری و عەقڵ چۆن حەقیقەتی ئیسلام ڕۆشن دەکەنەوە..

هەرچەن دەیشزانم، مادەم من داوام لێ کردویت، ئیتر کتێب بخوێنیتەوە نەی خوێنیتەوە، هەر ئیسلام وەردەگریت و دەبی بەمن..

ڕۆژەگیان.. لەبیرت نەچێ.. وتەگەورەکەی خۆتت لە بیرنەچێ، ئەوەی لەباخی گشتی پێت گوتم.. گوتت.. من حەز ئەکەم لەزاتێکی نورانی وەکو تۆدا بتوێمەوە.. دەی من ئێستا داوای تەوەت لێ دەکەم ئیسلام وەربگریت، بۆ ئەوەی لە یەکتریدا بتوێینەوە..

چاوەڕوانی وەڵامی ئیجابیتم..

خۆشەویستت / سۆران

قەڵەمەکەی دانا و هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو.. دەستی کرد بەخوێندنەوەی.. دووجار خوێندیەوە..حەزی

نەدەکرد یەک وشەی لێ لابات.. چونکە هەر وشەیەکی بە پارچەیەک لە ڕۆح و میژووی خۆی دەزانی!!

نامەکەی قایم کردوو لەجێگای تایبەتیدا دای نا.. پاشان بانگی بەختیاری برای کردو پێی گوت:

-((قورئانەکەت ئامادە کردووە؟))
-((بەڵێ))
-((چەن ئایەت؟))
-((نزیکەی پەنجا ئایەت لە سورەتی ئالی عمران))
-((بیخوێنین؟))
-((بەڵێ))
-((دەبڕۆ هەردوو قورئانەکە بێنە!!))

بەختیار، هەردوو قورئانەکەی هێنا دەرس خوێندن دەستی پێکرد..

٥

ئەم ساڵ هەزارو نۆ سەدوو هەشتا و حەوت.. پەنجەرەیەکی سەوزی، لە ڕووی عەشقێکی ناسمانیدا کردۆتەوە.. پەنجەرەیەکی گەورەو فراوان..

ڕۆژگار پۆلی پێنجی ئەدەبیە.. دەمو چاوی پارچەیەکە لە نوور، نوورێکی داگیرساو، ویدەچێ هەرگیز نەکوژێتەوەو.. بااڵی دەڵێی شۆڕەبیەو بۆ گەلاوێژی ئەستێرە خۆی هەڵبڕیوە، زەردەخەنەی سەر لێوەکانی و نیگا پڕ لەسۆزەکانی، دنیایەکی پڕ لە تەلیسمن..

جەمەڕەشیی باوکی بازرگانە.. زۆر دەوڵەمەندە، دایکی مرۆیەکی ڕۆح سوکی لادییە.. ناوی ئامینەیە.. چیرۆکی بەیەک گەیشتنی دایک و باوکی گەلێک درێژەو، بەبێ ویستی خۆیان گەیشتن بە یەک.. مامەی.. بەڵێ مامەی گرێی دان بە یەکەوە.. مامی ئامینە لە

سلێمانیدا دەبن..تابلێی دەولەمەند دەبن.. دەولەمەندی سەر لە زۆر مرۆڤ دەشەوێنێ.. عەقڵی زۆر کەس دەخاتە ژێر تەوژمی شەهوەت و ئارەزوو وەوە..

مامی ئامینە کە ئەو دەولەمەندیەی خۆی دەبینێت، بڕیار دەدات ژنێکی تر بهێنێت.. بەڵام کام تافرەت شودەکات بە پیاوێک کە خاوەنی شەش منداڵ و ژنێک بێت؟

کام تافرەت ئامادەیە بێتە نێو ئەم جیهانەوە..؟

ئەگەر سەربەستی نەبێت وهیچ جۆرە زۆرداریەک لەئارادا نەبێت لەسەروی هەموشیانەوە، زۆرداری پارە، ئەوە بێگومان هیچ نافرەتێک ئامادەنیە، ببێتە سوتەمەنی ئەم جەنگە!! مامی ئامینە دەسەڵاتێکی زۆرداری لەژێردەستایە.. خاوەنی پارەو گیرفانە.بۆیە ئەم بڕیارەی داوە..!!

پاش گەڕانێکی کەم، باوکی حەمەڕەشید دەدۆزێتەوەو، داوای کچە گەورەکەی دەکات.. ئەویش دەیداتێ بەو مەرجەی ژن بۆ حەمەڕەشیدی کوڕی بهێنێت و یارمەتێکی مادی باشیشی بدات..

ئەم داواکاری و مەرجانە بۆ سەرمایەدارێکی وەکو مامی ئامینە هەرهیچ نیە.. بەڵێ هەرهیچ نیە..

سەرەتا، ئامینەی سۆفی کەریمی بۆ، لەحەمەڕەشید مارەبڕی و، دوکانێکی کوتاڵ فرۆشتنیشی بۆ دانان و ڕەشیدی خستە سەری و، دواتر خوشکەکەی ڕەشیدیشی بۆ خۆی گواستەوە.. ژۆژگار.. کچی ئەم حەمەڕەشید و ئامینەیەبە

★★★ ★★★ ★★★

ئەم ئێوارە، سەعات پێنج و نیو، لە باخی گشتی، نامەکەی لە سۆران وەرگرت..

زۆری پێ سەیر بوو... یەک سااڵی ڕەبەقە نامە نووسین لە ئێوانیادا نیە.. پێویستیان پێی نەبووە، چونکە هەر کاتێک بیان ویستایە ڕاستە وخۆ قسەیان دەکرد..

کاتێک نامەکەی لێ وەرگرت، هەستی بەوەکرد شتێک هەیە.. شتێکی نائاسایی و، سۆران ناتوانێت بیدرکێنێت و، لە نامەکەدا نووسیوێتی.. بۆیە بەپەلە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە..

سەعات هەشتی شەوە، بۆجاری دەیەمە نامەکە دەخوێنێتەوە.. دەیخوێنێتەوەو ماتیەک دای دەگرێت،

نامەکە لەسەر دڵی دادەنێ و بە قوڵی تەماشایی ئەو دوو کتێبەیش دەکات کەلەگەڵ نامەکەدا سۆران دایە دەستی،

جارێکی تریش دەستی کردەوە بە خوێندنەوەی.. وشەکان نامۆ بوون لای.. تامیان، بوونیان، ڕەنگیان، ئاوازیان، هیچ شتێکیان لە وشەکانی پێشوو ناکات.. ئەمجارە کە لەخوێندنەوەی بوویەوە و.. هەستایە سەر پێ، لە سەرەوەی ژوورە تایبەتەکەی بۆ خوارەوەو لە خوارەوە بۆ سەرەوە، دەستی بە گەڕان کردوو لەبەر خۆیەوە دەی گوت..

((هەرگیزاو هەرگیز خۆم بە جیا لە سۆران نەزانیوە و خۆیشم بە جیا نازانم..

دڵنیام، منی لە خۆی زیاتر خۆش دەوێت، .. بەڵێ دڵنیام.. سۆرە گیان، دینی من دینی تۆیە.. تۆ لەسەر هەردینێک بیت، منیش لەسەر ئەو دینەم..

گرنگ ئەوەیە من و تۆ یەکمان خۆش دەوێت، خۆشەویستی سەرچاوەی ژیانە..

سوریش دەزانم، بۆیە ئیسلامی هەڵبژاردووە، چونکە وەکو باست کردووە بۆ هەتا هەتایە کۆمان دەکاتەوە، دەمان کات بە یەک..))

پاشان خەیاڵی چەترێکی بۆ هەڵداو لەباوەشی سێبەرەکەیدا غەرقی کرد.. خەیاڵ وەکو هێزێکی تونبو نیژی نادیار، بردیەوە بۆسەردەمی منداڵی..

پۆڵی چواری سەرەتایی بوو، باوەو دایەی فێری نوێژیان دەکردو بەرماڵیان بۆ ڕادەخست و دەیان گوت.. تادەی ڕۆژەگیان نوێژ بکە..

ژیانی منداڵی چەند خۆشە!! دنیایەکی پاک و بێگەردە، مرۆڤ قەدری نازانێ، نەو ساتە نەبێ کە گەورە نەبێت و ژەنگ و ژاری ئەم ژیانە دەیگرێت!!

ڕۆژگار کتێبی یەکەمیانی هەڵگرت، چاوێکی بەبەرگەکەیدا خشاند، نوسراوە!

((گەشتەکەم لە گومانەوە بۆ باوەڕ))

بەخۆی گوت:

((ناونیشانێکی زۆر سەیرە! دەڵێی بۆ مـن و سـۆران نووسراوە!))

بەرگەکەی هەڵدایەوەو دەسـتی بەخوێندنـەوەی کـرد.. خوێندنەوە جڵەوی بیرو هۆشی گرتە دەست.. لە ژورەکەی خۆیی دوورخستنەوە.. بێ ئاگای کـرد لـەوەی، کەلـەنێوان چوار دیوارو سەقفێک دایە.

هـەر بەشـێکی تـەواودەکرد، بـەبێ وەسـتان، بـەبێ ئـەملاولاکردن خـۆی فـرێ دەدایـە نێـو بەشـێکی تـرەوە، دەمێکە بەتەمای کتێبێکی وایە بیخوێنێتەوە..

ئەو پرسیارانەی کەلەمێشکیدا کەڵەکەیانی کرد بـوو، بـێ وەڵام مابوویـەوە، یـەک وێـەک و دوو دوو، لەسـەر سەکۆی مێشکی دەهاتنە خوارەوە و بۆ یەک جـاری مـاڵ ئاواییان لێ دەکرد..

کەلـە خوێندنـەوە بوویـەوە، هەسـتی بـەوەکرد رۆژگارەکـەی چـوار سـەعات لەمـەوپێش نیـە.. خـۆی وا دەدی مرۆڤێکی تەرەو لـە دنیایـەکی تـرەوە گەڕاوەتـەوە.. بۆیە بەبێ وێستی زمانی کردەوەو گوتـی! ((اشـهدو ان لااله الا الله، واشهدو ان محمدا رسول الله))

بەدەم سەر ڕاوەشاندنەوە چەند جارێکی دی ئەو دوو ڕستەیەی دووبارە کردەوە.. پاشان لەبەرگەوە دەستی کردەوە بە خوێندنەوە..

نەیدەزانی دنیا شەوە یان ڕۆژە..؟
خۆرە یان تاریکی..؟
نەیدەزانی سەعات چەندە..؟
کات دڕەنگە یان زوو؟

وای هەست دەکرد، ڕێبوارێکی لێو وشکی گەرو وشکی، زمان وشکی بیابانێکی لماویە و، پاش تینوو بوونێکی دوورو درێژ، کارێزێکی دۆزیوەتەوەو بینی پێوە ناوەو نایەوێ بەم خێراییە وازی لێ بێنێ..

ئەم جارەیش دای نەنا تا تەواوی کرد.. کەگەیشتە کۆتا لاپەڕەو دوا ووشەی خوێندەوە، خەندەیەک گرتی و گوتی:

((سۆرەگیان، سوپاس بۆ ئەو خوا گەورەیەی کە تۆی بە من ناساند.. چونکە ئەگەر من تۆم نەناسیایە و نەبووینایەتە خۆشەویستی یەکتری،

هەرگیز ئەم ڕێگەیەمان بەم شێوەیە نەدەدۆزیەوە بەهەر حاڵ..))

هەستایە سەر پێ و پەنجەرەکەی لادا، بەرز بەرزێ بۆ ئاسمان و ئەستێرە گەشاوەکانی نواڕی و گوتی!

((خوایە گیان.. پەیمان بێ لەمەو دوا ببمە سەربازێکی ئەم نیسلامەی کەبە دیاری بۆ ئێمەی مرۆڤت ناردووە..

ئەم نیسلامەی کە فێری نەوەمان دەکات چۆن مرۆڤایەتی خۆمان بپارێزین..

خوایە گیان.. پەیمان بێ پەیمان..))

پاشان وردتر، لە ئاسمان و ئەستێرەو تیشکە سپی و جوانەکان ڕاما.. ڕاما تاسنوری خۆرنکردن!!

مانگی پێنجی هەزارو نۆسەدو هەشتاو حەوت، تارای سەر پەرچەمی هەڵەبجە، بوو بە یەکپارچە خوێن..

لەم مانگەدا، خەمێکی ڕەژویی، ڕەشن، چڵکن، وەکو بایەقوژ بە سەر هەڵەبجەدا دەفڕێ..

ئەو خەمە لێڵە هەڵمی زۆنگاوی تاوانی بەعسی دێوەزمەیە، لە ژێر تینی بلێسەو گڕی هەناسەی مرۆڤی هەڵەبجەی ژێر پێ خراودا، بەردەوام بەرز دەبێتەوە خۆی دەگەیەنێتە ڕاسەری خانووەکانی شار، لەوێدا دەبێت بە گەوالە هەوری ناشرین، سەرو مل خوار، چاو دەرپەڕی و..

ئێوارانیش، کەخۆر کۆتاماچی لوتکەی بەرزی کەژەکەی ڕۆژئاوا دەکات و، بەجێی دێڵێت، ئیتر گەوالە هەورەکان باوەش بە یەکتریدا دەکەن و، لە خودی خۆیاندا چڕ دەبنەوە، چڕبوونەوەیەکی ترسناک.. پاشان بارانیان شەستە دەکات و دەباڕێ..

ئاااایی لە ناشیرینی نەم بارانە..!
ئاااایی لە لیقنی نەم بارانە..!
هیچی لە بارانی ئاسایی ناکات.. دڵی هیچ جوتیارو مەزرایەک خۆش ناکات..
لەم مانگەدا،
هەڵەبجە لە ڕۆندکێکی گەورە دەچێ،
لە هەناسەی دایکێکی جگەر سووتاو دەچێت!!
مرۆڤەکان ماتن، کڕن.. چونکە چۆلەکەی جەندەکانیان، کەوتە ژێر نوکی نێزەی بەعسیان.. هێشتا جێگای پەڵە خوێنی سەر جادەکان و بۆ شایەتی ئازارو ئەشکەنجە هەڵر ماون و بۆنیان دێت..

مرۆڤەکانی هەڵەبجە زەردن زەرد..

چونکە لەم مانگەدا، پایز بوو بە مەڵبەندێکی نەوەوی و لە ڕۆحیاندا تەقیەوە.. تەقیەوە و سادەترین

ئاسەواری بەهاری نەهێشت.. تا ئێستایش گەلاکان هەر زاڵەبانە..

ئاااای لەم سروشتە جوانە چی بەسەر هاتووە..!!

ئەم زنجیرە شاخەی باڵامبۆو شنرۆێ و سورێنە، بۆ ئەسر بارانی شار دەکەن..!!

*** *** ***

لەم مانگەدا بەعس لادێکانی دەورووبەری شاری ئاوارەو دەربە دەرکرد، خەڵکێ لە مەزراو ئاوو نیشتمانی باب وباپیریانی دابڕی..

خەڵکی هەڵەبجە بەمە ڕازی نەبوون.. ئاخر ئەم گوندنیشینانە چ تاوانێکیان کردووە وا دەربەدەرو ئاوارە دەکرێن..

کوڕانی شار یاخی بوون، ڕاپەڕین.. لە ١٢/٥/١٩٨٧ دا، کۆبوونەوەو هاتنەسەر جادەکان.. بەیەک دەنگ، هاواری ڕوخاندنی تەختی زۆرداری و ستەمیان بەرز دەکردەوە..

ژەندرمەکانی بەعس لوولەی تفەنگەکانیان نایە سەر دڵیان و دەیان شۆڕش گێڕو ئازادی ویستیان شەهید کرد..

دواتر فرۆکەکانیان هات و گەڕەکی کانی عاشقانیان کرد بە خۆڵە مێش ئەو کەسانەیش کە گیران، شەوێ بردنیانن بۆ سەرەوەی شارو چاڵی گەورە گەورەیان بۆ هەڵکەندن و بەزیندوویی خۆڵیسان درا بەسەرا، بریندارەکانیش هەر لە خەستەخانە کوژران..

پاشان ژەندرمەکانی بەعس، هێرشیان بردە سەر مزگەوتەکان و، هەرچی موکەبەرەبوو، بەڕۆژی نیوەڕۆ و بەبەرچاوی خەڵکیەوە دزیان.. ئەمە چۆن دزیەکە!!

خەڵکی شار تێگەیشتن ئەوە هەنگاوی یەکەمی بەبیابان کردنی هەڵەبجەیە.. بۆیە بڕیاری بەرگریان دار، زۆربەی زاناکان و لاوەکان ڕوویان کردە شاخ!!

*** *** ***

ئێستا ((٢/٥/٨٧)) تەو کەیوان و سۆرانیش لەکەبابخانە کۆنەکەی جارانی هەڵەبجەدان.. لەسەر دوو کورسی وبەرامبەری یەک دانیشتوون و نان دەخۆن:

ـ((کاک سۆران: من و باوکم: کەدەهاتینە ئەم شارە، هەر لەم دوکانە نانمان دەخوارد.))

ـ((دوکانێکی خۆشە.))
ـ((ترسام ئەمیش ساروخێکی بەر کەوتبێ.))
ـ((بەعس درندەیە.. خۆکسانی عاشقانت دی چی لێ کردووە؟!!))
ـ((زۆر دەترسم، هەموو شار والێ بکات))
ـ((منیش هەمان ترسم هەیە.. دڵم وام پێنەڵێت، ئەمە کۆتاجاربوو ئیتر هەڵەبجە ببینن))
ـ((منیش دەڵێم نە.. ان شاء الله))

کەلەنان خواردن بوونەوە هاتنە دەرێ:

ـ((کاک کەیوان لەکوێ نوێژی نیوەڕۆ بکەین))
ـ((لەمزگەوتی دار السلام))
ـ((لەکوێدایە؟))
ـ((لەنزیکی سیەمماکەدایە، کاک عبدالرحمانیش لەوێ دەرس دەڵێتەوە.. وا بزانم ئێستا لەوێن.. بابڕۆین، هەردووکیان بەرەو مزگەوتێ شۆڕ بوونەوە..

★★★ ★★★ ★★★

هەر وەکو جاری پێشوو، قوتابیەکانی کاک عبدالرحمان لەبەر کەیوان هەستانەوە.. وەلێ ئەمجارە

کەیوان لەباوەشی دەگرتن و نەملاولای ماچ دەکردن.. سۆرانیش هەروەها..

عبدالرحمان گوتی: ـ((لەکەیەوە هاتوون؟))
ـ((نزیکی دوو سەعاتێک دەبێت.))
ـ((ئەی لەکوێ بوون!))
ـ((حەزمان کرد سەرێکی کانی عاشقان بدەین!))
ـ((ڕۆیشتن؟))
ـ((بەڵێ))
ـ((بەچاوی خۆتان بینیتان؟))
ـ((بەڵێ بینیمان.))
ـ((خوا ڕەحمی کرد، تەگینا هەورامانیش زیندەبەچاڵ دەکرا))
ـ((هەورە.. بۆ؟))

کەیوان تەماشایەکی پڕ لە خۆشەویستی هەورامانی کردو لێی ورد بوویەوە، ئەو سەری داخست.. عبدالرحمان گوتی:

ـ((دوای بۆت دەگێڕمەوە.. زۆرمان نەماوە لە قورئان خوێندن ببینەوە.. تەنها دڵێرو سەرکەوت ماون.. بیخوێنین!))

ـ((ئەی بۆ نایخوێنن، ئێمەیش حەز دەکەین گوێمان لێ بێت))
ـ((مەبەستم ئەوەیە برسیتان نیە؟))
ـ(((نانمان خواردووە.)))
ـ((لەکوێ!))
ـ((لە بازار))
ـ((دیسان بەزمە.. باشە کێ پێی گوتـن نـان بخـۆن، لاحول ولاقوة الا بالله..؟))
ـ((برسێتی پێی گوتین..))
ـ((ئەی بۆ نەهاتنەوەبۆ مالەوە؟))
ـ((ئاخر زانیمان لێرە دەرسـت هەیـە، بۆیـە نـەمان ویست لە خەیرەکەت بکەین))
عبدالرحمـان سـەرێکی ڕاوەشـاند، وەکـو بڵێـیت.. بێدەنگت کردم.. پاشان دوو قوتابیەکە قورئانیان خوێندو لێ بوونـەوە.. خۆیـان ئامـادە کـرد بـۆ ئامۆژگـاری.. عبدالرحمان بە نەرمە پێکەنینێکی نقێندارانەوە گوتی:
ـ((کاک کەیوان فەرموو.))
ـ((بڕۆین؟))
ـ((ڕۆیشتنی چی؟))
ـ((ئەی تۆ نالێی فەرموو؟))

ـ((ئەڵێم فەرموو ناموژگاریمان بکە.. ئەوە نیە قوتابیەکان چۆن چاوەڕێی ناموژگاریەکانن))

ـ((نەخێر.. ئەمجارە من گوێ دەگرم و دەبێ تۆ بفەرموویت))

ـ((ئەوە هەر نابێ!))

ـ((بۆچی؟))

ـ((نابێ و تەواو))

کەیوان ناوڕی دایەوە بۆ لای هەورامان و پێی گوت:

ـ((کاک هەورامان تۆ حەکەم بە مـن قسەبکەم یان کاک عبد الرحمان؟))

هەورە چەند خەندەیەکی شەرمن هاتە سەر لێوەکانی و گوتی:

ـ((ناخر بە حەکەمی من ڕازی دەبن؟))

ـ((ئەی چۆن))

ـ((کەواتە مادەم کاک عبدالرحمان پێی خۆشە، تۆ قسەمان بۆ بکە.))

کەیوان بۆی خنایەوەو هیچی نەگوت، سەری بۆ خوارەوە بەردایەوەو لە دڵی خۆیدا گوتی:

-((چی باس بکەم..؟ چی باس بکەم..؟ نا.. زۆر گونجاوە بۆیان..!!)

پاشان ناوی خوای هێناو گوتی،

-((حەز نەکەم کەمێک لەم ئایەتە بدوێین.!)

(ولا تهنوا ولا تحزنوا وأنتم الاعلون ان كنتم مؤمنين..)

بۆیەک سات پێڵوەکانی ئایەسەر یەک و کردیەوەو ژیرانە دەستی کرد بە ڕاڤەکردنی ئایەتەکە.

رۆمان

نوسینی : عادل باخەوان

گەرەوان

بەشی دووەم

١٤١٨-١٩٩٨

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿اقرأ باسم ربك الذي خلق، خلق الإنسان من علق، اقرأ وربك الأكرم، الذي علم بالقلم، علم الإنسان ما لم يعلم﴾..

- ناوی کتێب: کەیوان
- بابەت: ڕۆمان
- نوسینی: عادل باخەوان
- چاپی: دووەم
- بەشی: دووەم
- بەرگی: یەکەم
- کۆمپیوتەر: بەختیار علی
- چاپخانەی: سەفوەت
- تیراژ: ۱۰۰۰ دانە
- ساڵی: ۱۹۹۸ ز - ۱٤۱۸ ک
- مافی چاپ پارێزراوە

پێشەکی

١- خوێنەری خۆشەویست ئەمەی ئێستا دەیخوێنیتەوە، بەشی دووەمی بەرگی (یەکەمی) ڕۆمانی کەیوانە، ئەم بەشەیش وەک هەر یەکێك لەبەشەکانی هاوڕێی بێ بەش نەبووە لەنازارو ئەشکەنجەکانی لەدایك بوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بەنێرگز حساب بکرێت، ئەوا پێش بەهار گەیشتە لاتان، ئێوەش ئاگاتان لەفرمێسکە زەردەکانی چاوانی بێت، ئەو فرمێسکانە، دیاری چلە نێرگزەکانی کەیوانن بۆ ئێوە، ئەو فرمێسکانە دور نیە لە دوو تۆپیدا خەندەکانی شەهید خالدی پێبێت، ئەو خەندانەی لەبەهەشتەوەو شەوێکی تاریك بەئەمانەت دایە دەستی ئافرەتێکو پێی گوت: (ئەی ئافرەتی موسڵمان، دایکم ڕۆژانی هەینی لەمزگەوتی گەورە نوێژ دەکات، ئەم ئەمانەتەی بۆ بەرەو پێی بڵێ بالەوە زیاتر نەگریو ئاگای لەبەهرەی کچە بچکۆلانەم بێت)..

خوێنەری ئازیز، دەخیل ئاگاداربە، نەکەی لەکاتی خوێندنەوەدا ئەو چلە نێرگزانەی دەوری کەیوان ئازار بدەی، ئەوانە نەبوونایە نێستا کام فیشك دەی وێرا بڵێ من دەست نوێژم هەیە، کام نێوچاو دەیوێرا بڵێ من سوجدەم هەیە.. گەر شەهیدان نەبوونایە کێ دەیتوانی بڵێ من وجودم هەیە...! ! شەهیدان ئەی ئەو گوڵانە سووراوانەی لەبن هەر تاشەبەردێکی سەنگەردا یادگاریەکتان بەخوێن نووسی، داواتان لێ دەکەم ڕازی نەبن لەوانەی مالی لەچڕ دروست کراوی کۆیستانی بۆ ئامادەکانتان دروست ناکەن...! !

٢- هەر لەم پێشەکیە کورتەدا، بەپێویستی دەزانم زۆر بەگەرمی سوپاسی ئەو بەڕێزانە بکەم کە هاوکاریان کردم لەبڵاوکردنەوەی بەشی یەکەمی کەیواندا، زۆر سوپاس بۆ ئێوە ئەی ئەو بەڕێزانەی بەلایەنی (مەعنەوی‌و ماددی) هاوکاریتان کردم، داواکارم لەخوای پەروەردگار پاداشتی چاکەتان بداتەوەو هیوادارم هەمیشە وەکو ئێستاتان لەسەنگەری شەهیداندابن، تا ئاواتەکانیان دێتە دی.

٣- بڕایانو خۆشکان، زۆر سوپاسی ئەو هەموو نامەیەی ئێوەش دەکەم، کە پاش بڵاوبوونەوەی بەشی یەکەمی کەیوان بۆتان ناردبووم، دڵنیابن ئاواتتان دێنمەدی‌و بەپشتیوانی خوای پەروەردگار بەشەکانی تریش یەك لەدوای یەك دەخەمە بەردەستتان ئێوەش ئەی ئەوانەی کۆیردەبن لەکاتی بینینی کارێکی تازەو لەحیقدو حەسەددا نزیك بوو پارچە پارچە بەبن کە کەیوانتان بینی کە وەك یەکەم ڕۆمانی ئیسلامی کوردی بڵاوبووەوە، گەردنتات نازاد بێت‌و هیوادارم بەخۆتاندا بچنەوەو لەبیرتان نەچێت ژیان قوتابخانەیە بۆ تاقیکردنەوەو هەموشمان وەك چلە

نێرگزەکانی دەوری کەیوان بەجێی دێڵێن.. بەڵام گرنگتر ئەوەیە لەپێناوی بیرو باوەڕو ئامانجە پیرۆزەکانماندا قوربانی بدەین.. نەك لەپێناوی غەریزە کوێرەکانی شەیتاندا.

٤- هەر لەم پێشەکیە کورتەدا دەمەوێت ئاماژە بەمەسەلەیەك بدەم، ئەویش بریتیە لەخۆشەویستی نێوان ئۆرانو رۆژگار، وەك لەرۆمانەکەدا هاتووە، ئەم دووانە کاتە کڵۆنیست بوون، دیارە ژیان بۆ هەر مرۆڤێکی کڵۆنیست بریتیە لەچی؟! کانێکیش کە ئۆرانی رووەکاتە ئیسلامو دەبێت بەیەکێك لەمەڵگرانی بانگەوازی خواوەند، ئیدی هەست بەوە دەکات نەوعیەتی پەیوەندی بەرۆژگارەوە دەبێت بگۆڕێت. لێرەوە پەنا دەباتە بەر کەیوانو دواتر رۆژگاریش بانگەواز قبوڵ دەکاتو پاشان رۆمانەکە مەساری شەرعی خۆی وەردەگرێت.

٥- ئەم بەشەی رۆمانەکەم بەکێ پێش کەش بکەم..؟! هەموو جارێ کە ئەم پرسیارە لەخۆم دەکرد، خێرا دیمەنی ئەو پیاوە بەتەمەنە ڕیش سپیەم بیر دەکەوتەوە کە هەر لەمنالیمەوە تاگەورەبوونم دەستی گرتمو وەکو پشتیو پەنایەکی پڵڵاین وابوو بۆ خۆمو بانگەوازەکەم. ئەو پیاوە بەتەمەنە ڕیش سپیەی کە لە پاش کیمیاویەکەی هەڵبجەو دوای ئەوەی لەزەرایینو سلێمانی چالاکیە ئیسلامیەکانمان پەردەوام بوو، هەموو جارێك دەهاتە لامو ئامۆژگاری دەکردمو لەخۆم دڵسۆزترم بوو، تانەو ساتەی زەندرمەکانی بەعس هاتنو منیان دەس نەکەوتو ئەویان بەزیندانی سپیەوە بەرەو زیندان ڕاپێچ کرد، ئەو پیاوە بەتەمەنە ڕیش سپیە لەبری من کرایە زیندانەوە ئازەحەتی زۆری چەشت، بەڵام سوپاس بۆ خوا دواتر لەدەستیان ڕزگاری بوو.. ئەو پیاوە بەتەمەنە ڕیش سپیە باوکم بوو..

باوکی خۆشەویستم ئەم دیاریەیە بچوکەم پێش کەش دەکەم بەتۆ، ئومێدەوارم بەم نێوارە درەنگە، لەگەڵ سوتانی بەردەوامی چراکەمدا، لێم ببوریت و ئەگەر ڕۆژێك لەبەر خاتری بانگەوازەکەم کارێکم کردبێت دڵە پاکەکەی تۆی عەزیەت دابێت، ئەگەر ڕۆژێك لەبەر ئاوارەیی،مسن چاوەکانت پڕ بووبێت لەفرمێسك لەبری هەموو ئەوانە داوای لێبوردنت لێ دەکەمو ئەم بەرهەمەت پێش کەش دەکەم، تۆش لێم وەربگرە ئەی باوکی خۆشەویستم.

عادل باخەوان
١٩٩٨/٢/١٣
سلێمانی - رعایە

پاش ڕاپەڕینەکەی هەڵەبجە و کپکردنەوەی بە ئاگرو ئاسن، پاش داگرتنی بڵند گۆی مزگەوتەکان و، تەخت کردنی گەڕەکی کانی عاشقان.. ئیدی توندو تیژی بەعسی لەشاری سلێمانیدا زۆرو زۆرتر بوو..

سەعات نۆی ڕۆژی هەینی کەیوان لەمالەوە دانیشتبوو.. کتێبێکی بەرگ سووری بە دەستەوە بوو، لەسەر بەرگەکە ناوی کتێبەکە نووسرابوو.. (قصص النبين للأطفال)..

بەرگەکەی هەڵدایەوە.. بینی سید قوتب پێشەکی بۆ نووسیوە، خۆشیەک بە دڵیدا تێپەڕی، ئەم هەر بەبینینی ناوی سەید قوتب خەنین ڕووی تێ دەکات، بەوردی چاوێکی خشاند بە پێشەکیەکەدا سەید نووسی بووی:

ـ((ئەم چیرۆکانە هەر چەند بۆ منالان نووسراون، بەلام دەبێ پیاوانیش بیخوێنەوە..!))

ئەمیش لەبەر خۆیەوە گوتی:

((زۆر ڕاستە، چونکە ڕێبازی ئێمە هەمان ڕێبازی پێغەمبەرانە، بۆیە ئەو گێرەو کێشەو ناڕەحەتی و ئازارانەی هاتوونەتە ڕێگای ئەوان، حەتمەن دێنە ڕێگای ئێمەیش.. دەبێت زۆر بخوێنینەوە بۆ ئەوەی فێربین وەکو ئەوان ئارام بگرین.. وەکو ئەوان بانگەواز بکەین.. وەکو ئەوان جیهاد بکەین..))

پاشان لاپەڕەی یەکەمی هەڵدایەوە و پێشەکیەکەی ئەودیویشی خوێندەوەو چوویە سەر یەکەم چیرۆک.. لەسەری لاپەڕەکەوە نووسرابوو:

((کێ بتەکانی شکاند؟))

بەخۆی گوت:

((کەواتە چیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیمە.. زۆر چاکە.. هەر ئێستا دەیخوێنمەوەو بۆ بوخاری و موسلیمیشی باس دەکەم..))

تەماشایەکی سەعاتەکەی دەستی کرد:

((نیو سەعاتمان ماوە بۆ دەرسەکە.. سەعات نۆیە.. بوخاری و موسلیم نۆو نیو دەرسیان هەیە.. چاکە.. فریا ئەکەوم..))

سەری شۆڕ کردەوە بۆ سەر کتێبەکە، گوێی لە تەقەی دەرگای ژوورەکەی خۆی بوو، چاوی بەرز کردەوە گوتی:

ـ((فەرموو))

بوخاری چکۆلانە هاتە ژوورەوە..

ـ((کاکە.))

ـ((گیانی کاکە.))

ـ((کاکێ عەلی هاتووە بۆ لات، لەبەر دەرگایە، بێتە ژوورەوە؟))

ـ((کاکێ عەلی))

ـ((بەڵێ))

ـ((ئا.. ئا.. برۆ پێی بڵێ با بێتە ژوورەوە))

بوخاری ڕۆیشت.. ئەم کتێبەکەی داخست:

((ئەبێت چۆن هاتبێت..؟.. خەیر بێت..؟.. نا.. نەخێر.. هیچ جۆرە مەوعیدێکمان نەبووە لەم کاتەدا..؟))

دەفتەرە چکۆلەکەی دەرهێنـا و تەماشای کرد، بـۆ ئەوەی بزانێت رۆژی هـەینی سـەعات نـۆو نیـو پـەیمانی بەکێ داوە، بینی نوسراوە))

((رۆژی هـەینی.سـەعات نۆونیـو.. بوخـاری و موسلیم..))

کاک عەلی هاتە ژورەوەوبوخـاری دەرگـای ژورەکـەی داخست:

ـ((سەلامو عەلێیکوم))

ـ((عەلێیکومەسەلام وەرەحمەتولا..))

هەردوو برا دەسـتیان خسـتە نێـو دەسـتی یـەکتری و توند پەنجەکانی یەکتریان گوشی:

ـ((کاک کەیوان ئەوە دەفتەری دەرسەکانت نیە!))

ـ((با..چۆن ئەزانیت؟))

ـ((هەرچی من دێم بۆلات دەری ئەهێنیت بـۆ ئـەوەی بزانیت لێت تێک ئەچوە))

کەیوان بەپێکەنینەوە گوتی:

ـ((ئـەم جارەیان.. یـان مـن لێـم تێـک چـوە و نـەم نوسیوە، یان تۆ کارێکی گرنگت هەیەو هاتویت..))

ـ((نەخێر تۆ لێت تێک نەچووە.. من بۆکارێکی پێویست هاتوم..))
ـ((خێربێت.. ان شاءالله))
ـ((تۆجارێ دانیشە))
لەپەنای کتێبخانەکەدا و لەسەرەوە دانیشتن..
ـ((کاک کەیوان، دەبێت لەوەو دوا قوتابییەکان گورجوگۆڵ بکەینەوە))
ـ((هیچی تازەت بیستووە؟))
ـ((بەڵێ))
ـ((ئادەی))
ـ((پێرێ کاک عبد الله ناوێکیان گرتووە))
ـ((بۆ؟))
ـ((لەبەرئەوەی دوو نامیلکەی بەدەستەوە بووە))
ـ((نەتزانی چی و چی بوون!))
ـ((گوتیان ژیان نامەی دوو هاوڕێ ی پێغەمبەر (صلی ا لله علیه وسلم) بوون)).
ـ((ئەوانەی کە خۆیان چاپیان کردوە))
ـ((بەڵێ))
ـ((لاحول ولا قوة الا با لله.. عبدالله قوتابی کێیە؟))
ـ((نازانم.. بەڵام دەڵێن برایانی موسڵمانە))

ـ((خوا بیپارێزێت..))
ـ((دوێنێیش.))
ـ((دوێنێ چی..))
ـ((پاش نوێژی عەسر، لەبەر دەرگای مزگەوتی گەورەدا، کۆمەلێک لەژەندرمەکانی بەعس ڕاوەستا بوون))
ـ((ئێ..))
ـ((هەر گەنجێک کەلەمزگەوت دەهاتە دەرەوە، داوای هەویەیان لێ دەکردوو پاشان دەیان پشکنی..))
ـ((بەڵێ..))
ـ((هەر گەنجێک، سیواک یان قورئانی پێ بوایە، سواری سەیارە سەر بەتالەکەیان دەکردوو ڕاپێچی بەندیخانەیان دەکرد..))
ـ((لاحول ولاقوة الابا لله.. باشە کەسیان گرت؟))
ـ((بەڵێ))
ـ((چەند بوون..؟ کێ بوون..؟ قوتابی خۆمانیان تیا نەبوو؟))

-((نەخێر قوتابی خۆمان نەبوون.. بەڵام تاسێ گەنج ئاگام لێ بوو.. قورئان و سیواکەکەیان لێ دەستەندن و بەپاڵ سواری سەیارەکەیان دەکردن..))

-((زۆر باشە.. ئاوا..زۆرباشە.. سەلماندتان، بەڵێ سەلماندتان کە بە حەق دژایەتی ئەم ئیسلامە دەکەن وە سەلماندتان کوڕی میشل عەفلەقی خاچ پەرستن و ئەتانەوێت لە نێو ئەم کوردەدا سەلاحەدینێکی تر دروست نەبێتەوە..))

-((کاک کەیوان گیان))

-((بەڵێ))

-((باسەرلەنوێ قوتابیەکان رێک بخەینەوەو تۆندو تۆڵیان بکەینەوە..))

-((زۆر پێویستە.. دەبێ ئامادەی ئەم قۆناغەیان بکەین کەبەرەو ڕوومان دێت..))

-((بەتایبەتیش قوتابیەکان زۆر بوون و ئێستا ژمارەیان دەگاتە پەنجا کەس..))

-((بەڵێ ژمارەیان دەگاتە پەنجا قوتابی..))

ـ((کەوانە کەی دەرفەتت دەبێت یەکتری ببینین و نەخشەیەکی بۆ دانێین..؟))

ـ((تۆ کەی دەرفەتت دەبێت؟))

ـ((هەرکەی بڵێی ئامادەم..!))

ـ((ئەمڕۆ سەعات چواری ئێوارە))

ـ((لەکوێ؟))

ـ((لێرە.. لەمالی خۆمان))

ـ((زۆرباشە.. ئەگەر ئیشێکی ترت پێم نیە پا من بڕۆم..؟))

ـ((یەکەم هەمیشە پەیوەندیت بەخواوە ببێت.. دووەمیش ژمارەی قوتابیەکانت گەیشتوونەتە پانزەکەس.. ئەبێت هەر قوتابیەکی تۆ لە دوازۆژا، قەڵایەکی سەخت بێت بۆ پارێزگاری لەم ئیسلامە..))

ـ((بەپیشتیوانی خوای گەورە..!!))

کاک عەلی هەستایە سەر پێ و کەیوانیش تا بەر دەرگا بەڕێی کردو گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی وەلەلای ڕاستی کتێبخانەکەیەوە دانیشت.. پاڵی دا بە سوچەکەیەوە.. ئەژنۆکانی بەرز کردبووەو بەدەستەکان گرتبووی و دەیگوت:

ـ((خوایە بۆ خاتری گەورەی و بەزەیی خۆت، قوتابیەکانم بۆ بپارێزە و ئاگات لێیان بێ.. خوایە نەیان خەیتە ژێر چەپۆکی ژەندرمەکانی بەعس.. تا ئەو ساتەی خۆیان دەگرن و سلێمانی لە ژەندرمەکانی بەعس دەکەن بە شەوی تاریک..))

جارێکی تر لە دەرگاکەیان دایەوە و ئەم گوتی:

ـ((فەرموو))

بوخاری هاتە ژوورەوە:

ـ((کاکە))
ـ((گیانی کاکە))
ـ((سەعات نۆر نیوە دەرسەکەمان پێ ئەڵێت؟))
ـ((بەڵێ))
ـ((بێینە ژوورەوە؟))
ـ((بەڵێ))

بوخاری بانگی موسلیمی کرد و یەکی بە جوزئێکی عەمەوە هاتنە ژوورەوە و لەبەردەمی برا گەورەکەیدا ئۆخژنیان گرت.

کەیوان سورەتی (قارعەی) ی پێ گوتبوون، گوێی لێگرتن و ئەوانیش بەدەنگە منداڵانەکەی خۆیان، بۆیان

خوێندەوە.. کەلێ بووندەوە ئەمیش سورەتی (عادیاتی) بۆ خوێندنەوە.. بوخاری گوتی:

ـ((کاکە.. ئەمڕۆ چیرۆکمان بۆ دەگێڕیتەوە؟))

ـ((بەڵێ..))

موسلیم گوتی:

ـ((چیرۆکەکە خۆشە!))

ـ((بەڵێ))

ـ((وەکو ئەو جار؟))

ـ((خۆشتر.))

کەیوان بەپەلە چاوێکی بە چیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیمدا خشاند و پاشان ناوی خوای هێناو گوتی:

ـ((ناوی حەزرەتی ئیبراهیمتان بیستووە؟))

ـ((بەڵێ))

ـ((چیرۆکەکەی دەزانن؟))

ـ((نەخێر..))

ـ((ئەم ئیبراهیمە وەختی خۆی منداڵێکی زۆر چکۆلانە بووە..))

ـ((وەکو ئێمە؟))

ـ((ڕێک وەکو ئێوە.. زۆر عاقڵ بوو.. کاری خراپی نەدەکرد.. جنێوی نەدەدا.. قسەی لاڕو وڕێی نەدەکرد.. کە

ئەوەندەی مێشی لێهات ئیتر لەگەڵ باوکیدا کردی بەهەرا))

موسلیم گوتی:

-((بۆ؟))
-((چونکە باوکی بتی دەفرۆشت))
-((بتی دەفرۆشت؟))
-((بەڵێ.. ئیبراهیم پێی گوت: بابە گیان، عەیبە، خوای گەورە ئەتخاتە ناو ئاگرەوە، تۆ چۆن ئەبێ دارو بەرد بکەیت بەخوا بۆ ئەو خەڵکە و پێیان بفرۆشیت))

-((ئەی باوکی ئەیگوت چی؟))

-((باوکیشی وەڵامی نەدەدایەوە و گالتەی پێ دەکرد.. ئیبراهیمیش بێدەنگ بوو تا خەڵکی شارەکەی ڕۆژی جەژنیان هاتە پێشەوە و چوون بۆ دەشت))

-((ئیبراهیمیش لەگەڵیان ڕۆیشت؟))
-((نەخێر))
-((ئەی؟))
-((ئیبراهیم خۆی کەناردا، کەشار کەسی تیانەما.. ئیتر خۆی گەیاندە ئەو جێگایەی کە بتە گەورەکانی تێدا

دانرابوو.. ئیبراهیم تەورێکی بەدەستەوە بوو.. یەکە یەکە ئەهاتە لایان و پرسیاری لێ دەکردن))

بوخاری:

-((پرسیاری چی؟))

-((ئەیگوت.. ئەی بتەکان، ئێوە گوێتان لە دەنگی منە.. ئێوە ئەتوانن بەرگری لەخۆتان بکەن.. ئیتر بە تەورەکەی چەپ و پراست تێیان کەوت و هەموویانی شکاند.))

-((هەموویان!))

-((تەنها هەرە گەورەکەیان نەبێ.))

-((بۆ؟))

-((ئیبراهیم.. گوتی.. ئەمەیان ناشکێنم.. تەورەکەی نایەسەر شانی و گوتی.. ئەگەر هاتنەوە ئەلێم ئەم بتە گەورە، بتە چکۆلانەکانی شکاندوە..))

دەنگی دایکی لە دەرەوەی ژوورەکەی هات:

-((کەیوان، ڕۆلە کەیوان ئەو دەرگایە بکەرەوە، بزانە کێیە..))

کەیوان گوتی:

-((بەسەر چاو دایە گیان، هەر ئێستا..))

پاشان بە بوخاری و موسلیمی گوت:

-((ئێوە دانیشن، بزانم کێیە؟))

هاتە دەرەوە و دەرگاکەی کردەوە، دیتی سۆرانە، تەوقەیەکی گەرمی لەگەڵدا کرد و ئەملاولای ماچ کرد، سێ ڕۆژە نەیدیووە!!! بردیە ژوورەکەی خۆی، بوخاری و موسلیم لەبەری هەستانەوە، دەیان ناسی، چونکە چەند جارێکی تر سۆران هاتووە بۆ ئێرەو بینیونی.. بوخاری و موسلیم تەوقەیان لەگەڵدا کرد، ئەمیش ئەملاولای ماچ کردن.. دواتر دانیشتن..

کەیوان:

-((چۆن بوو هاتی؟))

-((لەبەر دوو هۆ..))

-((یەکەم))

-((یەکەم بێرم کردیت، سێ ڕۆژە ئەمدیویت، خۆزگە هەمیشە قوتابخانە دەبوو.. بەس نیە هەموو بەیانیەک یەکمان دەدی، ئەم پشووی هاوینە ناخۆشە..))

کەیوان پێکەنی.. زۆر بەختیار بوو بەو پەیوەندیە رۆحیەی کە لەنێوان خۆی و قوتابیەکانیدا هەیە.. گوتی:

ـ((ئەگەر تۆ نەهاتیتایە بۆ لای من، ئەوە من دەهاتم بۆلای تۆ.))

ـ((دووەمیش، هاتووم بۆ..))

ـ((بۆچی؟))

ـ((بۆ شریتەکانی زەینەب غەزالی..))

ـ((ژیانەکەی؟))

ـ((بەڵێ))

ـ((ئەی هەر دوو شریتەکەم نەدایتێ و لێت نەدا؟))

ـ((با))

ـ((ئیتر بۆ چیتە؟))

ـ((ئەمەوێ پێویستم پێیەتی..))

ـ((بۆ رۆژگار))

ـ((بەڵێ.. چۆنت زانی؟))

ـ((بە قسەکانتدا دیارە.. ئەبوو پێشتر بتدایەتێ.. من نومێدم زۆر بەرۆژگارە.. ان شاء الله نەبێتە زەینەب غەزالی سلێمانی))

ـ((ان شاء الله))

ـ((هەتا ئەتوانی هانی بدە بۆ خوێندنەوەی کتێبی ئیسلامی، هانی بدە بۆ ئامۆژگاری کردنی کچانی هاوڕێی و دەرس دانان بۆیان.. خۆی فێر بووە قورئان بخوێنێتەوە؟))

ـ((بەڵێ.. هەرسێ جوزئەکەی مەنشاویم لە تەسجیلات بۆ کڕدووە و بۆم ناردووە.. ئێستا زۆر باش قورئان دەخوێنێتەوە))

ـ((ئەی خوێندنەوەی کتێبی ئیسلامی!))

ـ((دەڵێت ڕۆژۆ شەوێک پێنج سەعات دەخوێنمەوە))

ـ((پێنج سەعات!!))

ـ((بەڵێ))

ـ((هەر زۆر باشە، لە غەرەبیدا چۆنە!))

ـ((زۆر باشی دەزانێت))

ـ((سوپاس بۆ خوا))

کەیوان تەماشایەکی کتێبخانەکەی کرد.. کتێبی (کیف ندعو الی الاسلام) و (معالم في الطریق) ی دەرهێناو لەگەڵ هەر دوو شریتەکەی زەینەب غەزالیدا خستیە زەرفێکەوە و دایە دەستی سۆران و گوتی:

ـ((ئەمانەی پێ بگەیەنەو پێی بڵێ.. زۆر ئومێدمان پێیەتی))
ـ((کاک کەیوان..))
ـ((بەڵێ))
ـ((حەز ئەکەم دوو شریتی خۆشتی لەگەڵدابێ))
ـ((بەسەر چاو))
ـ((چاوت خۆش بێت))
کەیوان دوو شریتی خۆیشی دەرهێناو دایە دەستی سۆران گۆتی:
ـ((خوای گەورە پاداشتت بداتەوە))
ـ((تۆش بخاتە بەهەشت))
سۆران پێکەنی، کەیوانیش پێکەنی، ئەم جۆرە پێکەنینانە، پڕن لە ئەڤین، خۆشەویستیان لێ دەڕژێ بەفری سۆزیان لێدەبارێت.. کەم کەس هەیە تامی ئەم جۆرە پێکەنینە بکات..
سۆران هەستایە سەرپێ وکەیوانیش تابەردەرگا بەڕێی کرد.. پاشان گەڕایەوە بۆلای بوخاری وموسلیم و دانیشتەوە.. بوخاری:
ـ((ئێ کاکە.. خەڵکەکە گەڕانەوە؟))

ـ((بەڵێ.. هەموویان گەڕانەوە.. کاتێک خواکانیان بینی ئابەو جۆرە شکاون و لەت لەت بوون، شێت بوون، گوتیان ئەبێ کێ ئەوەی کردبێ.؟ کابرایەک گوتی..کەس نەبووە ئیبراهیم نەبێت؟ ئیتر ڕۆشتن بەدوایداو ئیبراهیمیان هێنا..))

ـ((ئێی..))

ـ((گوتیان تۆ شکاندوتە، گوتی نەخێر گەورەکەیان بووە، ئەوە نیە تەورەکەی بەشاندەوەیە، وتیان.. ئاخر ئیبراهیم نەو گەورەیە چۆن ئەتوانێ شتی وا بکات..

گوتی:

ـ((جا چۆن ئەبێ مرۆڤ شتێک بپەرستێت کەنەگیانی تیابێت و نەژیان ببەخشێت و نەقازانج؟))

ـ((ئەی بە گۆێیان کرد؟))

ـ((نەخێر.. ئاگرێکی گەورە یان بۆ کردەوەو خستیانە ناو ئاگرەکەوە، بەڵام نەسوتا))

ـ((چۆن؟))

ـ((چونکە خوای گەورە بەئاگرەکەی فەرموو بوو، ئەی ئاگرەکە ئیبراهیم نەسوتێنیت.. ئیتر نەیتوانی بوو

بیسوتێنێت وەکاتێک دامرکایەوە ئیبراهیم هاتە دەرەوەو هیچیشی بەسەر نەهاتبوو.. ئێستا بـا مـن پرسیارێکتان لێ بکەم))

ـ((فەرموو))
ـ((خوای گەورە بژچی نەپهێشت بسوتێ؟))

موسلیم:

ـ((چونکە ئیبراهیم بتی نەتەپەرست))
ـ((چیتر؟))

بوخاری:

ـ((دەیشی شکاندن..))
ـ((ئافەرم.. نەبێ ئێمەیش بت بشکێنین..))
ـ((جا چۆن؟))
ـ((هەرکەسمان دی گوناهی کرد، تەبێ نە یەلین بیکات.. ئیتر ئێمەیش وەکو ئیبراهیمان لێدێت..))

کەیوان تەماشایەکی سەعاتەکەی کرد، دە و نیوە، گوتی:

ـ((ئێستا من ئیشم هەیە، بۆ جارەکەی تر، بۆتان تەواو دەکەم بڵێن ان شاءالله.

*** *** ***

چارەک بۆ یانزە گەیشتە یاریگای گشتی شارو لەتەکسیەکە دابەزی.. ڕێبوار لەم دیوی یاریگاکەوە چاوەڕوانی دەکرد.. گەیشتن بەیەک، پاش سڵاو و تەوقەکردن کەیوان گوتی:

ـ((هێشتا چارەکێکمان ماوە..؟ وانیە))

ـ((بەڵێ وایە لە کوێ دانیشین؟))

ـ((دنیا خۆرەتاوە.. لە هەر کوێ دانیشین دەبێت، بەڵام من وام پێ چاکە سواری بەڕازیلیەکە ببین و، بەدەم پیاسە کردنەوە قسەبکەین، چونکە ئەمین تڕە..))

ـ((منیش زۆرم پێ چاکە..))

بەرەو لای بەڕازیلیە سپیەکە هاتن وسوار بوون.. وردە وردە بەرەو ژوور سەرکەوتن..

ڕێبوار گەنجێکی بیست و یەک ساڵانەی ڕوخسار سپی و باڵابەرز، مامی موستەشاری فەوجە، پارەی لێدەباڕێ.. تاسەر ئێسقانیشی ڕێبوارێ خۆش دەوێت و هیچ داوایەکی ڕەتنا کاتەوە.. ئەم بەڕازیلیەدیاری مامیەتی..

پار ئەم وەختانە بوو، کەیوان لەتیپێکی تۆپی پێدا یاری دەکرد، ڕێبواریش لەتیپێکی ترداببوو.. کاتێک هەردوو تیپەکە بەیەک گەیشتن و یاری یەکی دۆستانەیان کرد.. ئیتر کەیوان و ڕێبوار بوون بە ئاشنای یەک.. کەیوان لەهێڵی هێرش بردندا یاری دەکرد.. ڕێبواریش لە بەرگریدا.. کەیوان لەویاریەدا سێ گۆڵی تۆمار کرد.. ڕێبوار زۆری پێسەیر بوو.. ئەوەیەکەم جاری بوو، یاری چیەک ئاوا بەگیری بێنێت!!

هەرچی بەرگری دەکردو فاوڵی لێ دەگرت، کەڵکی نەبوو، هەمیشە کەیوانیش داوای لێ بوردنی لێ دەکرد.. ئەوفاوڵی دەگردو ئەم دەستی دەهێنا بەسەری دا.. ئەم ئاکارە جوانانە، ڕێبواری ڕاوەشاندو بەئاگای هێنایەوە، پاش یاریەکە هاتەلای کەیوان وخۆی پێ ناساند، کەیوانیش هەرگیز هەڵی لەدەست نەدەدا، ژیرانە قۆستیەوەو ڕێبواری کرد بەیەکێک لەقوتابیە هەرە زیرەکو ئازاکانی خۆی، ڕێبوار شەشی نەدەبی تەواو کرد بوو، ئیدی وازی لە خوێندن هێنا بوو.. یاری بوو بوو بە دین و ئیمانی.. تا ئەو ساتەی بوو بەگوڵاڵەیەکی بەهاری کەیوان.. مەگەر لەمەودوا لە ژێر پاڵەپەستۆی کەیوان و بەزەمینە خۆش کردنی مامی بتوانێت بگەڕێتەوە بۆ

خوێندن.. بەڕاڕیلیەکە زۆر لەسەر خۆی دەڕۆیشت، کەیوان و ڕێبوارێش لەگەڕمەی باسەکەدا بون.. کەیوان:

ـ((گرنگ ئەوەیە کەتیپەکە دابمەزرێت..))

ـ((ان شاء الله دادەمەزرێت.. بەڵام دەبێت خۆت سەرپەرشتی بکەیت..))

ـ((ئاخر من کاتم نیە..))

ـ((ئێستا فانیلەکان کەی ئامادەبن؟))

ـ((دەبێت کاتی بۆدانێیت..))

ـ((هەرئێستا دەڕۆین لە سەرەوە دەیکڕین.))

ڕێبوار بۆ کەیوان و قوتابیەکانی، مەلبەندێکی گەورەی ئابوری بوو، هەرچیەکیان پێویست بوایە بۆی دەکردن.. کەیوان تیپێکی تۆپی پێ بەباش دەزانێت بۆ خزمەت کردنی ئیسلام ئەوە ڕێبوار پارەی دەستەیەک فانیلەو دوو تۆپی بۆ هێناون.. بەڕاڕیلیەکەشی هەمیشە لە خزمەتیاندایە.. گەیشتنە دوکانێکی وەرزشی، دەستەیەک فانیلە و دوو تۆپیان کڕی.. پاشان لەوێوە بەرەو مزگەوتی بەرامبەری پەروەردە شۆڕبوونەوە.. بەڕاڕیلیەکەیان لە سوچێکدا ڕاگرتوو خۆیان ئامادەی نوێژی هەینی کرد.

مەلا لە خوتبەکەدا، بەکولّ بـۆ سـەرۆکی فـەرمانده، سەدام حوسێن دەپارایەوە، دەیگوت:

ـ((خوایە بیپارێزیت بۆمان.. خوایە ئەو وەکـو بـاوک وایە بۆمان، بێ باوکمان نەکەیت.. خوایە سوپا دلێرەکەی سەرکەوتووکە..))

کەیوانیش بەردەوام سەری زادەوەشاندوو دەیگوت:

ـ((خوایە بۆ خاتری گەورەیی خۆت ئەو مەلایە بکـە بەپەن، خوایـە ئـابڕوی بـەرە، خوایـە شـەرمەزای دنیـاو قیامەتی بکە.. ئاخر، داناوەشێی، ئەو مێزەرە سـپیەت بەسەرەوەیە و دوعا بۆ ئەو تاغوتە دەکەیت..؟ چۆن شـەرم ناتگرێ و لە خوا ناترسی..؟ ئەو مەلایانـەیش کـە ئێستا لەبەر خاتری خوا لەزیندان تونداگراون، هەروەکو تـۆ وان، بەڵام تۆ ترسـنۆک و خۆفرۆشـیت و ئـەوان ئـازاو لـە خـوا ترس و دڵسۆزی ئەم ئسلامەن..!!))

پاش نوێژی هەینی، ڕێبوار بە سـەیارەکەی کـەیوانی گەیاندەوە ماڵەوە کەیوان هەرچی هەوڵی لەگـەڵدا دا بـۆ ئەوەی ئانی نیوەڕۆی لەگەڵدا بخوات، ڕازی نەبوو.. خـوا حافیزی کردو بەرەو ماڵی بابی گەڕایەوە.

ڕۆژگار سەلامی نوێژی عەسری دایەوە..
پاش تەواوکردنی ویردەکانی بەرمالەکەی پێچایەوەو هەلیگرت و لەسەر قەنەفەکەی لای ڕاست دانیشت..

ئەم ژوورەی ڕۆژگار، ژێرجلەکیانە خوتوکەی ژێر پێی کامەرانی مرۆڤ دەدات و دەیخاتە پێکەنینی بەختیاری.. کومبارێکی شین بەفراوانی ژوورەکە ڕاخراوە، دووقات قەنەفەی بەرگ سور لە بەرامبەری یەکتری دا دانراون.. هەروەکو ژوورەکەی سۆران لەسوچی سەرەوەی ژوورەکەدا، کتێبخانەیەکی نێو قەد باریکی بەرز، قیت کراوەتەوەو سێقاتە.. چەند تابلۆیەکیش بەدیوارەکاندا هەلواسراون.. تابلۆکان ڕەنگاو ڕەنگن.. ئەم ڕەنگانە، هەر یەکەیان بۆ خۆیان کێلگەیەکی نهێنین..

ڕۆژە چاوی بەسەر تابلۆکاندا دەگێڕا.. لای ڕاستەوە، یەکەم تابلۆ پایزە، درەختێکی گەورە گەورە، یەک دنیا گەڵای وەراندوەتە سەر خاکەکەی بەردەمی و بەردەوامیش گەڵا دەوەرێنێ.. ئەم دیمەنەی گەلێک بەلاوە جوان بوو..

دووەمیشی تێپەڕاند.. لەسەر سێیەم ڕاوەستا.. هەستایە سەر پێ لێی نزیک بوویەوە، بەرامبەری ڕاوەستا، کز کزێ بۆی دەڕوانی، لەنێو چوار چێوەی تابلۆکەدا ئەمانە دیارن:

ڕووبارێکی پان و گەورە، دوورو دوو ڕێو بەئارامی ڕازاوە، لەو پەڕی ڕووبارەکەوە، کۆمەڵە درەختێکی باڵا بەرز هەڵچوون، کاتیش نێوارەیەکی مانەو سێ بەشی لاشەی خۆر لە نێو درەختەکاندا نوقم بووە..

کەناری ئاسمان سور، ڕووبارەکە سور، درەختەکان سور، دنیای تابلۆکە وێدەچێ خوێنی لێ ببارێ..!!

ئەم بە خۆی گوت:

((ئێ ی ی ی زەمانە..!! ئەم تابلۆیە وەختی خۆی سۆزان بۆی ناردم، یەکەم دیاری ئەو بوو بۆ من..))

ڕاما.. لە ڕووبارەکە وردبوویەوە، تێکەڵی بوو، پێڵوەکانی لەیەکتری نزیک کردەوەو گوتی:

((سۆرانەکەم.. جاران تۆ دەتگوت.. کەناری ئاسمانو چڵەپۆپەی درەختەکان و ئاوی ڕووبارەکە، لە داخی سەر هەڵگرتنی خۆری خۆشەویستیان لاشەی خۆیان سوور کردوە لە خۆیندا)) منیش پێم دەگوتی:

-((ئەگەر خۆمان کەسێکمان بمرێت، پۆشاکی ڕەش دەپۆشین، ئەی بۆچی ئەوانیش وا ناکەن؟))

-((ئاخر سروشتی کارکردن و خۆشەویستی و ڕق لێبوونەوە و گریان و پێکەنینی ئەوان، وەکو خۆمان نیە!! جیایە..!!))

-((خۆزگە من و تۆیش ئاوێزانی ئەو ڕەنگە سورە دەبووین.))

-((خۆزگە.. لە نێویدا دەتواینەوە و دەبووین بەیەکێو پاشان دەبووین بە خودی ڕەنگەکە..))

-((ئیتر سەربەست دەبووین..))

-((بەڵێ سەربەست دەبووین.. بۆ هەر کوێیەک بمان ویستایە دەڕۆیشتین..))

ـ((دەچوینە قەلای ڕووبار، سەر لوتکەی چیا، نێو پەڵە هەور، باوەشی ئەستێرە..))
ـ((نیتر لاشەمان نەدەما..))
ـ((لاشە بارێکی گرانە!))
ـ((زۆرا!))
ـ((نایەڵێت مرۆڤ نازادبێ))
ـ((نەخێر نایەڵێت))
ـ((کێ حەز ناکات شەوان ببێت بە مانگ؟))
ـ((هەموی حەز دەکات ببێت))
ـ((ئەی بۆ نابن؟))
ـ((لاشەیان نایەڵێت.. خۆزگە مرۆڤ هەر ڕۆح دەبوو.. ئەوسا بە تەواوی نازاد دەبوو))
ـ((سۆرانەکەم))
ـ((بەڵێ))
ـ((خۆزگە دەمان توانی))
ـ((چی؟))
ـ((لەو نیشکە سورە کەژاوە دروست بکەین))
ـ((کەژاوەی گەورە، وەکو کۆشک))
ـ((بڕۆشتینایەتە ناوی و لە کەناری نەو دەرەختانەدا بۆ هەتا هەتایی تیایدا بوژینایە))

ـ((خۆزگە دەمان توانی))

ـ((ناتوانین))

((چونکە جەستە پێوەندی کردووین))

((ڕۆژگار کچێ ڕۆژگار، میوانت هاتووە))

ئەم دەنگە وەکو زەنگێکی ناساز لە ئەشکەوتی مێشکیدا دەنگی دایەوە، بەناگای هێنایەوە، مەملەکەتی خەونە پەمەییەکانی هوروژاند، کەژاوە سورەکەی خۆی و سۆرانی ئازیزی کردە خۆڵە مێش.. ئەو دەنگە دەنگی دایکی بوو..

ـ((دایە، بابێتە ژووڕەوە..))

ئەوەی گوت و بەرەو لای دەرگاکە ڕۆیشت.. کردیەوە تەسرینی دراوسێیان کە هەر لە تەمەنی خۆیدا بوو، هاتە ژووری:

ـ((ئێوارەت باش، ڕۆژگار خان))

ـ((عەلەیکی سەلام.. یاخوا بە خێربێ ی.. فەرموو دانیشە.. فەرموو..))

نەسرین دانیشت سەری ڕووت، قاچی ڕووت، بە شۆخیەوە گوتی:

ـ((وەلامی ئێوارە باشەکەیشت گۆڕیوە.. چیە ڕۆژگار، یەکجار وایش))

ڕۆژە بەرامبەری دانیشت و بەڕوویەکی خۆشەوە، ڕێکو ڕاست وەکو ڕووی قوتابیەکانی کەیوان، گوتی:

ـ((من نەم گۆڕیوە.))
ـ((ئەی کێ گۆڕیوێتی؟))
ـ((جارێکیان کابرایەکی موشریک لە مەدینە، دێتە لای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەڵێت.. بەیانیت باش.. ئەویش دەفەرموێت.. ئێمە بەیانی باش نازانین وخوای گەورە فێری کردووین چۆن سەلام لەیەکتری بکەین))

ـ((جائێمە چۆن دەتوانین، ڕێک وەکو ئەوان بین، ئێستا زەمانە کە گۆڕاوە))

ـ((بەدەستی خۆمان نیە.. دەبێ هەروا بین، فرمانمان پێکراوە!))
ـ((کێ فەرمانی کرووە؟))
ـ((خوای گەورە))

ـ((خوا؟))

ـ((بەڵێ.))

ـ((چۆن؟))

ـ((خوشکی خۆم ، من پرسیارێکت لە تۆ دەکەم، هیوادارم دڵت تەنگ نەبێ و ئاسایی بێت لات))

ـ((بەڕاستە، من چۆن بە پرسیار کردن دڵم تەنگ دەبێت، بەتایبەتی لە تۆیش.. کەواتە نامناسی.. مەگەر بەدرێژایی ئەم ساڵ من و تۆ قوتابی یەک قوتابخانە نەبووین، ڕاستە تۆ لە پێنجی نەدەبی بوویت و منیش لە پێنجی عیلمی.. بەڵام خۆ هیچ نەبێت چەندین جار بە یەکتری گەیشتووین و، لەم بارەیەیشەوە گفتو گۆمان کردووە.. بینیوتە هەرگیز من لە قسەی تۆ دڵ تەنگ بم..؟))

ـ((نەخێر هەرگیز نەم دیوە.. ئەوەیش لە زۆشنبیری و عاقلیەتەوەیە.. دەمەوێت بپرسم.. تۆ سی ساڵ لەمەو پێش لە کوێ بوویت؟))

نەسرین زۆر بەناسانی و بێ گرێ وگۆڵ گوتی:

ـ((سی ساڵ لەمەو پێش من نەبووم، تا جێگام ببێت..))

ـ((باشە کێ لەو نەبوونەوە، ئەم قەدو بالا و چاوو
ڕوخسارە جوان و ڕێک و ڕێکەی دروست کرد؟))

ـ((جا ئەوە بەڵگە نەویستە.. خوا دروستی
کردووم..))

ـ((ئەی پاش سەد ساڵی تر، ئەم دزو قاچ و دوو
دەست و دوو چاوەت، چیان لێ دێت و بۆ کوێ دەچن؟))

ـ((دەمرم.))
ـ((بۆ کوێ دەڕۆیت؟))
ـ((دەڕۆمەوە بۆ قیامەت!))
ـ((کەواتە تۆ بڕوات بەوە هەیە، لای خواوە
هاتوویت و بۆلای خوایش دەگەڕێیتەوە؟))

ـ((ئەی چۆن..؟ بەڵێ.. بڕوام وایە..!!))

ـ((دەی باشە تۆ کەلای خواوە هاتوویت و بۆلای خوا
دەگەڕێیتەوە، ئەی پێم ناڵێیت بۆچی هاتووین بۆ ئێرە..؟
چی دەکەیت لەسەر ئەم زەوییەدا..؟))

بە پێکەنینەوە:

ـ((ئەوە خوا بۆ خۆی دەزانێت..))
ـ((نەخێر وانیە!!))

-((چۆن وانیە))
-((منیش دەزانم!))
-((تۆ؟؟))
-((بەڵێ من))
-((کەواتا تۆ پەیوەندیت لەگەڵ خوادا هەیە؟))
-((بەڵێ.. پەیوەندیم لەگەڵیدا هەیە.))
-((لەگەڵ کێدا؟))
-((لەگەڵ خوادا.))
-((کچێ تەوبە بکە.. پەنا بە خوا لەو قسەیە..))
-((بۆ نەسرین خان.))
-((کافر دەبیت، شتی وامەڵێ..))

ڕۆژگار زانی بە هەڵە تێگەیشتووە، پێکەنینی بەم بارو دۆخە دەهات کەنەسرین و هەزارانی وەکو نەسرینی تێکەوتووە، لەجێی خۆی هەستایە سەر پێ، بەرەو کتێبخانەکەی ڕۆیشت، قورئانێکی بەرگ سەوزی دەرهێنا.. ئاوڕی دایەوە بۆلای نەسرین و گوتی:

-((ئەوە چیە؟))
-((ئەوە.. قورئانە))
-((قورئان چیە؟))
-((قورئان قورئانە.. چۆن چیە!))

ـ((دەزانم قورئانە.. بەڵام لە کوێوە هاتووە؟))
ـ((لای خواوە.))
ـ((بۆ کێ هاتووە؟))
ـ((بۆ پێغەمبەرەکەی خۆی))
ـ((بۆچی؟))
ـ((تا بیگەیەنێت بەمرۆڤ))
ـ((کەواتە منی مرۆڤ، لەڕێگای ئەم قورئانەوە، ڕاستەو خۆ پەیوەندیم بە خواوە هەیە، هەر لە ڕێگای ئەم قورئانەشەوە دەزانم تۆ بۆچی هاتوویتە ئەم سەر زەویە!))

ـ((بۆچی هاتووم؟))
ـ((بۆ عیبادەت!))
ـ((منیش ئەوە دەزانم، ئەگەر نەمزانیایە نۆێژم نەدەکرد..!))
ـ((ئاخر خوشکی خۆم عیبادەت تەنها نوێژ نیە))
ـ((ڕەمەزانیش ڕۆژو دەگرم!))
ـ((تەنها ڕەمەزانیش نیە!!))
ـ((دەنێتر چیە..؟ ها.. چیە..؟))
ئەم زۆر بەدڵسۆزیەوە گوتی:

ـ((عیبادەت بریتیە لەبەرنامەیەکی سەر تاسەری ژیان، خوا بۆ مرۆڤی داناوە.))

ـ((تێ ناگەم؟))

ـ((نەسرین گیان.. خوای گەورە لەم قورئانەدا دەفەرموێت: ((*یاایها الذین آمنوا، ادخلو فی السلم کافه، ولاتتبعوا خطوات الشیطان، انه لکم عدو مبین*))

واتە، ئەی ئەوانەی کە بڕواتان بەمن هێناوە، بەتەواوی بڕۆنە نێو، بازنەی نیسلامە.. شوێن هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون، چونکە ئەو دوژمنێکی ناشکراتانە..

نەسرین گیان خوای گەورە داوامان لێ دەکات بەتەواوی بڕۆینە ناو ئیسلامەوە، ئیسلام بە گشتی وەربگرین..))

ـ((ئێ ڕۆژە گیان، مەگەر من ئیسلامم بە گشتی وەرنەگرتووە؟))

ـ((بەڵێ بە گشتی وەرت نەگرتووە!))

ـ((بۆ؟))

ـ((ئەوەنیە تا ئێستایش هەر تەنورەت لە پێدایە و سەرو قاچت بەدەرەوەیە، لەکاتێکدا خوای گەورە فەرمانی داوە هەموویان داپۆشیت..))

ـ((ئاخر ئەوە دەسەلاتی منی تێدا نیە!))

ـ((چۆن؟))

ـ((ڕۆژەخان، ئێستا مۆدەی ئەم جۆرە پۆشاکانەیە.. من چیبکەم، باوی خۆ داپۆشین نەماوە.. هەر کەسێ خۆی دابپۆشێت خۆت دەزانی پێی دەلێن چی!!))

ـ((پێی دەلێن دواکەوتوو.. کۆنەپەرست.. وانیە؟))

ـ((لەگەڵ ڕێزمدا بۆ تۆ.. وایە!!))

ڕۆژە بەدەمیەوە پێکەنی، گوتی:

ـ((جارێ باتۆزێ تاوت بۆ بێنم.))

ـ((عەزیەتە..))

ـ((عەزیەتی چی.))

ڕۆیشتە دەرەوە بۆ ئاو هێنان، ئەمیش بەرەو تابلۆکان دیەکانی بەرز کردەوە، پاش چەند ساتێکی کەم، پەرداخێک ئاوی بۆ هێناو دایە دەستی و گوتی:

ـ((داوای لێبوردن دەکەم.. لەبیرم چوو زوتر بۆت بهێنم))

ـ((ئاساییە.. گوێی مەدەرێ.))

نەسرین ئاوەکەی بە یەک بین خواردەوە، ڕۆژگار گوتی:

ـ((دەبوو ئەو ئاوەت نەخواردایە))

ـ((بۆ و و.))

ـ((چونکە دەبی بنە کۆنەپەرست.. مەگەر ئار لە ئایەتەکانی حیجاب کۆنتر نیە..؟))

ـ((.... ....!!!!))

ـ((خوشکی خۆم، ئەو درۆو دەلەسانە، ئابێ ڕووی گەشی ڕاستیت لێ بشارنەوە، ئەگەر ئێمە خۆمان دابڕین لە شتە کۆنەکان، ئیتر پێم ناڵێی لەم گەردوونە فراوانەدا چیمان بۆ دەمێنێتەوە..؟؟

ئەگەر تیشکی خۆرنەبوایە، ئێمە دەمانتوانی بژین؟

ئەگەر خاک نەبوایە، ئەگەر هەوار مانگ و درەخت نەبوایە، دەمانتوانی بژین..؟ بێگومان نەخێر.. کەواتە با چیتر خۆمان فریوو نەدەین.. ئەوانەی بە کچێکی حیجاب لەبەر دەڵێن کۆنە پەرست، ئەوە خۆیان زیاتر لەوان کۆنەپەرست ترن..

چونکه پۆشاکەکانی ئەوان، لەسەردەمی ئیغریقی و ڕۆمانیەکاندا ئافرەت لەبەری کردووە.. دیارە ئیغریقی و ڕۆمانیەکانیش میژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سی هەزار ساڵ پێش لەدایکبوونی عیسا..

ئەسرین گیان.. بڕوام پێبکە ئەوانە مەبەستیان کۆنو تازە نیە، ئەوانە دەیانەوێ یاری بە شەرەف و کەسایەتی خۆیان بکەن.. دەیانەوێت بەسەر ڕابو ێرن، بڕوام پێبکە.. ئەگەر یەکێکی وەکو نزار قەبانی بیتوانیایە، ئافرەتە حیجاب لەبەرەکان بۆ ئارەزووی خۆی ڕامبێنێ، سفورەکانیش لێی یاخی ببونایە.. ئەوکاتە ئەو و هاوڕێکانیشی دەیان گوت..

سفوری ڕەمزی کۆنە پەرستیە، بەبیانوی ئەوەی سی هەزار ساڵ پێش میلاد لە بەرکراوە..

دەیانگوت.. حیجاب ڕەمزی پێشکەوتنەو، کۆمەڵە پینەیەکیان بۆ درۆکانی ئێستایان دەدۆزیەوە..

ئەسرین لە قسەلای دڵیەوە، لە قولایی عەقڵیەوە، هەستی بەکرۆکی ئەو ڕاستیانە دەکرد، هەستی بە جوانی ئەو شیلانانە دەکرد، کە لە زاڤدانی ڕشەکانی ڕۆژەوە دەهاتنە بوون..

هەستی بەوەدەکرد، دنیاکە خۆی، هەر درۆ و فریودان و هەڵخەڵەتانەو هیچی تر..

قسەکانی ڕۆژە شەپۆلی توندوو تیژ بوون و بەڕۆحی نەودا گوزەریان دەکرد، زریان بوون و لە باشووری ناخێوە هەڵیان دەکرد و تەزویان بە گیانیدا دەهێنا..

وەلێ شەیتان ڕایگرت، نەیهێشت بەر دەستی گەروی بەردات و بەناشکرا بگریە و لە ڕابووردوی پەشیمان بێتەوە، هێشتا ترسی نەوەی لەدڵدا مابوو، هاوڕێکانی قوتابخانەیی و، دراوسێ کانی و کچانی گەڕەک پێی بڵێن:

ـ((نەسرین خان هەرتۆ مابوویت، تۆیش بوویت بە کۆنەپەرست!))

نەم وتەیە، بەهاریکاری شەیتان ڕێگای پێدەگرد، قەناعەتەکەی پێ لەق دەکرد، دەیترساند، لەو جەمسەرەکەیشەوە قسەکانی ڕۆژگار، دنیایەکی نەرخەوانی بوون و ڕایان دەکێشا بۆلای خۆیان..

نەسرینی کلۆل لەنێوان ئەم دوو هێزەدا بەگیر هاتبوو، هێزی ئیمان و هێزی شەیتان، هەرچەندی دەکرد نەیدەتوانی لەوساتەدا خۆی یەک لای بکاتەوە..

ڕۆژە زانی دڵی نەرم بووەو نەژنۆی شل بووە.. زانی قەناعەتە لارو وێرەکەی پێ لەق کردووە.. وەلێ هێشتا ماویەتی.. دەبێ ماوەی بیر کردنەوەی بدرێتێ.. تا خۆی دەکاتە ئەو قەناعەتەی، بەرگی حیجاب شەرەف و ڕێزەو لابردنی پرە لەمەترسی..

ئەو هەستایە سەر پێ، ئەمیش هەستا، ئەو گوتی:

ـ((ڕۆژەخان.. قسەکانت لەدڵمدا جێگای خۆیان کردۆتەوە، بەڵام جارێ پەلەم لێ مەکە، بازیاتر بیری لێ بکەمەوە.. ئێستا دەبێت بگەڕێمەوە؟))

ـ((جا پەلەت چی بوو؟))

ـ((زۆردانیشتم.. داوای لێبوردن دەکەم.))

ـ((من داوای لێبوردنت لێ دەکەم.. هیوادارم زوو زوو سەرم لێ بدەیت.))

ـ((ڕۆژەگیان.. کێ دەڵێ لەمەودوا هێندە هاتووچۆت ناکەم خۆت دەرم کەیت؟))

بەپێکەنینەوە؟

-((جاکوا ئەو ڕۆژە بێت!؟))

تابەدەرگا ڕەوانەی کردوو دەرگاکەی داخست و گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی.. هەستی بەوە دەکرد، ڕۆحی وێژدانی، زۆر شادو کامەرانە.. چونکە لەنێو لەیلان کردنی ئەم نەفامیەتەی سەدەی بیستەمەدا، بانگی خوای گەورەی گەیاندە مرۆڤێک..

هەر بەو کامەرانیەوە، بەرەو لای کتێبخانەکەی ڕۆیشت، تەو شریتانەی دەرهێنا، کەسۆران دابوویە دەستی، شریتی یەکەمی زەینەب غەزالی نایەناو تەسجیلەکەی و لەپەنای کتێبخانەکەدا گوێی بۆ شل کرد..

دەنگە دەنگێک وەکو ژاوەژاوی بۆق، لەدەرەوەی ژوورەکەیەوە هاتەگوێ، تەسجیلەکەی کوژانەوە، هەستاو هاتە دەرەوە.. حەمەی مامی هاتووە.. لەگەڵ دایکی و بەهاری خوشکە بچکۆلەکەیی و لەنێو باخچەی حەوشەکەیاندا و، لەسەر کورسی دانیشتووە..

حەمە کورێکی بیست و پێنج ساڵانەیە، لەبەر تەمەڵی قوتابخانەی تەواو نەکردووە، ئێستا جاشەو، بەردەوام ئارەق دەخواتەوە.. جارجارە سەر لەمانی ئەمان

دەدا، ئەم هەستی بەوە کردبوو، سەردانەکانی حەمە بێ هۆنین، وەلێ خۆی لێ بێ ئاگا دەکرد..

زۆر بەئاسایی هاتەنێو باخچەکە و بەخێرهاتنی کرد، ئەو بەگەرمی لەبەری هەستایەوە و وەلامی سەلامەکەی دایەوە، ئەم فەرمووی دانیشتنەوەی لێ کرد، هەر دووکیان دانیشتن.. ئەم ژانی حەمە زۆر حەزدەکات بیدوێنێت، قسەی لەگەلدا بکات، دەیزانی چ نیازێک لەنێو دڵیدا خۆی حەشاردارە، ئەمیش پر بەدڵ بەزەیی پیایدا دەهاتەوە، بە خۆی دەگوت:

ـ((حەیف نیە مرۆڤێکی ئاوا لە دۆزەخدا بسووتێت..؟ باشە بۆ هەندێک ئامۆژگاری نەکەم..؟ بۆ دەرگای ئیسلامی لێ نەکەمەوە..؟ دەزانم ئەو زۆر حەز دەکات من قسەی لەگەلدا بکەم..؟ باشە ئەم حەزەی بۆ نەقۆزمەوە و منیش پەنجەرەیەکی ئەم دینەی لێ بکەمەوە..؟))

حەمە پێکەنین لەسەر لێوی نەدەہرا، موراهقانە قسەی دەکرد، دایکیشی قسەی لەگەلدا دەکرد، ئەم دەرفەتێکی کردەوەو گوتی:

ـ((کاک محمد لەنوێژەکانتدا چۆنی؟))

-((نوێژا!))
-((بەڵێ..))
-((لەنەکردنیدا زۆر باشم.))
-((ئاوا!))
-((بەڵێ.))
-((ئەی ناترسیت؟))
خەمە خۆی گیف کردەوە:
-((لەکێ بترسم؟))
-((لەخوای گەورە!))
-((خوایە.. وتم کێ دەڵێت!!))
-((بۆچی؟))
-((بەنوێژێکی من خوا چ زیان و قازانجێک دەکات!))
-((هیچ!! بەڵام خۆت دەیدۆڕێنیت.))
-((ئەیدۆڕێنم.. خۆ پیاوم نەکوشتووە!))
-((خوا دەفەرموێت دەیدۆڕێنیت))
-((تۆ چووزانی؟))
-((چۆن نازانم.. لەڕۆژی قیامەتدا، پرسیار دەکرێت لە خەڵکی دۆزەخ و پێیان دەگوترێت، ئێوە بۆچی لە ئاگردا دەسوتێن؟))

ـ((ئەوانیش ئەڵێن کافربووین.. وانا؟))
ـ((نەخێر))
ـ((ئەی چی))
ـ((ئەڵێن ئێمە لەدنیادا نوێژمان نەدەکرد.. پێغەمبەری نیسلامیش فەرموویەتی.. نێوان ئێمە کافرەکان نوێژە، هەر کەسێک نەیکات کافر دەبێت))

ـ((چۆن..! یانی من کافرم؟))

ـ((من هەرگیز ناڵێم تۆ کافریت.. بەڵام دەڵێم خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی وا دەفەرموون.. تۆیش دەبێت ئاگات لە خۆت بێت.. بەدەستی خۆت لاشەت مەکەرە سوتەمەنی ئاگری دۆزەخ..))

ـ((بەخوا.. ڕۆژگاریشمان لێبوو بەمەلا))

دایکی گوتی:

ـ((بۆ حەمە ئەو قسانە چیانە.. خۆ ڕۆژگار لە گیرفانی خۆیی دەرناهێنێت.. قسەی خوا و پێغەمبەرەکەیەتی..))

ـ((وادیارە پورە ئامینە، ڕۆژگارعەقڵی تۆیشی تێکداوە؟))

ئامینه به تورەییەوە گوتی:

ـ((نەخێر.. باشە بەلای تۆوە ژۆژگار وەکو جاران سفور بوایە سەرو ملی ڕوت بوایە باش بوو، یان نێستا؟))

ـ((بەلای منەوە سفور بووایە باشتربوو))

ـ((بۆ ئەوەی کوڕی خەڵکی لە بازاڕو کۆڵانا دوای کەوتنایە، حەمە ڕازیم نیە ئەم قسانە لە مالّی منذا بکەیت))

ڕۆژگار وبستی دایکی هێمن بکاتەوە، بەڵام نەیتوانی، دایکی تا دەهات زیاتر تووڕە دەبوو، زیاتر گڕی دەگرت، حەمەیش لە بەردەمیدا وەکو میزەڵدان فش دەبوویەوە، لە کۆتایدا کردیە دەرەوە، پێی گوت:

ـ((ڕازیم نیە جارێکی تر سەر بکەیتەوە بەم مالەمدا؟))

حەمە سەری داخست و ڕۆیشت، دایکی هەر بۆڵەی دەهات و دەیگوت:

ـ((ئارەق خۆری بێ دین.. بێ شەرمی بێ ئابڕوو، لە پالّی منذا دەڵێت.. حەز دەکەم کچەکەت سفوربێت))

-((دایه گوێی مەدەرێ، بێ عەقڵە))

-((منیش ئاوا عاقڵی دەکەم.. بافێر نەبێت جارێکی تر سەر کاتەوە بەم مالەدا..))

ڕۆژگار بەرە و ژوورەکەی خۆی بوویەوە و لەپەنای تەسجیلەکەیدا دانیشت و دایگیرساند.. شانی بە کتێبخانەکەیەوە نووساندو بە هێوری گوێی لە ژیانی پڕ لە تەشکەنجەو نازاری زەینەب غەزالی گرت.

٩

لەمانگەکەکانی هەشت و نۆو دەو پانزە و دوانزەدا، کەیوان زۆر بەباشی و بەو شێوەیەی کە دەیویست قوتابیەکانی پەروەردە کرد و پێی گەیاندن..

بە دەرسە بەردەوامەکانی و شریتە تۆمار کراوەکانی خۆی و بەو کتێب و مەقالانەی کە وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی، توانی لە ماوەی ئەم مانگەدا، رۆشنبیریەکی ئیسلامی باش، لای قوتابیەکانی گەلالە بکات..

کەیوان نەیدەویست قوتابیەکانی بەهەندێک شتی گەورەو زلی کاکلە و بێ ناوەرۆکەوە سەرگەرم بکات، ئەم هەمیشە ژیانی پێغەمبەرە ئیسلامەکەی (صلی الله علیه وسلم) دەخوێندەوەو لێی دەکۆلیەوە و، لە بەر تیشکی کارکردن و بانگەوازو پەروەردەی دەکردن..

ناسەواری ئەم جۆرە پەروەردەیەیشی لەژیانی قوتابیەکانیدا، بە گەشی و بە رونی دەبینی، لەنێو جاهیلیەتە چڕو دوکەلاویو ڕەژیەیی سلێمانیدا، لەسەر کەلبە ژەهراویەکانی گورگی هاری بەعسدا، بەبەرنامەی پەروەردەیی پێغەمبەریەوە، کەیوان توانی لە قوتابیەکانی دەورو بەری، نەوەیەکی قورئانی دروست بکات..

توانی جارێکی تر، پیاوی وێنەی، ئەبو بکر و عومەر و عوسمان و عەلی و حەمزەو سەعید، دروست بکاتەوەو بە گزنگی نایەتەکانی قورئان، بیان بزوێنێت..

کەیوان هەمیشە کاک عەلی و حەزرەتی ئەبو بکری وەکو یەک دەهاتە پێش چاو، ئەکرەم و حەزرەتی عومەری لە یەک تابلۆدا دەبینی، هەرچی تەماشای دارای دەکرد عوسمانی کوڕی عەفانی دەهاتەوە یاد، سۆران و نوسامەی لەیەک جودانەدەکردەوە.. یەقینی وابوو، دەولەتی ئیسلامی، تەنها بە شێوازی پەروەردەیی پێغەمبەری لەدایک دەبێت دێتە بوون.. تەنها بەو شێوازە کۆمەلە پیاوێک دروست دەبن، شەهیدیان لەژیان گەلێک پێخۆشتربێت..

مانگی یەک و دوو سێی هەشتاو هەشت تێپەڕی، لە شانزەی سێدا سەرەتای کارەسات دەستی پێکرد، تاقیکردنەوەی قورس و پڕ لە نازار و ئەشکەنجەی کەیوان و قوتابیەکانی، یەکەم چەخماخەی دا..

ئەمان لە سلێمانیدا بوون، هەڵەبجە گڕی گرت.. بوو بە کێلگەی خۆڵەمێش، شیلان ذرا لە سێدارە، بەهار تاسا، ئێران بە تاکتیکێکی بەعس هەڵەبجەی گرت، هەڵەبجەی دیل کرد.. فڕۆکەکانی بەعسیش، ئاسمانی شاریان کرد بە دوکەڵ و کیمیاوی بارانیان کرد.. تەرمی هەزاران گوڵە گەنم کەوتە سەر زەوی، هەزاران منداڵ و نافرەت و پیاوی پیر و کچی جوان و کوڕی لاو، لە ژێر باڵەپەستۆی کیمیاویدا خنکان و بەبێ کەس، بەبێ ناز، لەسەر شەقامەکان، بۆ هەتا هەتایی ڕاکشان..

کۆمەڵێکی زۆر، بەسەر چیا سەختەکاندا سەرکەوتن و ستووری ئێرانیان بڕی، چون بەو دیودا.. کۆمەڵێکی دیکەیش لەژێر ئاگرباران و تۆپ باراندا، توانیان خۆیان دەرباز بکەن و بگەن بە شاری سلێمانی و دەورو بەری..

لەشانزەی سێ بەولاوە، گەراجی هەڵەبجە لەسەر کارێزی سلێمانی، مەوج دەداتەوە لەگەڵ، خەڵکی هەڵەبجەی سووتاوی هەڵقرچاودا..

کەیوان و عەلی و سۆزان لەپەنای دیوارێکدا ڕاوەستابوون، دەڕوانینە ئەو هەموو قوتابیە هەڵەبجەیەی کەلەشاری بەغداد و بەسرەو کەرکوکەوە، هاتوونەتەوە بۆ زانینی هەوالی باوەو دایەو خوشک و براکانیان..

قوتابیەکان زۆر کزۆلن، دارو بەردیش بەزەیی پیاندا دێتەوە، وەکو شێتان دێن و دەڕۆن، لەهەر کوێیەکدا چەند کەسێک بەیەکەوە کۆببونەوە، خێرا قوتابیەکان دەوری دەگرن، داماون دەیانەوێ تروسکەی هەوالێکیان دەست بکەوێت..

ئێوارەان کە گەراج چۆڵ دەبوو، قوتابیانیش بێ شوێن دەمانەوە، ناچار بەگیرفانی خالیەوە ڕویان لە ئوتێلەکان دەکرد..

کەیوان و سۆزان وعەلی هەموو ئێوارەیەک، یەکی سێ قوتابیان لەگەڵ خۆیاندا دەبردەوە بۆ ماڵەوە، بەبێ ئەوەی بیان ناسن، پارەکەی گیرفانی خۆیشیان لەگەڵدا دەکرد بە دوو بەشەوە..

لەم ڕۆژاندا ئەم گەراجە زۆر سەیرە، درۆی وای تێدا دەکرێت، ئەگەر بینێتە سەر کەژئی هەورامان لەوانەیە دابهرۆژێت..

کەیوان بەچاوی خۆی و بەگوێی خۆی ئەو درۆ گەورانەی دەبینی و دەبیست، کابرایەکی کەڵەگەتی سی و پێنج ساڵانەی ورگ زلی سمێڵ فشی بینی، خەڵکی دەوریان لێداوە.. ڕوو جاری تر هەر لەم گەراجەدا دیبووی.. کابرا دەیگوت!

ـ((بباوکم بە شەرەف و ناموسم، من ئێستا لە هەڵەبجەوە دێم..))

خەڵکەکە کڵۆڵ و دڵ بریندارەکەیش، وەکو ڕێژنەی باران داوەبارین بەسەریدا، ئافرەتێک دەستی ڕاستی کابرای گرتوو، دەیگوت:

ـ((بەقوربانت بم کاکە گیان.. هەوالێکی ڕاستم بەرێ، خەریکە گیانم دەردەچێت بۆ منداڵەکانم))

کەیوان زۆر بەزەیی پیایدا هاتەوە، کابرا چەندین داوای تری بەو جۆرەی لێ کرا.. لەوەڵامدا دەیگوت:

ـ((کاتێک من لە هەڵەبجەوە هاتم و گەیشتمە سیروان بینیم سوپای عێراقی خۆمان، بە دەبابەو ناقیلەوە ئیقاوە، بەیەک دنیا سەربازەوە، بەرەو دووچەیلەدێن.. ئەمڕۆ هەمووی پاک دەکەنەوە))

قوتابیەک گوتی:

ـ((ئێستا ڕێگا هەیە بۆ هەڵەبجە))
ـ((نەخێر))
ـ((ئەی تۆ چۆن هاتیت))
ـ((من دەستم لە گیانی خۆم شۆرد))

کەیوان لەدڵی خۆیدا دەیگوت:

ـ((ئەی داوەشێت بۆ خۆت و درۆت.. خۆ تۆ دوو ڕۆژە لێرەی. کابرا شەرم ناکات بەو قەدو بالایەوە، ئەو هەموو درۆیانە دەکات.. ئاخر ئەم گەلە بۆیە وای لێهاتووە.. پیاوی ناوای تێدایە..))

زۆری حەز دەکرد، هەر ئێستا درپەو خەڵکە بدات و بە ئاشکرا ئەو کابرایە بەدرۆ بخاتەوە و حەپای بەرێت، بەکارێکی جوانی نەزانی، وای بەباش زانی بێدەنگ بێت..

کابرا پاش هەڵپڕژانی هەگبەی درۆی تاپۆل بوونی گەراجی بەجێ هێشت و، خەڵکەکەیش دوو دوو، سێ

سێ، سەریان کردەوە بەیەکدا.. ئافرەتە پیرەکەیش بەتەنها ڕاوەستابوو، فرمێسک لەچاوەکانیدا قەتیس مابوو، کەیوان و سۆران و عەلی هاتنە لایەوە کەیوان گوتی:

ـ((دایە خەڵکی هەڵەبجەی؟))
ـ((بەڵێ))
ـ((ئەی منداڵەکانت لە کوێن؟))
ـ((نازانم.. ڕۆڵە گیان نازانم.. چەند ڕۆژێک لەمەپێش هاتم بۆ خەستەخانە، بەخۆش بووم، نەمتوانی بگەڕێمەوە، منداڵەکان باوکیشیان نیە.. زۆر ووردن.. دەترسم شتێکیان بەسەر هاتبێ..))

ـ((ئەی شەوان لە کوێ دەبیت؟))
ـ((خزمێکمان هەیە لێرە، لەماڵی ئەوان دەبم.))

کەیوان بیست دیناری نایە مشتی و خواحافیزیان لێ کرد و گەڕانەوە بۆ بن دیوارەکە.. سۆران گوتی:

ـ((کاک کەیوان، باوەڕناکەم هاتبن..))
ـ((خوا دەزانێت!))
ـ((ئەی بۆ هیچ کەسێکیان دیارنین..؟ نەکاک عبدالرحمان، نەکاک سەرکەوت، نەکاک هەورامان..؟))

ـ((ئەمڕۆیش چاوەڕێیان دەکەین و ئەگەر دیار نەبوون ئیتر نایەینەوە..))

ئەو ڕۆژە تا ئێوارە چاوەڕوان بوون، بەڵام هیچ، نەکاک عبدالرحمان نە قوتابیەکانیش دیار نەبوون.. وردە وردە مەترسی لە خەیاڵی کەیواندا چەکەرەی دەکرد.. تارمایی جۆراو جۆر لە سەر سینەی بیرکردنەوەی دەنیشتنەوە.. بەخۆی دەگوت:

ـ((باشە ئەگەر کیمیاوی و سارۆخەکانی بەعس شەهیدی نەکردوون، ئەگەر ئەخنکاون و تیا نەچون، بۆچی تاکە کەسێکیان دیار نیە.؟

ها.. خوایە بیان پارێزی.. خوایە ئەوان کەسیان نیە تۆ نەبێ تۆیش ئاگات لێیان بێ))

تا لەگەڕاج دوورکەتنەوە، هەر بە کوڵ بۆیان دەپاڕانەوە و دوعای بۆ دەکردن.. دوعای تایبەتیشی بۆ هەورامان دەکرد..

١٠

هەورامان لەگەڵ مالی بابیدا گەیشتبوونە شاری سلێمانی.. لە قوتابخانە وەرگێرابوو، دەوامی دەکرد، ئەو ڕۆژانەی کە کەیوان قوتابخانەی بەجێدەهێشت و بۆ بینینی هەورامان و هاوڕێکانی دەچوو بۆ گەڕاج، ئەم لە قوتابخانەدا بوو..

هەورامان پڕلی سێی ناوەندیە.. دەبێ خۆی ماندور بکات، دەبێ هەوڵی زۆر بدات، زیاتر لە سالانی ڕابووردوو.. چونکە ئەمسال تاقیکردنەوەکانی گەلێک سەخت و گرانە..

بەیانیان دەچوو بۆ قوتابخانە.بەتەنیا، بەبێ هاوڕێ، بەبێ دۆستانی جارانی..

لەو قوتابخانە گەورەیەدا کەسی نەدەناسی، لەگەڵ کەسدا تێکەڵاو نەبوو.. بەیانیان لەبەر دەرگاکەدا ڕادەوەستا.. هەر ئەم تەنیا بوو.. نەگینا هەموو قوتابەکانی دیکەی قوتابخانەکەی پێکەوەبوون.. کۆمەڵ

کۆمەڵ بەیەکەوە ڕادەوەستان و بۆ خۆیان قسەیان دەکرد.. پێدەکەنین.. یاریان دەکرد.. هەموویان بەپانتۆڵی نوێوە، بە کراسی نوێوە، بە قۆنەرەی تازەوە، گۆرەوی سپی، کتێبی ڕێک و پێک و تازەوە دەهاتن بۆ قوتابخانە..

ئەمیش، بەپانتۆڵێکی کۆنەوە، باوکی لە کۆنە فرۆشەکە بۆی کڕیبوو، دەهات بۆ قوتابخانە، ناخر شەروالی کوردی یاساغ بوو.. کراسەکەیشی هەرکۆن.. جوتێک پاتەی لاسیکی لە پێدا بوو.. کتێبەکانیشی لەبەر دەرگی سەرا کڕیبوو.. کەلەدەوام دەبۆوە ڕاستەوخۆ بۆ ماڵەوە، تاسبەینێ و سەعات هەشت و کاتی قوتابخانە دێتەوە..!!

ئێواران لە حەوشەکەیاندا و لەنێو چیمەنەکەیاندا دادەنیشێ بیر لە خۆی دەکاتەوە.. چی بەسەر هاتووە؟

غوربەت و نامۆیی، سەرتاپا ڕۆحی داپۆشیوە، هەست بەوە دەکات تاسەر ئێستائی نامۆیە.. غەریبە..!!

یادگاریەکانی ڕابوردووی، ڕووبارێکی گەورەن، لەخەیاڵیدا، بەردەوام شەپۆل دەدەن، شەپۆلی پڕ لە حەشۆکان لەرزین و تۆندو تیژ..

منداڵی خۆیی بیر دەکەوێتەوە.. چیرۆکەکانی دایکی.. نااایی لە دایەی نازیزی.. نااایی لەدایەی ستەم لێکراو!!

بڵێی لەم جیهانەدا کەسێکی دی هەبێت، وەکو دایکی دڵتەنگی و خەم و کەسەر، کڵۆڵەی کردبێت بەسەریدا..؟

بڵێی جەرگ سووتاوێکی کەی وەکو دایەی هەبێ لەم دنیا بێ وەفایەدا؟

هەورامان دایکی وەکو ڕەمزی مرۆڤایەتی ماف خوراوی ژێر پێ خراو دەهاتە پێش چاو..

وەکو ئاسمانی شین و قاسپەی کەوو جریوەی چۆلەکە، کاتێک کەستەمیان لێ دەکرێت، دەبینی!!

دایکی ناوی گوڵاڵەیە..

وەختی خۆی دوو منداڵی بابی دەبێت.. دوو براو دوو خوشکی لەخۆی گەورەتری دەبێت.. براو خوشک و باوە دایە، گوڵاڵەیان زۆر خۆش ویستووە.. هیچ جۆرە داوایەکیان ڕەت نەکردۆتەوە، کام کراسە جوانە بۆیان کردووە.. جەژیان دەکرد لە نێو پێڵوی چاوەکانیاندا بیخەوێنن..

گوڵاڵە لە لادێ بچکۆلەکەیاندا، جیهانێکی گەورەو فراوان بوو بۆ خۆی، جگە لە خەندەو پێکەنین هیچ شتێکی نەدەزانی..

مندالی گوندەکەیان ئێرەی‌یان پێ دەبرد، ئێرەی‌یان بە جوانیەکەی، بەجلەکانی، بسە پێلاوەکانی، بەپارەی رۆژانەی دەبرد..

بابە، ئێوارەان کەلەسەر مەرزەکسەی دەگەڕایسەوە.. یەکەم کاری لەباوەش گرتنی گولالە و ماچ کردنسی بوو، وایدەزانی دنیا مولکی ئەوە..

وەلێ ئەم کاروانە هەرگا ڕێگای نەبڕی..!! هەورازی سەخت و دژواری هاتە ڕێگسا..!! تاشەبەردی گەورەو زەبەلاح گەلۆر بونەوە بەسەریدا..

گولالە بارکی مرد..!!

بۆ..؟

نازانێ..!!

دایکی مرد!!

بۆ..؟

نازانێ..!!

براو خوشکەکانی مردن..!!

بۆ..؟

نازانێ..!!

ئاخر گولالەی هەژار لە کوێ بزانێ مردن چیسە..؟ لە کوێ بزانێ باوە و دایسە و بسرا و خوشکەکانی بۆچسی مردن..؟

گولە هیچ نازانێ تەنها گریان نەبێ..!!

سەردەمێک بوو تەنها پێکەنینی دەزانی.. بۆچی پێدەکەنێ..؟ چونکە بەختیار بوو..!!

ئێستا دەگری.. بۆچی دەگری؟ چونکە دڵی تەنگە..!! چونکە کەسی نەماوەو هەتیوکەوتووە..!!

مامەی گرتیە خۆی..

ئاااایی لەدەستی مامەی زۆردار!!

نەگەر مرۆڤێک لە بەهارەوە بۆ خەزان،

لە شادیەوە بۆ خەم،

لەبەهەشتەوە بۆ دۆزەخ،

لەنەڤینەوە بۆ ڕق،

لەنیشتمانەوە بۆ ئاوایی ڕەوانە بکرێت، دەبێت چی بەسەر بێت..؟!

تەواو.. ئیتر تەواو..

گوڵاڵە زەرد بوو.. بەهاری درا لەسێدارە و، لەناوەندی وەرزی خەزاندا ڕاگیرا..

تەمەنی گەیشتە چواردەسااڵان.. هاتنە داوای، مامەی دای بەکۆڵێک پارە بۆخۆی..

پارەکەی قوتدا.. بەڵێ قوتی دا.. گوڵاڵەیش چی بەسەر دێ چاوی دەردەهات..! خۆ پشتی پێیەوە نەئێشاوە..؟ خۆ جگەری نیە..!!

میّردەکەی گولالە درندەیەکی بوو بۆخۆی، هەر لەدووەم ڕۆژی گواستنەوەیەوە، کەوتە ژێر پالە پەستۆیەکی دیکەی زۆرداری!! زۆرداریەکی تازە.. بە شێوەیەکی تازە!!

کاتێک بەر مالی دادەخست بۆ نەوەی نوێژ لەسەر بکات، میّردەکەی بەرمالەکەی لەژێر قاچەکانی ڕادەکێشاو دەیخستە بەدەمداو قاقا پێدەکەنی و دەیگوت:

ـ((مردوت مرێ.. نوێژ بۆ کێ دەکەیت..؟ بۆچی خۆت کەر دەکەیت..!!))

ئەم ڕووداوانە، نەجارێک، و دووان نەسیان بوون، هەمیشە دووبارە دەبوونەوە..

گولالەیش جامی تورە بوونی پڕ بوو.. دڵی جۆشماو، لەوە زیاتر توانای خۆڕاگرتنی نەما..

تۆراو بەڕێگای خۆیدا گەڕایەوە بۆمالی مامی..!!

لەدۆزەخەوە بۆ دۆزەخ!!

لەسوتانەوە بۆ سوتان!!

دنیایان کرد بە تکاکار.. گولالە هەر نەڕۆیشتەوە، تامیّردەکەی تەلاقی دا..

پاش ساڵێک هاتنەوە داوای.. ئەمجارەیش شووی کردەوە، ئەم میردەی دینی بوو، نوێژی دەکرد.. بەڵام هەتا بڵێی تورە..

لەسەر ونبوونی چەقۆیەک، یان کەوچکە چایەک، فەرتەنەیەکی دروست دەکرد.. دەیکرد بە ڕۆژی حەشر.. وازی نەدەهێنا، تا دراوسێکانی دەهاتن و گوڵاڵەیان لەژێر چنگی دەردەهێنا و ئارامیان دەکردەوە.. ئەو میردەی خاوەنی سروشتێکی زۆر سەیرە.. کەنان دانرا، تا شەڕێک نەکات منداڵێک فەلاقە نەکات، نانەکەی پێ ناخورێت.. وەڵێ کەمنداڵێک، یان گوڵاڵەی فەلاقە کرد، تیدی دڵی ئاو دەخواتەوە واهێور دەبێتەوە دەڵێی لە ژیانیدا تورە بوونی بەخۆیەوە نەدیووە..

بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستێت، هەر لەبەر خۆیەوە جنیو دەدات، ئاخر بەدرێژایی شەوی خەوتووەو هیچی نەوەشاندووە..

کەگوڵاڵە خەبەردەکاتەوە بۆ نوێژی بەیانی، ڕای دەوەشێنێت و مشتە کۆلەیەکی ئاراستە دەکات و دەڵێت:

ـ((هەستە نوێژەکەت بکە.. ئەڵێی گای ڕاکشاوی.. تێرت نەخوارد.. بەس نیە..!!))

ئەم ئاکارە ناپیر و سەمەرانەی مێردەکەی بەردەوام بوون تا هەرزامان پێگەیین..

کە هەورە لە مزگەوت پەروەردە بوو، کاریشی کردە سەر باوکی، مەساری خێزانەکەی گۆڕی.. جۆرێک لەگونجان و خۆشەویستی بۆ باوکی و دایکی دروست کرد..

ئەم یادگاریانە بەبەر چاوە گەشەکانیدا، وەکو فلیمێکی سینەمایی بە هێواشی ڕەت دەبوون..

هەورە لە خەوشەکەیاندا ئەنیایە، تەنیایش سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووە و یادگاری، خوێ خوێ دەڕژێتە ناو یەوە..

هەڵەبجەکەی بەبیر دەهاتەوە..

ئەو ساڵەی کە حکومەتی بەعس دەری کردن لە، گوندەکەی خۆیان و ناوارەبوون.. ڕوبان کردە هەڵەبجە..

هەڵەبجە بۆی بوو بە ئامێزێکی نەرم، تیادا گەورە بوو، وەکو گوڵەگەنم لاسکی کرد..

قوتابخانەی مەولەوی، یاریگای گشتی، مزگەوتی دار السلام ئاااایی لەم یاریگایە!!
ئێستا دەبێت چیان بەسەر هاتبێت..

ئەی کاک عبدالرحمان!!! قوتابیەکانی تر!!!
بڵێی گەیشتبنە ئۆردووگا؟
هەر چەندی دەکرد نەیدەتوانی دیوار لەنێوان خۆی و یادگاریەکانیدا دروست بکات.. نەیدەتوانی لەو کیشوەرە پڕ لە نەرخەوان و نەورەس و پەڵکە گیای عاتیفەیە دوربکەوێتەوە..

جگە لەو کیشوەرە، هەموو شتێکی دی لای ئەم هاش بوو، هاژەی با بوو بەبەفرەوە، شتەکانی تر لای ئەم، ئەو گیابەڕوت جوانی گەڵا پانی دەشتەکیە یە، کەناوەخنەکەی پڕ لە ژەهرە.. گیای لز.. لز..!!

هەموو ساتێ و خۆی بۆخۆی بەپادی کەژەکانی ئەو کیشوەرەدا، تا بەرزترین دوند، سەر دەکەوت، لە وێرا بەڕونی تەماشای مەملەکەتەکەی دەکرد و خەنین دەیگرت..!!

تەنها ئەو جارانە دەگریا، کەتەرمی هەڵەبجەی دەبینی، کە ئاوارەیی مرۆڤەکانی شاری دەبینی، کەهەڵقرچاون و دەنگی هاوار و نالەی دەبینی..!! لەم ساتانەدا هەرگیز خۆی بۆ ڕاناگیرێ.. بەکوڵ و دڵ دەگری.. دەگریە تا کێڵگەی ڕومەتی تەڕ دەبێ و.. ئیدی بێدەنگ دەبێت.. بەبێدەنگی لە جلەکانی، لە کتێبەکانی، لە قۆنەرە تازەکانی کەلەژوورەکەی خۆیدا بەجێی هێشتن

ڕادەمێنێت.. پاشان نەماشای پاتە لاستیکەکانی ئێستای پێی دەکات تەنها هەناسەیەک هەڵدەکێشێ و دەڵێت:

ـ((ئەگەر قیامەت نەبوایە هەقی خۆم بوو شێت بم))

★★★ ★★★ ★★★

عەسری ڕۆژی پێنج شەمە، هەورامان لە گەراجی پاسی زەرگەتە بوو.. دەیویست بگەڕێتەوە بۆماڵەوە..

نم نم باران دەباری.. دڵۆپەکان دەکەونە سەر ڕومەتی هەورە سەری بەرز دەکردەوە:

ـ((بەهارە.. بارانەکەش خۆشە.. بەڵام حەیف.. بارانی هەڵەبجە و بارانی ئێرە زۆریان جیاوازە))

ویستی سواری ئەو پاسە ببێت، کەئامادەی ڕۆیشتنە، وەلێ دەستێکی ناسک لەدواوە نرایە سەر هەردوو چاوی، ڕۆحی داخورپا.. ناخی لەرزی.. چەند جار بەخۆی گوت:

دەبێ کێ بێ..؟ ها.. سلێمانی و گرتنی چاوی من..؟!! ئەم خەیاڵەی بۆ هات!

((بڵێی ئەمن نەبێ و زانیبێتی من هەڵەبجەیم و هاتبێت بم گرێت؟؟.. باوەڕ ناکەم.. ئەم دەستە زۆر ناسکتر پڕلەسۆزە.. ئەی کێیە؟!!))

دەستی ڕاستی بەرز کردەوە، پەنجەکانی سەر چاوی گرت، لایشی نەدەگردەوە، دەیویست بزانێت کێیە.. وەلێ هەرچی کرد، بێ سود بوو.. لەبەر خۆیەوە چەند ناوێکی هەڵدا.. هیچیان خاوەنی دەستە کە نەبوون، ئەم گوتی:

-((تەواو.. نازانم کێیت))
ئیتر دەستەکە نەما، ئەم ناوڕی دایەوە..!!
ناااایی لەم بەهەشتە!!
ناااایی لەم کامەرانیە..!!
هەورە وەکو شێت باوەشی بە کاک کەیواندا کرد.. چەندین جار ئەملاولای یەکتریان ماچ کرد.. کەیوان دەتگوت نهێنیەکی نەو دیو مادەی کەشف کردووە، هێندە خۆش حاڵ بوو.. هەورە ڕۆندک بەچاوەکانیدا دەهاتە خوارەوەو دەیگوت:

-((نەوە من خەون دەبینم.. یان!!))
کەیوان دەستی گرت و بردی بۆ سوچێکی گەراجەکە، دانیشتن..

ـ((هـەورەگیان.. دەنگ و باستان..! چیتان بەسـەر هاتووە! خۆمن مردم بەدەستی ئێـوەوە.. چـەندین ڕۆژ لـە گەراجی هەڵەبجە چاوەڕوانم کردن، کەچی کەستان دیـار نەبوون..))

کەیوان بەدەستی خۆی فرمێسـکەکانی بـۆ هـەورامان سڕی، زۆر دڵی پێی سووتا، خۆشەویستیەکی چـەندین قات بوویەوە بۆی، کەیوان ئـەم مرۆڤـە دەروون پاکانـەی زۆر خۆش دەویست، حەزی دەکرد هەموو تەمەنی لەگەڵ ئەمانەدا بەسەر بەرێت.. پێی گوت:

ـ((هەورەگیان ئێستا مەگری.. دەپێم بڵێ مـاڵەوەتان چۆنن؟))

ـ((هـەموویان باشـن.. هـاتووین.. مـاڵمـان لـە زەرگەتەیە.))

ـ((ئەی کاک عبدالرحمان؟))

ـ((ئەو ڕۆشتوە بۆ ئێران.. ئیتر نـازانم بەسـەلامەتی گەیشتووە یان نا..))

ـ((ئەی قوتابیەکانی تر؟))

ـ((نازانم.. هیچیان لە بارەوە نازانم..))

ـ((هەورەگیان))

ـ((بەڵێ))

ـ((ئێستا چۆنیت؟))

-((زۆر خراپم.))
-((بۆ ۆ ۆ؟))
-((کاک کەیوان.. نالەم سارەگەورەدا، تاکە کەسێک نیە هاوڕێم بێ.. هاتوو چێژی بکەم.. چارەسەری کێشەکانم بکات..

جاران من گرێیەکم دەهاتە ڕێگا، خێرا دەچووم بۆلای کاک عبدالرحمان و بۆی چارەسەر دەکردم.. ئێستا نازانم بۆ کوێ بڕۆم..))

-((ئەی بۆ نەهاتیت بۆ مالی ئێمە؟))

-((جامن چوزانم مالی ئێوە لەکوێیدایە.. چەندین جار لە بازاڕ چاوم بۆ گێڕاویت.. بەڵام نەمبینیویت))

کەیوان پاتەلاسیکەکانی هەرامانی هاتە پێش چاو پانتۆڵە شرەکەی بینسی، کراسەکۆنەکەی.. سەرێکی ڕاوەشاندوو لەدڵی خۆیدا گوتی:

-((هەورامان کەی وا هەژار بووە..؟ وادیارە هیچیان دەرنەچووە..!! جلەکانی هەمووی کۆنە.. تەنها ڕوخسارە پڕ لەنوورەکەیەتی دەدرەوشێتەوە..!! جێگای خۆیەتی، بەڵێ جێگای خۆیەتی یارمەتی بدرێست..!! جوتێک کۆنەرەو پانتۆلێکی لەوەی خۆم.. کراسێکی تازەیش..))

هەورە خەیالەکەی پێ بڕی:

ـ((ئەی ئێوە چۆنن کاک کەیوان؟))

ـ((سوپاس بۆ خوا زۆر باشین.))

ـ((دەرستان هەیە لێرە))

ـ((ئەی چۆن..حەز دەکەیت بەشداریمان بکەیت؟))

ـ((ئەگەر دەرسم بۆ دانەنێیت، دەبم بەدرەختێکی وشکی بێ بەر..))

ـ((خوانەکات..!! ان شاء الله وات لێ نایە.. هەرچەند مرۆڤی موسڵمان بەدەرس خوێندنەوە بەندە.. ئەگەر نەیبوو، ژیانی لێ تێک دەچێت..))

ـ((زۆر ڕاستە.. بڕوام پێ بکە کاک کەیوان من ئێستا ژیانم لێ تێک چووە..))

ـ((ان شاء الله لەمەودوا وانابێت، تۆ دەبێت لەم شارەدا باشترین دەور ببینیت.. خەڵکی ئەم شارە پێویستیان بەداعی ژیرو دانایە.. تۆ دەبێت بوونی ئەم ئیسلامە لەم شارەدا بسەلمێنیت))

ـ((ئەگەر لەگەڵ تۆدا بم هەموو شتێک دەکەم))

ـ((هەورەگیان، ئێستا ڕەمەزانە.. لەمزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکە دەرسێکی گشتیمان داناوە.. هەموو پاش نوێژێکی عەسرە.. وەرە بۆ ئەوێ.. باشە))

ـ((ان شاء الله.. هەرگیز دواناکەوم..))
ـ((ئەی ئێستا دەتەوێ بۆ کوێ بڕۆیت؟))
ـ((بۆ مالەوە))
ـ((بەیانی هەینیە))
ـ((وایە))
ـ((قوتابخانە نیە..))
ـ((بەڵێ))
ـ((لەبەر ئەوە ناڕۆیتەوە بۆمالی خۆتان.. ئەمشەو میوانی خۆم دەبیت))
ـ((خوا پاداشتت بداتەوە.. دەبێت بڕۆمەوە))
ـ((نەخێر ناڕۆیتەوە))
ـ((ئاخر..))
ـ((ئاخری نـاوێ.. ئەگـەر لەبـەر مالـەوەتان دەڵێـت ئەوە هەر ئێستا دەڕۆین و ئاگاداریان دەکەینەوە..))

هەورامان لەناخیوە پێی خۆش بـوو لەگـەڵ کـەیواندا بێ، وەڵێ دەترسا عـەزیـەتی بـۆ دروست بکـات، بۆیـە بەهانەی سادەی دەهێنایەوە.. بەڵام کاتێک کەیوانی دی، لەسـەر دەعوەتەکـەی خـۆی سـورە.. ئیـدی بـە پێخـۆش حالیەوە گوتی:

ـ((پێویست ناکات مالەوە ئاگادار بکەین، ئاساییە بەلایانەوە بابڕۆین..))

ئیدی هەر دروخۆشەویست، وەکو ئەبو بەکرو عومەر، دەستی یەکیان گرت و گەراجیان بە جێهێشت.

کەگەیشتنە مالەوە کەیوان بەدایکی گوت:

ـ((دایە.. دایە.. وەرە میوانێکی خۆشەویستمان هاتووە، وەرە بەزمانەکەی خۆمان بدێر هاتنی بکە..))

دایە بەرویەکی خۆشەوە هات..لەحەوشەکەدا پێوزن.. بەهەورامی گوتی:

ـ((کاکە گیان.. بەخێر بێیت..))

هەورامان سەری داخست و گوتی:

ـ((خۆشبێت دایە گیان.. خوا پاداشتت بداتەوە..))

کەیوان گوتی:

ـ((دایە.. ئەوە کاکە هەورامانە.. خەڵکی پیارەیە..))
ـ((توخوا خەڵکی پیارەیە..؟))
ـ((بەڵێ))
ڕوویکردە هەورامان:

ـ((یاخوا بەخێربێیت کوڕی خۆم))

بوخاری وموسلیمیش هاتن، سلاویان کردو ژیرانه ئەوقەیان کرد.. هەورە دانەوییەوە بۆلایان وئەملاو لایانی ماچ کردن.. هەستی کرد ڕێگ وەکو کەیوانی برایان وان.

دایە گوتی:

ـ((کەیوان گیان فەرمون.. بڕۆنە ژورەوە..))
ـ((بەسەر چاو دایە..))

کە هاتنە ژورەوە یەکەم جار هەورامان بۆلای کتێبخانەکە ڕۆیشت.. یەک یەک ئەماشای کتێبەکانی دەکرد.. جارێکی تر دڵی بندنگ بوو.. گەڕوی برژایەوە.. کتێبەکانی خۆی بیر کەوتەوە.. ئاخۆ دەبێت ئێستا چیان بەسەر هاتبێت..؟

دەبێت چۆن لەژێر ئاگری گوللە تۆپدا، بوو بن بەکۆی زوخاڵ ..؟

دەبێ کتێبەکانیش وەکو منداڵانی هەڵەبجە، وەکو پیاوە پیرەکانی هەڵەبجە، وەکو دایکە سک پڕەکانی هەڵەبجە، گەرویان بە گازی کیمیاوی خنکێنرا بێت..!!

دەبێ ئەوانیش، تەرمیان کەوتبێتە ژێر گەڕەکە ڕوخاوەکانی شار..!!

ئەگەر کتێبە ڕاست گۆکانی دنیا دەیانزانی لە هەڵەبجەدا، هاوڕێکانیان چۆن شەهید دەکرێن، لەوانە

بوو مانیان بگرتایه.. یاخود ڕاپەڕینایه و بەهاواری تۆڵه گوێی جیهانیان کەڕ بکردایه..))

کەبەربانگیان کردەوه، کەیوان بە ئیمامەتی نوێژی بۆ هەورامان کرد.. بەئاوازی دەنگەکەی خۆی، کەبڕواو یەقینی لێدەڕژا، قورئانی بۆ دەخوێندن.. هەورەش دڵی پڕ دەبوو.. دیسان نوێژو ئیمامەتی مزگەوتی((دار السلام)) ی بیر دەکەوتەوه..

پاش نوێژەکەیان و نان خواردن، هەورامان گوتی:

-((کاک کەیوان))

-((بەڵێ کاکه گیان..))

-((کاک سۆرانێک، جارێکیان لەگەڵتا هاتبۆ هەڵەبجه، ئێستا لەکوێیه..؟ چۆنه..))

-((تا.. کاک سۆران.. زۆر باشه.. لێرەیه..))

-((بیری دەکەم..))

-((ئەگەر چیرۆکەکەی دەزانیت.. زیاتر بیری دەکەیتەو خۆشت دەوێ..))

-((چیرۆکی کاک سۆران؟))

-((بەڵێ.. سۆران جاران پێیان دەووت سۆرانه شیوعی.. بەڵام ئێستا کاکه سۆرانه.. بیل بیلەی چاومانه..))

پاشان کەیوان چیرۆکی سۆرانی بەوردی بۆ گێڕا یەوە، هەورە زۆر خۆشحاڵ بوو.. حەزی دەکرد بەزوترین کات سۆران ببینێ.. کەیوان گوتی:

-((انشاء اللە لەم ڕۆژانەدا، کاک سۆران ژنیش دەهێنێت..))

-((بەڕاستی مژدەیەکی خۆشە..))

کەیوان پێی خۆشبوو، چیرۆکی ڕۆژگارو سۆرانیشی بۆ بگێڕێتەوە، وەلێ نەمانەت بوو لای، نەیدەتوانی بیدرکێنێت، حەزی کرد سۆران لەخۆی بۆی باس بکات.. هەردوو پەپولە بەیەکەوە قسەیان دەکرد، دڵیان بۆ یەکتری کردەوە.. تادڕەنگانێ.. کەیوان گەیشتە ئەو قەناعەتەی کەهەورامان لەمەودوا دەبێتە قەڵایەکی گەورەی بانگەوازەکەی.. هەورامانیش دڵنیابوو لەوەی کەجارێکی تر، لەم شەوەدا لەدایک بووتەوە.. بۆیە بەو پەڕی شادیەوە خەویان لێ کەوت..

★★★ ★★★ ★★★

سبەینێ، پێش نوێژی عەسر کەیوان و هەورامان لە گەراجی پاسی زەرگەتە یەکیان گرتەوەو بەیەکەوە ڕۆیشتن بۆ مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکە..

کەبانگ درا مەلا ئامادە نەبوو.. ڕەمەزانە، خەڵکێکی زۆر هاتبوو بۆ مزگەوت..!! کەیوان نوێژەکەی

بە ئیمامەت بۆکردن، کانێک لێ بوویەوە، ڕووی کردە خەڵکەکەو گوتی:

ـ((ئەم ئێوارەیەش ناموژگاری هەیە، هەر کەس حەز دەکات با دانیشێت..))

چەند پیاوێک هەستابوون بڕۆنە دەرەوە، کەگوێیان لەو ڕاگەیاندنە بوو، دانیشتنەوە.. وەلێ ڕاڕا بوون..

مەلایە دیارنیەو نەهاتووە..!

مەلایەکی دیکەیش نیە لە جێگایدا ناموژگاری بکات.. ئیتر دەبێت ئەوکەسەی ناموژگاریمان دەکات کێ بێ؟

ئەم پرسیارانەیان لەخۆیان دەکرد.. بەڵام وەڵامیان نەبوو.. هەروا بەچاوەڕوانیەوە دانیشتن..

هەورامان تەماشای مزگەتەکەی دەکرد.. لەخەڵکەکە ورد دەبوویەوە.. نیگاکانی هەڵدا بۆ سوچەکەی ئەو سەر.. خەنی..

((ئەوە سۆرانە.. نااای کاکێ سۆزان.. بەڕۆم بێ ڵای..! ها.. نا.. دوایی.. دوای دەڕۆم بۆلای..))

نزیکەی پانزە گەنج لەوێ بوون..

ڕووخسار پاک، نورانی، بە تەدەب، هێوریان لێ دەباری..

هەورامان زۆر پیێ سەیر بوو..

ئەو پانزە گەنجەی کە لەسێ جێگای جیاوازدا بوون، بەیەک ڕەنگ دا دانیشتبوون.. ئەژنۆکانیان لە باوەش گرتبوو، نوساندبوویان بە سکیانەوە.. چاویشیان لە کاک کەیوان کەلا نەدەبرد.. کەیوان قورتانێکی گەورەی بەرگ شینی داگرت، لاپەڕەکانی هەڵدایەوە.. خستیە سەر نەو تەختەیەی کەلەبەردەمیدا دانرابوو.. سەیرێکی خەڵکەکەی کرد.. لەڕاستەوە تا چەپ، کاتێ بینی، مشکی بینی، سەری ڕووتی بینی، بیجامە لەپێیشی بینی.. بەخۆی گوت:

ـ((باشە ئەمانە هەمووبان خۆیان بەکوڕی ئەم ئیسلامە دەزانن..؟ زۆر سەیرە..!! هەر ڕەمەزان تەواو بوو، ئیستر هاتوو چۆی مزگەوتیش تەواو دەبێت..!! ئەمانە ئامادەنین لەسەر بیر باوەڕ و ئیسلامەکەیان تفێکیان تێ بکرێت.. وا دەزانن ئیسلامەتی یانی سەری خۆ کزکردن و دەست بەکلاوی خۆ گرتن.. سەیرە..!!))

پاشان، سوپاس و ستایشی خوای پەروەردگاری کردو.. دەستی کرد بە خوێندنەوەی ئەم ئایەتانە:

(ان تمسسكم قرح فقد مس القوم قرح مثله وتلك الايام نداولها بين الناس وليعلم الله الذين آمنو ويتخذ منكم شهداء، والله لايحب الظالمين، وليمحص الله الذين آمنوا ويمحق الكافرين، أم حسبتم أن تدخلوا الجنة ولما يعلم الله الذين جاهدوا منكم ويعلم الصابرين، ولقد كنتم تمنون الموت من قبل أن تلقوه فقد رأيتموه وأنتم تنظرون).

هەناسەیەکی قوڵی پڕ لەکەسەرو یازرخی هەڵکێشاو، دەستی کردبە تەفسیرکردنی ئایەتەکان..

لەسەرەتاوە کەمێک باسی ئەوەی بۆ کردن کەمرۆڤ لەنێوان دوو ڕێگا دایە..

((کوفر و ئیمان))

یان کافرە.. یان ئیمان دارە..

پاشان باسێکی ئیمان و ناوەرۆکی و چالاکیەکانی جۆگەلەکانی کرد.. دواتر گوتی:

ـ((هەر کەسێک بوو بەخاوەنی ئەم عەقیدە پاکە، دەبێت تامادە بێت لە پێناویدا هەموو ئازارو ئەشکەنجەیەک بچەژێت..

تەماشاکەن، هاوڕێکانی پێغەمبەر چۆن لە پێناوی ئەم ئیسلامەدا تالاویان چەشتووە و لەگەڵ دەست و پەنجەی زۆرداراندا ڕووبەڕوو بوونەتەوە..))

ئامۆژگاریەکانی کەیوان، ولاتێکی دابڕاو لەنەفامیەی ئەمڕۆی بۆگەن بوون.. دەستە دەستە زەرەز، شاپەرێک، لەو ولاتە سەربەخۆیەدا هەڵدەفڕین و دەنیشتنەوە، لەیەکتری دەنالان و بۆ یەکتری پێدەکەنین..

خەڵکی مزگەتەکە نەدەکۆکین..

هاوێشکیان نەدەدا..

ئاخر هەر جارێک مەلا ڕیش تاشراوە بۆینباخ لەملەکە، وتاری بۆ دەخوێندنەوە، هێندە هاوێشکیان دەداو دەکۆکین تا خۆیان و مەلایشیان ماندو دەکرد..

کەیوان گوتی

-((حەزرەتی ئەبو بەکر خوا لێی ڕازی بێ، جارێکیان لە کەعبەی پیرۆزدا، خوا پەرستی دەکرد و لەگەڵ پەروەردگاری ئەم بوونەوەرەدا دەدوا..

نەفامەکانی قوڕەیش..

جەللادەکانی ئەبو جەهل و ئەبو لەهەب، لێی کۆبوونەوە و کەوتنە ئازاردانی..

هێندەیان لێدا تاکەوتە ژێر پێیانەوە..

عوتبەی کوڕی ڕەبیعە، پێلاوەکانی لەپەکتری جووت کردو بە هەمور هێزی دەیکێشا بەدەموو چاوی ئەبو بەکردا..

زۆرداران و دوژمنانی دینی خوا، بەشەق و شەپازلە و مشتەکۆڵە تێی بەربوون..

وای لێهات چاوو لوت و لێوەکانی لەپەکتری جودا نەدەکرانەوە، سوربوو بوون لەگەڵ خوێندا.. ئاخر ئەمە بۆ..؟

ئەبو بەکر مالی کەسی تالان کردووە..؟
ناپاکی لەگەڵ کەسدا کردووە..؟
خاکی کەسی داگیر کردووە..؟
ئەم پیاوە چ تاوانێکی هەیە وابەم شێوەیە ئازاری دەدەن..؟
بێگومان تاکە تاوانی ئەبوبەکر ئەوەیە کە خوای گەردوون و ژیان و مرۆڤ دەپەرستێت..!!

کاتێک خزمەکانی ئەبو بەکر نەم هەواڵەیان پێگەیشت، بەپەلە هاتن و خەڵکە زۆرداڕەکەیان لێ دوورخستەوە..

پاشان خستیانە جلێک و بردیانەوە بۆ ماڵەوە، دواتر هاتنەوە بۆ لای کەعبە و بەخەڵکەکەیان گوت: ئەگەر ئەبو بەکر بمرێت عوتبەی لەسەر دەکوژین..

لەدوایدا گەڕانەوە بۆلای ئەبو بەکر، خزمەکانیشی کافر بوون، لەبەر پەیوەندی خزمایەتی ئەمەیان کرد..

زۆر بانگی ئەبو بەکریان کرد، نەیتوانی وەڵام بداتەوە.. تالای ئێوارە چاوەکانی هەڵبڕی وگوتی:

ـ((پێغەمبەری خوا چی بەسەر هات؟))
ئەمەیە سەربازی نیسلام..
کوڕی ئیسلام دەبێت ناوابێت..
ژیانی خۆی بەلاوە گرنگ نیە..
گرنگ پێغەمبەرەکەیەتی.. ئیسلامەکەیەتی..

خزمەکانی کاتێک ئەوەیان گوێ لێبوو، لەداخانا بەجێیان هێشت، کاتێک نانیان بۆ هێنا، نەیخوارد و گوتی.. تاپێغەمبەری خوا نەبینم دەم لەهیچ نادەم.. یان هەر دەی پرسی.. پێغەمبەری خوا چی بەسەر هات..

لەدوایدا دایکی نارد بۆ لای فاتیمەی کچی خەتاب و هەردووکیان بردیان بۆ مالی ئەرقەمی کوڕی ئەرقەمی مەخزومی و پێغەمبەری ئیسلامی بینی و دڵی نۆقرەی گرت..

خەڵکەکە تادەهات زیاتر عەشقی قسەکانی کەیوان دەبوون بەهیچ جۆرێک هەستیان بەبێ تاقەتی نەدەکرد..

کەیوان تەڵی عاتیفەی گرتبوون.. بەسۆزەوە قسەی بۆ دەکردن، ئەیدەویست قسەکانی عەقڵی وشک بن، فەلسەفەی وشک بن، مەنتیقی ڕوتەن بن..

ئەو شێوازەی تاقێکردبۆوە وە..

سەرکەوت و نەبوو تیایدا.. بگرە زیانی زۆریشی کردبوو..

ئێستا ئەزمونی وەرگرتووە.. هەمیشە بەدوای ئەو کلیلەدا دەگەڕێت کە قوفڵی داخراوی دڵی بەرامبەری دەکاتەوە..

دەیزانی ئەگەر بوو بەخاوەنی دڵی مرۆڤێک، بوو بە مەلیکی مەملەکەتی هەر دڵێک، ئیدی حوکمیشی ڕەوا دەبێت..

ئیدی چۆنی بوێت وا بڕیار دەدات..

زۆر قوتـــابی دەبینـــێ.. تـــەنها دوو هەفتـــە لای مامۆستایەک دەرس دەخوێنن و دوایی بێ تاقەت دەبن و وازدەهێنن..

هەقی خۆیانە وازبێنن..

چی لەمامۆستایەک بکـــەن کەدەیـــەوێت، بەســـەر قوتابیەکەیەوە ببێتە خان و دەرەبەگێک و، تەنها وشـەی (نەمر) بزانێت..

نـەم جـۆرە مامۆستایانە لـەکوێ دەتوانـن، بگەنـــە قۆلایەکانی ناخی قوتابی..!!

هەرگیز ناتوانن..!!

کەیوان قەناعەتی وابوو، دەیگوت:

ـ((هـــەر مامۆســـتایەک نـــەتوانێت، پردێکـــی خۆشەویستی لەنێوان رۆحی خـۆی و رۆحـی قوتابیەکـەیدا دروست بکات، سەد لەسەد فاشیلە..))

خەڵکی نێو مزگەوتەکە مەست بوو بوون.. هـەورامان لە هەموویان زیاتر، حەزی دەکرد هەسـتێتە سـەر پـێ و پەلاماری کەیوان بدات و تێر تێر ماچی بکات..

وەلێ یازۆخ.. ناکرێت..!!

کەیوان گوتی:

ـ((یەکێکی تر لە هاوڕێیانی محمدو هەڵگرانی بیری ئیسلامەتی، کەکەوتە ژێر ئازاری کۆمەڵگەی جاهیلی قوڕەیشەوە، خەبابی کوڕی ئەرەت بوو..

ئەم لاوە بەندەی ئومو عەمار بوو.. بڕوای هێناو هاتە ڕیزی خواویستانەوە..

خانمەکەی کاتێک پێی زانی شێت بوو، ئاگری قینی تێبەر بوو..؟

ئاخر چۆن دەبێت بەبێ پرسی ئەو شتی وا بکات؟! مەگەر عەبدی نیە..؟

بۆیە تاسنی لەسەر ئاگر بۆ سور کردەوە.. هەر لەنووکی پێیەوە تا تەوقی سەری داخ کرد.. ئەمە بوو بە پیشەی ڕۆژانەی خانم.. چەند جار خەباب بێ هۆش دەکەوت و، لاشەی دەکەوتە سەر زەوی. جارێکیان لەڕادەبەدەر ئازاریان دا.. هاتە خزمەتی پێغەمبەری خواو.. لە سێبەری کەعبەدا بوو.. گوتی:

ـ((ئەی پێغەمبەری خوا..

بۆچی لای خوای پەروەردگار بۆمان ناپارێتەوە، تالەم ئازارو ئەشکەنجەیە ڕزگارمان کات؟))

پێغەمبەری ئازاو ئازیز هەڵسایەوەو ڕەنگی سور هەڵگەڕاو فەرمووی:

ـ((ئومەتە پێشووەکان، بەشانەی ئاسنین، هەمور گۆشت و پێست و ڕەگ و پەیان دادەڕنین..

یابە مشار، لەسەریانەوە بۆ خوارەوە، دایان دەهێنان.. لەگەڵ ئەوەیشدا ماندوو نەدەبوون و وازیان لە ئاینەکەیان نەدەهێنا..

سوێند بێ بەخوا، خوای گەورە بە جۆرێک ئەم ئاینەی خۆی سەر دەخات، سوار لە (صنعا) وە دەڕوات بۆ (حپر موی) و بێجگە لەخوا، لەهیچ شتێکی دیکە ناترسن.. بەڵام ئێوە پەلە دەکەن.))

هاوڕێکانی پێغەمبەرو خاوەنی بانگەوازەکە، ئابەم شێوەیە دین داریان کردووە، بۆیە خوای گەورە لەماوەی نیو سەدەدا، دنیای بۆ فەتح کردن..))

کەیوان زانی خەڵکەکە هیچ جۆرە ماندووبونێکیان پێوە دیارنیە.. ئەم نمونەیەشی بۆ هێنانەوە.. گوتی:

ـ((زەنیرە، کەنیزەکێک بوو لەناو قورەیشیەکاندا..

کەبانگی ئیسلامەتی بۆ ئازادکردنی مرۆڤ، بەپیاو و ئافرەتەوە درا.. ئەمیش موسڵمان بوو.. بێگومان

تاغوتانیش لێی ناگەڕێن، بۆ خۆی دین داری بکات و موسڵمان بێ.. ڕێگا نادەن، ئافرەتێکی کەنیزەک واز لە لات و عوزا بهێنێت و بەتەنیا، سەر بۆ خوا دابنەوێنێت.. لێی کۆبوونەوە کەوتنە ئازار دانی.. هەزاران بەڵایان بەسەر هێنا.. ئەبو جەهل دەیگوت:

ـ((ئەگەر ئەوەی محمد بانگی ئێمەی بۆ دەکات، باش بوایە، زەنیرە پێشی ئێمە نەدەکەوت.. ئایا زەنیرە لە ئێمە عاقڵ تر؟))

خوای گەورەیش لەوێدا ئەم ئایەتەی نارد خوارەوە:

((وقال الذين كفروا، للذين آمنوا، لو كان خيرا ماسبقونا اليه، واذا لم يهتدوا به، فسيقولون هذا افك قديم))

پاشان ئازارەکەیان لەسەر زەنیرە سەختر کرد.. بەهێزانە تر لێیان دەدا..!! دەتگوت پاڵەوانێتی خۆیان دەنوێنن..

ئاااایی لەم نازایەتیەتان..!!

بەس نیە بەئافرەتێکی هەتیوی بێ یاوەر و دایک، بێ عەشرەت و کەس و کار دەوێرن..!!

بێ ڕەحمانە لێیاندا، تا هەردوو چاوی کوێز بوو.. بەێ دینەکان پێیان گوت:

ـ((ئەها خواکانمان کوێریان کردی و پێیان نواندی!))

زەنیرەیش لەوەڵامیاندا دەیگوت:

ـ((درۆ دەکەن.. خواکانی ئێوە هیچیان لەدەست نایە.. ئەگەر خوای گەورە بیەوێت هەردوو چاوم چاک دەکاتەوە..))

خوای گەورەیش دڵی نەشکاند.. بەیانی کە ڕۆژ بوویەوە، هەردوو چاوی چاک کردەوە و ڕوونی کردەوە..

وتارەکەی کەیوان چل و پێنج دەقیقەی خایاند..

کاتێک لێ بوویەوە، خەڵکەکە بەیەک دەنگ گوتیان:

ـ((خوا پاداشتت بداتەوە.. مامۆستا..))

ئەمیش گوتی:

ـ((خوا لە هەموومان ببوورێت..))

لەدوایدا هەستایە سەرپێ.. خەڵکەکەیش هەستان.. دەهاتن بۆ لای و تەوقەیان لەگەڵدا دەکرد.. بەتوندی

دەستیان دەگوشی و دەڕۆیشتن.. خەڵکەکە چوونە دەرەوە.. تەنها قوتابیەکانی خۆی مانەوە.. لە پێشدا هەورامان هات بۆلای.. زۆر بەتامەزرۆ گەرمیەوە گوتی:

ـ((خوا پاداشتت بداتەوە.. بەڕاستی نامۆژگاریەکانت کاریگەر بوون.. تۆ دەبێت لە مزگەوتی گەورە هەموو ڕۆژێکی هەینی خوتبە بدەیت.. جێگای تۆ ئەوێیە..))

کەیوان بۆی خنایەوەو گوتی:

ـ((هەورە گیان وایش نین.. ئەوە لە دڵی تۆدا وایە))

ـ((منی چی..!! ئەو خەڵکە هیچی ئاگای لەخۆی نەمابوو.. بڕوابکە ئەگەر تا بانگی مەغریبیشی بخایاندایە تاکە کەسێک هەڵنەدەستا..))

ـ((کاک هەورامان.. ئەوە هەموی قەزڵی خوایە.. هیچی مولکی خۆم نیە.. ئەگەر خوای گەورە نەبێت.. من هەر هیچ نیم.. تەنها یەک وشەیشم بۆ نادرکێت.. سوپاس بۆ تۆ خوایە..))

پاشان گوتی:

ـ((هەورە گیان با قوتابیەکانت پێ بناسێنم..))
ـ((زۆر زۆرم پێ خۆشە.))

بەجوونە هاتنە لای قوتابیەکان.. سلاویان کرد.. نەوانیش هەستانەوە وەلامیان دانەوە..

سۆران یەکەم کەس بوو، ئەملاولای هەورامانی ماچ کرد..

ـ((کاک هەورامان.. ئەوە تۆی..؟ سوپاس بۆ خوا ماویت.. ئێمە چەند گەڕاین بە دواتاندا.. هەر نەمان دۆزینەوە..))

ـ((خوا پاداشتان بداتەوە کاک سۆران.. بەڕاستی بیرم دەکردی..))

ـ((من زیاتر بیرم دەکردی..))

کەیوان بەپێکەنینەوە گوتی:

ـ((ئەم ڕیاز ونیازە هەڵگرن بۆ دوای.. ئێستا با ئەمانی تریشت پێ بناسێنم..))

یەکەم کەس کە تەوقەی لەگەڵدا کرد کاک عەلی بوو، پاشان کاک دارا، کاک هیوا، کاک سەروەر، کاک نەورۆز، کاک بابان، دکتۆر لوقمان.. دەرچووی پەیمانگای پزیشکی بوو، عەینەکێکی لەچاودا بوو.. قوتابیەکان هەر دکتۆریان پێ دەگوت..

پاشان کاک موسی، کاک محمود، کاک محمد، کاک یاسین، کاک ئەحمەد، کاک دلێر، کاک ڕێباز..

مامۆستا کەیوان گوتی:

ـ((ئەمە کاک هەورامانە.. خۆشەویستی من و نوری چاومە.. لە کیمیاویەکەی هەڵەبجە ڕزگاری بووە.. ئێستا مالیان لێرەیە..))

کاک عەلی گوتی:

ـ((خۆشەویست و نوری چاوی ئێمەیشە..))

محمود.. گوتی:

ـ((منیش خەڵکی سیروانم.. لەبەر ئەوە زیاتر لێیەوە نزیکم و خۆشم دەوێت..))

هەورامان!

ـ((خوای گەورە پاداشتی هەمووتان بداتەوە.. بەڕاستی ئێستا خۆم بە غەریب نازانم.. ئێوە هەمووتان برای منن..))

لەدوایدا عەلی تەماشای سەعاتەکەی کردو گوتی؟!!

ـ((کاک کەیوان قوربانەکە بخوێنین.. یان.. دوای خەین..؟))

کەیوان دەیزانـــی درەنگـــە.. ئامۆژگاریـــەکانی زۆری خایاند.. مەلاکە ڕۆژانی تر هەر چارەکێک قسانی دەکردو دەڕۆیشت، بەڵام ئەمڕۆ چل و پێنـــج دەقیقـــە بـــوو.. ڕۆژی هەینیشە..

ئـەم دەرسـی قورئـان خوێندنـە.. تـەنها دەورکردنـــەوە بوو.. جێ خۆش کردنیش بوو بۆ دوای ڕەمـــەزان.. کـەیوان دەیویسـت دوای ڕەمـەزان دەرســێکی بـــەردەوامی لـــەم مزگەوتەدا هەبێت..

پێی شورەیی بـوو، هـەموو مزگەوتـەکان، لەترسی بەعس چۆڵ بکرێت.. دەیویســت ببێتـە چیایـەکی سـەخت لەڕووی ئەو بڕیارەی بەعسدا..

لەوەڵامی کاک عەلیدا گوتی:

ـ((وام پێ باشە ئەمڕۆ دوای خەین..))
ـ((منیش هەر وام پێ باشە..))
ـ((کەواتە دەڵێی چی بڕۆینە دەرەوە..))

لەپێشدا کەیوان و سۆران و هـەورامان چوونـە دەرەوە بەرەو بازاڕ بوونەوە..

سۆران دەیگوت:

ـ((کـاک هـەورامان.. حەتمـەن ئـەم شـــەو لـــەمالی خۆمانین.. ڕێگات نادەم بۆ هیچ کوێ بڕۆیت..))

ـ((زۆر زۆرم پێ خۆشە بەڵام..))
ـ((بەڵام چی..))
ـ((بەڵام نەم شەوی ڕابووردوو لەمالی خۆمان نەبووم))
ـ((جاچی تیایە.. حەز دەکەیت یەک هەفتە نارۆمەوە بۆ مالی خۆمان..))
ـ((خۆ ئاساییە.. بەڵام لەبەر دڵی دایکم دەڵێم..))
ـ((دەڕۆینەوەو پرسیاریان پێ دەکەین..))
ـ((بۆ شەوێکی تر..))
ـ((نا.. هەر ئەم شەو..))
ـ((حەز دەکەم.. بۆ شەوێکی تربێت..))
ـ((منیش حەز دەکەم.. ئەم شەو بێت..))

هەورامان تەماشای کەیوانی کرد.. وەکو پرسی پێ بکات ئاوابوو کەیوانیش تێگەیشت.. گوتی:

ـ((مادەم کاک سۆران زۆری پێ خۆشە.. بڕۆ.. ئاساییە..))

ئیدی هەورامان بێ دەنگ بوو..

سۆران گوتی:

ـ((کاک کەیوانیش پێی خۆشە.. ڕازیەتی.. وانیە..؟))

ـ((بەڵێ وایە.. پێم خۆشە.. باسی ژن هێنانەکەیشی بۆ بکە..))
ـ((ئەرێ بەڕاست بیرم کەوتەوە..))
ـ((چی..؟؟))
ـ((ویستم پرست پێ بکەم.. نازانم ڕازیەتی هەنگاوی یەکەم بنێم..))

ـ((ئەی چۆن ڕازیم نیە.. بەس پێم بڵێ هەنگاوی یەکەم چی دەکەیت..؟))
ـ((لەپێشدا دایکم دەنێرم..))
ـ((پاشان..))
ـ((پاشان کەڕازی بوون.. باوکم و مەلایەک و دوو سێ مشکی بەسەر دەنێرم.. مارەی بڕێ و تەواو..))

هەورامان مۆڵەتی قسەکردنی لە مامۆستاکەی وەرگرت و بە سۆرانی گوت:

ـ((کاک سۆران خۆت کچەکەت دیوە..؟))

سۆران بزە گرتی.. کەیوان نەرمە پێکەنینێکی کرد.. هەورە هیچ حاڵی نەبوو.. کەیوان گوتی:

ـ((جارو بار لەسەر ڕێگاو بان دیوێتی..))
ـ((سفورە.. یان موحاجەبەیە..؟))
ـ((بێگومان موحاجەبەیە..))

ـ((خوای گەورە ئاسانی بکات و هەرچی زوتبرە بەیەکتان شاد بکات..؟))

سۆران:

ـ((خوا پاداشتت بداتەوە..))

کەگەیشتنە بازار.. سۆران داوای لە کەیوان کرد، لەگەلیان بمێنێتەوە و نەڕواتەوە.. وەلێ کەلکی نەبوو.. چونکە کارەکانی کەیوان و بەرنامەی ڕۆژانەو شەوانەی ڕێگای نادەن..

کەیوان لە سەر هێلێک دەڕوات، لەسەر جادەیەکی قیرتاوی خۆگرتوو دەڕوات.. ناتوانێت لاداتەسەر تەپو تۆزی خۆلەکە.. بۆیە لەبازاڕدا بەجێی هێشتن و گوتی:

ـ((دەتان دەمە دەستی ئەو خوایەی کە ئەمانەت نافەوتێنێ و پارێزگاری لێ دەکات..))

پێش ئەوەی بڕوات.. سۆزانی بردە پەنایەکەوەو زەرفێکی داخراوی دایە و گوتی:

ـ((ئەوە سەد دینارە.. براکان کۆیان کردۆتەوە.. هەر ئێستا جوانترین پانتۆڵ و، کراسێکی سپی و، جوتێک گۆرەوی و جوتێک قۆنەرەی لێ بکرە بۆ کاک هەورامان.. من دەڕۆم، نەکا شەرم لەمن بکات..))

ڕێیدی خوا حافیزی لێ کردن..

خۆر هێندەی ڕمێکی مابوو بگاتە ناماێزی چیاکان.. تیشکەکانی ئاواز بوون.. هێزیان نەمابوو.. بە ئاستەم دەکەوتنە سەر زەوی.. لە عەشقێکیان دەکرد.. ئەژنۆکانی لەبەردەم خۆشەویستەکەیدا بووبێت.. دەستەکانی لەرزۆک بوربێت لەبەر پێی خۆشەویستەکەیدا کەوتبێت..

دوکانەکان تاکە تاکە دادەخرێن.. دیارە خاوەنەکانیان بەڕۆژون.. دەیانەوێت بۆ بەر بانگ بگەڕێنەوە ناو منداڵەکانیان.. ئەگەر جەلادەکانی بەعس ڕێگەیان پێ نەگرن و، بەبەهانەیەکی هیچ و پوچ، ڕاپێچی زیندانیان نەکەن..!!

سۆران و هەورامان گەیشتنە بەر دەرکی سەرا..

ئەم هەموو گەنجە چیە.. لێرەدا جەم بوون..؟ هەورامان بە خۆی دەگوت..

((ئەگەر ئەمانە هەمووبان، دڵسۆزانە ڕاپەڕن لەو قەناعەتەدام لەماوەی هەفتەیەکدا، شۆڕشێکی گەورە دروست دەبێت.. بەڵام..))

هاتنه خواره‌وه.. خۆیان کرد به‌قه‌یسه‌ریه‌کدا، له‌به‌ر دوکانێکی شوشه‌به‌ندا راوه‌ستان.. پانتۆڵ و کراسی جۆراو جۆری لێ بوو.. سۆران گوتی:

ـ((کاک هه‌ورامان.. من ده‌توانم له‌ئه‌مری کاک که‌یوان ده‌رچم؟))
ـ((باوه‌ڕ ناکه‌م..))
ـ((ئه‌ی تۆ ده‌توانی ده‌رچیت..؟))
ـ((ئه‌وه من هه‌ر ناتوانم..))
ـ((که‌واته من هه‌رچیم پێ گوتی، ده‌بێت له‌قسه‌م ده‌رنه‌چیت..))
ـ((به‌سه‌ر چاو.. به‌ڵام بۆ..؟))
ـ((کاک که‌یوان گوتی..))
ـ((گوتی چی..؟))
ـ((گوتی پێت بڵێم.. تا ده‌رۆینه‌وه بۆ ماڵه‌وه، من هه‌رچیم پێ گوتیت به‌گوێم بکه‌یت.. باشه..!!))

ـ((باشه..))
ـ((که‌واته.. ئه‌م پانتۆڵانه کامیان جوانن؟.))
ـ((بۆ؟))
ـ((نه‌مگوت مه‌ڵێ بۆ.. هه‌رچیم پێ گوتیت تۆ بیکه‌و ته‌واو))

هەورامان نەیدەزانی مەبەستی چیە.. هەر هێندە تێدەگەیشت کەگرێیەک هەیە.. مەتەڵێک هەیەو بۆی هەڵنایە..

-((ئەم پانتۆڵانە کامیانت بەدڵە..؟))

ئەم تەماشای هەمووبانی کرد.. سپی، سور، زەرد، قاوەیی، مۆر، ناوی، دانرابوو.. بەڵام ئەم دڵی تەنها بەڵای ڕەشەکەدا دەچوو.. بەخۆی دەگوت:

-((ئەمە.. لەوەی کاک کەیوانە..))

سۆران گوتی:

-((چیە..؟ کامیانت بەدڵە؟))
-((ئەو ڕەشەیان..))
-((لەبەر ئەوەی وەکو ئەوەی کاک کەیوانە؟))
-((تۆ چووزانی؟))
-((چۆن نازانم.. من جاسەی شەشەمم هەیە..))
-((جاسەی شەشەم..؟))
-((بەڵێ..))
-((ئەو جاسەیە چۆنە..؟))
-((ئێستا کاتی ئەوە نیە.. بابڕۆینە ژوورەوە.. پانتۆڵەکەت لەپێ بکە..))

کابرای دوکاندار گەنجێک بوو، پانتۆڵەکەی بۆ داگرت و پێی گوت..

ـ((لەو ژوورە بچوکەدا لەپێی بکە..))

سۆران قایشێکیشی بۆ هێنا.. زۆر جوان بوو، ڕێک وەکو ئەوەی کاک کەیوان رابوو.. کراسێکی سپیش.. جوتێک گۆرەوی سپیش.. کاتێک هەورامان دەیویست قسە بکات.. شتێک بڵێت.. خێرا سۆران پێی دەبڕی و دەیگوت:

ـ((نەمە.. نەمرە.. نەمری کاک کەیوانە.. بێدەنگ بە، باکەس گوێی لێ نەبێت..))

ئیدی قسەی نەدەکرد.. لەدوکانەکەی ئەوبەرێش جوتێک قۆنەرەی ڕەشی بۆ کڕی و لەپێی کرد. هەورە خۆی چەند شیرین وجوان بوو، دە ئەوەندەی تر شیرینتر و جوانتر بوو.. دەتگوت مانگە و لەشەوی دەیجوردا دەدرەوشێتەوە.. دەتگوت یوسفە و لەسەر دەستی میسر دانیشتووە.. تیشکە پەمەییەکانی خۆرەکەیش، کەدەکەونە سەر ڕووخساری چەند دەیان ڕازاندەوە.. بە شۆخیەوە گوتی:

ـ((من ئێستا هەورامانم.. یان کاک کەیوان..))

سۆران پێکەنی... گوتی:

ـ((هەردووکیانیت.. هەورامانیش.. کەپوانیش..))

ـ((سبەینێ کاک کەیوانم دی.. پێی دەڵێم.. من تۆم.. تۆ کێیت..؟))

ـ((ئەویش دەڵێت.. منیش هەورامانم..))

★★★ ★★★ ★★★

بۆ بەربانگ گەیشتنەوە ماڵەوە..

باوکی و دایکی و بەختیاری برای هاتن بە پیریانەوە.. ئەم ماڵە زۆر میوان پەروەرن.. هێندە رێز لەمیوان دەگرن، تاوای لێدەکەن شەرم بیگرێت..

سۆران ئەمە چاک دەزانێ، بۆیە بەپەلە، هەورامانی بردە ژوورەکەی خۆی و پێی گوت:

ـ((بەر بانگەکەمان دەکەینەوە.. پاشان نوێژەکەمان دەکەین..))

ـ((چۆنت پێ باشە وادەکەین..))

ـ((بەختیاری برایشم قوتابیخۆمانە.. ئاساییە لەگەڵمانا دانیشێت..))

ـ((لای منیش ناساییه..))

بەنەرمی لەدەرگای ژوورەکەی درا.. سۆران کردیـەوە.. بەختیار دوو پاقلاوەی بۆ هێنابوون.. گوتی:

ـ((پێش نوێژەکەتان.. بەربانگ بکەنەوە..))

سۆران پاقلاوەکـانی وەرگـرت و دەوریەکـەی دایـنـەوە بەبەختیار.. هەورامان گوتی:

ـ((کاک بەختیار.. دەخوێنیت..؟))
ـ((بەڵێ..))
ـ((لەپۆلی چەندیت..؟))
ـ((سێیی ناوەندی!))
ـ((پۆلی سێ؟))
ـ((بەڵێ))
ـ((منیش پۆلی سێیم..))
ـ((بەڕاستە..؟))
ـ((بەڵێ..))
ـ((یاخوا بەخێر بێیت.. بەڕاستی پێم خۆش بوو..))

سۆران گوتی:

ـ((دەوریەکـە بـەرەوە و، وەرە بـا نوێژەکـەمان بـە جەماعەت بکەین.. دوایی تێر قسەدەکەین..))

بەختیار ڕۆیشتە دەرەوەو ئـەمانیش خۆیـان بـۆ نوێـژ ئامادەکرد..

١١

ڕەمەزان تەواو بوو..
چوار ڕۆژ بەسەر جەژندا تێپەڕی..
نزیکەی چل دەقەی ماوە بۆ بانگی عەسر..
لەم ئێوارەیەوە دەرسەکان دەست پێ دەکەنەوە..
کەیوان و هەورامان لە هەیوانی مزگەوتەکەدا دانیشتوون..
دەرگای مزگەوتەکە بە قوفڵێکی گەورە داخراوە..
کاتی نوێژ دەکرێتەوە..
هەورامان خەمگین دیارە.. تووڕاڵێکی ناسکی دڵتەنگی، هاتۆتە سەر ڕوومەتی.. دیارە هەم یادگارینەکانی سەریان کردۆتەوە جگەری..

ـ((کاک کەیوان.. بەڕاستی لەم مانگی ڕەمەزانەدا.. کارەساتی گەورەو جەرگ بڕ هات بەسەر خەڵکی هەڵەبجەدا..))

ـ((هەورە گیان.. ئەم ژیانە هەر وایە.. پڕلەکارەسات.. بەتایبەتی بۆ برِوادارانِ.. بەتایبەتی تریش لەم سەردەمەدا.. ئیسلام لەنێو خەڵکیدا زۆر نامۆیە.. هەڵگرانیشی زۆر نامۆن.. زۆرداران و تاغوتانیش.. بەهێزی ئاگر و ئاسن.. دەیانەوێت، لەهەر جێگایەکدا موسڵمانێک ڕوابێت.. وشکی بکەن..))

ـ((لە هەڵەبجەدا موسڵمانی زۆریان وشک کرد..!!))

ـ((بەڵام هەروا بۆیان ناڕواتە سەر.. زۆرداران لە ڕەمەزاندا کوردستانیان کرد بە گۆمی خوێن.. ان شاءالله هەر لە ڕەمەزانیشدا خوای گەورە دەیان کات بە عیبرەت.. موسڵمانانی کوردەواری سەر دەخات بەسەریانا..))

ـ((دەبێت ئەو ڕۆژە کەی بێت..؟))

ـ((هەورە گیان.. وامەزانە دوورە.. هەموو شتێک بەلای خواوە ئاسانە.. لە قەناعەتی کام قوڕەیشی بێ دیندا بوو.. زۆرلێکراو و ژێرپێ خراوێکی وەکو محمدی کوڕی عبدالله کۆچ بکات بۆ مەدینەو دەوڵەتی ئیسلامی دابمەزرێنێ..؟))

-((.....!!!))

-((ئەبو جەهل و ئەبو لەهەب و ئومەیەی کوڕی خەلەف کەی بڕوایان دەکرد لەشەڕێکی وەکبو بەدردا، کەلاکیان بکەوێتە.. ژێر پێی بیلال و مسعب و حەمزە.. هەورەگیان دەزانی شەڕی بەدر لەچ مانگێدا بوو..؟))

-((مانگی ڕەمەزان بوو.. هەشت ڕۆژ بەسەریدا تێپەڕی بوو.. کە سوپا چکۆلانەکەی خستەڕێ.. ئەمان بۆ گرتنی کاروانەکە چوو بوون.))

-((کاروانەکەی ئەبو سوفیان..))

-((بەڵێ.. بۆ شەڕ نەچووبوون.. سێ سەد و یانزە کەس بوون.. هەریەکە شمشێرێک، یان ڕمێک، یان شیرو کەوانێکیان هەڵگرتبوو.. کەچی تووشی سوپایەکی چەکداری قورەیشی بوون، هەورە گیان کێ بڕوای دەکرد.. ئەو سوپا بێ چەک و بچکۆلەیە.. زاڵ بێت بەسەر لەشکری چەکدارە زۆرەکەی نەبو جەهلدا.. پێغەمبەری خوا خۆیشی، دەستی بەرز دەکردەوە ودەیگوت.. خوایە ئەگەر ئەم کۆمەڵە تیابچن، ئیتر تۆ ناپەرسترێت لەسەر زەویدا.. بەڵام کاک هەورامان دەبێ ئەوەبزانیت، موسڵمانان تەنها بە هێزی خۆیان شەڕ ناکەن.. مرۆڤی موسڵمان بەهێزی خوای گەورە شەڕ دەکات.. بەپشت و پەنای خوای ئەم گەردوونەوە شەڕ دەکات.. بۆیە هەمیشە

یارمەتی بۆ دێت.. هاریکاری دەکرێت.. بێ کۆمەک نامێنێتەوە..))

-((بەڵێ..))

-((جەز دەکەیت بانمونەیەکی سەدەی بیست و ئێستای خۆمانت بۆ بێنمەوە..))

-((پێم خۆشە..))

-((موجاهیدێکی ئەفغانی.. نەخوێندەوار.. شەوێک دەکەوێتە سەربازگەیەکی شیوعیەکانی ڕوسیاوە..))

-((لە ئەفغانستان..؟))

-((بەڵێ.. لە ئەفغانستان.. دەیگرن و دەیبەن بۆ لای ئەفسەری سەربازگەکە.. ئەویش ڕایدەگرێت و پێی دەڵێت:

-((تۆ بڕوات بە خوا هەیە.؟))

ئەویش پێی دەڵێت:

-((بەڵێ بڕوام پێی هەیە..))

کابرای ئەفسەر، زۆر هەوڵدەدات قەناعەتی پێ بکات کەخوا نیە و دین درۆیەو قیامەت مرۆڤ

خەڵەتاندنە.. بەڵام موجاهیدە نەخوێندەوارەکە کۆڵ نادات‌و لە مل ملانێی خۆی ناکەوێت..

ئەفسەرەکە پێی دەڵێت:

ـ((کەواتە تۆ واز لە خوا ناهێنیت؟))

ئەویش دەڵێت:

ـ((هەرگیز وازی لێ ناهێنم..))

ئەویش تفەنگێکی دەداتە دەست و لە چۆڵایەکی ڕوتەندا دەیوەستێنێت.. دەبابەیەکیش بەرامبەری ڕادەگرێت و دەڵێت:

ـ((ئێستا تەو دەبابەیە بەرەو ڕووی تۆ دێت.. تەگەر خواکەی تۆ ڕاستە.. بانەیەڵێت هەنجن هەنجبت بکات.. تۆیش بەو تفەنگە تەقەی لێ بکە..))

پاشان ئەفسەرەکە فەرمان دەدات بەدەبابەکەو بەرەو ڕووی موجاهیدەکە دێت.. ئەمیش لەدڵی خۆیدا دەڵێت:

ـ((باشە ئەم تفەنگە چی پێدەکرێت بەرامبەر دەبابە؟!))

ئیدی تفەنگەکە فڕێ دەدات.. سەربازەکان هەموویان هەر وەکو تەماشای دیمەنێکی شانۆگەری بکەن، ڕاوەستابوو..

ئەم مشتێک خۆڵی هەڵگرت.. گوتی:

ـ((خوایە.. ئەمانە دەیانەوێت تۆ بەدرێ بخەنەوە، منیش دەمەوێت.. بوونی تۆ بسەلمێنم.. خوایە بەم مشتە خۆڵە ئەو دەبابەیە زیوان زیوان بکە..))

کەدەبابەکە نزیک دەبێتەوە، ئەفسەرەکە دەداتە قاقایی پێکەنین و دەڵێت::

ـ((تادەی باخواکەت فریات بکەوێت..))

موجاهیدەکەیش تورە دەبێت زۆر بەتوندی، مشتە خۆڵەکە دەکێشێت بە دەبابەکەدا.. دەبابەکەیش دەبێت بەیەک پاچە گڕو دەسوتێت..

هەورە گیان ئەگەر مرۆڤێکی بەڕاستی و بە پاکی، خۆی بۆ خوای گەورە یەکلا بکاتەوە، بە نەخوێندەوارێکی ناوایش بێت.. ئەوە بەلای خواوە گرنگ نیە ئەو شاخانەیشی بۆ تەخت بکات..))

ـ((بەڕاستی وایە..))

ـ((خۆیشمان دەبێت ئارابین.. دەبێت ئاخی خۆمان.. دڵی خۆمان.. پاک و خاوێن کەیئەوە بۆ خوای گەورە.. دڵنیابە ئەگەر ئاوا بین.. ئەوا خوای گەورە هەموو شتێکمان بۆ دەکات..))

وردە وردە قوتابیەکانی دیکەیش دەهاتن بۆ مزگەوت.. دەست نوێژیان دەگرت و دەهاتن لای کەیوان و هەورامانداا دادەنیشتن و گوێیان بۆ گفتو گۆکەیان ڕادەگرت..

کەنزیکی بانگ بوویەوە.. خادمەکەی مزگەوت هات قوفڵەکەی کردەوە.. بانگ لە مزگەوتەکانی دیکەدرا..

خادمەکە گوتی:

ـ((کوڕینە.. یەکێکتان بانگەکەمان بۆ بدەن..))

قوتابیەکان چاوەڕوانی کەیوان بوون.. تا بزانن بەکامیان دەڵێت بانگ بدەن.. کەسیان نەبزوا.. تا گوتی:

ـ((کاک سۆران تۆبانگەکەمان بۆ بدە..))

سۆران بەرەولای مایکرۆفۆنەکە ڕۆیشت..

کەیوان تەو ڕۆژەی بەبیر دەهاتەوە، کەسۆران لەڕێگای قوتابخانە ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە.

کوڕی پوری سۆران ژن دەهێنێت.. لەنادی ناهەنگی بۆ دەکەن.. تیپی مۆسیقا لەوێیە..

ژن و پیاو تێکەڵاوی یەکتری بوون.. ئافرەتان خۆیان ڕازاندۆتەوە.. هەڵپەڕکێ دەستی گرتووە.. گۆرانی بێژ ماندوو بووە..

کێ گۆرانی بڵێت..؟

سۆران لەهەموویان دەنگی خۆشترە.. لە گۆرانی بێژەکەیش زیاتر دەنگی خۆشترە..

لەسەرەتادا بەزۆر دەیبەنە پێشەوە و مایکرۆفۆنەکە دەدەنە دەستی.. ئەمیش تەماشایەکی خەڵکەکە دەکات.. پشتی دادەنەوێنێت.. دەبێت بە چەپڵە ڕێزان.. ئیدی ئەمیش دەست پێدەکات.. گۆرانیەک دەڵێت.. دەهێندەی تر ڕەشبەڵەکەکە گەرمتر دەکات..

ئەم دیمەنە بەخێرایی لە میشکی کەیواندا تێپەڕی و لە جێگای خۆیەوە بۆ سۆرانی دەڕوانی..

سۆران مایکرۆفۆنەکەی لەلولەی ئاسنەکە دەرهێناو بە دەستیەوەگرت.. بەرزی کردەوە بۆلای لێوەکانی.. بەهەمان دەنگەوە.. بەڵام پڕ لە عاتیفەتر.. دەستی پێکرد..

الله اکبر.. الله اکبر..
الله اکبر.. الله اکبر..
اشهدو ان لا اله الا الله.. اشهدو ان لا اله الا الله

اشهدو ان محمدا رسول الله.. اشهدو ان محمدا رسول الله
حي على الصلاة.. حي على الصلاة
حي على الفلاح.. حي على الفلاح
الله اكبر.. الله اكبر
لااله الا الله..

ئەم وشانە.. لەگەڵ ئەو دەنگە ناسكەدا، بەوجودی كەیواندا چوونە خوار.. بوون بە زەریا.. شەپۆلیاندا.. لەنوكی پێیەوە تا تەوقی سەری كەیوانیان هەژاند..

بیلالی بیركەوتەوە..

شاری مەدینە و سەردەمی دەوڵەتی ئیسلامی بیر كەوتەوە.. كەبانگ دەدرا.. هەموو كەس دەهات بۆ مزگەوت كەس دواندەكەوت..

دوكاندار دوكانەكەی بەجێدەهێشت..
جوتیار كێڵگەكەی..
كرێكار كارەكەی..
ئافرەت منداڵەكەی.. بەجێدەهێشت..
هەمووبان دەهاتن.. مزگەوت پڕدەبوو.. نوێژ دادەبەسترا..
ئاااایی لەو زەمانەو
ئاااای لەم زەمانەیش..
ئاااای لەو خەڵكەو

ناااای لەم خەڵکەیش..
بانگ هەر بانگە..
نوێژ هەر نوێژە..
مزگەوت هەر مزگەوتە..
بەڵام موسڵمانان هەمان موسڵمان نین..!!
ئەوە بانگ درا..
کابرایەکی پیر بەکۆمەکۆم هاتە ژوورەوە.. تەواو.. نەخێر.. ئەوە مەلاکەیش هات..
سبحان الله لەم مەلایە..!!
تەرپوشێکی سوور سپی لەسەردایە..
ڕیشی پاک تاشیوە.. موومکانی سەرەوەیشی بە موکێش دەرهێناوە.. وەکو شەڕی لەگەڵ جەنگیز خان و هیتلەردا کردبێ.. ئاوا..

پانتۆڵێکی شینی تەسکی لەپێدایە.. کراسێکی شین و بۆینباخێکی شینی لەمل تونڕ کردووە.. جبە قۆڵ فشەکەیشی کردەوە بەسەریاندا..

جگە لەقوتابیەکانی کەیوان.. خادمەکە هاتووە.. کابراپیرەکە مەلایش.. ئیتر مزگەوت چۆڵ..

کەیوان بەخۆی دەگوت:

ـ((ئـەم خەڵکـەی ئێمـە زۆر سـەیرن.. وادەزانـن نوێژکردن لە مزگەتدا تەنها لە ڕەمەزاندا دەبێت..

هـەندێکی دیکـەیان سـەیرترن.. لەڕەمـەزاندا واز لـەئارەق خواردنـەوە دەهێنـن و ڕۆژو دەگـرن و مزگـەوت چـۆڵ ناکـەن.. هەرکـە ڕەمـەزان تـەواو دەبێـت، ئیـتر دەڕۆنەوە سەر بەزمەکەی خۆیان.. ئەگەر عومـەری کـوڕی خـەتاب دەمـا.. ئەوسـا دەیزانـی چـۆن ڤـێری دەکـردن ئیسلامەتی بکەن.. دەی.. خوا کۆمەکمان بکات ئێمـەیش بەپێی توانا فێریان دەکەین..))

مەلا لەمیحرابەکەیدا، بەبێ سڵاو کردن، دوو ڕکـات نوێژی دابەست.. دیار بوو تورەیە..

ئەمانیش نوێژی سونەتیان دابەست.. لەدوایدا قامـەت کـراو هەڵسـانەوە بـۆ نوێـژە فەرزەکـە.. خادمەکـە پێـش دابەستنی نوێژ گوتی:

ـ((مامۆستا من کارێکی پەلەم هەیـە .. دوای نوێـژ دەبێت خێرا بڕۆم.. ئەگەر زەحمەت نەبێت دوایی دەڕگاکە دابخە..))

مەلا بەدەنگێکی زۆر نزم و لەژێر لێوپەوە گوتی:

ـ((باشە..))

ئیـدی نوێژیـان دابەسـت.. قوتابیـەکان لەپـەنای یەکتریداو وەکـو دیـوار پاڵیـاندا بەیەکـەوە و نوێژیـان دابەست..

مـەلا دەتگـوت لەشـکرێک بەدوایەوەیـەتی و دەیفرێننێ، ئەگەر بیگرن هەلا هەلای دەکەن..
دەتگوت ڕەشەبا دەیفرێنێت..
دەتگوت کۆلارەیەکەو دێولکە یاری پێ دەکات..
زۆر بەپەلە نوێژی دەکرد..
هەورامان مەلاکەی مزگەوتی شافعی بەبیر دەهاتەوە، کەنوێژیان بەدواوە دەکرد.. جاری وابوو لەتاو گریانی وی.. نوێژەکەیان بۆ تەواو نەدەکرد..

پاشان هەردوو مـەلای لەمێشکی خۆیـدا بەرامبـەری یـنەکتر دەکـردەوە.. تۆخـوا حـەیف نیـە هـەردووکیان مێزەریان بەسەرەوەیە..!!

ئا.. هەردووکیان مێزەر نیە..!!
مەلاکەی مزگەوتی شافعی مـێزەری بەسـەرەوە بـوو.. بەڵام ئەوە تەرپووشە..
باشە ئەم تەرپووشە کێ هێنای..؟
لەکوێوە هات..؟
باشـە حـەزرەتی عومـەر ئـەم جـۆرە تـەر پوشـانەی هەرگیز بەسەرەوە بووە..؟

یان هەرگیز پێیان گوتووە.. مەلا عومەر..؟
نەخێر..!!
ئەی ئیتر ئەم وشەی مەلایە چیە..؟
موسڵمانان هەموویان برای یەکن و برایەوە..!!
نا!!!.. نا.. تاخر مەلایش پێویستە..!!
بۆ..؟ ها.. بۆ..؟
باهەموو موسڵمانێک هەوڵ بدات بۆ زانیاری..!!
ئیتر کەس بەرگی خۆی نەگۆڕێت..
خۆزگە ڕۆژێک کۆمەڵگەکەمان وای لێ دەهات..!!
زۆر سەیرە.. ئەم هەموو خەیاڵانە لە نوێژکەدا بۆ هەورامان دروست دەبوون.. هەرچی هەوڵی دەدا خەیاڵەکان پووچەڵ کاتەوە.. نەیدەتوانی.. ڕاو ڕاوێنی مەلاکەیش زیاتر دنەی ئەم جۆرە خەیالانەی دەدا..

نوێژ تەواو بوو..

ڕاست تر وایە بڵێم.. غار غارێن و پێش بڕکێ تەواو بوو.. چونکە نوێژ.. ڕامان و ورد بوونەوە و قوڵ بوونەوەیە لەگەڵ نایەت و دوعاکاندا.. نەک تەمرین کردنی لەش..

خادمەکە هەستا ڕۆیشت.. پیاوە پیرەکەیش بەدوایدا ڕۆیشت دەنگی کۆکە کۆکی مزگەوتی نابووە یەک.. مەلا ناوڕی بۆ لای ئەمان دایەوە.. لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوو زۆر بەپەلە تەسبیحاتەکانی دەکرد..

کەیوانیش لەنزیکی میحرابەکەوە لەنگەری گرتبوو.. وەکو ئاکاری هەمیشەی خۆی ئەژنۆکانی لەباوەش گرتبوو.. بە بەرسکیەوە نووساندبوو.. لەبەر خۆیەوەو بەوردی ویردەکانی پاش نوێژی دەخوێند.. قوتابیەکانی دیکەیش هەروەها.. ئەم چۆن دانیشتبوو.. ئەوانیش هەروا بوون.. مەلا لەویردەکانی بوویەوە.. بەڵام هەڵنەستا.. نەڕۆیشتە دەرەوە.. لەدەڤەرەکەی خۆیەوە بۆ قوتابیەکانی دەڕوانی.. ڕوانینێکی پڕ لە حیقد.. پڕ لەتوڕە.. ی..

مرۆڤی وردەکار.. ئەو حیقدو تووڕەیەی بەڕوونی لەبیل بیلەی چاویدا دەبینی.. جمەی دەهات..

دیارە کارێکی هەیە، بۆیە وەکو تەپۆلکە لەمیحرابەکەدا قیت بووتەوەو نابزوێت..

دەیەوێت شتێک بڵێت.. شتێک بکات..؟

بەڵام چی..؟

ئەوە بۆ خۆی دەزانێت.. لەدڵی خۆیدا..!!

کەیوان پەپوولە.. دەیویست جەنابی مامۆستا مەلا، تەشریف بەرێتە دەرەوە.. بۆ ئەوەی کاروانەکەی بەرەو لوتکە بەرز کاتەوە..

بۆ ئەوەی لەسەرچاوەی قورئانەوە، جۆگەلە ڕابکێشێت.. بۆ نێو ویژدان و هەستی ئەو قوتابیانەی

کەدەیانەوێت، لەم بیابانی کەرم و وشک و جاهیلیەتەدا، ببنە سابات و سێبەر بۆ ماندوان بکەن..

ئەو قوتابیانەی کەدەیانەوێت گەروی وشکی تینوەکان تەرببکەن.. سکی هەژارە برسیەکان تێر بکەن.. ببنە باوک بۆ منداڵە هەتیوەکان..

مەلایش دەیەوێت.. مزگەوت چۆڵ ببێت.. قوتابیەکان بڕۆنە دەرەوە.. کەیوان بڕواتە دەرەوە..

بۆ ئەوەی دەرگای مزگەوتەکە تووند تووندێک دابخات..

مەلایەک دەرگای مزگەتێک داخات..

بۆ..؟

بۆ ئەوەی کۆمەڵە لاوێکی نەم ئیسلامە قورئانی تیا نەخوێنن..!

ئەوە چ زۆرداریەکە..؟

کەیوان لەسەر ویستی خۆی سوور بوو.. نەجوڵا.. دەیویست ئیرادەی خۆی سەر بکەوێت..

چونکە بەئیرادەی هەق و دادو خوا ویستی دەزانێت..

مەلایش لەسەر ویستی خۆی سوور بوو.. نەجوڵا.. دەیویست ئیرادەی خۆی سەر بکەوێت..

وەلێ مەلا ئیرادەی خۆی

بەهەق و،

دادو،

خوا ویستی دەزانێ.. یان.. نا..؟
ئەوە بۆ خۆی لەهەموو کەس چاکتر دەزانێت..!!
هەنووکە گرنگ ئەوەیە ئیرادەی سەر بکەوێت..
هەردوو جەمسەر.. بێدەنگ بوون.. قسەیان نەدەکرد..
تەنها بەنیگای چاو لەگەڵ یەکتریدا دەدوان..

تەرپوش بەسەر.. هەرچی نەگوت.. کەیوانیش نوتقی لەخۆی بڕی.. تەنها یەک وشەیشی نەدرکاند.. وای بە حیکمەت دەزانی..

چەند دەقەیەکی کەم.. نابەم شێوەیە گوزەری کرد..

کەیوان.. جار جارە سەری بۆ سەقفی مزگەوتەکە بڵند دەکردەوە.. لێی ڕادەما.. پاشان پێڵوەکانی دەدا بەیەکداو چاوەکانی دادەخست..

دەبێت چی بەخەیاڵدا هاتبێت..؟
کێ دەڵێت بیابانی مەحشەری نەهاتۆتە بەرچاو..؟
کێ دەڵێت خۆی لەبەهەشتا نەدیوەو ئەم هەواڵانەی بۆ پێغەمبەری ئیسلام نەگێڕاوەتەوە..؟

وا دەردەکەوێت.. لەو تەماشاکردن و چاو داخستنەدا، دنیایەکی بۆ خۆی دروست کردووە..

دنیایەک دوور لە مەلاو تەرپوش و بۆینباخ و پیشی تاشراوو جبەی قۆل فش..

دنیایەک.. پڕلەمرۆڤی پاک.. پڕلە بیلال و خەباب و عەمار و سەعد و ئوسامە..

دنیایەکی سەوز.. سور.. سپی.. شین.. مۆر.. دنیایەک کەهەر خۆی بۆ خۆی دەزانێت چۆنە..!!

لەوانەیە پێی ناسایی بێت، نەک سەعاتێک و دووان، بگرە هەموو تەمەنی لەوێدا سەرف بکات..

بەڵام مەلای کلۆڵ.. لەکوێ توانای ئەم ڕوو بە ڕوو بوونەوە پێدەنگەی هەیە..؟

لەکوێ توانای نیگاو چاوی هەیە..؟

نیەتی.. نەخێر.. نیەتی..!!

وردە وردە توایەوە.. هەرەسی هێنا.. ئارام گرتنی شاخ نەبوو.. مالی جال جالۆکە بوو.. خێرا تێک چوو.. لەوە زیاتر خۆی نەگرت.. بەدەنگە زبرە گڕەکەی.. گوتی:

-((کەیوان..!!))
-((بەڵێ مامۆستا گیان..))
-((تەوە ڕەمەزان تەواو بوو.. وانیە..؟

ـ((بەڵێ وایە.. خوای پەروەردگار.. بۆ خاتری ڕەحمی خۆی.. لەهەموومان خۆش بێت.. بمان خاتە ڕیزی تەو کەسانەی کەلەم مانگەدا لێیان دەبوورێت..))

ـ((تۆبش هەر سی ڕۆژەکەی ڕەمەزان لەم مزگەوتەی منداا دەرست گوتۆتەوە..))

قوتابیەکان لەجێگای خۆیاندا بوون..

نەقسەیان دەکرد..

نەدەجوڵان..

کەیوان وا پەروەردەی کردبوون.. کەلەم جۆرە شوێنانەدا بەبێ نەمر هیچ شتێک نەکەن..

بەتەنها خۆی بەشداری ئەم شانۆگەریەی دەکرد..

شانۆگەریەکی دوو ئەکتەری..!!

کەیوان گوتی:

ـ((بەڵێ.. قوربان..))

ـ((ئیتر تەواو..))

ـ((چی تەواو مامۆستا گیان..؟))

ـ((دەرس خوێندن..!!))

ـ((بۆچی..؟))

ـ((چونکە.. ڕەمەزان تەواو بوو..))

-((بۆچی بەتەواو بوونی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان، ئیتر قورئان خوێندن و حەدیس خوێندن تەواو دەبێت..؟))

-((بەڵێ..!!))
-((کێ گوتی..؟))
-((من..))
-((کێ ئەوەی فێر کردی مامۆستا گیان..؟))
-((ئیتر..))
-((چۆن ئیتر..؟))
-((ئەوە پەیوەندی بەتۆوە نیە..؟))
-((ئاخر چۆن پەیوەندی بەمنەوە نیە.. ئەوە نیە دەرسەکەمان پێ هەڵدەگرێت.. چۆن پەیوەندی بەمنەوە نیە.. ئەوە مەسەلەی مزگەوت و ئیسلامە.. پەیوەندی بەهەر دوو لامانەوە هەیە..))

-((زۆر حەز دەکەیت بزانیت..؟))
-((ئەی چۆن..))
-((دەی پێت دەڵێم..))
-((فەرمرو))
-((دەزانی کێ فێری کردم..؟))
-((کێ))
-((حکومەت..))
-((حکومەت..؟))

-((بەڵێ..))
-((جا حکومەت چ پەیوەندیەکی بە مزگەوتەوە هەیە..؟.. ئەو بۆ خۆی دەکات بەخاوەنی..؟))
کەیوان چاک دەیزانی حکومەت بۆ چی پەیوەندی بە مزگەوتەکانەوە هەیە.. دەیزانی بۆچی وەزارەتی ئەوقافی دروست کردووە.. وەڵێ دەیویست دیوی ناوەوەی حەقیقەتی بابەتەکە، وەکو داخێک بنێت بەدڵی مەلادا..

مەلا:

-((ئەوە کەی قسەیە تۆ دەیکەیت.. چۆن پەیوەندی نیە بە مزگەوتەوە؟))
-((ئەی پێم ناڵێت.. چ پەیوەندیەکی هەیە.؟))
-((تۆ زۆر سەیری.. مەگەر من مەلای ئەم مزگەوتە نیم؟))
-((با..))
-((کێ مەعاشم دەداتێ؟))
-((ئەوقاف..))
-((ئەوقاف.. وەزارەتی حکومەت نیە؟))
-((با..))
-((دەی حکومەت بەمن دەڵێت بامزگەوت دەرسی تیا نەبێت..))

ـ((ئاخر مامۆستا گیان.. ئەم مەسەلەیە جیایە.. ئەی تۆ نازانی مرۆڤی موسڵمان دەبێت بە تەنها ئەمر لە خواوە وەربگرێت؟))

ـ((چاومان نیە؟))

ـ((بۆ..؟))

ـ((بڵێم چی..!))

ـ((چۆن بڵێی چی مامۆستا؟ من وەڵامی شەرعیم لەتۆ دەوێت؟.))

ـ((ئێستا ئەوەی پێ ناوێت.. دەرسەکەت هەڵبگرەو برایەوە..))

ـ((هەڵی ناگرم..))

ـ((چۆن هەڵی ناگری..؟))

ـ((کەواتە تۆ شەڕ بەمن دەفرۆشیت..؟))

ـ((نەخێر..))

ـ((با..))

ـ((من شەڕم بەکەس نەفرۆشتووە.. دەمەوێت قورئانەکەی خوا، بە مرۆڤەکان بڵێمەوە.. دەمەوێت ئیسلامەکەم ڕابگەیەنم.. ئەگەر ئەمە شەڕ کردن بێت.. ئەوە من ناچارم ئەم شەڕە بکەم.. چونکە خوا گەورەکەم وای فێر کردووم..))

ـ((ئاخر کوڕی باوکم تۆ لەسەر حسابی من ئەمە دەکەیت.!))

ـ((بۆ..؟))

ـ((چونکە حکومەت من دەردەکات و مەعاشەکەیشم دەبڕێت..))

ـ((چا چی تیایە مامۆستا گیان.. هەزاران زانای وەکو تۆ، لەسەر ئەم ئیسلامە کراون بە دارا.. ئاوارە بوون.. نانیان بڕاوە.. لەگەڵ ئەوەیشدا یەک هەنگاو لەژۆرداران نەچونەتە پێشەوە..))

ـ((ئەی بەچی بژیم..؟ ها.. بەچی بژیم..؟))

ـ((مامۆستای بەڕێزم.. تۆ لەمن زۆر باشتر دەزانی.. کەچارێکیان پێغەمبەری ئیسلامەکەمان، دەستی پڕ لەشەقارو تلۆقی کرێکارێکی ماچ کردووەو فەموویەتی.. ئەم دەستە لای خواو پێغەمبەر خۆشەویستە.. تۆپێش تەرپوشەکەت لابەو.. جامانەیەکی لێ ببەستەو بەناوی خواوە دەست بکە بەکارکردن.. ئیتر منەتیش لە دەولەت مەزانە..))

ـ((لاحول ولا قوة الا بالله.. باوکەکەم.. براکەم.. بەکورتی باپێت بڵێم.. دوێنێ حکومەت کۆبوونەوەیەکی بەهەموومان کرد.. ئێمە پەروەردەی دەستی ئەوین.. چۆنمان پێبڵێت وادەکەین.. پێیان ڕاگەیاندین کەتەنها بۆ

نوێژەکان مزگەوت بکەینەوە.. دەرس خوێندن.. گوتیان ئەوە هەر نیە.. بڕیاری ئەنجومەنی شۆڕشە..))

-((ئەی ئیسلامەکەمان.. مامۆستا.. ئیسلامەکەمان هەروا بە کوزڵی بمێنێتەوە..؟ هەروا بە لاوازی بمێنێتەوە..؟))

-((ڕۆژەکەی پڕە لەمەترسی!))

-((مەبەستت چیە؟))

-((هەر کەسێک دەبێت دەست بەکلاوەکەی خۆیەوە بگرێت.. بۆئەوەی با نەیبات..))

-((کەواتە مامۆستا.. هەقی خۆمانە.. بەعسیەکان بێنە شازەکەمان و هەتکی ناموسی خوشک و دایکەکانمان بکەن.. کارێکی شەرعیە.. وانا..؟))

-((من کەی وام گوتووە..))

-((با.. وادەڵێت..))

-((درۆم بۆ هەڵدەواسیت..؟))

-((نەخێر.. مامۆستا.. درۆت بۆ هەڵناواسم.. مەگەر نەتخوێندۆتەوە.. یان نازانی.. پێغەمبەرەکەمان فەرموویەتی.. ئەگەر فەرمانتان نەکرد بنە چاکە و بەگریتان نەکرد لە خراپە.. ئەوە چاوەڕوانی سزایەکی گشتی بکەن.. کەلەلایەنی خواوە بۆتان دێت.. مامۆستا گیان.. دەیان ئایەت و حەدیس هەیە لەسەر فەرمان کردن

بەچاکە و بەرگری کردن لە خراپە.. بەناشکرا خواو پێغەمبەرەکەی هەڕەشەمان لێ دەکەن.. ئەگەر وازیان لێ بێنین.. بڕوام پێبکە.. خوای گەورەلەدنیادا ڕیسوامان دەکات.. لەقیامەتیشدا دەمان خاتە نێو ئاگرەوە.. مامۆستا گیان.. ئەها پێغەمبەری ئیسلام دەفەرموێت.. ئەگەر ئومەتەکەم، ترسان لەوەی بەزۆردار بڵێت تۆ زۆر داریت.. ئیتر دەستی لێ بشۆ..))

مەلا قسەکەی پێ بڕی..

-((بابەگیان.. ئێستا تۆ خۆت بەهەڵگری دینی خوا نازانی؟.))

-((با.. ئەگەر من خۆم بەهەڵگری نەزانم.. دەست بگرم بەکڵاوە شرەکەی سەرمەوە.. بڵێم ئاگرە ستورە لەخۆم دوورە ئەو ساتە بەعسپەکان خۆیان دەکەن بەخاوەنی و تێکی دەدەن بەسەریەکدا و سەر لە خەڵکی خوا دەشێوێنن..))

-((دەبڕۆ بۆ ئەو بازارە گەورەو، دین بەو خەڵکە ڕابگەیەنە و وازلەمزگەوتەکەی من بهێنە!!))

-((سبحان الله.. سبحان الله.. مزگەوت مالی خوایە لەسەر زەویدا.. کێ ئەوەندە بەغیرەتە مرۆڤەکان لەمالی خوا دەر بکات.. یان ڕونتر بڵێم.. کێ ئەوەنە زالمە.. مرۆڤ لەمالی خوا دەر بکات.. ئاااای‌خوایە گیان ئەم

خەڵکە چیان بەسەر هاتووە.. باشە مامۆستا تۆ دەڵێیت هەرگیز نەم نایەتەت نەخوێندۆتەوە.. *ومن اظلم ممن منع مساجد ا لله ان یذکر فیها ..*))

مەلا نایەتەکەی پێ پڕی:

-((ئێستا کاکە گیان من ئیشم هەیە.. ناتوانم لەوە زیاتر دانیشم.. بەخۆشی پێت دەڵێم دەرسەکەت لێرە هەڵبگرە..))

-((ئەی نەگەر هەڵی نەگرم..؟))

-((ئەو کاتە ناچارم دەکەیت.. بۆ ئەوەی دەرم نەکەنۆ معاشەکەم نەبڕن.. حکومەتت بۆ بانگ بکەم.. ئەوسا ئیتر بدەواوی ڕزگارم دەبێت لێت..))

-((ئەی لە قیامەتدا بۆ کوێ دەڕۆیت؟؟))

-((تکایە لەوە زیاتر.. سەرم مەیەشێنە.. هەستن بڕۆنە دەرەوە..))

کەیوان.. نااای کەیوان.. بەقوڵی لەتەرپوشەکەی ورد بوویەوە.. تەماشایەکی وردی بۆینباخ و جبەکەی کرد..

ئەوە چ دنیایەکە..؟

لەناخەوە دەیگوت:

ـ((خوایە.. خۆت ئاگات لێیە..))

پاشان ئاوڕی دایەوە بەلای قوتابیەکانیدا.. هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا.. هەستایە سەر پێ.. گوڵاڵەکانیش هەستانە سەر پێ.. جارێکی دی بۆ مەلای ڕوانیەوە.. چاوەکانی کز کردو سەری ڕاوەشاندوو گوتی:

ـ((مامۆستا.. ئەم دیمەنەت لە بیر نەچێت.. هەڵیگرە بۆ تەو ڕۆژەی کە پێکەوە دەڕۆینە بەر دادگای پڕ لەدادی خوای گەورە.. باشە.. مامۆستا.. لەبیرت نەچێت..))

کەیوان ڕۆیشتە دەرەوە..

قوتابیەکان بەدوایدا ڕۆیشتن.. بەبێ ئەوەی یەک وشە بدرکێنن.. لەناخیشەوە وەکو خەرمان ئاگری تێ بەر بوویێت دەسوتان گریان لێ بەرز دەبۆوە.. هەستیان بەوە دەکرد سنگیان وەکو مەنجەڵ دەکوڵێت.. دڵیان وەکو تەپڵی شەڕی نێو دارستانەکانی ئەفەریقیا لێی دەدا.. بەڵام هیچیشیان نەدەکرد.. هیچیشیان نەدەگوت.. چونکە نەمریان پێ نەبوو.. پڕبەگیانیان.. پڕبەبوونیان.. حەزیان دەکرد.. هەنووکە چەکدار بوونایەو تا دوا دڵۆپەی خوێنیان مزگەوتیان چۆڵ نەکردایە..

وەلێ نەفسوس..!!

سەد مەخابن..!!
هەزار جەخار..!!
لەحەوشەکەدا جەمبوون.. مەلا بەجبە شۆڕەکەیەوە هاتە دەرەوە.. دەرگاکەی توند داخست.. پێلاوەکانی لەپێ دەکرد...

قوتابیەکان حەزیان دەکرد بەڕقەوە بۆی بڕوانن.. هەڕەشەی لێ بکەن.. بەڵام کاتێک دیتیان کەیوانی مامۆستایان، بەچاوی بەزەییەوە بۆی دەڕوانێت.. ئیدی تەمانیش بۆ چوونەکەی خۆیان گۆڕاو.. بەچاوی بەزەییەوە تەماشایان دەکرد..

وایان بەباش زانی..
ئەوە نیە کاک کەیوان وا بەباش دەزانێت..!!
ئەمانە دەیاویست لەکەیواندا بتوێنەوە.. هەموو شتێکیان وەکو ئەو بێت.. چونکە ئەم ئیسلامە گەورەیان لەودا دەبینی.. حەزیان دەکرد وەکو ئەو پێبکەنن.. وەکو ئەو جل لەبەر بکەن.. وەکو ئەو نان بخۆن..

ئەمە چلە پۆپەی خۆشەویستیە..!!

کاک عەلی لەهەموو قوتابیەکان ئارامتر بوو.. دەتگوت گوندێکی چۆڵ و هۆڵە و تاکە چۆلەکەیەکیشی بۆ جریوە جریو و تیادا نیە..

گوتی:

ـ((کاک کەیوان دەفەرموویت چی..؟))

مەلا ڕۆیشتە دەرەوەو لەچاو ونبوو.. کەیوان پێش ئەوەی وەڵامی کاک عەلی بداتەوە، گوتی:

ـ((خوا ڕەحمت پێ بکات مامۆستا.. بەخوا ئەگەر وابڕۆیت.. جێگات دۆزەخ دەبێت..))

پاشان لەوەڵامی ویدا گوتی:

ـ((ئێستا سێ سێ بسڕۆن.. خۆم دوایی پەیوەندیتان پێوە دەکەم..))

ئیدی قوتابیەکان بەپێی فەرمانەکە بزوان..

*** *** ***

ئەوا دیسان شەو هاتەوە..
شەوی بیر کردنەوە..
شەوی چوونەوە بەدەفتەری ڕۆژا..
ئانی ئێوارەیان خوارد بوو..
وەلێکەیوان وەکو لەگەڵ دایکی و بوخاری و موسلیم دانەنیشت.. نەیدەتوانی دابنیشێت.. خەمێکی گەورەی

وەکـو سـواین لەسـەر شـانیەتی.. بـەردەوام پێیـەوە دەتلێتەوە..

لەژوورەکـەی خۆیـدا نەمسـەرەو سـەری دەکـرد.. لەسـەرەوە بـۆ خـوارەوە لـە خـوارەوە بـۆ سـەرەوە.. جارجارەیش بۆ ماوەیـەکی کـەم.. لەسـەر ئـەو کورسـیە دادەنیشێت کەلەلای ڕاستی کتێبخانەکەیەوە بوو..

بیری لەخۆی دەکردەوە..

بیری لەقوتابیەکانی دەکردەوە..

بـیری لەشـارەکەی، کوردوسـتانەکەی، جیهـانی گەورەی ئیسلامی دەکردەوە..

لـەم قۆناغـە ورد دەبوویـەوە کەبەسـەر جیهـانی ئیسلامیدا بەگشتی تێدەپەڕێت..

قۆناغی ورد و خاش بوون.. تێکشکان..

پاشان بـەراوردی دەکـرد لەگـەڵ قۆناغـە پـڕ لـەتازارو خوێنینەکانی دی.. کەبەسەر ئـەم نیشـتمانی ئیسـلامیەدا تێپەڕیون.. بینی.. موسڵمانان کارەساتی جەرگبڕی زۆریان تـووش بـووە.. لـەو کارەسـاتانەدا موسـڵمانان خاکیـان لەدەست داوە.. ناڕامی و ناسایشیان لەدەست داوە..

بەڵام ئەوەی هەمیشە پارێزگاریان لێکردووە و ئامادە نـەبوون دەسـتی لێ هـەڵبگرن.. عـەقیدە و ئـەخلاق و شەریعەتەکەیان بووە..

کارەساتی هەڵگەڕاوەکانی سەردەمی ئەبو بەکری خەلیفەی هاتەوە یاد..

چ تراژیدیایەک بوو..؟

وەلێ هەڵگرانی ئەم دینە توانیان سەر بکەون بەسەریدا چونکە عەقیدەکەیان نەدۆڕاندبوو.. هێشتا خۆیان بەگەورەترو بەچاک تر دەزانی..

تراژیدیای کوشتنی حەزرەتی عوسمان و جەنگی پڕ لەسەر بڕینی عەلی و معاویە..!!

کەیوان بەخۆی دەگوت:

ـ((ئەو قۆناغەیش هەر هیچ نەبوو لەچاو نێستادا.. عەلی و معاویە ڕاستە شەڕیان دەکرد..؟ بەڵام بێڕۆ..؟ بۆچی شەڕیان دەکرد..؟

لەبەر ئەوەبوو کە لایەنێکیان بڕوایان بە ئیسلام نەبوو..؟

ئیسلامی بە کۆنە پەرست دەزانی..؟ یان داردەستی زۆردارانی دوور لە دین بوو..؟

بێگومان نەخێر.. شەڕی ئەوان بۆ ئەوە بوو.. کامیان ببن بەخەلیفە و ئیسلام بگەیەنن بە هەموو دنیا..!!

کەواتە زۆریان جیاوازی هەیە.. ئەم قۆناغ و ئەو قۆناغە هێندەی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا دوورن لەیەکەوە..!!

مەلا بۆیە نێمە دەردەکات لە مزگەوت.. تا دڵی بەعسیەکان ڕازی بکات و قورئان خوێندن نەمێنێت و ئینجل خوێندن بێتە کایەوە..

بەڵام عەلی و معاویە بۆیەشەڕیان دەکرد، تابانگی ئیسلام بەرزو بەرزتر بێتەوە..!!

پاشان کەوتە بەراود کردنی ئەم قۆناغ و قۆناغی جەنگی خاچ پەرستەکان..

لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

ـ((دیارە خاچ پەرستان دڕندەبوون.. دەزانم حەفتا هەزار موسڵمانیان تەنها لەشاری قودسدا شەهید کرد..

دەزانم.. ئەوەی کردیان بەنیشتمانی گەورەی ئیسلامی.. لەوەو پێش هەرگیز پێی نەکراوە..

بەڵام تا ئەو ساتەیش چراخانی عەقیدە هەر شەوقی دەدایەوە.. شمشێرو ڕم و تیری خاچ پەرستان نەیوانی وردو خاشی بکات..

بۆیە کاتێک سەلاحەدینی پاڵەوان ئالای جیهادو ڕزگار کردنی قودسی بەرز کردەوە.. موسڵمانانی دنیا هاتن و بوون بەسەرباز لەبەر دەستیدا..

ئەو قۆناغەیش بەسەرکەوتنی موسڵمانەکان تەواو بوو..!!

ئەی ئەم قۆناغەی کەئەم گزتوویەتی.. ڕەش داگەڕاوە.. دەڵێی خەڵوزە..!!

کەی کۆتایی بێت..؟.. ها.. ئەی چۆن..؟ دەبێت هەر کۆتای بێت..؟ دەبێت ئەم پەڵە هەورە چلکنەی سەر نیشتمانی گەورەی ئیسلامی بڕەوێتەوە..!! بەڵام کەی..!! کەی..!! ها.. دەزانی کەی..؟ بەڵێ.. چاک دەزانم.. مەگەر خوای گەورە نەیفەرموو.. ﴿*إن تنصروا الله ينصركم ويثبت أقدامكم*﴾.. ئەگەر ئێمە هەوڵ بدەین..

بەڵێ هەوڵی ڕاست گۆیانە بدەین بۆ سەر خستنی دینی خوا، دڵنیام خوای گەورەیش سەرمان دەخات.. بەڵام هەوڵی دڵسۆزانە.. قوربانی دانی بەردەوام.. قوربانی.. قوربانی..!!

وشەی قوربانی.. تا دەهات لەبەر چاوی گەورەدەبوو.. دەبوو بەشار.. بەکوردستان.. بەنیشتمانی گەورەی ئیسلامی.. ئەم نیشتمانە بوو بە خوێن.. لەهەمو

جێگایەکەوە خوێن هەڵدەقوڵێت.. جادە وشەقامەکان مەوج دەدەن.. ماڵەکان پڕبوون.. لافاوی خوێن وشاخ و گردو بیابانی گرتووە..

بڕوا دارەکان بەسەر نیوە خوێنەدا غار دەدەن و ناخنکێن.. هاوار دەکەن.. دەنگیان دەگاتە هەموو دنیا.. دەگاتە ئاسمان..

تاغوتەکان کەوتوونەتە ژێر پێیان.. ئەوانەی نیشتمانی گەورەی ئیسلامیان لێک دابڕای و پەرتەوازیان کرد.. لەنێو لافاوەکەدا.. وەکو منداڵ دەگرین و دەکوژێنەوە..

ئەوانەی نافرەتانی ئەم نیشتمانەیان بەناوی ئازادی درۆوە هەڵخەڵەتان و بێ ئابڕوویان کردن، تا بینە قاقایان لە خوێندا غەرق بووە..

بەناوی سەر کۆمارەکانی شەهوەت و ئارەزوو، تەرمی بۆگەنیان، وەکو پوشکە، بەدەم شەپۆلەکانەوەیە.. خۆیشی دەدی.. لەبەرزایەکەوە.. بەهەموو دەنگی بانگ لەقوتابیەکانی دەکات و.. دەڵێت دەخیلتان بم مەلا مەکوژن.. تادوو قسەی لەگەڵ دەکەم..

لەم ساتەدا.. بوخاری چکۆلانە لەدەرگاکەی داو گوتی:

ـ((کاکە..))

ئەم هاتەوە سەر خۆی.. بەهەمان سۆز و خۆشەویستی خۆیەوە گوتی:

ـ((گیانی کاکە..))
ـ((دایکم دەڵێت.. بێت چایەکەی بخوات..))
ـ((باشە هەر ئێستا دێم..))

دەستێک بەدەموچاویدا دێنێت.. وەکو لەسەفەری چیای هات و نەهات گەڕابێتەوە.. ئاوا.. کەمێک ماندوو بوو..

هاتە لای دایکی و دوو منداڵەکە.. سڵاوی لێکردن.. وەڵامیان دایەوە.. بوخاری و موسلیم چەپ و ڕاستیان لێ گرت و گوتیان..

ـ((کاکە.. ئەم شەو دەبێت چیرۆکێکی خۆشمان بۆ بگێڕیتەوە..))
ـ((بۆ شەوی شەو..))
ـ((نا.. هەر ئەمشەو..))
ـ((ئاخر مانووم..))
ـ((چایەکەت خوارد ماندوویەتیت نامێنێ..))
ـ((باشە چیتان بۆ باس بکەم..))
ـ((چیرۆکێکی خۆش..))
ـ((وەکو..؟))
ـ((خۆت بیڵێ.. هەرچی خۆش بێ..))

ـ((چاکه.. باچایەکەم بخۆم..))

دایە چایەکی شیرینی وەکو قسەکانی خۆی بۆ تێکرد..

کەیوان دایەی خۆی زۆر خۆش دەویست.. هەمیشە سەری لە هێزو تەوژمی عاتیفەی نێوان دایکی و خۆی سوڕ دەما.. دەیپرسی..

ئەمە چ نهێنیەکە..؟

چ دەسەلاتێکی سیحراویە..؟

ئەم تەوژمەلەکوێوە هەڵدەقوڵێت..؟

لەکوێوە سەرچاوەدەگرێت..؟

دایکی بۆچی هێندە پیرۆزە..؟

ئەم پرسیارانەی لەخۆی دەکرد.. وەلێ بەدووی وەڵامدا هەرگیز نەدەگەڕا.. چونکە زاتی پرسیارەکان تام و لەزەتێکی پڕ لە ئەفسونیان بە ڕۆحی دەبەخشی..

دەترسا ئەگەر وەڵامی دەست کەوت.. بەدڵی نەبێت ولەزەتەکەیشی لەکیس بچێت..

مرۆڤ لاوازە..

چی لەم گەردوونە فراوانە دەزانێت..؟

ڕێژەیەکی کەم.. لەوانەیە هەر هیچ نەبێت لەچاو ئەو شتانەی کە نایان زانێت.. کەیوان چایەکەی خواردەوە.. بروخاری گوتی:

ـ((ئێ کاکه..))
ـ((گیانی کاکه..))
موسلیم:

ـ((دەست پێ بکەین..))

دایه:

ـ((کورم جارێ.. باچایەکی تر بخوات..))
ـ((چایەکی تر دەخۆیت..؟))
کەیوان بەپێکەنینەوە:

ـ((بەڵێ..))
بوخاری
ـ((ئێ بەدەم چاخوادنەکەوە بۆمان بگێڕەوە..))
ـ((ئەوەیشیان دەکرێت..))
کەیوان قومێکی لەچاکە خواردەوەو گوتی:

ـ((بوخاری.. کێ یەکەم دەوڵەتی ئیسلامی دامەزراند؟))
ـ((محمدی پێغەمبەرمان.))

ـ((صلی ا لله علیه وسلم))

ـ((صلی ا لله علیه وسلم))

-((موسلیم..؟))
-((بەڵێ کاکە.))
-((لەکوێ دایمەزاند..؟))
-((لەمەدینە..))
-((ئافەریم.. چیرۆکەکەی ئێمە لەنێو شاری مەدینەدایە..))
-((خۆشە؟))
-((زۆر.. دوو منداڵی وەکو ئێوە.. باوکیان دەبێت))
-((بەڵێ))
-((باوکەکەیان کافر دەبێت..))
-((ئەی دوو منداڵەکە؟))
-((ئیمان دێنن.. موسڵمان دەبن.. باوکەکەیان بتێکی دەبێت لەماڵدا.. بتەکەی کردووە بەخوای خۆی.. دەیپەرستێت))
-((کاکە..))
-((بەڵێ..))
-((باوکەکەیان پیرە؟))
-((نای زۆر پیرە.. ڕیشی سپی بووە.. تەمەنی شەست ساڵانە..))
-((بەڵێ..))

ـ((دوو منداڵەکە هەرچی داوا لەباوکیان دەکەن واز لە بتەکە بێنێت و موسڵمان ببێت.. بەڵام باوکەکە واز ناهێنێت))

ـ((ئەی دوایی..))

ـ((لەدوایدا.. دوو کوڕەکە بڕیار دەدەن تابڕوی خوا درۆزنەکەی باوکیان بەرن..))

ـ((چۆن..؟))

ـ((شەوێ کە بابەیان دەخەوێت.. تەمان بەتاریکی هەڵدەسن و بتەکە دەبەن..))

ـ((بۆ کوێ؟..))

کەیوان پیاڵە چاکەی تەواو کردو دایەوە دەستی دایکی، پاشان دەستی پێکردەوە!

ـ((بردیان بۆ نێو زەلکاوەکەی بەردەرگاو فڕێیان دایەناوی..))

بوخاری و موسلیم دەستیان کرد بەپێکەنین.. کەیوانیش پێکەنی و گوتی:

ـ((بەیانی باوکەکەیان هەستا لەخەو.. چوو سوجدە ببات بۆ خواکەی.. دەبینێت دیارنیە.. بەکۆمەکۆم

ڕایکـــردە ژوورەکـــانی تـــرەوە، دیـــار نـــەبوو.. دوو منداڵەکەشی لەنێو جێگاکەی‌خۆیاندا پێدەکەنین.. بابـــە.. دەستی کرد بەهەرا.. هەرچەندی کرد لەماڵا نەیدۆزیەوە..

ڕایکردە دەرەوە.. دیتی لەناو زەلکاوەکەدایە دەستی کرد بەگریان.. بەپەلـــە دەری هێنـــاو پـــاک پـــاکی شـــۆری و دەیگوت:

((ئەی خوا گەورەکەم.. دەترسـم لـەداخی مـن تـاوات کردبێ.. ئاخر من هیچ تاوانێکم هەیە..))

بوخاری و موسلیم و دایکی دەستیان کرد بەپێکەنین، خۆیشی پێکەنییەوە..

ـ((پاشان لەجێگەکەی خـۆی دایناپـەوە.. بـۆ سـبەی شەو.. هەردوو منداڵەکە هەمان کاریـان کـردەوە.. بابـەی کلۆڵ.. کاتێک لەخەو هەستا.. تەماشا دەکات.

هەمتر خواکەی دیار نیە.. ڕادەکاتە دەرەوە، دەبینێ لەناو زەلکاوەکەدایـە.. ئـەمجارەیش بـەگریان و پاڕانـەوە دەری دەهێنێت و، پاک دەیشوات..

دەیباتەوە جێگاکەی خۆی.. بۆنی خۆشـی لێدەدات و شمشێرەکەی خۆیشی دەکاتە ملی و پێی دەڵێت.. ئەگەر

ئەم شەو هاتنەوە سەرت بەم شمشێرە لێیان بدەو بیان کوژە..))

ئەمجارە بەدەنگی بەرز پێکەنین.. بوخاری گوتی:

-((ئەی نازانی ئەوە تەختەیە.. ناجولێ..؟))

-((بۆ شەوی داهاتوو هەردوو منداڵەکە هەڵسان لەخەو.. بتەکەیان، بەشمشێرەکەوە هەڵگرتوو هەمتر فڕێیان دایە ناو زەلکاوەکەوە..

سبەینێ کەباوکیان لەخەو هەڵدەستێت.. دەڕوا بۆلای دیسان دیارنیە.. دەرگاکە دەکاتەوە.. دەبینێت لەناو زەلکاوەکەدایەو شمشێرەکەیشی لەملدایە..))

-((ئێی))

-((باوکەکە لەوێدا دەڵێت.. هێی دنیا.. دیارە تۆ خوانیت.. ئەگەر خوا بویتایە دەتتوانی پارێزگاری لەخۆت بکەیت.. تۆ درۆیت.. درۆیت..))

-((موسڵمان بوو؟))
-((بەڵێ موسڵمان بوو..))
-((ئەی بتەکەی چی لێکرد..؟))
کەیوان گوتی:

-((بزانم ئێوه دەزانن چی لێکرد..؟))

بوخاری:

-((سوتاندی؟))
-((نەخێر..))

موسلیم:

-((فڕێی دا..؟))
-((نەخێر..))

دایه:

-((ئەی چی لێکرد؟))

-((سەرەکەی لێ کردەوەو بانگی کردە مندالەکانیو گوتی وەرن یاری پێبکەن.. ئیتر دوو مندالەکەیشی کەوتنە یاری پێکردنی..))

بوخاری!
-((چیرۆکێکی خۆش بوو..))
موسلیم!
-((زۆر..))
کەیوان!
-((ئەم چیرۆکە چیمان فێر دەکات؟))
بوخاری!
-((موسڵمان بین..))

موسلیم:

ـ((بت نەپەرستیت..))

کەیوان!

ـ((یارمەتی خەڵکیش بدەین.. بۆ نەوەی فێری ئیسلامیان بکەین و دەستیان بگرین..))

بوخاری:

ـ((باوکی خۆیشمان خۆش بوویت..))

موسلیم:

ـ((ئێمە باوکمان نیە..))

وایە.. دڵی پڕ بوو.. کەیوان بەپەلە فریای کەوت.. گوتی!

ـ((نەخێر ئێمە باوکمان هەیە.. دایکمان.. لە باوکمان زۆر باشترە بۆمان.. جێگای باوکمانی گرتۆتەوە.. وانیە موسلیم..))

ـ((بەڵێ وایە..))

ـ((کەواتە دایکمان چیمانە؟))

ـ((دایکمانە..))

ـ((چیتریش؟))

ـ((باوکیشمانە..))

ـ((نەی ئافەریم.. دایکمان باوکیشمانە.. لەم دنیا.. ئەگینا لەو دنیا هەر سیانمان دەگەینەوە بەباوکمان.. بەیەکەرە دەڕۆین بۆ بەهەشت..))

بوخاری!

ـ((کاکە..؟))

ـ(((گیانی کاکە..))

ـ((بەهەشت خۆشە؟))

ـ((زۆر زۆر..))

ـ((چی تیایە؟))

ـ((هەموو شتێک.. کۆشکی گەورە گەورە.. هەر کۆشکێکی چوار ڕووباری تیایە.. خوای گەورە دەتوانێت بەنجا ڕووباری تریشی تیا دروست بکات..))

ـ((چوار ڕووبار؟))

ـ((بەڵێ.. یەکیان شیرە.. یەکیان ئاوە.. یەکیان هەنگوینە.. ئەویتریان شەرابە.. درەختی وای تیایە.. مرۆڤ بەسواری ئەسپی تیژ ڕەو بەشەست ساڵ ناتوانێت سێبەرەکەی ببڕێت.))

ـ((زۆرخۆشە..))

ـ((لەوێ مردن نیە..))

ـ((کەس نامرێت..؟))

ـ((نەخێر..))

ـ((کەس کەس؟))
ـ((بەڵێ))
ـ((ئەی کافرەکان؟))
ـ((ئەوانیش لەئاگری دۆزەخدا دەمێننەوە..))
ـ((نامرن؟))
ـ((نەخێر نامرن..))
ـ((داماون..))
ـ((زۆر زۆر..))

دایە قۆری وپیاڵەکانی بردبۆ شۆردن.. کەیوانیش چوبە ژوورەکەی خۆیەوە..

کەخۆی بەتەنیا دیەوە.. ئیدی دەستی کردەوە بەبیر کردنەوە.. بیرکردنەوە لە جێگای دەرسەکانی..

ئەم بەتەمابوو هەفتەی سێ دەرسی ڕابگوێزێتە نەم مزگەوتەوە.. بەتەمابوو.. ئەو مزگەوتە بکات بەیەکێک لەمەڵبەندەکانی بانگەوازەکەی.. مالی خۆیان مەڵبەندێکە، بەڵام لەبەر بارو دۆخی ئەمنی، ناتوانێت سەرجەمی دەرسەکانی ڕابگوێزێتە مالی خۆیان.. مالی سۆرانیش مەڵبەندێکی دیکەیە.. باوک و دایکی زۆر ڕێک و پێکن.. گونجاون.. کاک عەلیش لەمالەوە دەسەلاتی هەیە.. ئەویش مەڵبەندێکی دی.. هێشتا هەر دەرسی ماوە ڕابگوێزێتە کوێ..؟

لەکوێ بیان لێتەوە؟

چ شوێنێک دەیگرێتە خۆی و بُاوەشی بۆ دەکاتەوە..؟
زەوی، زەوی خوایە.. خاک خاکی خوایە.. قورئان وئیسلامیش، قورئان و ئیسلامی خوان.. ئیستر ئەم دەربەند دروست کردنە چیە لەنێوانیاندا..؟ ئەم بەربەست کردنە چیە..؟ مرۆڤ بۆچی هێندە حەز لەزۆرداری دەکات..!!
کەیوان میشکی خۆی دەگوشێ.. بیری دەگوشێ.. نەخشەی شاری دەهێنایە پێش چاوانی.. دەگەڕاو دەگەڕا..

کوێ گونجاوە..؟ کوێ گونجاوە..؟

((خوایە لەمزگەوت دەربان کردوم.. کوێ گونجاوە بۆ دەرسەکانم..؟..))

چەندین جێگای گۆڕی.. لەدەرونی خۆیدا گفتو گۆی لەسەر چەندین شوێن دەکرد.. پاش بیرکردنەوەیەکی یەک سەعاتی.. سێ جێگای غەریبو عەجیبی دۆزیەوە. خۆیشی پێکەنی.. پێکەنی بەوەی کەوتاری پەروەردەی ئیسلامی ببرێتە ئەو جێگایانە..

سەیرانگای سەچنار..
شوێنی ئارەق خوارنەوەو سەماو ڕەشبەڵەک..
چ بکات..؟ ناچارە..!!
جەنابی مامۆستا مەلا.. دەریکردووە..!!
دەرگای مزگەوتی لێ داخستووە..

غاباتەکەی زەرگەتە.. غاباتەکەی ڕعایە..
بەڵام چۆن..؟
چ بکات کەگومانی دەرس خوێندنی لێ نەکەن..؟
چ بکات بۆ ئەوەی کەشف نەبێت..؟
ها..چ بکات..؟ چ بکات..؟؟

ئەم پرسیارەیش گێژاوێکی دیکەی بۆ دروست کرد.. ماندووی کرد.. ماندووبوونێکی پڕ لەتاڵاو.. چەند کتێبێکی لابوو.. باسی کێشەی نەمنیان دەکرد.. دەری هێنان.. وەکو تینوو بینی خوێندنەوەی پێوەنان.. شەیدایانە لاپەڕەکانی دەپشکنی.. خوێندیەوە.. زۆری خوێندەوە.. کۆڵان و جادەو ژوورە تەسکەکانی کتێبەکە گەڕا.. چرای عەقڵی بەدەستەوە بوو.. نەمیانی دادەنا ئەویانی هەڵدەگرت.. هەڵیدەگرتوو دایدەنا.. ئای دەنا هەڵیدەگرت.. مێشکی دەتگوت، سی، ئای، ئەی، ئەمەریکایە، لەهەزار جێگاوە دەنگی دەدایەوە.. گاری دەکرد.. لای نیوەشەو.. کەدنیا بەتەواوی تاریک بوو.. هەموو شتێک پرخەی خەوی لێدا.. ئەم هەناسەیەکی هەڵکێشا.. هەناسەی پشوودان.. دەستگیربوون لەدامێنی ئەنجام.. تیدی نوێژی عیشای کردوو بەشادیەوە خەوی لێ کەوت.. سبەینێ کەدنیا ڕووناک بوویەوە.. خۆی گەیاندە مالی کاک عەلی دوو بە دوو لەگەڵیدا کۆبوویەوە و پێی گوت!

ـ((ئەوە مزگەوت تەواو))
عەلی بەشۆخیەوە گوتی!
ـ((ئەی جەنابی مامۆستا نەی فەموو..))
ـ((ئێستا دەبێت دەستەو سان نەوەستین..))
ـ((بەڵێ..))
ـ((جێگای ترم دۆزیوەتەوە..))
ـ((مەلای لێ نیە..؟ تەرپوشی لێ نیە؟))
کەیوان پێکەنی!
ـ((نەخێر.. ئەو جێگایانەو تەرپوش وەکـو ئاسمـان و ڕێسمانن..))
ـ((دەبێت کوێ بن؟))
ـ((پێت دەڵێم..))
ـ((فەرموو.. گوێم گرتووە..))
ـ((هاوینە هەواری سەرچنار!))
ـ((کوێ ێ ێ..؟))
ـ((سەرچنار..))
ـ((چۆن.. ئەوێ جێگای ئارەق خواردنەوەیە..))
ـ((باشە بۆچی بەتەنها ئارەقی تیا بخورێتەوە..؟))
ـ((چونکە هەر ئەوانی لێن..))
ـ((ئەی ئەگەر خۆیشمانی لێبین..))
ـ((ئاخر کەشف دەبین..))
ـ((نابین..))

ـ((چۆن نابین.. مەگەر تۆ قسەناکەیت بۆ قوتابیەکان..؟))
ـ((با..))
ـ((ئەی نیتر چۆن؟))
ـ((دەزانی چۆن..؟))
ـ((نەخێر..))
ـ((دەگوێ بگرە..))
ـ((فەرموو..))
ـ((خەڵکی لەوێ ئارەق ناخۆنەوە؟))
ـ((با))
ـ((پڕی نیە لەگەنجی وەکو خۆمان؟))
ـ((با..))
ـ((لەچیدا ئارەق دەخۆنەوە..))
ـ((لەبوتڵدا))
ـ((ئێ دەتەواو..))
ـ((چۆن؟))
ـ((خۆیشمان چەند بوتڵێکی پڕ لەئاو دەبەین و لەنێوان خۆماندا دای دەنێین و جار جارە لێی دەخۆینەوە.. خەڵکی وادەزانێت کۆمەڵە گەنجێکە موراهقن و ئارەق دەخۆینەوە، دەرسی خۆیشمان دەخوێنین و کەسیش پێمان نازانێت..))

عەلی بەبێ ویستی خۆی.. بەبێ دەسەلاتی خۆی.. هەستایەوە و نێو چەوانی کەیوانی ماچ کرد.. پاشان دانیشتەوە.. گوتی:

ـ((من دڵنیام ئەم فیکرو نەخشە بەرزانە.. وردانە.. هەمووی خوای گەورە دەیان خاتە مێشکتەوە..))

ـ((کاک عەلی.. ئەمانە هەمووی فەزڵی خوان.. ئەگەر ڕەحمی خوای تاک و تەنیا نەبێت من یەکسانم بە هیچ.. هەر هیچ..))

ـ((بێ کاک کەیوان گیان.. شوێنەکانی تر کوێن..؟))
ـ((غاباتەکەی ڕعایە..))
ـ((نەخشەی نەوێمان چۆنە..))
ـ((لەوێ شەترەنج دادەنێن.. بەناوی شەترەنجەوە دەرسەکەمان دەخوێنین..))
ـ((لەوانەیە لەوێ شەترەنج باوبێت.؟))
ـ((بەڵێ.. شەترەنج باوە..))
ـ((جێگای سێیەم.. کوێیە..؟))
ـ((غاباتەکەی زەرگەتە..))
ـ((نەخشەی نەوێمان چۆنە..))
ـ((تۆپی پێ دەبەین و لەساحەکەیدا هەندێک تەمرین دەکەین و دوای دەست دەکەین بەدەرسەکەمان..

ـ((ئەی ئەو قوتابیانەی کەتا ئێستا قورئانیان نەخوێندووە.. چیان لێ بکەین..؟))

ـ((شریتەکانی مەنشاوی دابەش دەکەین بەسەریاندا.. یا لەمالەوە بۆ خۆیانی لێبدەن..))

ـ((زۆر زۆر باشە..))

ـ((کاک دارا لەکوێیە؟))

ـ((چووە بۆ سەر ئیش..))

ـ((ئەگەر کارت نیە با سەرێکی ـ دار الطلبة ـ بدەین..))

ـ((نەخێر.. کارم نیە..))

ـ((کەواتە بابڕۆین..))

ـ((فەرموو..))

لەڕێگا عەلی گوتی:

ـ((کاک کەیوان ئەمسال قوتابخانەت بەتوندی نەگرتووە، هۆی چیە..؟))

ـ((ئەوەی ڕاستی بێت دەمەوێت ئەمسال خۆم بهێڵمەوە..))

ـ((بۆ..؟ حیکمەتی تیایە..؟))

ـ((بەڵێ..))

ـ((چۆن..؟))

عيون

٣

١٤١٨هـ

١٩٩٨م

عيون

٣

١٤١٨هـ

١٩٩٨م

نوسبتس: عادل باخوان

بسم الله الرحمن الرحيم

- ناوی کتێب: کەیوان
- بابەت: ڕۆمان
- بەشی: سێیەم
- نوسینی: عادل باخەوان
- کۆمپیوتەر: بەختیار علی
- چاپخانە: بێسارانی
- ساڵی: ١٤١٨ک - ١٩٩٨م
- مافی چاپ پارێزراوە



* لەبەشـــی یەکـــەمی رۆمـــانی کـــەیواندا پێشەکییەکی کورتم نووسی بوو، خاڵێکی ئـەو پێشەکییە پێویستی بەرونکردنەوەیـەکی بچـوک هەیە، چونکە هەندێك لەخوێنـەران واحـاڵی بـوو بوون کە من لـەو خاڵـەدا پـرۆژەی سـەد کتێبـی کتێبخانەی رۆشنبیر بەحاڵەتێکی سەلبی دەزانم، بەڵام پێم خۆشە تەواوی‌خوێنـەرانی بەرهەمـەکانم ئاگـادار بکەمـەوە لـەوەی کـە مـن ئـەو پرۆژەیـە بەحاڵـەتێکی زۆر ئیجـابی دەزانمو داوایشـیان لێدەکەم چەندیان پێدەکرێت کەمتەرخەمی نەکـەن لەخوێندنـەوەی کتێبـەکانی ئـەو پرۆژەیـەداو

دوعـای خـێرییش دەکـەم بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە لەپشتی ئەو کارە خێرانەوەن.

* ناتوانم لەم چرکەیەشدا، سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانـە نەکـەم، کـە لەچـەندین لاوە، نامـەی پیرۆزبایی‌و دەست خۆشی کەیوانیان لـێ کـردم، سوپاسـتان دەکـەم، دڵخۆشـم بەنامـەکانتان، هەروەها دڵنیاتان دەکەم کەئێوە وەک کەیوان لای من خۆشەویستن، بۆیە ئەم جارەیان کەس جیا ناکەمەوە پێش کەشی دەکەم بەهەمووتان..

عادل باخەوان

١٩٩٨/٣/٣٠

سلێمانی / رعایە

١٢

عەقیدە تۆری نازایەتی لەدڵی مرۆڤدا دەچێنێت، ئەم جۆرە تۆوە زۆر جار پێش تێپەڕ بوونی وەرزێک بەسەریدا، پێدەگات و باڵا دەکات.. خۆی دەداتە بەر بای ئێواران و بەلازو لەنجەوە گۆرانی بۆ دەڵێت.. پرچی بۆ دەخاتە سەمایەکی تەلیسماوی..

ڕۆژگار..
جاران شەرمی لەدایکی دەکرد..
شەرمی لە باوکی دەکرد..
ناخر لەژیانیدا بێ پەیام بوو..
سۆرانی خۆش دەویست و تەواو.. ئەمەیش لەبەر خودی خۆشەویستی.. بەڵام ئێستا نازادە.. خۆی بەهەق

دەزانێت.. هەرچی دەڵێت هەر حەقە.. چونکە لە حەقــەوە قسان دەکات.. بۆیە شەرم ناکات.. نەخێر شەرم ناکات..

لەچی شەرم بکات..؟ ها.. لەچی..؟
لەگەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەی..؟
لەهەق وتن..؟
نەخێر شەرم ناکات.. شەرم کــردن لــەم هەڵوێستانەدا کــارێکی ڕەوا نیــە بــۆ مرۆڤــی خــاوەن بانگــەواز.. لــەدور نیوەوە سۆران ئاگادارى کردرە..
دایکی دەنێرێت بۆ مالیان، بۆ باسکردنی بابەتەکە.. سۆران وای بەباش زانیەوە لەسەرەتادا، ئەم دایکی خــۆی ئاگادار بکات.. بۆ ئەوەی مەسەلەکە کوت و پــڕی نــەبێت لایان.. ئەمیش خۆی هەروای بەباش دەزانێ..

بادایکی ئاگادار بکات..!
چی تیایە..؟
هیچ..
کارێکی ناڕەوا دەکات..؟ بێگومان نەخێر..
تاسەر ئێسقانی هەق نیە..؟ هەزار جار بەڵێ..
کەواتە بادایکی بــانگ بکــات و ڕاســتە خــۆ دەرگــای بابەتەکەی لێ بکاتەوە..

پێش نیوه ڕۆیه.. دایکی چێشتی ناوەتـه سـەر ئـاگر.. لەموبەقە.. هەر لەژوورەکەی خۆیەوە بانگی کرد:

ـ((دایە.. دایە..))
ـ((بەڵێ کچم..))
ـ((ئیشت نیە!))
ـ((نەخێر.. چێشتەکەم ناوەتە سەر ئاگر..))
ـ((ئەگەر زەحمەت نیە وەرە بۆ ئێرە..))
ـ((خەیزە..؟))
ـ((ان شاء الله خەیر دەبێت..))

دایکی هاتـەژوورەوە.. لەسـەر قەنەفەکـەو لەپـەنایدا دانیشت..

ـ((دایە گیان..))
ـ((گیانی دایە..))
ـ((جـاران کـەکچ دەدرا بەشـوو.. بـاوک و دایکەکـە دەهاتنـەلای کچەکـەیان و پێیـان دەگـوت.. کچـی خـۆم.. هـەموو کورێـک هـەر دەبێـت ژن بهێنێـت و، هـەموو کچێکیـش هـەر دەبێـت شـوو بکـات.. کچـەیش لـەژێر لێوەکانیـەوە و بەشـەرمێکی زۆرەوە دەیگـوت.. باشـە.. وانیە..؟))

ـ((وایـه.. بـەلام تـۆ مەبەستت چیـه..؟ ئـەم لـەف و دەوەرانه چی بوو..؟))

ـ((لـەف و دەوەران نیـه دایـه.. دەمـەوێت ڕاستەخۆ شتێکت پێ بڵێم..))

ـ((فەرموو.. ئادەی.. ئەوه گوێم بۆ گرتویت..))

ـ((تۆ لەئیسلامەتی من دڵنیایت..))

ـ((زۆر زۆر..))

ـ((لەوەیش دڵنیـایـم.. کـه ئیسـلام دینمانـەو دەبێت وەکو بیل بیلەی چاومان بیبارێزین..))

ـ((ئەی چۆن..))

ـ((دایه گیان..))

ـ((گیانی دایه..))

ـ((تـۆ هیـوات وانیـه کـەمنی کچـت خـێزانێکی باوەڕدار دروست بکەم و دەوڵەتێکی بچکۆلەی ئیسـلامی دروست بکەم..؟))

ـ((بـەرەوەڵا کچـی خـۆم.. هەمیشـه بـەو ناواتـەوه دەژیم.. هـەموو دوای نوێژێـک دەسـت بـەرز دەکەمـەوەو دەڵێم.. خوایه پێش ئـەوەی بمـرم.. ڕۆژەی کچـم لـەمالی خۆیدا ببینم..))

ـ((دەبا بێ پـەردە پێت بڵێم.. لـەمڕۆ و بـەیانیدا.. دێنەخوازبێنیم.. کوڕێکی قورئان خوێنی موسڵمانی وەکو خۆمە.. نـاوی سـۆرانە.. لـە خـێزانێکی پاکـە.. مـن هـەر لەئێستاوە ڕازیم.. لەوانەیـە بەلاتـەوە سـەیربێت و بڵـێی ئەم کچە بۆ ئاوا بێ شەرم بوو.. دایەگیان بێ شـەرم نیـم.. من ئیسلامەکەم فێری هەمرو شتێکی کردووم..

فێری کردووم چۆن بیر بکەمەوە..
چۆن پێبکەنم..
چۆن بگریم..
چۆن قسە بکەم و دوا ڕۆژی خۆم بینا بکەم..
ڕاست نیـە لـەم هەڵوێستانەدا شـەرم بکـەم.. ئێمـە ئیسـلامەمان هـەڵبژاردووە.. ئیسـلامیش سەربەسـتی دەدا پێمان.. بەئازادی هاوسەری ژیانی خۆمـان هـەڵدەبژێرین.. بۆ ئەوەی دواڕۆژێکی بەختیارمان ببێت..))

دایە لەم ڕەوان بێژیـەی کچەکـەی سـەری سـوڕمابوو.. ئـەم هـەمرو قسـەیە لـەکوێ فـێر بـووە.. ڕاسـت دەڵـێی فەیلەسـوفە.. هـەرچی دەڵێت.. ئـەم بـەبێ یـەک و دوو قەناعەت دەکات گوتی:

ـ((کچی شیرینم.. تۆ چۆنت پێخۆش بێت ئێمە وادەکەین..))

ـ((دایەگیان.. من پیم خۆشە.. شەرعی خوا چۆنمان پێ دەڵێت ئێمەش وابجوڵێینەوە..))

ـ((ان شاء الله.. وادەجوڵێینەوە..))

ـ((ئێستا دەزانی چی دەکەیت؟))

ـ((چی بکەم..))

ـ((نەگەر دایکی سۆران هات.. تۆ وەکو سروشتی هەمیشەیی خۆت بەخێر هاتنێکی گەرمی دەکەیت.. کەئەو بابەتەکەی کردەوە.. تۆ کۆمەڵە پرسیارێکی لێ بکە..))

کورەکەڕۆڵی چەندە..؟

نوێژ دەکات یان..نا..؟

قورئان دەخوێنێت یان..نا..؟

لەدینداریدا چۆنە..؟

ئالەم جۆرە پرسیارانە.. پاشان پێی بڵێ.. ئێمە زۆر پێخۆش حاڵین و.. ان شاء الله، دوایی وەڵامتان لێ دەگێڕینەوە.. ئاوا..))

ـ((ڕۆڵە یەکجار وایش نـین.. خـۆم ئەوانـە هـەمووی دەزانم.. گرنگ ئەوەیە تۆ خۆت ڕازی بیت و پێـست خـۆش بێت.. ئیتر ئەوی تری زۆرئاسانە..))

ـ((خـوا پاداشـتت بداتـەوە دایـەگیان.. کاتیشـم گرتی..))

دایە سەری کچەکەی ماچ کردو دەستی کـردە ملـی.. پاشان دەسـتی کـرد بەگێڕانـەوەی چـیرۆکی شـوو کردنـی خۆی..

*** *** ***

لەهەمان سات و، لـەماڵی سـۆران، کلاوڕۆشـنە بـۆ ئـەم ژووره داخـراوە دروسـت دەکـرا.. دەڵـێی جاسـەی شەشەمیان دوو جەمسەری بەیەکەوە گرێدراون و هـەرگیز لەیەکتری جودا نابنەوە و پێکەوە دەبزوێن و پرۆژەکـەیان دەگەیەنە ئەنجام..

ئـەم ڕۆحانە چۆن ئاوا ئاگاداری یەکترین..؟
چۆن ئاوێزانی یەکتری بوون..؟
سۆران لەبناری دایەی کارێزیدا ئۆقرەی گرتـووە.. ئـەم دایـە چـەند خـەمی بەدروسـت کردنـی ئـەم خێزانـەوە

خواردووه..؟ چەند عەزیەتی بووە تا توانی لەگەڵ مێردەکەیدا ئەم دەوڵەتە بچکۆلەیە پێکەوە بنێن..

شەهلای گەورە کرد.. سوپاس بۆ خوا ئێستا لەمالی خۆیدایە.. شەونمیش هەروەها.. بەڵام جەخار شەوبۆی مرد..

هەنووکە سۆران وبەختیاری بۆ ماوەتەوە.. هەژارە بەرەو دەڤەری پیری دەڕوات.. وەلێ ئەوەی نایەڵێت پیر ببێت ڕووە خۆشەکەیەتی.. خەندەکانی سەر لێوێتی.. قسە هەنگوینیەکانێتی..

سۆران گوتی:

ـ((دایە گیان.. کارێکی پێویستم پێتە.. بۆم دەکەیت..؟))

دایە بەشۆخیەوە گوتی:

ـ((بۆچی هەموو کارەکانی تۆ من نایکەم.. تەنها قوتابخانەکەت ماوە.. ئەگەر حەزدەکەیت دەڕۆم قوتابخانەیشت بۆ دەخرینم..؟))

ـ((دایە.. توخوا ئێستا وەختی سوعبەت کردن نیە..))

-((جا من کەی سوبعەتم کردووە..))
-((کارەکەی من کاری سوبعەت نیە..))
-((ئادەی بزانم چیە..؟ بەخوا چاوەکانت شتێکم پێدەڵێت..))
-((چیت پێ دەڵێت..؟))
-((ئیتر..))
-((نا.. چیت پێ دەڵێت..؟))
-((شتێکی وەکو.. نالێم.. خۆت بیلێ..))
-((ئۆ و وە.. دایە گیان.. دەبیلێ..))
-((نایڵێم.. ئێستا تۆ ئیشت بەمن نیە..؟))
-((با..))
-((دەی دەبێت تۆ قسەبکەیت نەک من..))
-((جا تۆ بێدەنگ دەبیت.؟))
-((ئا..))
-((قسە ناکەیت..))
-((نەخێر..))
-((دەگوێم بۆ بگرە..))
-((ئا..))
-((لەکورتیدا دەیبڕمەوە.. تاقەتی درێژە پێدانیم نیە..))
-((دەزانم..))

-((چی دەزانیت..))

-((بۆ نەودی باوکت لـەدانیرە نەیەتـەودو گـوێی لێ بێت..))

-((نا!!!.. من هەر ئیشی خۆمم هەیە..))

-((بەهەر حاڵ..))

-((دایە گیان..))

-((بەڵێ..))

-((بەکورتی دەمەوێت ژن بێنم..))

-((ناوا ا!.. نەموت.. نەموت..؟))

-((دایـە گیـان.. توخـوا بەسـە.. دوایـی هـەرچی سوعبەتت پێیە هەمووی بکە.. ئێستا گرێم بۆ بگرە..))

-((باشە بەسەر چاو.. فەرموو..))

-((دایە گیان.. ئـەو کچـەی کـەمن دەمـەوێت داوای بکەم.. موحاجەبەیە.. لەپۆلی شەشەمی عیلمیە..))

-((ماشاء اللە..))

-((زۆر زیرەکە.. زۆر جوانە.. لەخێزانێکی پاکە.. هەر چەند پاک و پیسێتی خێزان گەوجێتیە..))

-((بۆ و؟))

ـ((چونکه دایه گیان مـرۆڤ مرۆڤـه.. مـن کچێـک دەهێنـم، نـەک خێزانەکـه.. گرنـگ کچـەو کوڕەیـه.. بەیەکەوە شادمان و بەختیار بن.. ئیتر خێزان چیه..))

ـ((ئادەی بزانم ناوی کچه چیه..؟))

ـ((ناوی..؟))

ـ((بەڵێ.. دەترسی..؟))

ـ((نەخێر.. ناوی ڕۆژگارە..))

ـ((ڕۆژگار.. ماشاء الله.. ناوێکی خۆش دیارە..))

ـ((دایه گیان..))

ـ((بەڵێ..))

ـ((باوکم دوای تۆزێکی دی دێتەوە..))

ـ((بەڵێ..))

ـ((مەسەلەکەی لا باس بکە..))

ـ((بەڵێ..))

ـ((لای عەسریش خـۆم تەکسیەکت بـۆ دەگـرم و دەتبەمە نزیکی مالّی ڕۆژگارو..))

ـ((ئابەم خێراییه.؟))

ـ((ئاتا.. ڕۆژگار بەمالـەوەیانی گوتـووە.. ئـەوان ئێستا چاوەڕوانن..))

ـ((کەواتە ئێوە بۆ خۆتان قسەتان لێ کردوەو منیش نەم..))

سۆران بەپێکەنینەوە قسەکەی پێ بڕی..

ـ((دایە گیان.. بڕوابکە وانیە تۆ بۆی دەڕوانیت.. مەسەلەکە جۆرێکی تر..))

ـ((چۆن..؟))

سۆران دەستی کردە ملی دایکی و لای ڕاستی ماچ کردو و گوتی:

ـ((دایە گیان..))

ـ((ئا کوڕەکەم..))

ـ((کچەکە زۆر ڕێک و پێکە.. زۆر هەوڵ دراوە بۆ من ببێت.. خۆیشی زۆری پێ خۆشە.. ئامۆزایەکی نارەق خۆری هەیە.. دەیەوێت بیخوازێت.. ڕۆژگاریش بە هەموو شێوەیەک ڕەتی دەکاتەوە.. بۆیە زۆری پێخۆشە ئەم کارەی خێرا تەواو بێت..))

ـ((ئاوا..))

ـ((بەڵێ..))

ـ((باشە ڕۆڵە گیان با باوکت بێتەوە..))

سۆران نەمجارەیش دەستی دایکی ماچ کردەوە.. ماچ کردنی دەستی دایکی کاری ڕۆژانەی بوو.. هەموو بەیانییەک کەلەخەو هەڵدەستێت.. دەستی دایکی ماچ دەکات و پێی دەڵێت:

ـ((عەزیەتم زۆر داویت.. گەردنم ئازاد بکە..))
نەمە کەیوان فێری کردبوو..

*** *** ***

نوێژ تەواو بووە.. مزگەوتی گەورە پڕە لەخەڵک.. سەر ئاو بەرناکەوێت.. چەندین کەس لەچێگای دەست نوێژگرتنەکەدا وەستاون.. لەم مزگەوتەدا تانزیکەی بانگی مەغریب خەڵکی دێن و نوێژی عەسر دەکەن.. چونکە چێگای وەکو لەچەقی بازاڕدا بێست ئاوایە.. سۆران لەبەردەمی بەڵوعەیەکدا وەستابوو.. کابرایەکی پیری لەپێشەوە بوو.. دەتگوت میلوریەو دەست نوێژ دەگرێت.. زۆر لەسەر خۆی ئاوی دەکرد بەدەم و چاو و باڵەکانیدا.. نەمیش خەریکە بەدیارێوە دەتەزێت.. سەیر لەوایە کابرا واس واسیشە.. لەشۆزدنی دەم وچاوی

دەبێتەوە.. دەڕواتە سەر بالەکانی.. کەچی خێرا دەگەڕێتەوە سەر دەم و چاوی.. ئەم لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ((خوایە ڕێم لەکێ کەوتووە..؟))

ناچارانە بەجێی هێشت.. لەپشتی دانەیەکی دیکەوە وەستا ئەم خێرا دەست نوێژی دەگرت.. بەلاڵم قسەکردن لەگەڵ ئەوەی تەنیشتیدا دوای دەخست.. شلپێکی دەدا بەدەموچاویدا و پرسیارێکی دەکرد.. قسەیەکی فڕێ دەدا.. ئەم خۆی نەگرت:

ـ((مامەگیان.. ئەگەر زەحمەت نەبێت.. تۆزێک خێرا بکەیت.. ئیشمان هەیە..))

کابرا ئاوڕی دایەوە، لچێکی هەڵقرچاندو بەناڕەزاییەکەوە گوتی:

ـ((باشە.. ئێستا لێ دەبمەوە..))

ئەم لەدڵی خۆیدا گوتی:

ـ((خۆزگە زوتر پێم دەگوتیت..))

ئەو لێ بوویەوە، ئەم دانیشت، ناوی خوای هێنا.. کاتێک ئاوەکەی دەکرد بە دەموچاویدا، ئەو حەدیسەی پێغەمبەری ئیسلامی بیر دەکەوتەوە کەباسی ئەوە

دەکات، مرۆڤ لەکاتی دەست نوێژگرتندا، گوناهەکانی، لەگەڵ ئاوەکەی دەست و دەموچاویدا دەڕوات و نامێنێ..

ئەمیش کەئاوەکەی دەکرد بە باڵەکانیدا، وای هەست دەکرد لە گوناهەکانی پاک دەبێتەوە.. دەست نوێژی گرت و لەسوچێکدا نوێژی دابەست ڕکاتی یەکەم و دووەمی تەواو کرد.. کەلە تەحیاتی یەکەم بوویەوە و هەستایەوە بۆ ڕکاتی سێیەم.. دەستێکی ناسک دای لەپشتی.. تێگەیشت خاوەنی ئەو دەستە ئەمی کردوە بەئیمام و نوێژی بەدواوە دەکات..

بەڵام ئەوە کێ بوو..؟

غەریب نیە بەڵایەوە.. نەخێر.. غەریب نیە.. دوو ڕکاتەکەی دیی تەواو کردو سەلامی دایەوە.. پاشان ڕاستەخۆ بۆ پاشی خۆی ڕوانی..

((ئاااای خوایە گیان.. کاکێ کەیوان و کاک هەورامان..!))

بەڵێ.. کەیوان و هەورامان بەدوایەوە نوێژیان دەکرد.. زۆری پێ خۆش بوو..

((ئیستا بۆی باس دەکەم.. دەڵێم دایکم ناردوە.. دەڵێم خۆم بەتەکسی بردوومەتە نزیکی مالیان و خۆم گەڕاومەتەوە.. دەڵێم ئێستا لەوێیە....!))

ئەوانیش لەنوێژەکەیان بوونەوە.. پاش سڵاو کردن و تەوقەکردن و خەندە باران کردنی یەکتری.. کەیوان گوتی:

-((ئێستا بۆ لای تۆ دەهاتین..))
-((خەیر بوو..؟))
-((چۆن نەهاتیت بۆ قوتابخانە..؟))
-((ئەوەی ڕاستی بێ، هەستم بەوە دەکرد ڕۆحم ئامادەی هاتنی تێدانیە.. ئیشێکی بچکۆلەیشم بوو..))

-((خەیر بوو..))

-((ماڵەوەم لەژن هێنانەکە ناگادار کردەوە ئێستا دایکم لەوێیە..))
-((ماڵی ڕۆژگار..؟))
-((بەڵێ..))
-((دەترسم ئەویش نەچوبێت بۆ قوتابخانە..))
((نازانم.. بەڵام حاسەی شەشەمم پێم دەڵێت کەنەچووە..))
-((بەزمە.. جارێ واز لەمە بێنە.. دوایی بەدرێژی بۆم باس بکە.. ئێستا کاری ترمان هەیە..))
-((فەرموو..))
-((سبەینێ دوای نوێژی نیوەڕۆ وەرە بۆ ماڵی خۆمان..))

ـ((بەسەر چاو..))
ـ((دوا نەکەوێت..))
ـ((انشاء الله..))
ـ((کەواتە ئێمە دەڕۆین..))
نیشی ترمان هەیە دوعای خێرمان بۆ بکە..))
هەورامان تەوقەی خوا حافیزەی لەگەڵدا کردو پێی گوت:

ـ((کاک سۆران، دوعای موسڵمان بۆ موسڵمان، بەبێ ئاگاداری یەکتری گیرایە.. دوعامان بۆ بکێە.. باشە..!))

ـ((انشاء الله.. تۆیش بو منی بکە..))
ـ((بەپشتیوانی خوا..))
کەیوان تەماشای ئەو دوو هەڵاڵەی خۆی دەکرد، کەچەند یەکتریان خۆش دەوێت و بۆ یەکتری دەشنێنەوە، قسەکەی ئەبوسوفیانی بیر دەکەوتەوە کەدەیگوت:

ـ((مرۆڤێکم نەدیوە.. خەڵکی خۆشیان بووێت.. وەکو هاوڕێ کانی محمد، محمدیان خۆش دەوێت.))

هەمان سۆز و ئەڤینە.. دڵی قوتابیەکانی ئەمیشی داپۆشیوە.. بەهارێکی هەمیشەیی بۆ دروست کردوون..

لەپاش گوشینی دەستی یەکتری.. هەردووکیان سۆرانیان بەجێهێشت.. ئەم هەر بۆی دەڕوانین.. تالەنێو ئاپۆرەکەدا ونبوون..

*** *** ***

نیوەڕۆیانی وەرزی بەهار هەموو شتێک حۆل و گێژە..

تیشکی خۆرەتاو.. کاتێک لەو بەرزاییەوە دەڕژێتە سەر شار، کارەساتێکی سەیر دروست دەکات..

هەموو کەسێ لەم ساتانەدا حەز لە خەو دەکات.. خەو خۆشترین شتە بۆ مرۆڤ.. ئەگەر مێشولەی زۆردار ڕێگە بدەن.. هەر شتێک دەست بداتە یاخی بوون.. دەست بداتە زۆرداری و چەوسانەوە، بازۆر چکۆلانەیش بێت، دەتوانێت دەستی خۆی بوەشێنێت.. دەتوانێت قاچی گوڵە گەنمێک ببڕێتەوە.. گوڵاڵەیەک بژاکێنێت.

ئەم مرۆڤە گەورەیە..

ئەم مرۆڤە دەسەڵاتدارە.. کاتێک خەوی لێ دەکەوێت، بێ خەمە.. لەهیچ ناترسێ.. ئارام ئارامێک چاوەکانی دادەخات.. کەچی لەناکاودا ڕادەپەڕێت..

پەلاماری دەستی خۆی دەدات.. دەبینێت مێشولەیەکی یەکجار بچکۆلانە.. نزیکە بەچاو نەبینرێت.. دەمی ناوەتە نێو خوێنیەوە.. ئیدی خەوی لێ یاساغ دەبێت.. ئاوا.. مێشولەیش دوژمنت بێت دەبێت حسابی بۆ بکەیت..

ئەم دوای نیوەڕۆیە زۆر گەرمە..

کێ لەم وەختەدا دێتە دەرێ.؟ کێ خۆی دەداتە بەر تیشکی ئەم هەتاوە.. یەکێکی وەکو سۆران نەبێت..؟

نزیکەی نیو سەعاتە چاوەڕوانی ئەم پاسەیە پڕببێت.. کەچی هێشتا نیوەیش نەبووە.. بەردەوامیش تەماشای سەعاتەکەی دەستی دەکات..

چەندی ماوە..؟

چارەکێک.. دەبێت بەم چارەکە بگاتە شوێنی دیاری کراو.. مالی مامۆستا کەیوان..

((کەی پڕببێت..؟ ها.. کەی..؟

دەی خوایە گیان.. ئەم نەفەرانە کەدێن سەرکەون.. ئەمانە سەرکەون پڕ دەبێت.. نا.. پڕ دەبێت..))

سەیرێکی سەعاتەکەی کردەوە.. نەفەرەکان تێپەڕین و سەرنەکەوتن.. ئەم پیشی خواردەوە.. لەبەر خۆیەوە بۆڵە بۆڵێکی کردو دابەزی..

ڕۆیشتە سەر جادە.. تاکسیەک لەسەرەوە هات.. دەستی بەرز کردەوە.. وەستاو سەرکەوت.. پێی گوت بۆ گەڕەکی سەرچنار بڕوات.. بەبەردەوامی ڕێگا، دەنگێک لەمێشکیدا دەزرنگایەوە.. ڕای دەوەشاند.. ئازاری دەدا.. کەچاوی بەسەعاتەکەی دەکەوت.. هێندەی تر دەنگەکە ناسازترو ئازاراوی تر دەبوو..

سەعات یەکی تەواوە..

ئێستا مامۆستا کەیران چاوەڕوانی دەکات.. هەرگیز لەوانەکانی دوا نەکەوتووە.. بۆیە هێندە ئازار دەچێژێت.. بۆ یەدەنگی (اذا وعد اخلف) لەئەشکەوتی ڕۆحیدا دەزرنگایەوە..

تاکسی گەیشتە گەڕەکی سەرچنار.. سۆزان لەکۆڵانەکەی نەو دیوی مالی مامۆستا کەیوانەوە ڕایگرت.. دەیویست خاوەنی تاکسیەکە نەزانێت بۆ کوێ دەڕوات.. نەوەک یەکێک بێت لەژەندرمەکانی بەعس..

کارێکی عاقلانەیە..!!

بەپێ گەیشتە بەر دەرکی مالی کاک کەیوان.. دای لە جەرەس.. کەیوان دەرگاکەی بۆ کردەوە.. پاش سلاو کردن گوتی:

-((نایەمە ژوورەوە تاگەردنم نازاد نەکەیت..!))
-((بۆ.. چیت کردووە..؟))
-((حەوت دەقەو نیو دواکەوتوم..))
-((گەردنت نازاد بێت.. بەڵام من نەمگوت هەر دەبێت سەعات یەک ئامادەبیت.. من گوتم دوای نیوەڕۆ.. ئێستایش هەر دوای نیوەڕۆیە..))
-((وەڵاهی.. من لەبیرم چوو..))

ئیدی چوونە ژوورەوە.. سۆران وای دەزانی خۆی تەنیایە.. بەڵام وانەبوو.. ئەم برایانە لەبەری هەستانەوە.. کاک عەلی، کاک دارا، کاک هەورامان، کاک یاسین، کاک ئەحمەد، کاک موسی، دکتۆر لوقمان، کاک ئەکرەم..

پاش تەوقەکردن و سلاوی گەرم و پڕلەسۆز.. هەریەک لەجێگای خۆی دانیشتەوە..

کەیوان لەخواری خوارەوەو لەلای دەرگاکەوە دانیشت هەرچی پێیان گوت بچێتە سەرێ، نەڕۆیشت.. لەدوایدا هەموویان بێدەنگ بوون.. کەس قسەی نەکرد.. کەس نەجوڵا.. هەمووی کڕ.. ئەم جۆرە بێدەنگیە زۆرجار لەوەدەکات کەسەر زەوی لەدەنگ و، لەجوڵە، چۆڵ بوو بێت لەسارایەکی لماوی دەکات.. تەنها کاک عەلی دەزانێت بۆچی بانگ کراون.. نەگینا نەوانی دی بێ لەهەمزو شتێک بێ خەبەرن.. کەیوان هەستایەوەو قورئانێکی لەمەکتەبەکەی هێنا.. دایەدەستی کاک موسی و گوتی:

ـ((چەند ئایەتێکمان لەسورەی تۆبە بۆ بخوێنە..))
ـ((انشاء الله..))

قورئانەکەی لێ وەرگرت.. لاپەڕەکانی هەڵدایەوە.. سورەتی تەوبەی لەبەر بوو.. بیست و شەش جزمی قورئانی لەبەر بوو.. دەڵێی هەر حەزی دەکرد لەسەر قورئانەکە بیخوێنێتەوە، پاش [أعوذ با لله من الشیطان الرجیم] دەستی پێکرد:

﴿یاایها الذین أمنوا، لاتتخذوا اباءکم، واخوانکم، أولیاء، ان استحبوا الکفر علی الایمان، ومن یتولهم منکم، فأولئك هم الظالمون..

قل ان كان آباؤكم،
وأبناؤكم،
واخوانكم،
وأزواجكم،
وعشيرتكم، وأموال اقترفتموها،
وتجارة تخشون كسادها، ومساكين ترضونها،
أحب اليكم من الله ورسوله،
وجهاد في سبيله،
فتربصوا حتى يأتي الله بأمره،
والله لايهدي القوم الفاسقين..
لقد نصركم الله في مواطن كثيرة ويوم حنين اذ
أعجبتكم كثرتكم فلم تغن عنكم شيئا وضاقت عليكم
الارض بما رحبت، ثم وليتم مدبرين..

ثم أنزل الله سكينته، على رسوله وعلى المؤمنين،
وأنزل جنودا لم تروها، وعذب الذين كفروا، وذلك
جزاء الكافرين..

ثم يتوب الله من بعد ذلك على من يشاء، والله
غفور رحيم..﴾.

کاک موسا قورئانەکەی داخست و لەبەردەمیدا دای
نا.. مامۆستا کەیوانیش دەستی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان

کۆمەڵە دوعایەکی کرد.. دوعاکان لەناخێوە هەڵدەقوڵان.. سەرچاوەیان دەگرت.. قوڵپە قوڵپیان دەکرد.. هەر کەسێک گوێی لێ بوایە.. تەزو بەلاشەیدا دەهات، ئەگەر دڵی تاشە بەردیش بوایە..

قوتابیەکانیش دەستیان بەرز کردبۆ وە.. لەگەڵ هەموو دوعایەکی ئەودا، ئەمان بەتاسەوە ئامینیان دەگوت:

هەر لەم ساتەیشدا فریشتەکانیش.. فریشتەکانی خوای بەبەزەیی، وشەی ئامین دەدرکێنن..

ئامین.. ئامین..

کەیوان دەڵێت:

ـ((خوایە سێبەری خیلافەی ئیسلامیمان بۆ بگێڕیتەوە..))

دەنگی ئامین وجود دادەگرێت.. هەموو وجود سەر تاپا دەیوت ئامین.. بەڵام کەی ئامینەکان گیرا دەبن..؟

ئەوە خوا بۆ خۆی دەزانێت..
ئەوە هێشتا لەپشتی غەیب دایە..
لەعیلمی موتڵەق دایە..

لەدوایدا قوتابیەکان دەستیان دانا.. هەموویان سەریان بۆ بەردەمیان خوار کردەوە.. چەند ساتێکی کەم تێپەڕی.. لەم ساتانەدا بێدەنگی زاڵە.. بۆ هەمور کون وکەلەبەرێکی ژوورەکە باڵ دەهاوێت.. هەموو جێگایەک داگیردەکات.. لەم بێدەنگیەدا ڕۆحی قوتابیەکان ئامادە دەبێت، دادەبڕێن لەهەموو شتێک.. تەنها بیریان، هەستیان، عەقڵیان لای مامۆستاکەیان دەبێت.

کەیران سەری بەرز کردەوە.. تەماشایەکی قوتابیەکانی کرد.. لەڕاستەوە بۆ چەپ.. یەک، یەک، بەڵام خێرا.. پاشان ناوی خنوای هێنا سوپاسی کرد و دەستی بەقسان کرد:

ـ((براکانم.. لەوانەیە ئێستا لەدڵی خۆتاندا بپرسن و بڵێن، خۆزگە بۆچی لەم کاتەدا کۆبوونەتەوە..؟

پرسیارەکەتان جێگای خۆیەتی.. بەڵام پێش ئەوەی وەڵامی ڕاستەوخۆتان بدەمەوە، حەز دەکەم کەمێک باسی ئیسلامەکەمان و ئومەتی ئیسلامیتان بۆ بکەم.. پاشان لەوێوە بڕۆینە نێو وەڵامەکەوە..))

قوتابیەکان دەتگوت یەک پارچە بیستنی ڕووت و قوت و بێ کون و زنجیری گەرمای نیوەڕۆن..

نیوەڕۆی چی..؟

گەرمای چی..؟

ئەمان هەمیشە دەڵێی شەماڵن و کەیوانیش دارستان.. تاخر شەماڵی سەر لەئێوان و دارستان دوو عاشقی زۆر سەیرن، گەلێک جاران بەبێ دەنگی یەکتری ڕادەوەستێن و ئامێز بۆ یەکتری دەکەنەوە.. ماچ بارانی ڕۆح و عەقڵ و پەرچەمی یەکتری دەکەن.. حاڵەتی غەیبوبە، وەکو کەژاوەیەکی پەمەیی ناسک دایان دەپۆشێت.. ئیدی گریان تێپەڕ دەبێت.. گرێکی سەوزی وەک بەهار.. دەستێن.. سوتانێکی پڕ لەشادی و لەزەت.. کەچی هەر تێر نابن.. کەشتی ڕۆحیان لەبناری خۆری ئارامیدا لەنگەر ناگرێت.. برسێتیەکەیان زیاترو زیاتر دەبێت.. لەسەرەتاوە وەکو منداڵی چکۆلانە دەنوزێنن.. نوزە نوزێکی چروسکەیی.. پاشان نوزەکان دەبن بەدەنگ..

دەنگەکان گەورە دەبن..

دەبن بەشۆڕش..

دەبن بەگرکان..

دەبن بە زریان..

ئیدی بەتوندی باوەش بەیەکتریدا دەکەن.. جارێکی دی یەکتری ڕادەوەشێنن.. بەدەنگی بەرز پێدەکەنن..

هـەر لەسـەدای ئـــەو ڕاموســـاندن و پێکەنینەوەیـــە، جارجارە، هاژەیەکی فێنک، وەک ئاوازی موسـیقایەکی هێور، لەنێوان دارستان و شەمالەکەیدا دروست دەبێت.

قوتابیەکانیش ئاوابوون..

لەگـــەڵ مامۆســـتاکەیاندا، هەمیشـــە دارســـتان و شەمالەکەی خۆشەویستی بوون..

کەیوان دریژەی بە قسەکانی داو گوتی:

ـ((کاتێک ئیسلام و ڕێبازی خوا و قورئـانی پیرۆز، لەلایەنی خـوای پـەروەردگارەوە و بـەڕێگای جوبرائیـل دا گەیشتە دەستی پێغەمبەری ئازیزمـان.. ئینتر تێگەیشـت کەبووە بەخاوەنی بانگـەوازێک و دەبێت خـەڵکی بانگ بکات بۆلای و لەو خەڵکە ئومەتێک دروست بکات..

خوای گەورە لە قورئانەکەیدا پێی فەرموو:

((یاایها الرسول بلغ ما أنزل الیك من ربك، وان لم تفعل فما بلغت رسالته))

((فلذلك فادع واستقم كما أمـرت، ولا تتبـع أهواءهم))

((ومن أحسن قولا ممن دعا الى الله وعمل صالحا، وقال انني من المسلمين..))

کەئیم ئایەتانە و ئایەتەکانی تریش، گەیشتنە پێغەمبەری ئیسلام (صلى الله عليه وسلم)، ئیتر بە خەدیجەی خێزانی گوت.. ((مضى وقت النوم يا خديجه..))

کەیوان وردە وردە بەقرلای باسەکەیا شۆڕ دەبووەوە..

بەوردی باسی سەردەمی مەککەو بانگەوازی ئیسلامو مالی ئەرقەمی کوڕی ئەرقەمی مەخزومی کرد..

مالی ئەرقەم..

گەورەترین بنکەی بلاویوونەوەی بانگەوازی ئیسلام لەمەککەدا..

مالی ئەرقەم..

جێگای لەدایک بوونی سەدان نێرگز و گولالە و دۆندو ڕەوەزی ئەم ئیسلامە..

مالی ئەرقەم..

گەورەترین زانکۆی پەروەردەو، ڕۆشنبیری پێگەیاندنی پیاوانی دوا ڕۆژ..

مالی ئەرقەم..

ئاسۆی پێڵو ترازاندنی دەیان خۆرو پرشگدانەوەی دەیان ئەستێرەو خەندەلێ بارینی دەیان تریفەی مانگی ئەم بانگەرازە..

لەوێوە.. باسەکەی ڕاگوێزا بۆ شاری مەدینە.. سەردەمی خولەفاکانی ڕاشیدین.. ئەمەویەکان.. عەباسیەکان.. عوسمانیەکان.. دواتر گەیشتە سەدەی بیستەم..

ئاااایی سەدەی بیستەم..!!
ئاااایی نومەتی ئیسلامی..!!
جەخار.. جەخار..
لەم سەدەی بیستەمەدا..
خۆڵ لەجێی باران باری..!!
پۆشاکی گوڵاڵەکان، ڕەنگی ڕەسەنی خۆیان دۆڕاند..!
تەمەنی خودی خۆیان لێ ونبوو..
جەستەی خۆیان لێ بوو بەتەرمێکی قورس و لەهیچ جێگایەک بۆیان هەڵنەدەگیرا..

دەشت و
کەنار و
لێرەوار و
چیاکان،

خۆڵ دای پۆشین..

لەم سەدەیەدا.. خۆشەویستی، هەژارێکی بێ نان بوو، لەژێر دەواری خۆڵاویدا، دوا هەناسەی داو مااڵ ئاوای یەکجارەکی کرد.

زەمەن..

بووبە مشتێک قوڕی سوری لیقاوی قێزەوەن لەنێوانی پەنجە سیس هەڵگەڕاوەکانەوە، فیچقەی کردو ڕژا..

چاوەڕوانی گەلخۆکانیش..

چاوەڕوانی حەپۆڵەکانیش..

بووبە ئەسپێکی بێ هەوساری یاخی و هەناسە بڕکێی پێکەوتووە، و لەمان و نەماندایە..!!

گەلخۆکان.. حەپۆڵەکان..

نەیانزانی لەم سەدەیەدا، چاوەڕوانی دەربەندێکەو پەپوڵەی گیان لەجەستەی خۆڵەمێش دەترازێنێت و پاشان زیواڵی دەکات..!!

کەیوان هاتە سەر باسی مرۆڤانی سەدەی بیستەم.. سەدەی تۆپاندنی ویژدان خەساندنی غیرەت و پیاوەتی..

لەبارەی مرۆڤەوە دەدوا..

مرۆڤ لەم سەدەیەدا، خۆی لەچ تەوەرەیەکدا دەبینێتەوە..؟

نااایی لەڕوو زەردی ئەم سەدەیە..!!

هەتاو.. شەپۆلە تیشکی پێکەنینی درۆزنانەی، لەسەر جەستەی تاتە بەردە داخ کراوەکان، سەرچۆپی دەگرن..!!

نااایی لەڕوو زەردی ئەم سەدەیە..!!

نەورەسەکانی ئەم دونیایە، وەکو تەنیایی کاکە مەمی بۆتانی وان و ڕەشەبایەکی غەوارە، بەرشەقی پۆستاڵە ڕەشەکانیان دەدات..!!

بەرماڵەکان.. ڕازی نابن نوێژی درۆیان لەسەر بکرێ، بۆیە بەڕووی نوێژکەراندا هەڵدەشاخێت..!!

سەدەی بیستەم..

سەدەی کەلاوەی وردو خاش و وێرانە..

گۆڕستانی حەسرەت و،

ئیشتمانی کابوس،

پێشێل کردنی پەلکە گیاکانە..

حەقیقەت لەم سەدەیەدا..

ئاسەواری ماچی عاشقێک و لەسەر تەوێڵی دار ئەرخەوانێک، وەکو کراسی دایکی کوڕ مردوو، ڕەش کراوە..

کەیوان.. سەدەی بیستەمی کرد بەپەڕۆی بێنوێژ..

نا.. نا.. سەدەی بیستەمی وەکو خۆی چۆنە، ئاوا باسی کرد و خستیەڕوو..

کاک عەلی گوتی:

ـ((ئەی چارەسەر..؟ ئێمە دەبێت چی بکەین..؟))

کەیوان خەم و سوتانی ناخ و هەڵمی برینەکانی ڕۆحی کۆکردەوەو بە هەناسەیەکی قوڵ، فڕێی دانەکۆشی وجودەوە و گوتی:

ـ((پێغەمبەرەکەمان (صلی الله علیه وسلم) چی کرد.. دەبێ ئێمەیش ئەوە بکەین.. ئەو چۆن هەنگاوی نا، دەبێ ئێمەیش وەکو ئەو هەنگاو بنێین.. دەبێ شێوازەکەی ئەو بگرینە بەر.. ئێمە دەمانەوێ چی بکەین..؟

دەمانەوێت.. لەسەر خاکی کوردستانماندا دەوڵەتێکی ئیسلامی دروست بکەین.. لەو دەوڵەتەدا، بەتەنها شەرعی خوا حاکم بێت..

ئەمە ناواتمانە..
بۆ ئەم ناواتە دەبێت بژین..
لەپێناوی ئەم ناواتەیشدا دەبێت بمرین..
ئێستا دەبێت چی بکەین..؟
سەرەتا ناتوانین هیچ بکەین، تا وەکو خۆمان نەناسین.. تاوەکو خۆمان ڕێک نەخەین..
ئێوە تەماشاکەن..
مارکسیەکان لەپێناوی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی، یان عێراقی دا چەند بزووتنەوەو ڕێکخراویان دروست کردووە.. بۆ ئەوەی بیروباوەڕەکەیان لەو دەوڵەتەدا بلاوبکەنەوە..

بەکورتی.. خۆیشمان دەبێت، بزووتنەوەیەکمان هەبێت.. یان ڕێکخراوێک مان هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانین کارەکانمان بەڕێک و پێکی ئەنجام بدەین..))

عەلی گوتی:

-((زۆر ڕاستە.. ئێمە تا ئەو کارە نەکەین، هیچمان بۆ ناکرێت.. دروست بوونی جەماعەیەک، زۆر پێویستە.. ئەم ساحەیە دارای کۆمەڵێکی ئیسلامی، چاونەترس دەکات.. دەبا ئێمە ئەو کۆمەڵە بین..)).

قوتابیـــەکان ســـەرجەمی قســـەکانی کـــەیوانی مامۆستایان بەدڵ بوو.. لای ئەوان کـاک کـەیوان هـەرچی بڵێت هەر خەیری تیدایە..

بەتایبەتی چەم پێشـنیارەیان زۆر بـەلاوە جـوان بـوو.. چونکە وەڵامی برسیەتییەکی رۆحیانی دەدایەوە..

هەوارمان گوتی:

- (بزوتنەوەکەمان ناو دەنێین چی.؟).

کەیوان کەمێک لێوی خـۆی کرۆشـت، وەکـو بـیر لـە شتێکی کوتوپڕی بکاتەوە.. پاشان گوتی:

- ((مـن وام پـێ باشـە نـاوی بنێـین: بزوتنـەوەی ئەرقەمی کوڕی ئەرقەمی مەخزومی..)).

سۆران:

- ((زۆر جێگـای خۆیـەتی.. بانگـەواز هـەمان بانگەوازە.. بـەڵکو ئێمـەش بەپشـتیوانی خـوای گـەورە.. بتوانین ببینەوە بەهەمان هەڵگری...)).

پاشان داراو ئەکرەم و یاسین و ذکتۆر لوقمان و ئەحمەدو موسایش رەزامەندی خۆیان دەربڕی و بزوتنەوەکەیان ناو نرا..

بزوتنەوەی ئەرقەمی کوڕی ئەرقەمی مەخزومی

دواتریش کاک کەیوان هەڵبژێردرا بەسەرۆکی بزووتنەوەکەو کاک عەلی بە جێگری و ئەوانی دیکەیش بوون بە ئەندامی کۆڕی ڕاوێژی بزووتنەوەکە..

دوای گفتوگۆیەکی دیکەیش، هەر لەخۆیان دەستەی شۆڕشگێڕانیان دروست کرد..

ئەم دەستەیە.. دەبوو لەکاتی پێویستدا.. کاری جیهادی ئەنجام بدەن..

کەیوان گوتی:

ـ((انشاء اللە، دواتر.. چاوەخشێنین بە قوتابیەکانی تردا و کەسانی شیاویان لێ هەڵدەبژێرین و دەیان خەینە نێو ئەم دەستەیەوە..))

هەورامان گوتی:

ـ((ئەی کاک ڕێبوار؟))

کەیوان:

ـ((کاک ڕێبوار لەمەرکەزی تایبەتی خۆیدایە، ئەو دەبێت، کارەکانی نادیار بێت.. نابێ بەدەرەوە بێت)

کەبانگی عەسری دا، کۆبوونەوەکەیان دوایی هات..

ئیدی قوتابیەکان دوو دوو مالەوەیان بەجێهێشت و بەنەسپایی خۆیان لە کۆڵانە تەسکەکاندا ون دەکرد..

سۆران و هەورامان کەوتنە دوای هەموویان، کەیوان لە سۆرانی پرسی:

ـ((مەسەلەکەی تۆ گەیشتەکوێ..؟))

سۆران پێکەنی.. هەورامانیش پێکەنی:

ـ((سوپاس بۆ خوا.. مالەوەیان ڕازی بوون.. ئێستا چاوەڕوانی ئەوەن، مارەی ببڕێت..))

ـ((یاخوا پیرۆزت بێت..))

هەورامان:

ـ((یاخوا پیرۆزت بێت..))

سۆران:

ـ((خوا پاداشتان بداتەوە..))

کەیوان:

ـ((بزانین لەمەو دوا ڕۆژگار چیمان بۆ دەکات.. بەشی ئافرەتانی بزووتنەوەکەمان بەو دەسپێرین ان شاء الله..))

ـ((ان شاء الله..))
دواتر.. هەورەو سۆرانیش مالئاواییان کرد..

*** *** ***

ئەمیش دەست نوێژەکەی نیوەڕۆی نوێ کردەوە..
دەیویست خۆی بەتەنیا نوێژی عەسر بکات..
بەتەنیا لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا بدوێ.. تاکەس پەلەی پێ نەکات.. تاکەس لەم ژوانەدا دڵەی تارمایەک ئەدات بۆ لێڵ کردنی..

ماوەیەکی زۆرە بەدوای خودێکدا دەگەڕێت کەلەئەشکەوتەکانی ڕۆحیدا ونبووە.. بۆ ئەم کارە چەندین هەورازی سەختی بڕی.. دەیزانی.. نرخی ڕاستەقینەی ژیان لەدۆزینەوەی ئەو خودەدایە..

بەبیابانێکی درێژی پڕلەگومان و دوو دڵی و ڕاڕایدا تێپەڕی، تا لەڕۆحی ئۆقیانوسی خۆردا ئۆخزنی گرت..

تا گەیشتە ئەو هێوریەی کڵپەی ناخی دامرکاندەوە.. گەیشتە ئەو دەڤەرەی دڵنیاییەی کە چەقۆی تیژی خستە سەر گەردنی ئەو شێتیەتەی کەجارجارەلەبوونیدا بیەر هەڵدەداو دەکوژێتەوە..

هەنووکە عەقڵ مەملەکەتی بوونی ڕوونـاک کردەوە.. عەقڵ گەیاندیە کیشوەری کارکردنی پێغەمبەرەکەی..

لەبەردەمی بەلۆعەکەداو لەسەر پارچە تەختەکەدانیشت ئەم تەختە دایکی لەوێدا دای ناوە، بۆ ئەوەی دەست نوێژ گرتن ئاسایی بێت..

((ئای دایە گیان..
تۆ چەند خەمی ئەم مااڵەتە..!!
دەتەوێت هەموو گیروگرفتێکی مااڵەکە ئاسان بکەیت..
دایە گیان..
هەر لەو ساتەوەی باوکم مرد.. چی.. نا.. هەر لەو ساتەوەی کە باوکم بوو بەسەرباز.. تۆ مەردانە جڵەوی مااڵەکەت گرتە دەست..

نەتهێشت یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتە بچکۆلەکەمان وردو خاش ببێت..

بەڕاستی دایکێ هەر وەکو تۆ دەبێت دایە گیان.. بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵ، هەروەکو ئەم بەڕێوەبردنەی تۆ دەبێت دایە گیان.. خۆزگە دەمتوانی پاداشتت بدەمەوە دایە گیان.. خۆزگە..

مافی خۆتە گلەیم لێ بکەیت.. مافی خۆتە وەکو جارانی منداڵیم لێم بدەیت.. چونکە منی کورت کارت بۆ ناکەم.. کار بۆ تۆ ناکەم..

چیبکەم دایەگیان چی بکەم.. ها.. چی بکەم دایەگیان چی بکەم..

ناتوانم واز لە بانگەوازەکەم بێنم..

ناتوانم ئومەتەکەم ئاوا بەسەر شۆڕی ببینم و نەجوڵێم..

چی بکەم دایە گیان چی بکەم..

من ناتوانم لە پەنای تۆدا بۆ خۆم دانیشم..

موسڵمانانی نیشتیمانەکەیشم ببینم، سەر ببڕێن..

دەبێت کار بکەم.. ببمە شۆڕش.. ببمە ئاگر.. زۆردارانی بسوتێنم..))

ـ((کەیوان..)) ،

کەیوان ڕاچەنی.. هاتەوە سەر خۆی.. ئاورێ دایەوە بۆ دراوە.. دایکسی بینسی.. وەکسو درەختێکسی سسەوز بەلاسەریەوە وەستاوە..

ـ((ڕۆڵە ئەوە چی دەکەیت لێرەدا.؟))
ـ((دایەگیان دەست نوێژ دەگرم..))
ـ((کوا.. لەکەیەوە دانیشتوی لەوێدا.؟))
ـ((ئەها.. هەر ئێستا دەست پێ دەکەم..))
ـ((دەی کوڕەکسەم.. بسا ئێمسەیش دەسست نوێسژ بگرین..))
ـ((بەسەر چاو هەر ئێستا..))

سسەری بەلۆعەکسەی جولانسد.. ئاوهساژەی کسرد.. هاتەخوارەوە.. دەستەکانی شت.. ئاوێخوای هێنا..

لەکاتی دەست نوێژ گرتنەکەیدا، بەخۆی گوت:

((خوایسە گیسان.. خوایسە گیسان.. خۆشەویستەکەم.. ئێستا دێمە خزمەتت.. دێمە خوزوورت.. بەتەنیا لەگسەڵتا دەدوێم.. خوایە گیان.. خوایە گیان..))

لەشۆردنی قاچەکانی بوویەوە.. دایکی هەر ڕاوەستا بوو..

ـ((فەرموو دایە گیان.. گەردنم نازاد بکە عەزیەتیشم دای..))

ـ((نا.. عەزیەتی چی..!))

ـ((دایەگیان..))

ـ((گیانی دایە..))

ـ((دوعای خەیرم بۆ بکە.. باشە..))

ـ((ڕۆڵە تۆ دەبێت دوعای لەیر بۆ ئێمە بکەیت.. دوعای تۆ گیرایە..))

ـ((وانیە دایەگیان.. تۆ زۆر لەمن پاکتری.. تۆ خۆشەویستی خوای.تۆ دایکی..))

ـ((خوا یارمەتیت بدات کوڕەکەم.. خوا بت پارێزێت لە درندەکانی بەعس..))

وادایەدەستی کرد بەدەست نوێژ گرتن و نەمیش لەژوورەکەی خۆیدا بەرمالەسپیەکەی ڕاخست.. ڕوو بە قیبلە لەسەری ڕاوەستا دەیویست گۆڕستانی جەستەی تەی بکات.. دەیویست کەلاوەی ماددە وردو خاش بکات..

جەستە زیندانە..
جەستە قالبە..
دەبێت نازایانە بەجێی بهێڵیت.. گەروانەکەن نەوە ناتوانێت وەکو زاتێکی ڕۆحانی بڵند بێتەوە بۆ نەو جێگایەی کەخۆی دەیەوێت..

هەنووکە حاڵەتێکی عەجیب دادەباریت بەسەریدا..

واهەست دەکات ئەو ڕۆحانیەتە کەخەونی پێوەدەبینێت.. بۆیە نوێژی دابەست..

هەردوو دەستی بەرزکردەوە.. دەبێ بەرزکردنەوەی ئەم دوو دەستە و لەم یەکەم هەنگاوەدا چی مانایەکی تێدا بێت.. لەوانەیەسەلام کردن بێت بۆ خوای گەورە.. لەوانەیشە مانای تەسلیم بوون بگەیەنێت.. لەوانەیشە مانایەکی دیکەی ببێت.. مانایەک کەتا ئێستا نێمە هەستمان پێی نەکردبێت..

کەیوانیش هەر ئاوا بیری دەکردەوە.. چەندین مانای بۆ ئەم بەرزکردنەوەیە لەخەیاڵی خۆیدا دروست دەکرد.. لەکۆتایشدا دەیگوت.. خوا بۆ خۆی چاکتر دەزانێت..

لەگەڵ بەرزکردنەوەکەدا گوتی:

(الله اكبر)

ئەم (الله اكبر) ە كليلە.. قوفڵـی داخـراوی گـەردنی ئوێژەكەی پێ كردەوە..

پاشان چاوەكانی داخست.. دەیزانی كەراهەتی هەیـە.. بەڵام وای پێخۆش بـوو.. ئـاخر دەیویست هیـچ نـەبینێت ئـەوە نـەبێت كـەخۆی دەیـەوێت.. ئالـەم ساتەدا شـعوری ئامادەیە..

عاتیفـەی، عـەقڵی، خـەیاڵی، وەهمـی، هـێزی تەركیب كردنی ئامادەیە.. گوتی:

((وجهت وجهی للذی فطر السماوات والأرض حنیفا ومانا من المشركین.. ان صلاتی ونسكی ومحیاتی، ومماتی لله رب العالمین.. لاشریك له وبذلك امرت، وانا من المسلمین..))

وشەكانی ئەم دوعایە، فرۆكەیەكیان بۆ دروست كـرد، یـاخود بـاڵدارێكی گـەورەیان بـۆ دروسـت كـرد، ئـەم لەسەرپشتی دانیشت.. باڵدارەكە بڵند بۆوە..

لەگەڵ خوێندنی هەر بڕگەیەکیدا دیکەی نوێژەکەدا و، لەگەڵ هەموو جوڵەیەکدا، باڵداڕەسپیەکە بەرزتر دەبوویەوە..

کەیوان وای هەست دەکرد لەنێوانی هەردوو باڵەکەیدایە..

ئەوە گەیشتە ئاسمانی یەکەم، دەرگایانێ بۆ کرایەوە، فریشتەکان هاتن بەپیریەوە، باڵداڕەکە لەویدا ڕاوەستا.

فریشتەکان ئەمیان بردە.. گەیشتنە ئاسمانی دووەم، کۆمەڵێکی دی هاتن بەپیریەوە..

ئاسمانەکانیان هەمووی بڕی.. فریشتەکان لەئاسمانی حەوتەمدا وەستان.. وای هەست دەکرد هەنووکە لەبەزدەمێ خوای گەورەدایە.. لەسەر چۆک دانیشتووە.. بەئازادی، بەبێ کۆت و زنجیر، قسەی لەگەڵدا دەکات، باسی بزووتنەوەکەی بۆ دەکات..

وای هەست دەکرد، خوای گەورەیش پیرۆز بایی بزووتنەوەکەی لێدەکات و هانی دەدات بۆ خەبات کردن..

ئەم ساتانە چەند خۆشن..
لەزەتیان لێ دەبارێ..

چەند خۆشە، مرۆڤ بەزاتێکی ڕۆحانی و هەر کوێیەک بیەوێت پەرش لێ بدات..

کەیوان لەو دەڤەرە مایەوە.. تا ئەو ساتەی دوا تەحیاتی تەواوکردو بەڕاست وچەپ دا، سەلامی دایەوە..

کەلێ بوویەوە.. دیتی، وەکو کارێزێکی پڕبوو، ناوی شادی لێ دەرژێت.. خەندەی لێ دەبارێت، پشودانی لێ دەڕژێت..

لەم ساتەدا، واهەست دەکات پاکترین زاتی ئەم سروشتەیە.. بۆیەجارێکی دی سەری خستەوە سەر بەرمالەکەو سوجدەیەکی درێژی دیکەی بردەوە..

*** *** ***

شەوێ پێش خەوتن.. دایە خۆشەویستەکەی، لەکاتی گفتو گۆیاندا، داوای لێ کرد، کەناگای لەخۆی بێت و زۆر ئەمسەرەو سەر نەکات!! چونکە بەعسیەکان ڕەحم بەدڵی هیچ دایکێک ناکەن و بەبەرچاویەوە، کوڕەکەی ڕەمی دەکەن..

نەمیش دەستی دایکی مژاچ کردو، بە لێوی پرلەخەندەوە، پێی گوت:

-((دایەگیان، مژدەیەکی زۆر خۆشت بدەمێ..))

-((بەڵێ..))

بوخاری گوتی:

-((بۆ نێمەش..؟))

-((بەڵێ..))

موسلیم گوتی:

-((منیشی تێدایە..))

-((بەڵێ..))

دایە:

-((دەنێوە جارێ بێدەنگبن.. باکورەکە قسەکەی بکات، بزانین مژدەخۆشەکەی چیە..))

-((دایە گیان..))

-((بەڵێ..))

-((پێغەمبەرەکەمان(صلی الله علیه وسلم) لەحەدیسێکی سەحیح دا، کە حافظ ی عراقی لەڕێگای ئەحمەدەوە ڕیوایەتی کردووە، فەرموویەتی:

تکون النبوة فیکم، ماشاءا لله أن تکون،

ثم يرفعها، اذا شاء ا لله أن يرفعها..
ثم تكون خلافة على منهاج النبوة، فتكون ماشاء ا لله أن تكون،
ثم يرفعها اذا شاء ا لله أن يرفعها..
ثم تكون ملكا عاصا، فتكون ماشاء ا لله أن تكون،
ثم يرفعها اذا شاء ا لله أن يرفعها..
ثم تكون ملكا جبريا، فتكون ماشاء ا لله أن تكون،
ثم يرفعها اذا شاء أن يرفعها..
ثم تكون خلافة على منهاج النبوة..
ثم سكت..
گوێت لێ بوو دایەگیان..!!
ـ((جامن چوزانم ئەمە چی بوو..؟))
ـ((بۆت بکەم بەکوردی..؟))
ـ((بەڵێ))
ـ((دایە گیان.. پێغەمبەر (صلى ا لله عليه وسلم) دەفەرموێت..
پێغەمبەرایەتی لەناوتاندا دەمێنێتەوە، بەوەندەی کەخوا بیەوێت، کاتێکیش ویستی لای بات لای ئەبات..

پاشان خیلافەت لەسەر بەرنامەی پێغەمبەرایەتیەکەی من دەست پێ دەکات.. تا ئەو ساتەی خوای گەورە خۆی دەیەوێت و لای دەبات..

پاشان خیلافەتەکە دەبێت بەپاشایەتیەکی ویراسی، تا ئەوساتەی خوای گەورە دەیەوێت.. پاشان ئەویش لادەبات،

دوای ئەمانە خیلافەت لەسەر بەرنامەی پێغەمبەرایەتی دادەمەزرێتەوە.. پاشان بێ دەنگ بوو..

دایە گیان..

خۆت دەزانی قۆناغی پێغەمبەرایەتی دوایی هاتووە.. خیلافەتەکەیش دوایی هاتووە.. مولکە ویراسیەکەی ئەمەویەکان عەباسیەکان عوسمانیەکانیش تەواو بووە..

ئێستا لەقۆناغی کۆتایداین.. واتە سەردەمی حوکمە زۆرداری و تاغوتی و لەخوا یاخی بوونەکەیە..

دایەگیان..بڕوام پێبکە.. ئەمڕۆ وسبەی ئەم قۆناغەیش کۆتایی پێ دێت..

ئینشاء اللە خیلافەتی ئیسلامی دادەمەزرێت.. ئەوەنیە پێغەمبەری خوا خۆی پەیمانی داوە..

ئیتر تۆیش خەمی منت نەبێت.. من خۆم داناوە سەربازی نەو خەولیفەیەبم.. خۆ ئەگەر شەهیدیش بووم، پێش خیلافەت، ئەوە فەزڵی خوایە..

دایەگیان خوا فەزڵی خۆی بەهەموو کەسێک نادات..

شەهید لەڕۆژی قیامەتدا شەفاعەت بۆ حەفتاو دور کەس لە کەس و کاری خۆی دەکات.. چەند خۆشە من لەوێ شەفاعەت بۆ تۆ و باوکم بکەم و هەموومان بەیەکەوە بڕۆین بۆ بەهەشت.. دایەگیان.. خەڵکی ئەم ڕاستیانەیان لێ وونبووە.. بۆیە نازانن بۆ چی دەژین..

نازانن بۆ چی دەمرن.. بۆچی دەخەون.. بۆچی دەخۆن..

دایەگیان.. ئێمە دەبێت خێراو بەپەلە هەوڵ بدەین، بۆ ئەوەی بەهەشتمان لەدەست دەنەچێت.. کێ دەڵێ ئەم شەو نامرین.. ها.. کێ دەڵێ دایەگیان.. بابەهەشتمان لەدەست دەرنەچێت.. ئەوێ مانی خۆمانە.. لەوێ بۆ هەتا هەتایە دەژین.. هەرگیز نامرین.. نازار ناچەژین.. ئەوێ خۆشە دایەگیان.. ئەوێ..))

دایه قەناعەتی تەواوی بەقسەکانی کردبوو.. دەیزانی ئەمانە هەموویان حەقیقەتن.. هەموویان وەکوئاوەکان ڕوونن.. بۆیە گوتی:

ـ((خوا بەدڵی خۆتت لەگەڵدا بکات کوڕم.. خوا ئاگاداریت بکات..))

پاشان دەستی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و گوتی:

ـ((نۆرەی خوایە.. ئەم حیزبی بەعسە شار بەدەربکەیت..))

کەیوان پڕ بەدڵ گوتی:

ـ((ئامین..))

*** *** ***

کاتی خەوتن جێگایان لەسەربان ڕاخست..

کەیوان لەلای ڕاستەوە و دایەلەلای چەپەوەو منداڵەکانیش لە ناوەنیاندا ڕاکشان..

لەم ساتەدا.. زۆربەی زۆری مرۆڤەکان لەشوشەیەکی درۆبەندەوە، چلکێ بەندەوە، پیسی بەندەوە، دەڕوانن و لەئاسمان ورد دەبنەوە..

خەوەکانیان وەک گەلای درەختێکی سەرتاپا قوڕاوی، ڕادەوەشێنن و دەی تەکێنن..

لەم ساتانەدا زۆردار ئەرخەوانیش مەلبەندی خۆیان بەجێ دەهێڵن و گەلا پەمەیەکان بەرەو دنیای نادیار گلۆر دەکەنەوە..

زۆر مرۆڤ لەم کاتەدا.. میژووی کێڵگە بەخۆڵەمێش کردن و بڕینی قاچی گوڵە گەنم و گۆمیراکردنی حەقیقەت و لەخاچ دانی شەونمن..!!

لای ئەم جۆرە مرۆڤانە.. حەقیقەت لورەی گورگە، وەڕینی سەگە، نەڕەی هەورە گرمەیە و، خەڵکی بەرەو کیشوەری تەمومژ ڕاودەنێت..!!

کەیوان بەپشتا ڕاکشابوو، چاوەکانی کردبسۆوە.. هەردوو دەستی لەژێر سەریدا بوو.. لەم جۆرە مرۆڤانە بیری دەکردەوە..

بیری لەو گۆرانیە سۆزاویە دەکردەوە، لەو سرودە کەلەگەتە، لەو بەختیاریەی کەئەم ئیسلامە لەسەر نەرەی گەردەلولە بۆ مرۆڤایەتی هەلدەدا.. ئازادی بۆ کرد بە بووک..

بیری لەو یەکسانی و دادپەروەریە دەکردەوە، کەبەخوێنی لاوان بۆی هێنایە کایەوە..

کەچی مرۆڤەکان.. ئاخ مرۆڤەکان بەفەرمانی چۆلەکەکان، لەسەر مەزرا نەزۆکەکان، نەڤین و سەریەستی و یەکسانیەکەیان ناشت.. نەیان زانی سەوز نابێت.. نەیان زانی مەزراکە نەزۆکە..

کەیوان قولتر بیری لەکۆمەلگەی ئەمرۆی سەدەی بیستەم ورد بوویەوە.. پاشان دەستی کرد بەبەراودکردنی لەگەڵ ئەو کۆمەلگەیەی کەئیسلام دروستی کرد..

ئایی چەند جێگەی پێکەنین و گریانە..!!
چەند جێگەی گالتەکردن و جەخارە..!!
چەند دیمەنێکی کۆمەلگە ئیسلامیەکە بەبەرچاویدا تێپەڕین..
شار، مەدینەیە..
پایتەختی دەولەتی ئیسلامی..

دوو ڕوویەک دزی کردووە.. هەڤاڵەکانی دزیەکەیان بۆ داپۆشیوەو دەیانەوێت بیخەنە ئەستۆی کابرایەکی جولەکەی بێ ئاگا لەدزیەکە..

پێغەمبەریش تەنها دیوی دەرەوە دەبینێت.. غەیب نازانێت.. شایەتەکان هەموو دەڵێن.. کابرای جولەکە دزیویەتی..

شایەتەکان لەدوو ڕووەکانن..

پێغەمبەر دەیەوێت جووە تاوانبار بکات.. بەڵام خوای گەورە ڕازی نابێ.. ڕازی نابێ لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا، لەدەوڵەتی ئیسلامیدا، ستەم لەجولەکەیەکیش بکرێت.. ئاخر چۆن دەبێت مرۆڤ لەسایەی دادپەروەری موتڵەق دا مافی بخورێت..

نابێت.. هەرگیز نابێت..

بۆیەخوای گەورە جوبرائیلی بەم ئایەتانەوە ناردە خوارەوە..

((ومن یعمل سوءا أو یظلم نفسه ثم یستغفر ا لله یجد ا لله غفورا رحیما.. ومن یکسب اثما، فانما یکسبه علی نفسه، وکان ا لله علیما حکیما.. ومن یکسب خطیئه أو اثما ثم یرم به برا فقد احتمل بهتانا واثما مبینا..))

نەخێر.. نابێت جولەکەیەکیش مافی بخورێت.. دەبێت دووڕووەکە حەیای بچێت و پاکیەتی بەرامبەرەکەی دەرکەوێت..

ئەوە لەم لاتڕەوە.. جەنازەیەک تێپەڕی.. پێغەمبەری ئیسلام لەبەری هەستایەوە.. هاوڕێکانی گوتیان:

ـ((ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە تەرمی جولەکە بوو..؟))

ئەوی دڵسۆزی مرۆڤ و مرۆڤایەتیش فەرمووی:

ـ((مەگەر مرۆڤ نیە..؟))

کەیوانۆ لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ((گیانم فیدات بێت ئەی پێغەمبەری خوا.. ئەگەر دەزانیت ئێستا مرۆڤ چی پێ دەکرێت.. نااایی..!!))

دیمەنێکی دی خزانە پێش چاوەکانی کەیوانەوە..

پێغەمبەری ئیسلام قەرزی لەجوولەکەیەک کردووە، لەبەر چەند هۆیەک نەیتوانیەوە بۆی بەرێتەوە.. جوە هاتووە و پۆشاکەکەی لەگەردنی پێغەمبەر توند کردوە،

چاوەکانی زەق بونەتــەوە ، خەریکــە دەی خنکێنێــت و دەڵێت:

-((قەرزەکەم بەرەوە..))

ئیمامی عومەریش دەیەوێت بەشمشــێرەکەی دەستی کابرای جولەکە پارچــە پارچــە بکــات، بــەڵام پێغەمبــەر ڕێگای نادات و پێی دەڵێت:

-((ئەی عومــەر.. تۆ دەبێت کارێکی دیکــە بکــەیت.. دەبێــت ئــەمر بکــەیت بەســەرمانا ، بۆئــــەوەی بــــەجوانی قەرزەکەم بدەمەوە.. ئەمریش بکــەیت بەســەر ئــەودا بــۆ ئەوەی بەجوانی داوای قەرزەکەی بکات..)).

ئەمە چ داد پەروەرییەکە..؟

کەیوان بەخۆی گوت:

- ((خوایە.. هاوکاریمان بکە.. ئێمــەیش دەمانــەوێت ئــەم دادپەروەرییــە بێنینــە کایــە.. بزوتنــەوەی ئەرقــەمی کوڕی ئەرقــەمی مەخزومی ئەمــەی دەوێت..)).

ئەوەیش دیمەنێکی دیکەیە..

کابرایــەکی قیبتــی و کوڕەکــەی لەبــەردەمی عومــەری خەلیفەدا ڕاوەستاون.کابرا شکاتی ئــەوە دەکــات کــە ئــەم

کوڕەی لەگەڵ کوڕی ئەمیری میسردا پێش بڕکێی کردوەو ئەم پێشی ئەو کەوتووە.. کوڕی ئەمیریش پێی دەڵێت چۆن دەبێت تۆ پێشی من بکەویت.. داربک دەکێشێت پیایداو دەڵێت: (*خلهها.. وأنا ابن الأكرمين..*).

کەیوان لەپێش چاوی خەیاڵە رەنگاو رەنگەکەی بینی عومەر سور داگەڕاو ناردی بەدوای ئەمیرو کوڕەکەیدا..

کە گەیشتن، بەکوڕە قیبتیەکەی گوت: کە گاوریش بوو:

- ((ئادەی تۆڵەی خۆتی لێ بکەرەوە..))

کوڕەی داربکی دایەوە لەهەمان جێگای.. عومەر گوتی:

- (*خلهها.. وأنا ابن الأكرمين..*).

پاشان ئاوڕی دایەوە بۆ لای عەمری کوڕی عاسی ئەمیرو پێی گوت:

-((لەکەیەوە خەڵکیتان کردووە بەبەندە.. لەکاتێکدا بەنازادی لەدایک بوون.؟))

کەیوان هەردوو دەستی لەژێر سەریدا دەرهێناو لەسەر دڵی کۆی کردنەوە..

حەزی دەکرد.. پڕبەدڵ.. پڕ بەگیان.. لەو سەردەمەدا بژیایە.. بەڵام چی بکات.. قەدەری خوایە.. مرۆڤ دەبێت بەقەدەری خوا ڕازی بێت.. دیارە وا خەیری تێدایە..

پاشان دەستی کردە ملی ئەم حەدیسە:

﴿ ئیسلام بەغەریبی هاتووە، بەغەریبیش دێتەوە نێو خەڵکی، کەواتە کامەرانی بۆ غەریبان ﴾

دەستی کردەملی و لەگەڵیا خەوی لێ کەوت..

دەبێت ئێستا ڕۆحی لەکوێ بێت..؟

مرۆڤێک ئابەم شێوەیە بژی..! ئابەم شێوەیە خەوی لێ بکەوێت..! دەبێ چ جۆرە خەونێک ببینێت..؟

کێ دەڵێت هەنووکە، لەئاسمانەکاندا و لەگەڵ فریشتەکانی خوای بەرزو خۆشەویستدا، وەکو چۆلەکەیەکی ناسک، دەنگ خۆش، هەڵنافڕێت و گۆرانی نالێت..؟

بەڕاستی کەیوان و قوتابیەکانی نامۆن..

نامۆن بەم کۆمەڵگەیەی کەلەئەفامیدا نغرۆ بووە..

کێ هەیە تەماشای دەموچاویان بکات و نەڵێت:

((بەهەق نەمانە ئەو غەریبانەن کەپێغەمبەری نیسلام مژدەی هاتنی داون..؟))

تەماشاکە..

ئەم ڕوخسارە پاکە نورانیە..

ئەم جەستەیە..

ئەم ڕۆحە..

چۆن باڵای حەدیسێکی لەنامێز گرتووە و

لەگەڵیدا چۆتە سەفەری سارای لماوی خەونەوە..

تۆ تەماشاکە.. تەماشا..

چۆن نوری ڕوخساری نوری نەستێرەو نوری مانگە زەردەکە، تاریکی ئەم شەوەیان ڕووناک کردۆتەوە..

تەماشاکە.. تەماشا..

١٣

ڕۆژگار بەپەنای سەرینەکەی نەسرینداا دانیشتووە..
نزیکەی هەفتەیەکە نەسرین لەنێو جێگەدا کەوتووە، نەخۆشە، نەخۆشینێکی سەخت، پێستی زەرد بووە، دەموچاوی چەند هێڵێکی غەمگینی ڕەزیوی جار جار تیادا دەبیندرێ، لێوەکانی وشک بوون، نێسکەکانی دەلەرزن.. هەندێک جاریش لەهۆش خۆی دەچێت..

دایک و باوکی هەرچەندیان دەکردو دەکۆشان، تالە هۆی نەخۆشینەکەی بگەن، وەلێ بێ سود بوو.. تەنها هێندەیان دەزانی کچەکەیان نەخۆشەو لەجێگەدا کەوتووەو دەبێت هەموو ڕۆژێک بیبەن بۆ خەستەخانەو بیهێنەوە..

بابه تەمەنی پەنجا سالە.. بالای کورت، دوو چاوی خۆلە میشی، بەلام بەهێز و توانا.. دەڵێی شێرو پلنگە..

وەختی خۆی و سەردەمی لاوێتی، مالیان لەدەوری لادێکانی شاناخسێ بووە.. مالەوەیان هەژار دەبن.. ئەمیش کاتی ژن هێنانی دەبێت.. وەلێ ژن هێنانی ئەم وەکو هەموو کەسانی گوندەکەی ئاسایی نیە.. بۆیە بەباوکی گوت:

-((بابە..))
-((بەلێ..))
-((خۆت دەزانی ئەوە من ئێستا کاتی ژن هێنانم هاتووە.. خەڵکێکی زۆریش هەموو ڕۆژێک پێم دەڵێن، ئەرێ عەلی ژنێکت نەهێنا..؟ ئەو خەڵکە هەر هێندە لەیەک دەدەنەوە.. ئەوان هەر باسی ژن هێنان دەکەن و بەس، ئێتر نالێن ئەم ژن هێنانەیش پارەی دەوێت.. بابە گیان.. من وەکو دەزانم کاتی ژن هێنانم هاتووە، ئەوەیش دەزانم چەند هەژارین.. ئێستا بڕیارێکم داوەو حەز دەکەم تۆیش ڕازی بیت..))

-((ئادەی بزانم چیە..))

ـ((دەمەوێت برۆم بۆ سلێمانی.. لەوێ کارێکی باش بکەم و هەم ژنی پێ بێنم و هەم یارمەتی مالەوەیشی پێ بدەم..))

ـ((ئاخر کوڕم..))

ـ((ئاخری ناوێ بابەگیان.. خۆ لێرە نەزەویمان هەیە تا بیکێڵین و نە هیچ.. ئەوەی هەمان بێت و نەمان بێت ئەو دووکانە شڕەیە.. عوسمانی بچکۆلەی لەسەر دانێ و خۆیشت سەرپەرشتی بکە تا دێمەوە..))

هەرچۆنێک بوو، محمدی باوکی ڕازی بوو، دایکیشی ڕازی کرد.. لەڕۆژی دووەمدا خۆی پێچایەوە و بەرەو سلێمانی هات..

لەسلێمانی دەستی کرد بەکار کردن.. گورجو گۆڵ، چاپوک و ئازا و وریا.. نەی دەزانی ماندو بوون چیە.. لەسەر ئاو ئاگری دەکردەوە..

وەستاکان شەڕیان لەسەر دەکرد.. هەر یەکەو دەیویست لەگەڵ خۆیدا کار بکات.. لەکرێکارەکانی دی پارەیان زۆر تر دەدایە..

نزیکەی پێنج ساڵ لەسلێمانیدا مایەوە.. ئەزموونەکان گەورەیان کرد.. عەلی، عەلیە هەژارەکەی جاران نەما..

بووبه وەستا عەلی.. وەستایەکی بەناوبانگ.. هەموو کەس لەئیشی ڕازی بوو..

وەستا عەلی بوو بەخاوەنی پارەیەکی باش.. لەو پارەیە خانوویەکی کڕی.. خانویەکی ساماناوەندی لەنێو شاری سلێمانیدا.. پاشان بەجوان ترین جلەوە گەڕایەوە بۆ لادێکەی خۆیان.. جلی بۆدایکی، بۆ باوکی، بۆ عوسمانی برای، بۆ خوشکە گەورەکەی وخوشکە بچکۆلەکەی کڕی بوو.. کاتێک گەیشتەوە ماڵەوە، ئیدی بوو بەزەماوەند ماڵی حاجی محمد بۆ یەکەم جار لەتەمەنیاندا کامەرانی دای پۆشین..

باوک جلی لەبەرکرد.. حاجی دەتگوت سەرلە نوێ لەدایک بۆتەوە.. ئەوانی کەیش جلەکانیان لەبەرکرد کەسیان وەکو عوسمان نەبوون.. عوسمان تەمەنی دوانزە ساڵ بوو.. جلەکانی لەبەرکردو یەکسەردەرفرتا بۆ ناو هاوڕێ کانی..

خەڵکی لادێ، بەژن و پیاوەوە هاتن بۆ بەخێرهاتنەوەی عەلی.. یەکەم جارە، ماڵی ماڵی حاجی محمد ئەوەندە خەڵکی تێ بچێت.

شەوێ، کەهەموو خێزانەکە بە یەکەوە کۆبوو نەوە، عەلی پێی گوتن!

ـ((مژدە یەکی زۆر خۆش.. کەتا ئێستا بۆم بڵاس نەکردون..))

باوک!

ـ((یاخوا خێربێ..))

دایک!

ـ((یاخوا خێربێ..))

عوسمان!

ـ((نادەی کاکە گیان..))

فاتمەی خوشکی:

ـ((ژن هێنانە..؟))

عەلی پێکەنی!

ـ((لە شاری سلێمانی بابە گیان.. خانو یەکم بۆکڕیون.. خانویەکی زۆر باش.. دەبێت بڕۆین بۆ ئەوێ..))

باوک!

ـ((لە سلێمانی؟؟))

ـ((بەڵێ..))

دایک!

ـ((لە سلێمانی؟؟!!))

باوکێ!

-((چۆن.. چۆن توانیت بیکرێت..؟))

-((بۆچی بابه تۆ دەزانیت من هەر عەلیە هەژارە کەی جارانم.. نەخێر.. ئێستا بووم به وەستا عەلی.. بڕۆ لەنێو شاری سلێمانیدا بپرسە وەستا عەلی کێ یە.. یەکسەر پێت دەڵێن کێیە.. بابەگیان نەک ئەوەیش.. ئیستا لەوێ باشترین و جوانترین کچی سلێمانیم دیاری کردووە.. بەڕێی ئێوە وەستاوم، بڕۆین بۆ ئەوێ.. هەسوو کەس ئێستا مەمنونە ژنم بداتێ..))

چەژنی مالی حاجی محمد بوو بەدوو چەژن.. بوو بەدوو زەماوەند ، پاش تێپەڕ بوونی دوو هەفتە، مالی حاجی محمد گەیشتنە شاری سلێمانی..

وەستا عەلی ژنی هێنا.. ژنەکەی کچی وەستایەکی هاوڕێی بوو، یەکێک بوو لەکچە ڕێک و پێکێ و جوانەکانی شار.. ناوی شەهلا بوو.. ڕۆژگار تێپەڕی.. حاجی محمدی باوکی مرد.. دایکیشی مرد.. ژنی بۆ عوسمان هێنا.. دوو خوشکەکەیشی دا بە شوو.. ژیانێکی بەختیاری بۆ دابین کردن..

یەکەم منداڵی نێوان خۆی و شەهلایش کوڕێک بوو، پاش تێپەڕ بوونی مانێگ بەسەر لەدایکێ بوونیدا مرد..

دواتر کچێکی بوو.. کچێکی تر بەدوایدا.. کچێکی تر بەدوایدا.. پاشان کوڕێک.. هەردوو کچی یەکەم و دووەم ئێستا ئەمالی خۆیاندا ن و شوویان کردووە.. کوڕەیش ناوی یوسفەو پۆلی سێی ناوەندیە.. کچی سێیەمیش ئەم نەسرینەیە کەئێستا لەناو جێگادا کەوتووە و نەخۆشە و ڕۆژکار لەپەنایدا دانیشتووە..

وەستا عەلی و شەهلای ژنی، وەکو بیل بیلەی چاویان نەسرینیان خۆش دەویست.. هیچ داوایەکیان ڕەت نەدەکردەوە. هەموو شتێکیان بۆ دەکرد.. وەلێ لەناسینی ئەم نەخۆشیە کوتووپڕیدا دەستەو سان وەستان.. هیچیان پێ ناکرێت.. هەر دەڵێن:

((خوایە.. ئەم نەخۆشیە کوتوو پڕیە لەکوێوە هات..؟))

هەر بەڕاستی ئەم نەخۆشیە بروسکەیە لەکوێوە هات..؟ چۆن بوو ناوا بەپێ داد داباری..؟ هۆکەی چی بوو..؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە تەنها لای نەسرین بوون.. ئەم چیرۆکە تەنها لەسنگی نەوداییەو قوفڵی لێ

دراوە.. کێ دەتوانێ لەبەر هێرشە سەختەکانی زەمەندا خۆی بگرێت..؟

ژیان وەکو دەڵێن گەردەلولێکی بەهێزە، هەموو کەس ناتوانێت لەگەروی ئەو گەردەلولەدا بژی..

هەموو کەس ناتوانێت لەسەر کەڵبە ژەهراویەکانی، قۆڵی غیرەتی لێ هەڵماڵێت و کۆشکی گەورە بۆ خۆی دروست بکات..

ئەوانە دەتوانن لەسەر شەپۆلەکانی ئۆقیانوسی ژیان، پشکۆ داگیرسێنن، تەنها ئەو کەسانەن کەدەچن بەگژی شەهوەتی ساتە وەختیاندا و وەکو سەنگەرێکی پۆڵاین لەڕوی ئەو شەپۆلانەدا ڕادەوەستێن و ناپسێن..

ژووڕەکە چۆڵ بوو.. بەتەنها ڕۆژگار و نەسرینی تیایە.. باوک چووە بۆ سەر کار، شەهلا خەریکی پیشەکانی سەر لەبەیانیەتی..

کات هەشتی بەیانیە..

ڕۆژگار بڕیاری دا بیدوێنێت، قسەی لەگەڵدا بکات، بەڵکو ئەو نهێنییەی بۆ بدرکێنێت کەلەچاوەکانیدا شەوق دەداتەوە.. بەدەنگێکی پڕلەسۆزو ئەڤینەوە پێی گوت:

ـ((نەسرین گیان.. نەسرین..))

نەسرین چاوەکانی بەرزکردەوە.. چەند سەرنجێکی کزۆڵی بۆ هاوێشت و هیچی نەگوت!

ـ((نەسرین گیان.. دور هەفتەمان ماوە بۆ تاقیکردنەوەی سەری ساڵ.. تۆ دەبێت چاک ببیتەوە..))

نەسرین بەلاوازیەوە گوتی!

ـ((ڕۆژەخان.. من چاک نابمەوە.. من تەواو..))

ـ((چۆن چاک نابیتەوە.. وامەڵێ.. هەرگیز وانەڵێیت.. پێغەمبەرەکەمان دەفەرموێت.. خوای گەورە هەر نەخۆشیەکی دانابێت، چارەسەرێکیشی بۆ داناوە..))

ـ((ڕۆژەخان.. دەزانم وایە.. بەڵام من لاشەم نەخۆش نیە.. ڕۆحم نەخۆشە.. ڕۆح..))

ـ((دەزانم..))

ـ((چی دەزانی..؟))

ـ((دەزانم ڕۆحت نەخۆشە..))

ـ((چۆن..؟))

ـ((دادەگیان.. ئەوە چۆنی ناوێت.. مەگەر هەردووکمان ئافرەت نین.. ئێستا با درێژەی نەدەینێ..

ئەو نهێنیەی لەدڵتایە بۆم بدرکێنە.. منیش پەیمانت دەدەمێ بەهەموو توانایەکمەوە یارمەتیت بدەم..))

نەسرین زۆر بڕوای بە ڕۆژگار بوو.. تاکە هاوڕێیەتی بتوانێت دەردەکانی خۆی بۆ هەڵڕژێت.. تاکە کەسە لەنازارەکانی بگات و گوێی لەهاواری بێت..

-((ڕۆژەخان..))
-((بەڵێ..))
-((پەیمانم دەدەیتێ کە هاوکاریم بکەیت..))
-((پەیمان بێت هاوکاریت بکەم.. هاوکاریەکی دڵسۆزانە..))

نەسرین کەمێک بێ دەنگ بوو.. وەکو بیر بکاتەوە تاوا.. لێوەکانی دیسان کەوتنەوە لەرزین.. نیگاکانی کزبوونەوە.. بەبێ ئەوەی قسان بکات دوودڵۆپ فرمێسک لەچاوەکانیوە هەڵقوڵان و دواتر بەوپەڕی لاوازیەوە گوتی:

-((ڕۆژەخان.. ئەو خیانەتی لێ کردم.. من پاک بووم.. ئەو خیانەتی کرد.. خیانەت..))

ڕۆژگار تێگەیشت.. قوفڵەکەی کردەوە.. یەڵێ کردیەوە.. خۆیەتی نەخۆشینەکەیە.. ترائیدیای

ئەڤینەکەیە.. بۆیە شعوری دەگری ئەو ڕۆندکانە، ڕۆندکی شعورن، لەوێوە هەڵدەقوڵێن..

دیارە مەسەلەکەی نەسرین گەورەیە.. بۆیە دڵی بووە بە گەڵایەکی وەریوی پایزی ڕەشەبای شوم سەمای پێ دەکات و لەتاریکایی شەودا بۆ گۆڕستانەکانی فڕێ دەدات..

نەسرین چیتر خۆی پێڕانەگیرا.. بەربەستی زمانی شکانێدوو دەرگای لەنهێنیەکەی کردەوە.. نهێنی وەکو دیلێکی زیندانی کراو غاری دا.. وشەکان بۆ دەربڕین قەتارەیان بەست.. نەسرین لەنوکەوە دەستی پێکرد..

ـ((ڕۆژگار..))
ـ((بەڵێ..))
ـ((نەوزادی دراوسێمان دەناسیت..؟))
ـ((منالەکەی بەرامبەرمان کوڕە گەنجەکە.؟))
ـ((بەڵێ...))
ـ((نا دەی ناسم..))
ـ((ئەوە خیانەتی لێ کردم..))
ـ((نەوزاد..؟))
ـ((بەڵێ..))
ـ((نەوزاد..!!))

ـ((بەڵێ..))
ـ((چۆن..؟))
ـ((چیرۆکەکە درێژە..))
ـ((هەموویم بۆ بگێڕەوە.. هەمووی.. هەمووی.. هیچی مەپەڕێنە..))

دیسان فرمێسکەکان ڕێژنەیان کردەوە.. دیارە ئەم هەستە ناسکە زۆر سوتاوە.. بۆیە ژیانی لاّ بۆتە دارە مەیتێک و، بۆنی خامۆشی لێ دێت و ڕەنگی تینوێتی گرتووە..

وادەزانێ ئەم دنیا گەورەیە لاشەیەکە، نەخێر.. ئەم دنیا گەورەیە دڵی خۆیەتی و نوکی شمشێری خیانەتی تێچەقیوە..

هەژارە.. وەک دەوالێکی سەرما بردوو، چاوی بڕیوەتە سەقفەکە و، تەماشایی‌ئەو خۆشەویستیە پاک و بێ گەردیەی دەکات کەلەسەر چەقی چادە خۆلاویەکان، وەک دڕەختێکی کلۆڵ خنکاندیان..

وای هەست دەکرد.. یادگاریەکانی لەنێو دڵی جەنگەڵداو لە ئامێزی زەمەندار لەخودی زۆنگاوەکاندا، قوڵو قوڵتر دەبێت..؟

ئێستا هەموو شتێک لەبەر چاوی تۆزی گرتووە، تۆز هەموو شتێکی داپۆشیوە..

ـ((ڕۆژەخان.. نازانم لەکوێوە بۆت بگێڕمەوە.. کاتێک مالی نەوزاد هاتە ئەم گەڕەکە.. ئیتر وردە وردە بووین بەناشنای یەکتر.. ئەمەیش لەهاتوچۆی هەر دوو خێزانەکەمانەوە..

ڕۆژێکیان نەوزاد پێی گوتم!
ـ((جەز لەخوێندنەوە دەکەیت؟))
گوتم:
ـ((بەڵێ))

ئەو کاتە ئەو پۆلی شەشی عیلمی بوو.. منیش پۆلی سێی ناوەندی بووم.. کتێبێکی بۆ هێنام.. ئەو کتێبە بۆو بەسەرەتای لەیەک نزیک بونەوەمان..!!

ـ((چۆن؟))

ـ((کتێبەکە چیرۆکێکی درێژ بوو.. باسی عەشقی کوڕو کچێکی دەکرد.. عەشقێکی پاک.. بێگەرد.. تا لەکۆتایدا کوڕەکە کچەکەی خواست و تا ئەو دەمەی

مردن، ژیانێکی بەختیارو کامەرانیان بردە سەر و خەڵکی زەمانەکەی خۆیان ئاواتیان پێ دەخواستن..))

-((بەڵێ..))

-((وردە وردە من و ئەویش لەیەک نزیک بوینەوە.. پاش ماوەیک ئەو بڕیاری دا لەگەڵ منداوەکو کوڕی نێو چیرۆکەکە وابێت.. منیش بڕیارم دا وەکو کچەکە وابم.. ئالەوێوە خۆشەویستیەکەیشمان دەستی پێکرد..

ڕۆژەخان.. تۆ نازانی من لەچی بەختیاریەکدا بووم، ئەم سالانەی کە تێپەڕین، هەمیشە خەونم بەو ساتەوە دەدی کەلەگەڵ نەوزاددا ببینە خێزانێک و مالێک بۆخۆمان دروست بکەین و ژیانێکی بەختیار دروست بکەین..!!

-((بەڵێ..))

-((نەوزاد شەشی تەواو کرد.. لەپەیمانگای پزیشکی وەرگیرا.. تا مانگێکیش لەمەو پێش ئێمە هەر بەیەکەوە بووین..

هەموو شتێکمان لەگەڵ یەکتریدا کۆتایی پێ هێنابوو.. ئەو خۆی بەمێردی من دەزانی، منیش خۆم

بەخێزانی تەو دەزانی.. چەندین ئاواتی گەورەگەورەی دەخستە پێش چاوم و بۆی باس دەکردم..

کەچی بەبێ هیچ کێشەیەک، بەبێ ئەوەی ڕۆژێ لەڕۆژان دڵیم ئازار دابێت.. وازی لێهێنام و ئێستا ژنی مارە بڕیوە و ئەم پێنج شەممەیە دەیگوێزێتەوە..

ئەمە چیرۆکەکەی منە ڕۆژەخان.. ئێستا دەزانی چەند مافم خوراوە.. چەند ستەمم لێکراوە.. ئاخر بۆ دەبێت مرۆڤ ئاوا خیانەت لەمرۆڤ بکات..؟ ها..؟ بۆ..؟

نەسرین لەنێو جێگەکەیدا دانیشت بوو.. کەگەیشتە ئەم قۆناغە.. ئیدی قسەی بۆ نەکرا، گەروی بڕژایەوە و دڵی پڕبوو.. هەردوو چرای چاوەکانی، لەودیوی پێڵوەکانیەوە بەتەواوی کوژانەوە.. سەریشی فڕێ دا بەسەر چاڵای هەر دوو لەپی دەستی، وەکو گەردنی توانای هەڵگرتنی نەمابێ ئاوا..!!

ڕۆژگار بوو بە پارچەیەک گڕ.. دەیویست بەسوتاندنی تۆڵەی نەسرین بکاتەوە، دەیویست ڕێگا بۆ عاتیفەی چۆڵ بکات و ئەوی پێی خۆشە بیلێێت..

بەڵام نەخێر.. خێر هاوساری خۆی گرت.. نابێ مەملەکەتەکەی بداتە دەست سوڵتانی عاتیفە.. بەخۆی گوت!

من خاوەنی پەیامم.. خاوەنی مەسەلەیەکی ڕەوام.. دەبێت بزانم چۆن هەنگاو دەنێم.. بزووتنەوەی ئەرقەمی کوڕی ئەرقەمی مەخزومی، پێویستی بەنەسرین و دەیانی وەکو نەسرینە.. دەبێت ئەم هەلنەم لەکیس نەچێت..

پاشان بەدەستە ناسکەکانی سەری نەسرینی بەرز کردەوەو پێی گوت:

-((نەسرین گیان.. ئەگەر دڵت لێم نەیەشێت و پێت ناخۆش نەبێت دەڵێم.. هەقە سوپاسی خوای پەروەردگار بکەیت.. مادەم لەم سونورەدا خیانەتەکەی وەستاند..

دادە گیان.. هەقە سوپاسی خوا بکەین و.. چونکە شارستانیەتی سەدەی بیستەم، لەبناغەدا، لەسەر خیانەت و دوو ڕویی و ڕێڕدان فرۆشتن بیناکراوە..!!

-((ناخر خیانەت بەم ڕادەیە..؟))
-((بەڵێ زۆرترپش..))

ـ((باوەڕ ناکەم هەرگیز باوەڕناکەم لەمێژووا خیانەتی ئاوا کرا بێت..))

ـ((نەسرین خان.. باوەڕ بکە لەمە گەورەتریش ڕووی داوە.. خوشکی خۆم.. شارستانیەتی ئەم سەردەمە.. کوڕان فێر دەکات کە دزی بکەن.. بێ ئەخلاق بن.. یاری بەشەرەفی کچان بکەن.. فێری ئەوەیان دەکات کە وەعد درۆیە.. خۆشەویستی ڕابواردنە..

من لەجاهیلیەتەکەی کۆنی خۆمدا، چیرۆکێکی دڕێژم خوێندەوە.. ئێستا بەتەواوی لێی حالی دەبم.. ئێستا دەزانم بۆچی و چۆن و لەبەر چی.. هەردا.. کەپالەوانی چیرۆکەکەبوو.. لەجێی ئەوەی تۆڵەی لەسەلیم بەگ بسێنێت.. بوو بەژنی سەلیم و لەوێشەوە کەوتە زۆنگاوی جنسەوە و بەناوی خۆشەویستیەوە.. ڕەمزی بەگ هەڵی خەڵەتاند..

ـ((ئەم چیرۆکە چیە..؟ هیچی لێ حالی نەبووم..))

ـ((نەسرین خان چیرۆکەکە هەزار لاپەڕەیە.. ئێستا ناتوانم بۆت بگێڕمەوە.. بەس تەنها بزانە.. ئەم هوداییە.. کچێکە کۆلیژی نەلسەفەی تەواو کردووە.. وەختێ خۆی باوکی بەپیلانی سەلیم بەگ مردووە..

کچه بڕیار دەدات هەموو تەمەنی خۆی تەرخان بکات بۆ تۆڵە سەندنەوە.. شوو بەسەلیم دەکات.. سەلیم بەمەلاین پارەی هەیە.. کاتێک هودا خۆی لەنێو ئەو مەلاین پارەیەدا بینی، ئیتر تۆڵەی لەبیر چوویەوە.. کەوتە ڕابواردن.. بەهەموو بونیەوە هەوڵی دەدا ڕابوێرێت.. سەلیمیش کابرایەکی پیری شەست ساڵەیە.. توانای وەڵام دانەوەی ئەر هەموو ئارەزووەی هودای نیە..

ئیتر هودا دەست دەکات بەبێ ئەخلاقی.. تابەوحاڵەوە، یەکێک لەو کەسانەی کەهەمیشە لەگەڵیدا ڕای دەبوارد دوای هودا وازی لێ هێنا و خۆی خستە باوەشی پیاوێکی ترەوە.. کوشتی..

چیرۆکەکە درێژە.. ئێستا ناتوانم هەمویت بۆ بگێڕمەوە بەڵام خوشکی خۆم، تۆ دەبێت هێندە بزانیت خوای گەورە ڕەحمی پێ کردوویت و مادام لەم سنورەدا خیانەتەکەی ڕاگرتووە..

نەسرین خان.. سەرت سوڕنەمێنێت.. ئەگەر پێت بڵێم.. گەنجەکانی ئەم سەردەمەیش، تاڕادەیەک هەقی خۆیانە وابکەن لێمان.. دەزانی بۆ..

-((بۆ..؟))

ـ((چونکە نەو گەنجانە خاوەنی هیچ جۆرە عەقیدەیەک نین.. دادەگیان.. تەنها عەقیدە دەتوانێت مرۆڤی چاکی پاکی بە نەخلاقی خاوەن پەیمان دروست بکات..

ئەویش هەمور عەقیدەیەک نا.. عەقیدەی ئیسلامی و بەس.. ئەگینا عەقیدە دنیایەکی تر لەبێ ڕەوشتی فێری مرۆڤ دەکان..

ئێستا گوێ بگرە بامن ئەزمونەکەی خۆشمبت، لەم بوارەدا بۆ باس بکەم.. ئەوسا حەقیقەتی ئەم قسەیەت بۆ دەردەکەوێت..))

ڕۆژگار بەکورتی باسی خۆشەویستیەکەی خۆی و سۆرانی بۆ گێڕایەوە، تا گەیشتە نەو جێگایەی کەهەوالی دایە.. لەدوای تاقیکردنەوەکانی سەری سال مارەی دەبڕێ.. پاشان گوتی:

ـ((بەڵام حەز دەکەم دڵنیا بیت لەوەی کەئەگەر سۆرانەکەی منیش نەبوایە بەخاوەنی ئەم عەقیدە پاک و بێگەردە.. نەبوایە بەخاوەنی ئەم پەیامە.. بێگومان ئەویش لەوانە بوو برا نەوزادێکی لێ دەربچوایە..

دادەگیان.. ئەوەی ڕۆژی ڕۆژی.. لەمەودوا، تۆپش بڕیاری خۆت بدە.. بڕیاری تۆلە سەندنەوە..))

-((چۆن..؟))

ڕۆژگار تەماشای سەعاتەکەی دەستی کرد.. هەستی کرد کات درەنگە، پاشان لەچاوەکانی نەسرین ڕاما.. بۆ ئەوەی بزانێت قسەکانی چ کاریگەرییەکیان بەسەر ڕۆحیەوە دروست کردووە..

ئاخر نهێنیەکانی مەملەکەتی ڕۆح، زۆر بەڕوونی لەسەر شاشەی چاوانی مرۆڤ دەبینرێ، چاوو، بەتایبەتی چاوی کچان، هەمیشە ناوێنەیەکی بێگەردی ڕۆحیانە..

ڕۆژگار بینی چاوەکانی نەسرین هەمان چاری چەند سەعاتێک لەمەوپێش نین.. دیارە قسەکان سافانەیان کردۆتەوە سەر ڕۆحی، بۆیە لەسەر تەو دور شاشە ڕونە دەدرەوشێنەوە.. پێی گوت:

-((نەسرین خان.. نێستا من کارم هەیە.. دەبێت بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە.. سبەینێ سەعات هەشتی بەیانی

دێمەوە لات و بەدرێژی باسی ڕێگای تۆڵە سەندنەوەت بۆ دەکەم..))

-((ئەمەڕۆ.. ئەم نیوەڕۆیە لای من بە..))

-((بەخوا دەبێت بڕۆم.. حەزم دەکرد.. بەڵام بڵێم چی.. خۆزگە کارم نەدەبوو..))

-((زۆر حەز دەکەم بمێنیتەوە..))

-((منیش زۆر حەز دەکەم.. بەڵام بڵێم چی.. خەمت نەبێت سبەینێ دێمەوە لات.. انشاء الله..))

ڕۆژگار دەستی خستە ناو دەستی وەکو خوشکێکی بەسۆز و نازیزی خۆی، دەستی گوشی و خوا حافیزی لێکرد..

شەهلای دایکی، کاتێک بینی کچەکەی هەڵساوەتە سەرپێ و تارادەیەک ڕوی خۆشە و کەمێک هاتۆرەتەوە سەر خۆی، وەختبوو لە خۆشیاندا گەشکە بکات..

*** *** ***

پاش خواردنی نانی نیوەڕۆ، ڕۆژگار بڕیاریدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی نەسرین پرس بەسۆران بکات و تەلەفونی بۆ بکات..

ڕۆژگارو سۆران، لەپاش نیوەی بوون بەخاوەنی بانگەوازی نیسلام و بوون بەهەڵگری پەیامی خوا، هەستیان بەوەکرد کە پێویستە هەمیشە پەیوەندیان بەیەکەوە ببێت.. بۆ نیوەی کارەکانیان لەسەر هێڵی ڕاوێژ کردن بڕوات بەڕێوە..

بۆ ئەم کارەیش، تاکە ڕێگای گونجاو، کڕینی تەلەفون بوو مامۆستا کەیوانیش ڕەزامەندی لەسەر بوو..

ڕۆژگار داوای لەباوکی کردو باوکیشی بەبێ ڕاڕای و دوو دڵی داواکەی بۆ گەیاندە ئەنجام و زۆریشی پێخۆش بوو چونکە دەمێک بوو بیری لەکڕینی دەکردەوە..

باوکی سۆرانیش بۆ ژنهێنانی کوڕەکەی دەبوو پارە قەرز بکات.. چونکە مووچە خۆرێکی وەکو ئەو، توانای پارەجەم کردنی نەبووەو نیە بۆ ژن هێنان..

وەلێ سۆران پێشنیارێکی دیکەی خستە بەر دەستی باوکی.. گوتی:

ـ((من وا بەباش دەزانم ئەم خانووە بفرۆشین و لەکارێزە وشک خانوویەکی تر بکڕین.. پارەیەکی زۆرمان بۆ دەمێنێتەوە و دەبینە خاوەنی خانووی خۆیشمان..))

بابە پێشنیارەکەی وەرگرت.. خانووە چاکەکەی خۆیان فرۆشت وخانوویەکی مام ناوەندیان پێکڕی و پارەیەکی زۆریشیان بۆمایەوە..

لەدوای ئەوەی باریان کرد بۆ گەڕەکی کارێزە وشک و جێگیر بوون، سۆران لەو پارە زۆرە تەلەفونێکیشی کڕی.. ئیدی بەو شێوەیە هەردووکیان بوون بەخاوەنی تەلەفون.. هەرکاتێک بیری یەکتریان بکردایەتەوە، یاخود کاری پێویستیان بەیەکتر ببوایە.. بەبێ گرێو گۆڵ پەیوەندیان بەیەکەوە دەکرد و تێر تێر لەگەڵ یەکتریدا قسانیان دەکرد.. بەڕاستی ئەم تەلەفونە کاری زۆر بۆ ئاسان کردن.. زۆرجار هەر لەڕێگای تەلەفونی مالی سۆرانەوە، ڕۆژگار ڕاستەخۆ لەگەڵ مامۆستا کەیوان دا قسانی دەکردو کارەکانی بۆ باس دەکرد..

کەلەنان خواردن بونەوە، ڕۆژگار تەلەفونە شینەکەی لە هۆڵەکە هەڵگرت و بردیە ژوورەکەی خۆیەوە.. پاش

دوو دەقە سۆران لەسەر خەت نامادە بـوو.. سـەلام کـردن دەستی پێکرد!

ـ((سۆرە گیان.. عـەزیـەتم دایت..))
ـ((عـەزیـەتی چی.. ڕازی ناهم قسـەی وا بکـەیت..!))
ـ((دەنـگ و بـاس.. هـاڵ و هـەواڵ.. هیچـت بـەســەر نەهاتووە..؟))
ـ((سـوپاس بۆ خـوا نەخێر.. نەی تۆ..؟))
ـ((منیش زۆر باشم.. بەڵام گوێبگرە..))
ـ((فـــەرموو.. بـزانم وەکـو ســـوڵتان چ ئـــەمرێک دەکەیت..))
ـ((نەخێر.. من سوڵتان نیم.. تۆ سوڵتانیت..))
ـ((باشە ئەمر کە..))
ـ((ئەمریش ناکەم.. ئۆ ئەمر دەکەیت..))
ـ((باشە گوێم گرتووە..))
ـ((ئاوا..))
ـ((فەرموو..))
ـ((نەسرین..))
ـ((نەسرین چی..؟))
ـ((دەزانی کامە دەڵێم..))
ـ((نەوەی کەخەریکە دێتە ڕیزەوە!))

ـ((بەڵێ..))
ـ((چیەتی..))
ـ((تووشی کەندەڵانێکی سەخت بووە..؟)).
ـ((بۆچی..؟))
ـ((چەند ساڵێکە لەگەڵ کوڕێکی جاهیلدا یەکیان خۆش دەوێت.. کوڕە پەیسانی هەموو شتێکی داوەتێ.. نەسرینیش بەدڵە پاکەکەی خۆی بڕوای پێکردووە.. کەچی ئێستا کوڕە بەبێ هیچ مەسەلەیەک، پەیمانەکەی هەڵوەشاندۆتەوە و کچێکی تری مارە بڕیوە و ئەم پێنج شەممەیە دەیگوێزێتەوە.. نەسرینیش لەداخ و خەفەت و ئازارا، نەخۆش کەوتووەو لەمالەوەیە..))

ـ((ئاوا..))

ـ((سۆرە گیان.. کوڕانی ئەم سەردەمە هەروان.. چونکە عەقیدەیان نیە..))
ـ((دەبێت ئەو کوڕە چ دڕندەیەک بێت.؟))
ـ((دراوسێی خۆیشیانە..))
ـ((ئەی لەو زۆرداری و ستەم کردنە..))
ـ((سۆرەگیان..))
ـ((ئەمرکە..))
ـ((دیسان ئەمرکە..))

ـ((باشه گوێم گرتووه..))
ـ((ئێستا چارەسەر.. چارە چیە؟))
ـ((تۆ دەڵێی چی..؟))
ڕۆژگار بیری لەچارەسەرەکەیشی کردەوە.. زۆریشی جەز دەکرد سەر بگرێت.. گوتی:

ـ((ئەو جار کەمامۆستا کەیوان تەلەفونی بۆ کردم.. داوایەکی لێکردم..))

ـ((چی بوو..؟))

ـ((فەرموی.. بەڵکو کچێکی ڕێک و پێک بۆ کاک ڕێبوار بدۆزیتەوە.. ڕێبوار دەناسی.؟))

ـ((ئەی چۆن.. یەکێکە لەگوڵاڵەکانی باخچەکەمان.. زۆر دڵسۆزی بانگەوازەکەمانە.. دەوڵەمەندیشە.. بەرازیلیەکی تایبەتیشی هەیە..))

ـ((دە من زۆر زۆرم پێخۆشە نەسرین بۆ ئەو بێت..))
ـ((ئاخر..))
ڕۆژگار قسەکەی پێ بڕی..
ـ((ئاخری ناوێت.. سۆرە گیان.. دەبێت ئاگامان لەو تەقالیدانە بێت کە جاهیلیەت لەگەڵ خۆیدا هێناوێتی..

مەگـــەر کتێبەکـــەی مامۆســـتا محمـــد قوتـــبت نەخوێندۆتەوە.(معرکة التقالید..)

-((با..))

-((دەئیتر چۆن دەڵێیت ئاخر.. نا.. ئەڵێیت.. چونکە نەسرین دڵنیابـە لـەرابووردوی خـۆی بەتـەواوی پەشیمان بۆتـەوە.. دەشبێتە گوڵاڵەیـەکی باخچەکـەمان.. ئێسـتا دەزانی تۆ چی بکە..))

-((چی بکەم..؟))

-((هـەر چۆنێکـت کـردووە نـەم ئێوارەیـە، ڕێبـوار ببینـە.. ئـەم مەسـەلەیەی لا بـاس بکـەرەوە.. بـەڵام ئیسلامیانە بۆی باس بکە.. بزانە دەڵێت چی..))

-((جا بۆچی بەم خێراییە..؟))
-((ئەمڕۆ چەند شەممەیە؟.))
-((یەک شەممە..))
-((دەی من دەمەوێت ڕۆژی پێنـج شـەممە نەسـرین مارە ببڕێت..))
-((بۆ..؟))
-((چونکـە نـەو گەنجـەی کـە خیانـەتی لێکـردووە، ڕۆژی پێنج شەممە ژنەکەی دەگۆڕێتـەوە.. وەکـو پێیشـم

گوتیت، کورەکە دراوسێیانە.. سوژرەگیان.. دەزانیت نەسرین چەند خۆش حاڵ دەبێت ئەگەر ئەم کارەی بۆ بکەین.. ئێمە دەتوانین ئابەڵم شێوەیە تۆڵەی بۆ بکەینەوە.. تۆڵە.. پاشان بەئاسانیش دەبێتە گوڵاڵەیەکی باخچەکەمان.. ئێستا تۆ بەگوێم بکەو تەواو..))

-((خۆتۆ دەڵێی ئەمر ناکەم..))

ڕۆژگار بەدەنگی بەرز پێکەنی و بە تاسەوە گوتی:

-((دەباشە.. وایشمان نەگوت.. ئێستا وادەکەیت.. یان.. نا..؟))

-((ئەمرت لەسەر سەرم..))

-((ئۆ وا وە..))

-((هەر ئێستا دەڕۆم بۆماڵی مامۆستا کەیوان.. پرس بەو دەکەم.. ئەگەر ڕازی بوو.. یەکسەر دەڕۆم بۆ ماڵی ڕێبوار.. چی بکەم چی بکەم ئەمری سوڵتانە..))

-((نەخێر.. ئەمری عاتیفەیە..))

-((کەواتە با دوانەکەوم..))

-((زۆر باشە بەڵام کەی تەلەفونم بۆ دەکەیتەوە..))

-((پاش نوێژی عیشا..))

-((زۆرباشە..))

-((ئەمرێکی ترت ئەی سوڵتان..))
-((سەلامم بۆ مامۆستا کەیوان..))
-((ئەمرێکی تر..))
-((سەر بەرزی و پارێزگاری و چونێ بەهەشتی هەردووکمان و ژیانی هەتا هەتایمان پێکەوە لەخوای گەورە داواکارم..))

-((خوات لەگەڵ.. لەبیرت نەچێت من و کاک کەیوان ئەمساڵ نارۆینە تاقیکردنەوە..))

-((بۆ..))

-((چونکە گەر دەرچین دەمان بەت بۆ سەربازی.. ئێمەیش ناماەتەوێ بڕۆین..))
-((زۆر باشە.. جێگای خۆیەتی..))
-((بەڵام تۆ دەبێت سەعیەکی باش بکەیت..))
-((ان شاء الله..))
-((ان شاء الله..))
-((خوات لەگەڵ..))
-((خوات لەگەڵ..))
سۆران سەماعەکەی گیرفانەوە شوێنی خۆی.. زای دەزانی لە گەشتی ولاتی هەنگوین گەڕاوەتەوە.

پانتۆڵە ڕەشەکەو کراسە سپیەکەی لەبەر کرد.. بەپەلە قژی داهێنا و.. گۆرەویە سپیەکانیشی لەپێکرد.. دایکی پێ گوت:

-((بەزمەکەیە..))

دایە بەشۆخیەوە قسانی دەکرد.. گوتی:

-((نادا یەگیان بەزمێکی تر..))
-((ئەمجارەیان بۆ کوێ..؟))
-((دوایی.. دوایی.. ئێستا کاتی شۆخی نیە..))

ئیدی قۆنەرە ڕەشەکانی لەپێکردو هاتە دەرەوە.. بە پاسێکی پیری گەڵحۆ گەیشتە بازاڕ.. لەوێش سواری پاسێک بوو بۆ گەڕەکی سەرچنار.. پاش نیو سەعات لەبەر دەرگای مالی کاک کەیواندا ئامادە بوو.. پەنجەی نایە سەر پلاکی زەنگەکەیان.. بوخاری دەرگاکەی کردەوە، ئەم بەدەم تەقەکردنەوە گوتی:

-((سەلام و عەلەیک..))
-((عەلەیکومە سەلام.. فەرموو کاک سۆران..))
-((کاکەت لەمالەوەیە..))
-((بەڵێ..))
-((خۆی تەنیایە..))

ـ((نەخێر سێکەسی تری لەگەڵدایە..))
ـ((دەبڕۆ بۆم بانگ بکە..))
ـ((بەسەر چاو..))

سۆران سەری لەپەروەردەی بوخاری و موسلیم سوردەما و ڕێک دەڵێی ذوو پیاون لەقسەکردندا.. نەیان دۆڕاندوە.. هەر لەکاکی خۆیان دەکەن.. بۆیە نەوەندە عاقڵ و زیرەک و ووریان..

پاش تۆزێک کەیوان هاتە دەرەوە..
ـ((سلام علیکم..))
ـ((علیکم سلام.. فەرموو کاک سۆران.. فەرموو..))
ـ((میوانت هەیە..))
ـ((خۆمانەن..))
ـ((دەرسە..))
ـ((بەڵێ))
ـ((دەی با من نەیەمە ژوورەوە..))
ـ((نەی چۆن..))
ـ((پرسیارێکم هەیە و دەڕۆم..))
ـ((دەوەرە ئەم دیوی دەرگاکە))

سۆران چوویە نەو دیوەوە..
ـ((فەرموو..))

ـ((ڕۆژگار سەلامی لێ دەکردی..))
ـ((خوا پاداشتی بداتەوە.. هیچی نەگوت..))
ـ((با..))
ـ((چی..))
ـ((کچێکی دۆزیوەتەوە بۆ کاک ڕێبوار..))
ـ((ئێ..))
ـ((بەڵام کچەکە چیرۆکێکی هەیە..))
ـ((ئادەی..))
ـ((بەکورتی لەگەڵ کوڕێکی جاهیلدا یەکیان خۆش ویستوە، ئێستا کوڕەکە ژنی هێناوە.. کچەیش لەداخانا نەخۆش کەوتووە و نەفرین لەڕابوردوی خۆی دەکات..))
ـ((کچە کێیە..؟))
ـ((ناوی نەسرینە..))
ـ((نەسرین..))
ـ((بەڵێ..))
ـ((ئەو نەسرینەی تەو جار بۆی باس کردم..))
ـ((بەڵێ..))
ـ((ڕۆژگار نالێت لەگەڵیدا گەیشتۆتە کوێ؟))
ـ((دەڵێت نەگەر نەم کارەی بۆ بکەین، سەد لەسەد، ان شاء الله دێتە ڕیزەوە..))

ـ((دەمن ڕازیم.. بەڕێبوارێش بڵێ.. گوێ نەداتە ڕابوردوی.. لە جاهیلیەتدا ئەو شتانە هەر ڕوو دەدەن.. ئێمە دەبێت جاهیلیەت لەڕیشاڵ دەربهێنین.. پێی بڵێ.. ئەگەر نەسرینی بینی و پێی ڕازی بوو.. گوێ نەداتە ڕابوردوی..))

ـ((ڕۆژگار دەیەوێت تا پێنج شەمە هەبارە بڕینەکەیشی تەواو ببێت..))

ـ((بۆ..))

ـ((چونکە ئەو کوڕەی کەخیانەتەکەی لەنەسرین کردووە، درلوسیانەو ڕۆژی پێنج شەمە ژنەکەی دەگوێزێتەوە..))

ـ((ئەی ئافرەم ڕۆژگار.. خۆزگە ئەتداهانی بزووتنەوەکەمان، هەمووبان وەکو تۆ بوونایە.. بەڕاستی دڵسۆزیت..))

ـ((زۆر گورج و گۆڵە..))
ـ((خوا پاداشتی بداتەوە..))
ـ((یانی من بڕۆم..))
هەر ئەوەندەی پێ بڵێ.. بێشی بڵێ.. باتا پێنج شەمە کۆتایی پێ بێنێت..))

-((ان شاء الله..))
-((ان شاء الله..))
-((سەلامو عەلیکم))
-((عەلەیکومە سەلام))

سۆران ئەویشی بەجێهێشت و بەرەو مەڵبەندی سوار بوونی پاس بەڕێکەوت.. پاش نیو ساعاتی دی گەیشتە گەڕەکی عەقاری..

پەنجەی بە پلاکی زەنگەکەی مالی ڕێبوار دا نا.. پاش تۆزێک ڕێبوار بە چاکەت و بیجامەیەکی سپیەوە بەچاوی خەوالووەوە هاتە دەرێ..

گبورج و گۆڵ بوویەوە و دەروونی فێنک بوویەوە.. کاریگەریەتی گەرماکەی دەرەوەی لەسەر نەما.. کەڕێبوار موبەریدەکەیشی داگیرساند، بە تەواوی هەوای ژوورەکە گۆڕاو فێنک بوویەوە..

-((کاک کەیوان هەوالی دەپرسیت..))
-((خوا پاداشتی بداتەوە.. دەنگویاس..))
-((زۆر باشە..))

ـ((یاخوا باش بێت.. خوای گەورە تەومان بۆ بپارێزێت.. ئیستر ئێمە هەرچیمان بەسەر دێت قەیناکات..))

ـ((خوایە بیپارێزیت بۆمان..))
ـ((ئامین..))

سۆران لەنووکەوە مەسەلەکەی بۆ باس کرد.. بەڵام وەکو ڕۆژگار نەمری پێکردبوو ئیسلامیانە.. هەر هەمووی بۆباس کرد.. قسەکانی مامۆستا کەیوانیشی بۆ باس کرد.. ڕێبوار گوتی:

ـ((مادام مامۆستا کەیوان پێی خۆش بێست، ئەوە من هەر لەوێوە بەبێ بینین ڕازیم.. کاک کەیوان نووری چاومە.. ڕەزامەندی ئەو، یانی ڕەزامەندی منیش..))

ـ((ئاخر واچاکە یەکتری ببینن..))
ـ((زۆر ئاساییە.. کەی دەڵێن ئامادە دەبم..))
ـ((بەڵکو تا پێنج شەممە تەواو بێت))
ـ((ان شاء الله..))
ـ((دوایی بەتەلەفون وەڵامت لێ دەگێڕمەوە..))
ـ((زۆر باشە..))
ـ((کەواتە بامن بڕۆم..))

سۆران هاتـه دەرەوە.. ویستی بڕوات بـەڵام ڕێبـوار نەیهێشت.. بەپەلە خۆی گۆڕی و بەرازیلیەکەی دەرکرد..

ـ((نەوە چیە کاک ڕێبوار.!))
ـ((چۆن دەیەڵم عەزیەتت ببێت..))
ـ((ئاخر..))
ـ((ئاخری ناوێت.. سەرکەوە..))

سۆران سەرکەوت.. کاتێک گەیشتەوە بـەر دەرگاکـەی خۆیـان و خـوا حـافیزی لـە ڕێبـوار کـرد.. لـەزەریای کامەرانیـەکی فراوانـدا نوقـم بـوو.. وای هەسـت دەکـرد سـەرکردەیەکی جەنگیـەو لەبـەرەکانی شـەڕدایە، گەورەترین سەرکەوتنی بەدەست هێنـاوە.. بـەدەم سـرود وتنەوەوە خۆی کرد بەماڵدا..

بـانگی عەسـر درا، لەگـەڵ بـەختیاری برایـدا بـە جەماعـەت نوێژەکـەیان کـرد.. پاشـان گەڕایـەوە بـۆ ژوورەکـەی خـۆی.. نـەیتوانی بڕواتـە دەرەوە.. شـتێک لەژوورەکـەیدا پێوەنـدی کردبـوو.. شـتەکە وەکـو هـێزی موگناتیسـی وابـوو.. لای تەلەفونەکـەوە شـەپۆلەکانی دەهات.. تەوژمی دەدا..

ـ جـار جـار دەگەیشـتە بـەر دەرگـای ژوورەکـەی.. دەیویست بڕواتـە دەرەوە.. بـەڵام تەفسـوس.. نـەیدەتوانی

خێرا پەشیمان دەبۆوە.. دەگەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی.. کەهەناسەی هەڵدەکێشا.. دەفەی شانی و قەڵغانی سنگی بەرز دەبۆوە.. کەفڕێشی دەدا، شۆڕ دەبورنسەوە.. هەموو کاتێک کە لەکارێکدا ڕاڕا دەبوو، ئاوای بەسەر دەهات..

هاتەلای تەلەفونەکە.. دەستی بردبۆ سەماعەکە.. بەڵام پەشمان دەبوویەوە.. بەخۆی دەگوت:

-((تۆ وتت.. شەوێ تەلەفونت بۆ دەکەم، ئێستا نابێ.. نا.. نابێ.. باشە بۆ نابێت..؟ ها.. بۆ نابێ..؟ چی تیایە..؟

ئاخر عەیبە.. تۆ وەکو خەڵکی تر نیت.. لاحول ولا قوة الا بالله.. ئێ خۆ بۆ ئیشی خۆم نیە.. وایە.. ئەگەر بۆ ئیشی خۆم بوایە جوان نەبوو.. باشە بۆ جوان نیە.. کارێکی بێ شەرعی دەکەم.. ها..؟ بێگومان نەخێر..))

دەنگی تەلەفونەکە ڕایچڵەکان. دەنگەکە ترسانیدی.. ناکات بوو.. هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا.. هاتەوە سەر خۆی.. سەماعەکەی هەڵگرت.. بەرامبەر بەدەنگێکی پڕ لە سۆزەوە گوتی:

-((سەلام وعەلەیکوم..))
-((چی.. ڕۆژگار.. تۆی.. سبحان الله لەم قەدەرە..))

-((بۆچی..؟))
-((ئائێستا ویستم تەلەفونت بۆ بکەم..))
-((ئەی نازانی پێغەمبەری خوا دەفەرموێت.. الارواح جنـد مجنـدة.. فما تعارف منها ائتلف.. وما تناكر منها اختلف..))

-((زۆرجوانە..))
-((نەخشەکەت گەیاندە کوێ.؟))
-((هەر هەمووی بەدڵی تۆیە..))
-((چۆن..؟))
-((کاک کەیوان زۆری پێخۆش بوو، کاک ڕێبواریش هەروەها..))
-((مەسەلەکەت بەتەواوی بۆ باس کرد..))
-((بەڵێ..))
-((هەر هەمووی..؟))
-((بەڵێ..))
-((کاک ڕێبوار ڕەئی چۆن بوو..))
-((دەیگوت لە جاهیلیەتدا شتی وا هەر دەبێت.. زۆری پێ ئاسایی بوو..))
-((سوپاس بۆ خوا..))

ـ((پێشم گوت تا پێنج شەممە دەبێت تەواوی بکەیت..))
ـ((گوتی چی..؟))
ـ((ئاسایی بوو بەلایەوە..))
ـ((ان شاء الله بەئاسانی تەواو دەبێت..))
ـ((نومێدم وایە تەواو بێت..))
ـ((ئێستا منیش دەڕۆم بۆ لای نەسرین..))
ـ.. بەم خێراییە.؟))
ـ((بەڵێ..))
ـ((جابۆ..؟))
ـ((کاری چاک تازوو بیکەیت درەنگە..))
ـ((کەی وەلامم لێ دەگێڕیتەوە..))
ـ((پاش نوێژی عیشا..))
ـ((ان شاء الله..))
ـ((ان شاء الله..))
ـ((ئێستا بەخوات دەسپێرم..))
ـ((خوات لەگەڵ..))
ڕۆژگار سەماعەکەی خستەوە جێگای خۆی.. قورئانێکی چکۆلەی لە کتێبخانەکەی دەرهێنا..

((ئەمیشی بەدیاری دەدەمێ، بێگومان زەمینەی کارەکە خۆشتر دەکات..))

بەچەند هەنگاوێک دەرگای ژوورەکەی خۆی بەجێهێشت، لە ڕاڕەوەکەدا بەدایکی گەیشت، دایە بۆ ژێر سێبەری درەختی حەوشەکە دەچوو.. درەختەکان گەورەن.. باڵایان بەرزە.. سێبەرەکانیان نزیکە بەتەواوی حەوشەکە داپۆشێت.. لەژێر درەختەکاندا، دوو ڕیز کورسی بەرامبەری یەکتری دانراوە، جۆلانەیەکیش لەناوەندیاندایە.. نامینەی دایکی لەسەر جۆلانەکە دانیشت.. ڕۆژگار وەکو یەکێک لەدرەختە باڵا بەرزە سێبەر دارەکان ڕاوەستا بوو..

-((دایە.. سەرێک لە نەسرین دەدەم..))
-((ئەو کچە هەژارە هەر چاک نەبوویەوە..؟))
-((خەریکە..))
-((کلۆلە بۆچی وای لێهات.!))
-((بڵێم چی..))
-((دایک و باوکی زۆر خەمیانە..))
-((زۆر..))
-((ڕۆژگار..))
-((بەڵێ..))

ـ((بیرم کەوتەوە..))
ـ((چی..؟))
ـ((مالی نەوزادی دراوسێمان ژنیان بۆ نەوزاد مارە بڕیووە، ڕۆژی پێنج شەممە دەیگوێزنەوە، هەر لەئێستاوە دەعوەتیان کردووین..))

ـ((مەبەستت چیە..؟))
ـ((دەڕۆین.. وانیە..))
ـ((تۆ بڕۆ.. بەڵام من چاوی دەردێنم..))
ـ((بۆ و؟))
ـ((ئەی نەوەکەی مرۆڤە تا ئێمە بڕۆینە زەماوەندی.. با درەنگ نەبێت.. من دەڕۆم..))

ڕۆژگار لە حیجابە شینەکەیدا، دەتگوت گەلاوێژەو تیشکێ دەهاوێژێ.. ڕوخساری وەکو لەشکرەکەی مەککە هێزی لێدەباڕێ.. هێزی عەقیدە.. کێ دەیتوانی بڕۆی بڕوانێت و سەری دانەخات!!.. زۆر جار ئامینەی دایکیشی، حەمەڕەشی باوکیشی، توانای بەرگریان نامێنێ و هەرەس دەهێنن..

دایکی بەجێهێشت.. دەرگاکەی داخست.. گەیشتە بەردەکی مالی نەسرین.. دەرگایەکی زەرد.. زەرد وەکو دەموچاوی ئێستای نەسرین.. وەکو دارستانی

نومێدەکسانی نێستمانی لەسەرین.. بەڵای ڕۆژەو بەڵای دەرگاکە زۆریان لەماڵەو بگەن بەیەک.. پەنجەی نایە سەر پلاکە سپیەکە.. گرێی لەدەنگی زەنگەکەی ژوورەوە بوو.. ئیدی چاوەڕوانی گردنەوەی دەکرد.. ئاوڕی دایەوە.. پشتی کردە دەرگاکە.. ماڵی لەوزاد لەبەر دەمیدا قسیت وەستا بوو.. بەبینینی پشانەوەی دەهات..

لەوانە یێ جۆرە مرۆڤانە.. بان ڕاستر لەوانەیش پێیان دەگوترێ.. مرۆڤ..

خشپەیەکی لەدڵ دیوەوە هات.. گوێی لێ بوو.. خێرا ئاوڕی دایەوە.. دەرگاکە کرایەوە.. دایکی لەسەرین بوو.. پووە شەهلا بوو.. پاش سڵاوو بەخێر هاتن.. ڕۆژەی بردە ژوورەوە.. پێی گوت:

ـ((لەو کاتەوەی تۆ هاتوویتە بەڵای خەڵکی زۆر باشە))

ـ((سوپاس بۆ خوا..))

ـ((بەڵام زۆر بیر دەکاتەوە..))

ـ((ئینشاء اللە لەویش گۆڕانی پێدێت))

ـ((ئەوی خوا بۆ دایکمی خۆشت بوێت.. ڕۆلەی ماندەم ئارا ڕێک و پێکیت..))

ـ((خوا پاداشتت بداتەوە..))

ڕۆژگار گەیشتەلای نەسرین.. نەمجارەیان وەکو سەرلەبەیانی نەبوو.. توانی لەبەری هەڵسێتەوە.. تەوقەیەکی گەرمیان لەگەڵ یەکتریدا کرد.. بۆ یەکتری پێکەنین.. پاشان دانیشتن.. شەهلا گوتی:

ـ((ڕۆژەخان.. من هەندێک کاری ناومالم ماوە باتەواوی بکەم..))

ـ((یارمەتیت ناوێت..))

ـ((نا.. شتی وامەڵێ.. یارمەتی چی..))

پورە شەهلا چوویە دەرەوە، لەناو کارەکانی خۆیدا غەرق بوویەوە.. ئەم ئافرەتە زۆر سەیرە.. هەرگیز ناتوانێت بوەستێت.. ئەگەر کارێکی نەبێت، ئیدی هەر کارێک بێت، خۆی پێوە سەرگەرم بکات، شێت دەبێت.. لەوانەیە ئەمە کاریگەیەتی مێردەکەی بێت بەسەریەوە.. چونکە وەستا عەلی مێردیشی، نازانێ پشوودان چۆنە.. تا پیربێ زیاتر حەز لەکارکردن دەکات.. قەناعەتی وایە.. ژیانی کارکردن.. هەر ڕۆژێک کار نەکات.. ئیتر وەکو شێتی لێ دێت.. ئەو ڕۆژە دەبێت شەڕێک بکات.. لەگەڵ هەر کەسێدا بێت گرنگ نیە.. شەڕیش لای ئەو هەر کارە.. ڕۆژەو نەسرین بەرامبەری یەکتری دانیشتن..

مربەریدەکە هەوای فێنکـی بـەژوورە گەورەکـەدا پـەخش دەکردەوە..

ـ((نەسرین خان.. لەوانەیە پێت سەیر بێت لەم کاتەدا هـاتووم بڕیـار وابـوو.. سـبەینێ سـەعات هەشـت سـەرت لێبدەم..))

ـ((بەڕاسـتی زۆرم بـیردەکردی.. وام لێهـاتووە، نـەتوانم لێت جیابمـەوە.. قەناعـەتی سـەد لەسـەدم بـە قسەکانت کردووە.. کۆتا بڕیاریشم داوە..))

ـ((کام بڕیار..؟))

ـ((لەم رۆژ بەدواوە، منیش حیجاب دەپۆشم.. دەبمە قوتابیەکی تۆ..))

رۆژگـار وەکـو گڕکـانی دەقـەری خـەندە، تەقیـەوە، ناوچاوی نەسرینی مـاچ کردو پێی گوت:

ـ((تۆ نابیتە قوتابی من.. من و تۆ دەبینە خوشـکی یەکتری و بە یەکەوە لە عـەقیدەکەمان حاڵی دەبین..))

ـ((هـەر چۆنێک بێت.. من دەمـەوێت ببم بە تۆ..))
ـ((بە پشتیوانی خوای گەورە دەبین بەیەک..))

پاشان ڕووره‌که بێده‌نگ بوو، دڕخێکی ناڕامی باڵی دڕێژ کرد، وێده‌چوو هه‌ردوو جه‌مسه‌ر له‌بیر کردنه‌وه‌ی مه‌سه‌له‌یه‌کدا بن.. کێشه‌یه‌ک له‌یه‌ک بده‌نه‌وه.. نه‌سرین سه‌ری هه‌ڵبڕی.. ته‌ماشای ڕۆژگاری کرد.. ڕۆژه لێی تێگه‌یشت.. لاپه‌ڕه‌ی ناوه‌وه‌ی خوێنده‌وه.. چاوه‌کانی ڕۆژه چاو نیه.. شتێکی تره.. زۆر شتان ده‌بڕێت.. زۆر شتان ده‌بینێت.. زۆر شتان ده‌خوێنێته‌وه.. گوتی:

ـ((نه‌سرین گیان..))

ـ((به‌ڵێ..))

ـ((ئه‌گه‌ر تۆ ڕازی بیت ، نه‌خشه‌یه‌کی ووردی تۆڵه سه‌ندنه‌وه‌م داناوه..))

ـ((تۆ مامۆستای منی.. هه‌ر شتێک به‌چاک بزانیت من واده‌که‌م..))

ـ((چاکی خۆته.. ئه‌وه له‌لایه‌ک.. با بێینه سه‌ر مه‌سه‌له‌که..))

ـ((فه‌رموو..))

ـ((نەوزاد.. ئێستا بەخەیاڵی خۆی، وادەزانێت بەژنهێنانی سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و تۆی ڕوخاندووە.. وانی یە..))

ـ((زۆر ڕاستە.. وایە.. مرۆڤی ناپاک هەر وا بیر دەکاتەوە..))

ـ((دەی منیش دەمەوێت ڕۆژی پێنج شەممە، مشتە کۆڵەیەکی وای لێدەم، هەتا ماوە پێیەوە بتلێتەوە..))

نەسرین وەک گوڵ گەشایەوە..

ـ((چۆن..؟))

ـ((دەبێ ڕۆژی پێنج شەممە، لەگەڵ زەماوەندەکەی ئەودا لە ئاهەنگێکی زۆر گەورەتر لەوەی ئەو، تۆ مارە ببڕێیت بۆ باشترین کوڕی ئەم شارە..))

ئەم هەواڵە، وەکو هەوری بەهار، لەئاسمانی میشکی نەسریندا گرماندی، دڵی، ناخی، هەستی، هەموویان پێکەوە داخورپان، سەدان پرسیار بە میشکیدا پەرەوازەیان پێکەوت.. گوتی:

ـ((ئاخر چۆن..؟))

ـ((داده گیان.. دەزانم ئەم هەواڵە بەلاتـەوە کـوت و پڕی یەو کەمێکیش سەیرە.. بەڵام گوێ بگرە.. با تۆزێـک بە ڕوونی بۆت باس بکەم..))

ـ((فەرمـوو..))

ـ((برایەکی موسڵمانمان هەیە.. تەمەنی بیست یان بیست و دوو ساڵانەیە.. تا بڵێی موسڵمانە.. ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ خزمەتکردنی ئیسلام.. تابڵێـی جوانە.. لـەجوانیدا کـەم کـەس وەکـو ئـەو وایـە.. زۆر زۆر دەوڵەمەندن.. خۆی بەرازیلیەکی تایبەتی هەیە.. مامـەی موستەشارە.. زۆر زۆر ڕێبواری خۆش دەوێت.. تا لە بـیرم چوو.. ناوی ڕێبوارە.. کاک ڕێبوار هەر کارێکی بوێـت بـە مـامی دەکـات.. مـامی لەقسـەی دەرناچێت.. بـاوک و دایکی ماوە.. لە گەڕەکی عەقارین..))

ڕۆژگـار هەسـتی کـرد، وردە وردە نەسـرین پێخۆشحاڵی لێوە دەردەکەوێت و ئەژنۆکانی شل دەبێت..

ـ((بەس تەنها تۆ ڕازی بیت.. تا ڕۆژی پێنج شەممە خۆم هەموو شتێکت بۆ تەواو دەکەم..))

ـ((ئاخر چۆن..))

ـ((تۆپێم بڵێ.. ڕازیت..؟))

ـ((ئاخر.. نا.. ڕازیت..))
ـ((تۆ چۆنت پێخۆش بێت من وادەکەم..))
ـ((ڕێبواریش هەمان وەڵامی تۆی هەیە..))
ـ((بۆ ئەویشت دیووە..))
ـ((نا.. بەتەلەفون قسەمان لەگەڵ کردووە.. من ڕۆیشتمەوە تەلەفونی بۆ دەکەم.. سبەینێ سەعات چوار، بەخۆی و بەرازیلیەکەیەوە، بێت بۆ بەردەمی باخی گشتی.. لەوێ یەکێ دەبینین و قسە لەسەر مەسەلەکە دەکەین.. باش نیە.؟))

ـ((چۆنت پێ باشە وابکە..))

نەسرین ناسەواری ناڕەزایی، بەهیچ جێگایەکییەوە دیار نەبوو.. لەدڵی خۆیدا دەیگوت :

ـ((چیم دەوێت لەوە زیاتر.. کوڕە موسڵمانە و باوەڕ ناکەم ناپاکیم لەگەڵدا بکات.ئەو هەموو دەولەمەندیەش لەلایەک.. تا بڵێی جوان.. ها.. چیم دەوێت.. لەوە زیاتر..))
ڕۆژگار گوتی:

ـ((جا بزانە ڕۆژی پێنج شەممە دەبێتە چ ڕۆژێکی گەورە ی تۆلە.. لەوانەیە لەداخانە هەر شێت بێت.. ئەو

وای زانیوه تـۆی بێکـەس.. تـۆی تێکشـکاندوه.. نـەیزانی خوای گەورە ڕەحمی پێکردویـت ، کـە نەیهێشـت ببـیت بەژنی ناپاکێکی ئاوا..))

-((خوایە لەڕەحمت بەزیاد بێت..))

ڕۆژگـار لـە گیرفـانی حیجابەکـەیدا قورئانـە چکۆلـە جوانە بەرگ شینەکەی دەرهێنا..

-((نەسرین گیان..))

-((بەڵێ..))

-((ئەم قورئانەم بەدیاری بۆ هێناویت..))

-((ئەی خوا پاداشتت بداتەوە.. بەنرختریـن دیاری ئەم دنیایەیە لام..))

قورئانەکەی دایە دەستی.. نەسرین ماچی کرد.. پاشان کردیەوە تەماشـایەکی دێڕەکـانی کـرد.. زۆر جـوان بـوون گوتی:

-((ان شـاءالله لەمـەوڕوا، دەرسـی قورئـانیش دەخوێنین..؟))

*** *** ***

لەپاش نوێژی عیشا.. ڕۆژگار تەلەفونەکەی بردە ژوورەکەی خۆی.. بەهار چایەکی شیرینی بۆ هێنا، بە پەلە چاکەی خواردەوە.. گوتی:

-((باوکم شووتی کڕیوە..))
-((شووتی..))
-((بەڵێ..))
-((جا نێسمتا کەی شووتی بەتەواوی پێ گەیشتوە..))
-((نازانم.. هێناوێتی.. تۆ وەرە بۆلامان..))
-((پیالەکە بەرەوە دوایی دێم..))

ئەو ڕۆیشت.. ئەمیش سەماعەکەی هەڵگرت.. پەنجەی نایە سەر ژمارەکان.. پاش سێ دەقە، سۆران لەوێوە هاتە گۆ.. سەلام کردنیا ن خێرا بڕیەوە..

-((نادەی بزانم.. تۆ چیت کردوە..؟))
-((منیش وەکو تۆ شێرم..))
-((چۆن..))
-((نەسرین بەهەمور شتێک ڕازی بووە.. لەقسەی من دەرناچێت..))
-((کوزە من خۆم دەڵێم ، تۆ سوڵتانێکیت.. کەس هەر کەس.. ناتوانێ..))

قسەکەی پێبڕی..

ـ((نەخێر.. وانیە.. نەو تۆزە شتەیش کەدەیزانم ، هەمووی لە تۆوەیە.. ئەگەر تۆ نەبویتایە ، من هیچ نەبووم.. تۆ هەموو شتێکی منیو تەواو.. ئێستا دەزانی چی دەکەیت..؟))

ـ((چی بکەم..))

ـ((حەز دەکەم تەلەفون بکەیت بۆ ڕێبوار و پێی بڵێیت، سبەینێ سەعات چوار لەبەردەمی باخی گشتیدا، لەگەڵ تۆدا ئامادە بێت.. من و نەسرینیش دێین بۆ لاتان.. تا چاویان بەیەکتری بکەوێت.. باش نیە..))

ـ((نەخێ باشە.. هەر زۆر باشە))
ـ((لەوێ چاوەڕوان بن.. ئێمە دێین..))
ـ((ان شاءالله))
ـ((ان شاءالله))
ـ((ئەمرێکی تر..))
ـ((دوعای خێر..))
ـ((خوات لەگەڵ..))
ـ((خوات لەگەڵ..))

*** *** ***

سۆران ڕاستەو خۆ تەلەفونی کرد بۆ ڕێبوار، منداڵێک لەسەر خەت ئامادە بوو..

-((مالی کاک ڕێبوارە..))
-((بەڵێ))
-((لەمالەوەیە..))
-((کێ..))
-((کاک ڕێبوار..))
-((بەڵێ..))
-((دەی عاقڵ گیان بۆم بانگ بکە..))
-((باشە هەر ئێستا..))

ڕێبوار سەماعەکەی گرت بەدەستەوە..

-((سلام علیکم))
-((علیکم سلام.. کاک ڕێبوار.. چۆنی..؟))
-((خوا پاداشتت بداتەوە زۆر باشم.. دەنگو باس..))
-((تەواو..))
-((چی تەواو..))
-((تەویش ڕازی بوو..))
-((بەڕاست؟))

ـ((بەڵێ))
ـ((ئەی..))
ـ((دەزانم دەڵێی چی ..))
ـ((چی..؟))
ـ((یەک بینین..))
ـ((دیارە زۆر وردیت..))
ـ((مەگەر کوڕی ئەرقەم نیم..))
ـ((بەهەق.. وایە))
ـ((سبەینێ سەعات چوار لەبەردەمی باخی گشتیدا ئامادەبە.. من لەوێم.. ئەوانیش دێن..))

- ((ئەوان..))

ـ((مەترسە.. مەبەستم ڕۆژگارو نەسرینە..))
ـ((نا.. چۆن نازانم..))
ـ((دوانەکەویت..))
ـ((ان شاء الله..))
ـ((ان شاء الله..))
ـ((خوات لەگەڵ..))
ـ((خوات لەگەڵ..))

*** *** ***

باخی گشتی شار.. سەوز.. سەوز..

دره‌خته کان ڕژابونه نێو یه‌کتریه‌وه..
هه‌ندێکیان بۆ ئاسمانیان ده‌ڕوانی.. وێده‌چوو ژوانیان له‌گه‌ڵ یه‌کتریدابێت..
هه‌ندێکی دیکه‌یان.. ڕوبان کردبوه حه‌سیپ سالح.. وێده‌چوو ئه‌مانیش، له‌گه‌ڵ ته‌که‌بوری ئه‌و بینا گه‌وره‌یه‌دا، مل ملانێیان بێت.. ململانێی لوتبه‌رزی ئه‌و و پاکژی خۆیان.. چه‌ند دره‌ختێکی دی سه‌ریان بۆ خوارەوه شۆڕ کردبۆوه.. پرچیان ده‌گه‌یشته به‌ر پێیان..

که‌نه‌رمه باکه هه‌ڵی ده‌کرد.. ئیدی یاڵی یاڵی به‌رچه‌میان ده‌که‌وته سه‌ماکردن بۆ سروشت..

چیمه‌نی ناوباخی گشتی به‌رزبۆیه‌وه.. نه‌رم.. نه‌رم.. ده‌ڵێی دۆشه‌کی سروشته‌و بۆ میوانه‌کانیان ڕاخراوه..

ڕێبوار وسۆزان له‌ده‌ره‌وه‌ی باخه‌که ڕاوه‌ستابوون.. چاوه‌ڕوان بوون..
که‌ی نه‌سرین و ڕۆژگار بگه‌ن..؟
له‌چ سوچێکه‌وه ده‌رکه‌ون..؟
ڕێبوار دڵی خێرا لێی ده‌دا.. ده‌ترسا.. له‌چی..؟
خۆیشی نازانێت.. به‌ڵام ده‌ترسێ..!! بۆ..؟ له‌به‌ر چی..؟
نه‌یده‌توانی وه‌ڵام بداته‌وه.. ده‌تگوت له‌ڕیاندا نافره‌تی نه‌دیووه.. ده‌تگوت له‌دنیایه‌که‌وه هاتووه.. چۆڵ و هۆڵ

لەنافرەت.. نێستا بۆ یەکەم جار.. خۆی نامادەکردووە نافرەت ببینێت..

جگە لەمە.. چەندین پرسیاری دیکەی لەخۆی دەکرد..
بڵێی نەسرین نەو کچە بێت کەلەخەیاڵی منداید..؟
بڵێی خەیاڵەکەم ڕاست بێ..؟
پاشان پڕبەدڵ حەزی دەکرد وابێت، وەکو نەوەی کەخۆی خەیاڵی کردووە.. بۆ نەوەی هەم بەگوێرەی پێخۆشحاڵی مامۆستاکەی بجوڵێتەوەو هەم دڵی خۆیشی ڕازی بکات..

چاوەڕوانی چەند ناخۆشە..؟
لەکەیدا بۆ کێش..؟
نارنجۆکە.. بەڵێ.. چاوەڕوانی لەم کاتانەدا نارنجۆکێکەو لەهەناوی مرۆڤدا دەتەقێتەوە.. پارچە پارچەی دەکات.. ئارامی لێ دەبڕێت.. ئۆقرە گرتنی دەکات بەپۆلێک مەمی کۆچەر..

ئەمە چی بوو..؟
ئەم کارە چۆن بەم خێراییە، ئەم هەموو هەنگاوەی نا..؟
دیارە قەدەرە.. قەدەر..
بزانین.. بزانین خوای گەورە چۆنی بڕیار داوە..

ئاوا بیری دەکردەوە.. سۆران دەیزانی هاوڕێکەی لەدنیای شێتاڵ کردن و یادکردنەوەدایە.. بۆیە حەزی نەدەکرد.. هەر باز بدات و ئەو دنیایەی بەقسەیەک، یان پرسیارێک پێ تێک بدات..

باشە پێی بڵێم چی..؟
باسی چی لەگەڵدا بکەم..؟ ها.. هیچ..!! چۆن..؟
نا.. نا.. گرنگ بینینەکەیەتی..
لەم گفتوگۆ ناوەکیەدا بوو.. سۆران گوتی:

-((کاک ڕێبوار ئەوە هاتن.. حیجابە ڕەساسیەکە نەسرینە.. ئەویشیان ڕۆژگارە..))

ڕۆژگار.. دەیزانی نەسرین فریای حیجاب دووریەن ناکەوێت.. بەزۆر ئەو دەستە حیجابەی خۆی پێ بەخشی.. بەتایبەتی بۆ ئەوەی ئەمڕۆ لەبەریدا بێت..

هەر چواریان گەیشتن بەیەک.. ڕۆژگار، سۆران و ڕێبواری بەنەسرین ناساند.. وای دەرنەخست کەڕێبوار ناناسێ..

ڕێبوارێش کاتێک هەستی بەوە کرد.. زانی حیکمەتێکی تێدایە.. بۆیە خۆی وانیشان دەدا کە ڕۆژگاری لەوەو پێش ناسیوە..

بەقەراغی باخی گشتیدا شۆڕ بوونەوە.. هێندی هێندی سۆزان قفڵی بابەتەکەی کردەوە.. چونە نێو کۆشکی ئەو مەسەلەیەی کەبۆی هاتوون..

شتی زۆر باس کرا.. ڕاستتر هیچ نەما باس نەکرێت.. ڕێبوار، لەسەر دوندی بەختیاری بوو، نەسرینیش هەروەها.. وایان دەزانی سەد ساڵە یەکتری دەناسن.. سەد ساڵە بەیەکەوەن.. ڕۆژگارو سۆزان گەلێک بەو ئەنجامە ڕازی بوون.. لەم ئێوارەیەدا، تەقینێکی تر لەدایک بوو.. بڕیاریاندا نەخشەکەی ڕۆژگار بەزوترین کات بگەیەننە ئەنجام..

لەو ئێوارە بەدواوە.. وەفد لەنێوان مالی ڕێبوار و نەسرینداا نەوەستا.. لەپێشدا وەفدی ژنان و دوایش وەفدی پیاوان..

تا ڕۆژی پێنج شەممە هاتە پێشەوە..

لەمالەکەی دراوسێیان.. مالی نەوزاد.. بوو بەزەماوەند.. بووکیان هێنا..

لەمالەکەی تەنیشتیشیان.. هەر لەو ڕۆژەدا، نەسرینیان لە ئاهەنگێکی گەورەدا، ماڕەبڕی لەڕێبوار.. مالی ڕۆژگاریش لەئاهەنگی ماڕەبڕینی نەسریندا بوون..

دنیایەکی سەیرە..؟
خۆشەویستەکانی درێنێ ئەمڕۆ دەبن بەدووژمن..؟
دوژمنەکانی درێنێ ئەمڕۆ دەبن بە خۆشەویست..؟
ئاااایی لەم دنیا سەیرو سەمەرەیە..؟

نەوزاد ئاگای لەهیچ نەبوو.. بوکیان بۆ هێنا بوو.. هەردووکیان لەسەر دوو کورسی دانیشتبوون.. یەکێک لەئامادەبوان.. کەهەر دراوسێ بوو.. گوتی:

-((گەڕەکەکەمان دوو زەماوەندی تیایە..))

یەکێکی دی گوتی:

-((چۆن ؟))

دراوسێ:

ـ((ئێستا لەو مالەی بەرامبەریش.. نەسرینی دراوسێمان.. لە کوڕێکی زۆر دەولەمەند مارە دەبڕن.. ئاهەنگی مارە بڕینە..))

نەوزاد.. تا ئەو ساتەیش ناگای لەهیچ نەبوو وەلێ کاتێک ئەو هەوالەی بیست، پەشۆکا.. تێگەیشت.. نەسرین ویستوویەتی بەم شێوەیە تۆڵەی لێ بکاتەوە..

نەوزاد لەوانەیە وای زانیبێ.. نەسرین، عاشقە شێتەکەی جارانێتی..

هەرکاتێک بیەوێت، پەیوەندی لەگەڵدا دروست دەکاتەوە..

وای دەزانی تازە نەسرینی ذەستەمۆ کردووە.؟

وای دەزانی، ئێستایش وەکو جاران، بەبێ پرسی ئەو هیچ جۆرە کارێکی ناکات.. نەخوازەلا شوو کردن..

ئەمانە چ جۆرە مرۆڤێکن..؟

دەیانەوێت کچان خۆیان فرێبدەنە بەر پێیان و هەر کاتێک ویستیان لەگەڵیاندا ڕابوێرن و هەر کاتێکیش نەیان ویست، فرێیان بدەنە تەنەکەی زبڵەوە..

نەمانە.. لەوانەیە بتوانن لەگەڵ کچانی تردا هەموو شتێک بکەن.. بەڵام نەسرین تەواو.. چونکە.. ئێستا بووە بەخاوەنی دوو شت..

عەقیدەیەکی پۆڵاین..
خۆشەویستیەکی پاک..

ئامادەنیە.. بەهیچ شتێکی ئەم دنیایەیان بگۆڕێتەوە.. ئێستا وجودی ڕێبوارە.. نەک نەوزاد، بگرە هەموو کۆمەڵگە جاهیلیەکەیشی لەبەر چاو خستووە..

عەقیدەیەکی پۆڵاین..
خۆشەویستیەکی پاک..

١٤

لەدوێنیەوە مالی هەورامان چۆڵە.. سەفەریان کبزدوە بۆ کەلار.. بۆ مالی پوریان..

بەتەنها هەورامان لەمالەوەیە.. ئەمیش بەبیانوی خۆ تامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەی سەری ساڵ نەڕۆیشت لەگەڵیاندا..

کەهەورامان ئەم هەواڵەی بەمامۆستا کەیوان دا، زۆری پێخۆش بوو.. دیتی زروف خزمەتی دەکات.. خوای گەورە.. قەدەر.. کارەکانی بۆ تاسان دەکات..

هەلێکی زێڕینە.. دەبێ لەکیسی خۆی نەدات..

لەم ڕۆژانەدا، دەست کەوتنی شوێنێکی گونجاو بۆ کۆبونەوە، زۆر دەگمەنە.. چاوی ژەندرمە مەرۆڤ کوژەکانی بەعس، هەر وەکو چاوی پڕ لەژەهری ئەژدیهاو

ماری گەورە وایە.. مرۆڤ دەبێت زۆر بەوردی لێ نەوێت.. نەگینا نەو ژەهرەی بەردەکەوێت..

کەیوان بڕیاری دا، نەمشەو نەنجومەنی ڕاوێژەکەی لەمالی هەورامان کۆبکاتەوە بۆ کارێکی زۆر گرنگ و بەپەلە.. پێش نێوارە هەموویانی ئاگادار کرد..

نیدی ئەندامەکانی نەنجومەنی ڕاوێژ، بەتاسەوە، بەحەزێکی پڕ لە ئومێدو جوڵەوە، چاوەڕوانی ئاوا بوونی خۆر بوون..

خۆری پاش نیوەڕۆی ئەم ڕۆژە تەوەزەلە، تەمەڵ تەمەڵێک، لەسەر ڕەوتی هەمیشەیی خۆی، وەکو پیاوێکی پیر مل دەنێت..

بەرەو کیشوەری ئاوا بوونی نا دیارو ڕاڕایی، بەرەو زۆزانی ماڵ ئاوایی لەشار، ڕێگای ئاسایی خۆی دەبڕێت..

لوتکەی چیا دوورەکان.. تازە تازە دەستیان بۆ یەخەی خۆر بەرز دەکەنەوە..

چیاکانیش دەیانەوێت خۆر لە نامێز بگرن..

دەیانەوێت لەخودی خۆیاندا نوقمی بکەن..

بڵێی ئەوانیش لەگەڵ خۆردا ژوانیان هەبێت..؟

بڵێی ئەوانیش عاشق بن..؟

بڵێی خۆزیش، شیرینی ئەو فەرهادو خاتوو زینی ئەو کاکە مەمانە بێت..؟

کەس چوزانێ..!!

هەموو شتێک هەستی هەیە.. هەموو شتێک سۆزی هەیە.. بەڵام مەرج نیە.. نەخێر مەرج نیە.. سۆزی ئەوان.. هەستی ئەوان.. وەکو ئێمە وابێت..

خۆزگە دەمانرانی و پەیمان بەم نهێنیە دەبرد..
ئەڤینی چیا چۆنە..!
ئەی سۆزی..؟
ئەی هەستی..؟
ئەی عەقڵی..؟
بڵێی عەقڵی هەبێت..!! ها..
ئەویش لەوانەیە.. وەلێ مەرج نیە وەکو عەقڵی ئێمە وابێ.. شتەکانی ئەم سروشتە چەند پاکن لەگەڵ یەکتری دا.. بەڵام ئاخ مرۆڤ.. ئاخ لەدەستی تۆ.. تەنها تۆی ناشوب دەنێتەوە..

ئەها.. خۆر.. بەم ئێوارەیە، ئەوە هەنووکە دواتیشکە ئالتونیەکانی خۆی، دەڕژێنێتە سەر مال و بازار و دەرخت و پرچی دارستان..

ماچیان دەکات.. هەموویان ماچ دەکات.. ماچی مـاڵ ئاوایی..

ئاااایی لەو سۆزو خۆشەویستیە..؟!

ئاااایی لەم دنیا پڕ لەئەفسون و جوانیە..!!

پەڵە هـەورە لەیـەکدابڕاوو جیاجیاکـانی ئاسمـانیش.. خۆیان دەشۆن..

ئاااای لەم ڕەنگە جوانەی گرتوویانە..

جەستەیان گۆڕاوە..

هـەندێکیان پەمـەیی.. هـەندێکیان شـین.. هـەندێکی دیکەیان سوور زەرد.. خێرا خێرایش دەگۆڕێن..

ئەمـەچ جوانیەکە..؟

کێ هەستی پێ دەکات..؟

بەڵام ئەفسوس..

ئەم دنیا پڕ لەجوانی و سیحرە.. پڕلەپاکی و خەندەیە، تەمەنی پەپولەیەکیشی نیە..

ئەوە ئێستا نا ئێستا.. خـۆری مەڵبـەندی تیشـک و پێکـەنین.. لـە بـەردەمی هـێزی بـازوی چیاکـاندا خـۆی ئاگرێو ئەژنۆکانی شل دەبێ و ئاوا دەبێ..

ئـەخێر.. خـۆر عاشـقی دنیـا تەلیسـماویەکەیەتی.. نایەوێ ژوان لەگەڵ چیادا ببەستێ..

مەیبەن.. ڕاممەکێشن.. خۆر پەشیمانە لەنیگا باران کردن تان.. دەیەوێت لەگەڵ دنیاکەی خۆیدا بمێنێتەوە.. گوێیان لێیە چیاکان.. مەیبە..

وەلێ جەخار..

چیا هەر خۆی بەمەولەوی عاشق دەژانێت و خۆریش بەخاتوو عەنبەر..

بڵێی ئەمانەیش زۆر لەیەکتری بگەن وەک مرۆڤ..؟

نا نا.. خۆریش چیای خۆش دەوێت.. بەڵام چی بکا.. دنیاکەی خۆیشی خۆش دەوێت.. دنیا پڕلەسیحرو ئەفسونەکەی..

ئەها.. تەماشاکەن..
لەو دیوی چیا گەورەکەوە، هێدی هێدی نوقم دەبێ..
چەندێکی ماوە..؟
نیو بست.. تەنها نیو بست..!!
تەماشاکەن.. ئەو کڵۆلە چۆن دەگری..
ئەدی کێ گوێی لەگریانی خۆرە..؟
چۆلەکەکان..
لەوانەیە تەنها تەمان بۆ ئاوا بوونی خۆر بگرین..
ئەها چۆن دەجریوێنن.. ئەمە چیە..؟!

پەڵە هەورەکانیش بەرزن.. چاویان لەڕۆندکە گەورەکانیەتی.. بەڵێ.. چاویان لەڕۆندکەکانە..

ئەها ئەوانیش گەرویان دەبرژێتەوە.. خۆر ئاوا بوو.. ئەوانیش لەداخا ڕەش بوون.. بوونەوە بەدەموچاوی ئەو منداڵەی کە زۆرداران بەشەق دایکی دەفڕێنن و دەیبەن..

شەو هات..

ئەدی شەو چیە..؟ ها.. شەو چیە..؟

بۆ دەستی بۆ دەبەی ناگیرێ..؟

بۆ دەتەوێت لەباوەشی بگریت ناتوانیت..؟

ئەی بۆچی شەو تاریک و لێڵە..؟

بۆ بەرگی ئاڵتونی لەبەر ناکات..؟

چەند خۆشە.. هەموو مرۆڤێک وەکو کەیوان ڕابمێنێ..

وەکو کەیوان سنوری مادیەتی خۆی بشکێنێ.. لەهەمرو شتێک بپرسێ.. بپرسێ و ماندو نەبێت.. پرسیار سەرچاوەی هێوریە..

ئێستا تەواو.. تەواو.. تەواو..

نەدارستان دوا چەپکە نێرگزی گزنگی خۆر بەپرچیانەوە ما..!! نەگەوالە هەورەکانیش ڕوخساری ئالتونیان ما..!!

چۆلەکەکانیش بێدەنگ بوون..

دنیای دەورو بەریش کپ و خامۆش بوو.. شاریش، وەکو ساوایەکی شیرەخۆرە، خزایە باوەشی شەو..

لەمالی هەورامانیش..

ئەنجومەنی ڕاوێژی بزووتنەوەی ﴿ئەرقەمی کوڕی ئەرقەمی مەخزومی﴾ کۆبووەتەوە.. هەموویان نامادەن.. تەنها کاک یاسین نەبێت لەبەر نەخۆشێنێکی گران، نەیتوانی نامادەبێت..

نوێژی عیشایش تەواو بوو، ئێستا خۆیان نامادەکردووە بۆ کردنەوەی کۆبوونەوەکە..

لەبەشی سەرەوەی ژوورەکەدا مامۆستا کەیوان دانیشتووە.. لەلای ڕاستەوە، کاک عەلی و کاک ئەکرەم دکتۆر لوقمان و کاک دارا دانیشتوون.. لەلای چەپیشەوە.. کاک هەورامان و کاک سۆران و کاک موسا و کاک ئەحمەد دانیشتوون..

بازنەکە، لەکاک داراو کاک ئەحمەددا یەکی گرتەوە..

کەیوان گوتی:

ـ((کاک عەلی.. بەچەند نایەتێک کۆبوونەوەکە بکەرەوە..))

ـ((ان شاء الله..))

کاک عەلی، سەری بۆ بەردەمی خۆی شۆڕ کردو دەستی کرد بەخوێندنەوەی ئەم چەند نایەتە:

((لایستوی القاعدون من المؤمنین، غیر أولی الضرر، والمجاهدون فی سبیل الله بأموالهم وأنفسهم، فضل الله المجاهدین بأموالهم وأنفسهم، علی القاعدین درجة.. وکلا وعدا الله الحسنی، وفضل الله المجاهدین علی القاعدین أجرا عظیما..

درجات منه، ومغفرة، ورحمة، وکان الله غفورا رحیما.. ان الذین توفاهم الملائکة ظالمی أنفسهم، قالوا فیم کنتم..؟ قالو: کنا مستضعفین فی الارض، قالوا: ألم تکن أرض الله واسعة فتهاجرو فیها..؟ فأولئك مأواهم جهنم، وساءت مصیرا..

الا المستضعفین من الرجال والنساء والولدان لایستطیعون حیلة ولا یهتدون سبیلا.. فأولئك عسی

ا لله ان یعفـرا عنهـم، وکـان ا لله عفـورا غفـورا.. ومـن یهاجر فی سبیل ا لله یجد فی الارض مراغما کثیرا وسـعة، ومن یخرج من بیته مهـاجرا الی ا لله ورسـوله ثـم یدرکـه المرت، فقـد وقـع اجـره علـی ا لله، وکـان ا لله غفـورا، رحیما))

کاتێک کاک عـەلی لەخوێندنەوەکەی بوویەوەو سـەری بەرزکردەوە بینی چەند دڵۆپە نەسرینێکی گەورە و ڕوونـد سـپی، بەڕوخسـاری مامۆسـتا کەیوانـەوە قـەتارەیان بەستووە..

ئەم فرمێسکانە دیارە لەمەڵبـەندی شـعورەوە قوڵپـە قوڵپیـان کـردووە.. دیـارە ئایەتـەکان، موشـەکی پـڕ لەیارووتی گەورەبوون و لەویژدانیدا، تەقیونەتـەوە.. بۆیـە ئاوا گەورەو ڕووت و سپین..

مامۆستا کەیوان، ناوی خوای هێناو سوپاسی کـرد.. پاشان کەمێک باسی کاروانی بانگەوازی ئەرقەمی کـرد.. ئەو هەنگاوانەی کەنرا بوون.. ئەنجامەکانیان.. بەسەلبی.. بەئیجابی.. بروسکەیی باسی کردن..

دواتر هاتە سەر بابەتی کۆبوونەوەکە گوتی:

-((برا بەڕێزەکانم..

ئەوە بەچاوی خۆتان دەبینن، دوژمنانی دینی خوا، چۆن هەوڵ دەدەن فەساد بڵاوبکەنەوەو بێ ئەخلاقی پەرەپێبدەن لە کوردستاندا..

ئەمانە دەیانەوێت گەنجانی کورد، کەئومێدی دوا ڕۆژی بزووتنەوەکەمانن، وردوخاش بکەن و بیکەن بەکەلاوەیەکی ڕوخاوی ئەخلاقی..

دیارە، هەر مرۆڤێکیش، لایەنی ئەخلاقی ڕوخاو تێکشکا، ئیدی ئەو کەسە، مرۆڤایەتی خۆی وون دەکات و دەبێت بەشتێکی تر..

بەعسیش ئەوەی دەوێت.. بەلایەوە زۆر گرنگ نیە، کابرا ببێت بەبەعسی، هەرچەند هەوڵی زۆریشی بۆ دەدەن، گرنگ بەلای ئەوانەوە، بێ ڕەوشت کردن و فاسید کردنی مرۆڤی موسڵمانی کوردە..

ئێستا لەبیست شوێنی سلێمانیدا، حیزبی بەعس، ئافرەتی سۆزانی داناوە و دەیەوێت ئەمە یەکەم هەنگاوی بێت بۆکاری تر..

ئێستا لەو مەڵبەندانەدا، زیناکردن بووە بەشتێکی ئاسایی..

ئێمە.. وەک بزووتنەوەی ئەرقەمی کوڕی ئەرقەمی مەخزومی پێویستە لەسەرمان، ببینە بەربەستی پۆڵایین لەڕێگەی ئەم تەوژمی زیناکردنەوە..

ئەگەر ئەمڕۆ ئێمە، هەوڵ نەدەین بۆ لەڕیشاڵ هەڵکەندنیان.. سبەینێ، بەبانگی ئاشکرا، دەرگای چەندین مەلها دەکەنەوە..

ئێمە دەبێت، ئەم درەختە نەفرینیە، بەڕەگەوە هەڵ بکەنین.. دەبێت ئێیان بگەیەنین کەتا ئێستایش، دەنگێک هەر ماوە دژایەتیان بکات و ببێتە کەندەڵان و هەورازی سەخت لەڕێگایاندا..'

لەمەودوا، بەپشتیوانی خوای گەورە یەکەم هەنگاوی جیهاد کردنمان دەست پێدەکات..))

هەورامان:

-((مامۆستا کەیوان.. بەبێ زەحمەت، دەتوانین بزانین هەنگاوەکان چۆن دەبێت..؟))

دارا:

ـ((هەر چوون بۆ شاخ بێت.. خۆشە..))

کەیوان:

ـ((نەخێر.. ئەو شاخانە نێستا خەڵکی زۆر پێوە نامێننێت..))

ـ((ئەی.. چۆن..))

ـ((لێرە.. لەنێو شارەوە دەست پێدەکەین..؟))

ئەکرەم:

ـ((مەبەستت چیە.. مامۆستا گیان.. یانی چۆن..؟))

ـ(مەبەستم ئەوەیە.. لەمەودوا، تیپی شۆڕشگێڕان هەبێت، ئەو بیست بنکەیە بتەقێننەوە..))

موسا:

ـ((ئەوە ئاواتێکی گەورەی ئێمەیە..))

دکتۆر لوقمان:

ـ((بەڵام چۆن..))

کەیوان بەدرێژی باسی ئەم..(بەڵام چۆنەی) بۆکردن خشەکەی خستە بەردەستیان..

کاک ئەکرەم:

ـ((کەواتە ڕومانەکان ئامادەن.؟))
بەڵێ..))
ـ((پێویست ناکات سەرچاوەکەی بزانرێت..؟))
ـ((سەرچاوەی ڕومانەکان، هەر لەنێو بزووتنەوەکەی خۆمان دایە.. بەڵام وادەزانم باشتر وایە، لەبەر مەسائلی ئەمنی، هەر نادیار بێت جارێ باشە.. دەڵێی چی کاک عەلی.؟))

کاک عەلی:

ـ((بەڵێ.. منیش وام پێ باشە.. گرنگ ئەوەیە کارەکانمان نەوەستێت.. ئیتر ڕومانە و شتی وا دانێین بۆ من و کاک کەیوان..))

ئەکرەم:

ـ((ئێمە سەربازین.. سەربازیش ئەمر جێبەجێ دەکات.. چۆن بەبەرژەوەندی ئیسلامی دەزانن، ئەمر بکەن.. ئێمەیش جێبەجێی دەکەین..

کەیوان:

ـ((خوا پاداشتت بداتەوە.. هەموومان هەر سەربازی تیسلامین.. هەموومان کوڕی بزووتنەوەکەمانین..))

پاشان کاک کەیوان گوتی:

ـ((لەسەرەتاوە.. سێجار بەنامەی ئاگاداریان دەکەینەوە، ئەگەر دەستیان هەڵگرت، ئەوە باشە.. ئەگەر هەڵیشیان نەگرت.. ئەوسا مەڵبەندەکانیان بۆ دەکەین بە کێڵگەی خۆڵە میێش..))

دواتر، ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژ، یەک یەک، ڕاو بۆچونی خۆیان لەسەر مەسەلەکە باس کردو دوای گفتوگۆ یەکی هێمنانە.. هەمورویان دەنگیان بۆ پرۆژەکە داو بەوپەڕی کامەرانیەوە ڕازی بوون.. نەک هەر ڕازی بوون.. بەڵکو خەونیان بەوساتەوە دەبینی کەدەست پێدەکەن..

پاشان کۆبوونەوەکە کۆتایی هات.. ئەندامەکان بۆ دەرکردنی تەزووی قاچیان هەستانە سەر پێ.. بەدەم قسەی خۆش و پێکەنینی خۆشەویستیەوە، قاچیان ڕادەوەشاندو پشتی خۆیانیان ڕادەوەشاندو کەمێک نەرمیشیان دەکرد..

هـەوراسان سینیەک تـرۆزی سـەوزی ناسـک و ژێـر پیالـەیەک، ترش و خوێی هێنـا و لەبـەردەمی مامۆسـتا کەیواندا داینا.. ناخر کەیوان لەجێگای خـۆی نـەبزواپوو.. نەیدەزانی ماندوبوون و تەزوی قاچ و پشت نێشە، چۆنە.. ئەم هەموویانی دەستەمۆ کردبوو..

کەیوان:

ـ((فـەرموون.. بادەسـت بکـەین بـە خواردنـی ترۆزیەکان.؟))

ـ((ئا.. وەکو خۆمان گەنجن..))

ـ((تەشبیهێکی جوانە..))

ـ((ئەم ئیسلامە هەر بەگەنج سەرکەوتووە..))

ـ((بەڵێ..))

ـ((ئەوانـەی کـەبڕوایان بەپێغەمبـەر هێنـا، لەسەرەتاوە هەموویان گەنج بوون..))

عەلی:

ـ((بـەو گەنجانـە، بناغـەی دەوڵـەتی ئیسـلامی دانرا..)).

موسا:

ـ((بەوگەنجانەش، دەوڵەتەکە دروست بوو..))

سۆران:

ـ((بەپشتیوانی خوای گەورە.. ئێمەیش بەم گەنجانەی بزووتنەوەکەمانەوە دروستی دەکەین..))

ئەحمەد:

ـ((دەوڵەتی ئیسلامی مەزنترین ئاواتمانە..))

دکتۆر لوقمان:

ـ((خوایە گیان.. چەند خۆشە ئەو ڕۆژە بەچاوی خۆمان ببینین..))

کاک کەیوان:

ـ((بەپشتیوانی خوای گەورە دەیبینین..))

هەورامان:

ـ((ئەو ڕۆژە ئەبێ چەند خۆش بێت..))
ـ((زۆر زۆر..))
ـ((ئیتر کەس برسی نابێت..))
ـ((کەسیش ستەمی لێ ناکرێ..))
ـ((کەس نابێت بەناغا بەسەز کەسەوە..))
ـ((هەموو وەکو یەک دەژی..))

ـ((ئیتر دادپەروەری ئیسلامی وایە..))

ئەکرەم:

ـ((خۆزگە بزووتنەوەی ئەرقەم.. دەگەیشتە ئەو ڕۆژە..))

کەیوان:

ـ((کام ڕۆژ؟))

ـ((دروست کردنی کۆمارێکی ئیسلامی..))

هەورامان:

ـ((ئەو ڕۆژە من دەمزانی چی دەکەم..))

موسا:

ـ((چی دەکەی..))

ـ((کاک کەیوانمان دەکرد بەسەرەک کۆمار.. کاک عەلی بەجێگری.. وەزارەتەکانیشمان بەسەر ئەنجومەنی ڕاوێژدا بەش دەکرد..))

موسا:

ـ((موسڵمانانی دنیایش، هیجرەتیان دەکرد بۆ لامان..))

ـ((نەو کاتە.. زۆر خۆش دەبێ..))
هەریەکــەو ترۆزیــەکی هــەڵگرت، قوتابیــەکان ترۆزیەکانیان لەت دەکردو دەیان دا بەیــەکتری هەریەکــەو دەیویســت، دانەیــەک بــۆ براکــەی ئامــادە بکــات.. ڕەشماڵێکی عاتیفی، هەموویانی لەنامێز گرتبوو..

دارا گوتی:

ـ((ئەگــەر یــەکێکی نــامۆ، گــوێی لێمــان بێــت.. دەڵێت ئەمانــە شــێت بــوون.. نــازانێت مرۆڤــی خــاوەن عەقیدە بەتەمای لەمە گەورەتریشە..))

نەحمەد:

ـ((عەقیدە هەموو شتێکە..))

هەورامان:

ـ((مرۆڤی بێ عەقیدە چیە!!))

دارا:

ـ((هەر هیچ نیە..))
ـ((ئێمە بەعەقیدەکەمان هەموو شتێک دەکەین..))
هەورامان:

ـ((کاک کەیوان..))
ـ((بەڵێ گیانەکەم..))
ـ((داواکاریەکی چکۆلەم هەیە..))
ـ((فەرموو..))
ـ((حەز دەکەم پێش ئەوەی بخەوین.. گەشتێکمان پێ بکەیت..))
ـ((بۆ کوێ.!))
ـ((بۆ سەردەمی پێغەمبەر ((صلی اللە علیە وسلم..))

هەموو قوتابیەکان، هەمان داوایان کرد.. کەیوان خۆیشی پێی خۆش بوو.. سەفەری پێش خەو، گەلێک خۆشە.. دنیایەکی پر لەبەختیاری بۆ رۆحی مرۆڤ دروست دەکات.. کەیوان بڕیاری دا سەفەرەکەیان پێ بکات.. ئیدی بەشێوازە تایبەتیەکەی خۆی دەستی پێکرد.. ژیانی بیلالی حەبەشی بۆ هەڵبژاردن.. لەمالی هەورامانەوە هەڵیگرتن و بردنی بۆ شاری مەککە.. جەستەی لەدەشتی فەتحا ئاو لەسەر لم و چەوی سوور بووی وەکو پشکۆ، ڕاکشاوە.. تاشە بەردی گەورە لەسەر سنگی دانراوە.. ئاسن چوار پەلی بەستووە..

لەگەڵ بیلاڵ دا بردنی..

بردنی تاقەوساتەی شۆڕیان کردەوە ناو گۆڕەکەی..
ئەم شەوە ئەو سەفەرە دوورو درێژەی پێکردن..
قوتابیەکان زۆر بەختیار بوون.. وایان هەست دەکرد، سوک بوون.. وەکو چۆلەکەیان لێهاتووە.. ئەگەر بیانەوێت هەلفڕن.. دەتوانن..

کاک عەلی وردتر بۆ باسەکەی دەڕوانێ.. خەمێکی تەنک نێو چاوانی گرتبوو.. وای هەست دەکرد، دڵی بزماڕ ڕێژ دەکرێت.. بزمار دەچەقێتە سەر سنگی.. داخێک لەدەرونیدا، وەکو مرۆڤی بریندار دەی نرکاند.. لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ((هەمان ڕۆژی نازارو ئەشکەنجەدانیش چاوەڕوانی خۆمانە، ئێمە دەبێت وەکو بیلالی حەبەشی خۆمان پەروەردە بکەین..

دەبێت ببین بە بیلال بۆ ئەوەی بتوانین نەبەزین و ئارام بگرین.

سۆران:

ـ((بەعسیەکانی ئەمڕۆ، گەلێک لە ئەبوجەهلەکانی ئەو سەردەمە وەحشی ترن..))

عەلی:

-((ئێمەیش دەبێت پۆلایـن تربـین.. ئـەگینا دەڕوخێین..))

کەیوان:

-((بائێمە پشت ببەستین بەخوای تاک و تەنیاو کارەکانمان بە دڵسۆزانە ئەنجام بدەین، ئەوسا دەزانن چۆن پشتی زۆردارانمان بۆ دەشکێنێت.. مرۆڤی ئازا ئەو کەسەیە، بەدڵسۆزانە بۆ خوا کار بکات.. ئەر کەسەیە کە جگە لەخوای بەتوانا، لەکەس نەترسێت.. ((*الذین یبلغون رسالات ویخشونه، ولایخشون احدا الا الله*..))

ئەمانە بردویانەتەوەو سەرکەوتوون..

ئەم قسانەی مامۆستاکەیان هەموو شتێکی لەبیر بردنەوە، وەکو ئاگر ئاوی پێدا بکەیت، ئاوا دامرکانەوەو جارێکی دی بارو دۆخێکی ئاسایی بالی کێشایەوە بەسەر ژوورەکەدا..

کاتی خەوتن هاتە پێشەوە.. دەستیان کرد بەجێگە ڕاخستن، بەیەک ڕیز جێگەکانیان ڕاخست.. کەیوان وەکو

فەرماندەیەکی سەربازی یەکێ یەکێ، جێگای بۆ دیاری دەکردن..

تۆ لەوێدا بنو.. تۆ لەویدا.. تۆیش لەویدا.. خۆیشی لەنێوانی هەورامان و عەلی دا ڕاکشا..

قوتابیەکان لەدوای خوێندنی سورەتی مولک، خەویان لێ کەوت.. تەنها کاک عەلی و مامۆستا کەیوان مابوون.. خەویان لێ نەکەوتبوو.. عەلی سەری لەسەرینەکەی مامۆستاکەی نزیک کردەوەو پێی گوت:

ـ((کەی کۆبونەوەکەی مێو تۆو کاک ڕێبوار دەبێت؟.))

ـ((سبەینێ..))

ـ((سەعات چەند..؟))

ـ((یەکی پاش نیوەڕۆ..))

ـ((لەکوێ..؟))

ـ((لەکوێ..))

ـ((کوێ باشە..؟))

ـ((مالی ئێمە..))

ـ((دەگونجێ..؟))

ـ((بەڵێ..))

ـ((هیچمان نایەتە ڕێگا.؟))
ـ((باوەڕ ناکەم..))
ـ((مالەوەتان..؟))
ـ((هەر زۆر ئاساییە..))
ـ((کەواتە باشە..))
ـ((ان شاء الله..))
ـ((ان شاء الله..))
ئیدی ئەمانیش خەویان لێ کەوت..
سبەینێ پاش نوێژی بەیانی، لەنێو لێڵایی بۆرەتارمایی‌یەکاندا، دوو دوو هاتنە دەرەوە و خۆیان ونکرد..

لەتاقی بەیانی‌یەکەیدا ڕێبواریشیان ئاگادار کردو سەعات یەکێ لەمالی کاک عەلی ئامادەبوون.. هەر سیانیان لەژوورێکی چۆڵدا کۆبوونەوە.. ژوورەکە هەوای مۆبەریدەکەی نەدەگیشتێ.. پانکەیشیان نەبوو.. ئارەق بەدەموچاویاندا چۆڕاوگەی بەستبوو.. لەپشتەوەیش، دڵۆپەکان یەک یەک، بەنێوانی هەر دوو شانەکانیاندا دەهاتە خوارەوە..

پاش کردنەوەی کۆبوونەوەکە.. مەسەلەکەیان بەدرێژی بۆ ڕێبوار باس کرد.. ڕێبوار گوتی:

ـ((ئێستا ئەرکی من چیە..؟))

ـ((تۆ دەبێت کەس نەت ناسێ..))
ـ((ئەمە یەک..))
ـ((دەبێت ڕومانەو دەمانچەو گوللە، چەندمان پێویست بوو، بۆمان نامادە بکەیت..))
ـ((ئەمەیشیان هەر زۆر ئاسانە..))
ـ((دەبێت لای مامەت چەند وەرەقەیەکی (عەدەم تەعەروز) یشمان بۆ نامادە بکەیت..))
ـ((ئەمەیش بەئاسانی دەکرێت..))

لەدوای تەواو بوونی کۆبونەوەکە، کەیوان و ڕێبوار هاتنە دەرەوە.. ڕێبوار بەرازیلیەکەی پێ بوو.. هەردووکیان سواربوون..

ـ((مامۆستا گیان بۆ کوێ بڕۆین..))
ـ((سەعات چەندە..؟))
ـ((دوونیو..))
ـ((ئێستا لەسەرچنار دەرسێکم هەیە.. قوتابیەکان چاوەڕوانمن.))

ڕێبوار بەڕازیلیەکەی بەرەو سەرچنار شۆڕ کردەوە.. بەبەردەم بینای پەروەردەدا تێپەڕین.. زۆر بەتیژی دەڕۆیشت ئەریک بوو بالی دەگرتەوە..

گەیشتنە سەرچنار.. کەیوان دابەزی.. خوا حافیزی لەڕێبوار کرد.. بەپێ پلیکانەکاندا هاتە خوارەوە.. بن دەختەکان پڕن لە عارەق خۆر.. هەر کەسەو مەستی شەرابە..

چەند دەختێکی تێپەڕاند.. لەسوچێکی چۆڵدا هەرسێ قوتابیەکەی خۆی بینی.. بوتلێکی عارەقیان دانابوو، پڕیان کردبوو لەئاو.. پەرداخێکیشیان لابوو.. جار جارە لێیان دەخواردەوە..

کەیوان ئەو ڕۆژەی بەبیرهاتەوە کەمەلا لەمزگەوت دەریکردن..

ئاخر ئەگەر مەلا دەرگای مزگەوتیان لەسەر دانەخات دەریان ئەکات، چی دەکات لێرە..؟

بۆچی دێن بۆ ئێرە..؟

ئەگەر ناچاری نەبێت، ئەم شوێنە کەی شوێنی قوتابی پەروەردەکردنە..؟

کەیوان لێیان نزیک بوویەوە.. تەوقەی لەگەڵدا کردن. دواتر دانیشت.. پەرداخێک ئاوەیان بۆ تێکرد.. بەچەند جارێک خواردیەوە..

پاش چل و پێنج دەقە دەرسەکەیان تەواو بوو. پەرداخ و بوتلەکەیان هەڵگرت و هەستانە سەر پێ، بەرەو دەرەوە ڕۆیشتن..

کەیوان دی ڕێبوار هەر لە شوێنەکەی خۆیدایە نەجوڵابوو.. چوون بۆ لای.. پاش سەلام کردن!

-((نەوە چۆن نەڕۆیشتوویت..؟))

-((دڵم نەهات..))

-((بۆ..))

-((گوتم چۆن دەبێت من بەسواری بەرازیلی بڕۆمەوە و ئەوانیش بەپاس..))

کەیوان سەری لەباوەش گرت و ماچی کرد.. وای دەزانی هەموو دنیا مولکی خۆیەتی.. چونکە توانیویەتی هەمان خۆشەویستی هاوڕێکانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەدڵی قوتابیەکانیدا بڕوێنێت..

ئیدی هەر پێنجیان سوار بوون و ڕۆیشتن.

*** *** ***